١٨٩

# ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ شوباتی ٢٠١٣

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی


● **دەق**

- ماڵێک بە میوانان ڕۆشن/ نەوزاد ڕەفعەت/ 3
- دەستم وەک زوقمی ئەوان سارد، دڵم بە ئاگری تۆ... گەرم/ دلاوەر قەرەداغی/ 5
- نامەیەک بە ڕەنگی (با)/ بەرزان هەستیار/ 7
- ب من رە بژی/ دیلبەر هێما/ 8
- غەزەلی غەزەلەکانی سولەیمان/ لە فارسییەوە: (ساماڵ) محەمەد ئەحمەدی/ 9
- دەرمانی نەخۆشی شێرپەنجە/ ئەسعەد عەزیز محەمەد/ 11
- ئاگرە گڕەی خۆمانە...!/ حوسێن شێربەگی/14
- دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوە/ داستان بەرزان/ 17
- بێهنا مریبان/ لۆرین. س. دۆغان/ 20
- خەونەکانی باوکم/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 22

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی هونەریی فراوان لەگەڵ هونەرمەند (نامیق عەلی قادر)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 26

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری/ د. ئەحمەد قەرەنی/ 44
- خوداوەندی ناکام «چەند نیگایەک لەبارەی ژیان و شیعری بابا تاهیر»/ ئەکرەمی میهرداد/ 51

● **زاراوەسازی**

- وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان/ د. بەختیار سەجادی/ 59

● **هزر و فەلسەفە**

- لایبنیتس فەیلەسووفی لۆژیک و بەهرەی ڕەبانی/ د. حەمید عەزیز/ 63
- بنەمای پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام، (دیڤید هیوم) وەک نموونە/ هەژان مەلا حەمەدئەمین/ 73

● **وتار**

- ناڵەی دەروون لەنێوان ڕۆمی و هێمن-دا/ لەتیف فاتیح فەرەج/ 86
- بەراوردێک لەنێوان «ژن و نیشتمان» لە دوو هۆنراوەی هێمن-دا/ ڕەوەند حەمە جەزا/ 90
- بەیتی دمدم و بەراوردی دوو گێڕانەوە/ لە فارسییەوە: شەریف فەلاح/ 94

● **شوێنەوار**

- تەختی سولەیمان، یان شاری گەنجەک/ عەلی دارەگردەڵە/ 98

● **مێژوو**

- چەند وێستگەیەکی درەوشاوەی کورد لە مێژووی میسردا/ لە عەرەبییەوە: حەمەساڵح فەرهادی/ 107

● **زمانزانی**

- ڕستە و دەستەواژە نامۆکان/ موعتەسەم ساڵەیی/ 117

● **هونەر**

- عەونی سامی نیگانمای جوانی لە بیرەوەرییەکانی منداڵیدا/ وەهبی ڕەسووڵ/ 129
- گۆرانی و مەقامی کورد/ وەرگێڕان لە کرمانجی و پیتی لاتین: ڕەحیم لوقمانی/ 132

● **بیرەوەری**

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 134

● **خوێندنەوەی کتێب**

- دەق و وەرگر، لەدایک بوونی خوێنەر/هاشم سەڕاج/ 139
- ڕۆمانی (گفتوگۆ لە کاتدراڵ)ی ماریۆ بارگاس یۆسا/لە فارسییەوە: جەبار سابیر/ 142
- شاعیرێک پووچییەکانی ژیان دەنووسێتەوە/ غەمگین بۆڵی/ 144

● **نامە**

- نامەیەکی میرزا شەفیع بۆ خانای قوبادی و.. وەڵامی خانای قوبادی بۆ میرزا شەفیع/ ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)/ 150

● **نرخاندن**

- (ڕامان) تابلۆیەک لە ڕەنگی چوار پارچەی کوردستان، سەکۆیەک بۆ نەوە جیاوازەکان/ئاری عوسمان خەیات/ 158

● **سووکە لەنگەر**

- کەمیی چیرۆک و زۆری شیعر لە دنیای ڕۆشنبیریی ئێمەدا/ ئەسکەندەر جەلال/ 160

# ماڵێک بە میوانان ڕۆشن

**نەوزاد ڕەفعەت**

نا... تەنیا نیم
لەگەڵ چەندین کێودا دەژیم
میوانم هەن
لە هاوار و بێدەنگیی بەردیش تێدەگەن
پەنهانەکان دەدۆزنەوە و
بە دەرکوتی هەزار ئاواز
لە دەروازەی وجوود دەدەن
وا نەڕەشێری ڕیش چەرمووی
ڕۆمان و ڕاو بەڕێوەیە..
(هێمنگوێی) کە دێتە ژوورێ
هێشتا بەفری (کەلیمنگارۆ)ی پێوەیە
یا سەرتاپای تک
تک
ئاوی
ڕاوەماسیی ئۆقیانووسی نائارامی لێ
د
ە
چ
ۆ
ڕ
ێ
یا ئارەقاوی لە ڕاوی چوزانم چیی چیاوچۆڵان
بە کووڕەکووڕ.. شەکەت شەکەت هاتووەتەوە و
لەبەرخۆیەوە سترانی برینێکی کوور دەبێژێت
ئاوری کوورەی خولیایەک نێڵەنێڵ وەک هی (ئاگری) و
دەق وەک هی (حوسۆی ئاسنگەر) تاودەسەنێت
تێشناگەم بۆ ساچمەکەی بۆ دوور تووڕنادات
بەڵکو توندتری بەخۆوە دەنووسێنێت
پێوەی دیارە ژانی پێشهاتێک دەچێژێت
دەترسم پیرەمێرد بشکێت
شکانیشی زەریا و بەڕیا هەتیوبکات!
نیگەرانم زۆر نیگەران!

نیوەڕۆیەکیش بەڕێککەوت (بوڕهان جاهید)
وەکو جاران
بنێس بنێس... بەلارەلار بەڕێگاوە
لە سۆراخی دڵی تێکشکاوی پرسیم:
سەری لەقاند: «بەداخەوە! درەنگ زانیم!»
بوولێڵێکیش (هێرمان هێسە)
گەیشتە حەوشە و درکاندی:
«ئێستا خۆمیش لە لوورەی گورگان تۆقیوم
ئەرێ تۆ بێجگە لە گورگی بیابانەکان، سەدهارتا
ئەوانی دی: گەمەی هەڵماتە شووشەییەکان،
گەشتێک بۆ ڕۆژهەڵات، دمیان، کامەیانت
خوێندووەتەوە؟»
نەوسنە دوایی ڕووی لێ نام:
«لەگەڵمدا دێیتە دەرێ
جگەری سوورەوەکراو بخۆین؟
خۆت دوامەخە با زوو بڕۆین»
(تۆلستۆی)ش کاتێک لە ژنە دێڵەورچەکەی دەترسێت
کاتێک بۆڵە و ڕنۆکی زەندەقی دەبەن
ناهێڵم بچێتە هیچ کوێ
کێ لە منی شکاو خاستری دەناسێت؟!
«گەورەم شەو درەنگە فەرموو
لە ژوورێکی بەتاڵی سەرەوە بنوو!»
دێڵەورچ لە ئازاری (ئانا کارنینا) تێدەگات؟!
پووچەکان کەپووبڵندن
هەندێک شەویش کە (دیستۆییێفسکی) لە قومار
دەدۆڕێنێت
ناچێتەوە و ڕێک لە بان مێزەکەی مندا
پاژێکی گەرم گەرم ... نوو
لە ڕۆمانی (سووک و ڕیسواکان) دەنووسێت
بەمەزەندە سبەینێش زوو
بۆ ڕۆژنامەی (نۆڤۆستیا)
بۆ (نۆڤۆستیا)ی دەنێرێت
ئاگاداره
لە دیدگەی بازانەی منڕا
دوندی ئیڤرستێکی تره
چەخماخەی سەری هەورینی
هی بارانی بەپیتوفەرترین هزره
بەڵام لە هەموویان پتر
(دڵشاد مەریوانی) و (ئومێد... ئومێد ئاشنا)
لە ناخەوە خۆشیان دەوێم
هەنیەی بەرزی (دارستانی ئەو بنارە)یان ڕامووسی
چیای دوڕ و یاقووت و ... مەرجانیان ناسی
دواجار کە (دڵشاد) سەری دام
کراسەکەی پەڵەخوێنێکی پێوەبوو
لەبیرم چوو لێی بپرسم لەبیرم چوو!
(ئومێد)یش ڕەنگی پەڕیبوو
زۆر سەرمای بوو
ملی بە ملپێچ پێچابوو!
زۆر نەوەستا
بە تالووکە بۆ کتێبخانەیەک دەچوو
ها ئەوەتا
زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا
(پێدەکەنم)
ئەدی ناڵێم تەنیا نیم نا
ماڵم بە میوان ڕۆشنە
بۆنی دەکەم
ئەوە زەنگی (کاشان)ی خۆم
ڕوحی منە!!!

**دوا ڕەشنووس:**
**شەوی پێنجشەممە ٢٠١٢/١٢/٥**

# دەستم وەک زوقمی ئەوان سارد
# دڵم بە ئاگری تۆ... گەرم!

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)

پاییز بەر دەرگەم گسک دەدا
بۆنی باران لە کۆڵانەوە دێ
بە دڵمدا دەزانم
هەموو شت ئاماژەن بۆ ئەوەی
کە من لە سەفەرم
بە دەنگی تۆ دەزانم
هەموو شت نیشانەی ئەوەیە
کە دەبێ من ئێستا لێرە نەبم!

مناڵێی بە سوار داریکی درێژەوە
شەڵاڵ لە تەم و شیلە و ئارەقە
بە غار بە لامدا تێدەپەڕێ و
دەحیلێنێ:
ئەوە هێشتا لێرەی؟
لە پاشکۆمدا سەرکەوە... با بڕۆین،
ئەگەر ئامادەی هەر ئێستا
لەگەڵم بێی!

تۆ هێندە ڕاستەقینەی
جاروبار دێیتە خەونم
تۆ ئەوەندە ڕاستەقینەی
تەنانەت کە چاویش دەنووقێنم،
دەتبینم
تۆ ئەوەندە ڕاستەقینەی
چ پێویست ناکا سەر جادە و
گوزەری کۆترەکان بە دواتا بگەڕێم
هەر هێندەی سەر دانەوێنم و
لەلای چەپی سنگم بنۆڕم،
دەتبینم!

کە تۆ ڕۆیشتی... ئیتر میوانم نەهات
ئیتر چۆلەکە
بە درەختمەوە نەنیشتەوە
کە تۆ ڕۆیشتی
ئیتر پاییزم هەناری مێخۆشی نەگرت
مناڵیم... ئاو نەزایە زاری و
ئیتر پەنجەم بەناو قامیشەڵانی شمشاڵدا
هەڵینەکرد!

تۆ چرامت فێری ئاکاری جوانی
داگیرسان کرد و
پەنجەرەمت فێری ئەلفوبێی باڵداری کردنەوە
تۆ هەمیشە خۆت لە گوڵ زویر دەکرد و
بە ڕاناوی کۆ
لێکدا لێکدا پێتدەگوت و دەگوتەوە:
ئاخر ئەم باڵندەیە ئەوەندە غەریبە
دەبێ لە زوبانی بزانن
ئەگینا ئەگەر بفڕێ... ئیتر
نایبینەوە!

تۆ سەفەرت پێچامەوە
تۆ تاریکیمت تەکاند
تۆ دەقی تەنیاییمت شکاند
تۆ قژی خۆڵاوی باغمت شۆرد
تۆ مناڵیمت قەد کرد و
لە پشتەکەیت نووسی:
هانێ ئەمە بۆ خۆت... بۆ خۆت!

بە تۆ بوایە پێوەندی نێوان باران و
بانیژە شتێکی تر دەبوو
بە تۆ بوایە موو بە نێوان
پەنجەرە و پێپلیکانەدا نەدەچوو
بە تۆ بوایە... هەر زستانە و
دەستێک جلی سەفەرت
لە خوری بەفر
دووراو بە دەرزی بروسکە و
دەزووی هەور
پڕ بە بەری مناڵیمان دەدا بە کرد!

توند توند ئامێزم پێدا بکە
تا دڵتەنگیم نەبینیت
سەر دەنێمە سەر سنگت
تا هەست بکەم هەموو دنیا
دەبێتە هی خۆم... هی خۆم!

پاییز حەوشەم گسک دەدا
باران بەر دەرگەم دەشوا
بۆنی سەوسەن لە کۆڵانەوە دێ
هەموو شت ئاماژەیە
بۆ ئەوەی لە سەفەرم
هەموو شت نیشانەی ئەوەیە
کە من ئێستا دەبێ
لێرە نەبم!

**ئەیلوولی – ٢٠١٢**

# نامەیەک، بە ڕەنگی «با»

**بەرزان هەستیار**
**(ئەڵمانیا- کۆلن)**

پیر بووم، پیر، دایە
ئەترسم، دایە، ئەترسم،
ئەگریم، دایە گیان، ئەگریم؛
تۆ، ئەو خەڵجەرە نابینیت لە دڵما ڕاکشاوە؟
ئەو کفنە چاو ناکەیت، لە ئێستاوە کراوەتە بەرم؟
هەستم پێناکەیت چ ڕووخانێک تەخت و تاراجی تێکداوم؟
بەم هەموو پیرییەوە...
مەگەر بۆنی فەقیهانەی کراسەکەی تۆ پشتم ڕاست کاتەوە
بەم هەموو ترسەوە...
مەگەر نزاری ژێر عەباکەی تۆ هێمنم کاتەوە
بەم فرمێسکانەوە..
مەگەر بۆن گوڵاوی پێڵاوەکانی تۆ ژیرم کاتەوە
بەم زامە قووڵەوە...
مەگەر دارعەسای کێلی گۆڕەکەت بمخاتەوە سەر پێ
بیرت ئەکەم دایە، تۆ بیرم مەکە
خۆشم ئەوێیت دایە، تۆ خۆشت نەوێم؛.
ئەخنکێم، دایە، ئەخنکێم...
تۆ، بۆ خۆت هەناسە بدە،
ئەسووتێم دایە، ئەسووتێم...
تۆ، باوەشێنی برینەکانی خۆت بکە
خەجاڵەتم، دایە، خەجاڵەتم،...
تۆ، گوێ بە ڕووزەردیم مەدە
تاساوم دایە، تاساوم،...
خۆتم پێوە سەرقاڵ مەکە؛
وەک تەنەکەی خۆڵ وام...
بەڵام بۆگەنی مردن گێژی داوم، دایە
ئەڵێی مەرکانەی شکاوم،...
بەڵام بە حەسرەت هەیوان و حەوشەی ماڵم ڕەنگ کردووە،
ئەها لەگەڵ ئاسمانیشا ئەڵێی جمکم و
کەچی بە دوو قسەی خۆشی باران ئەمخەڵەتێنێت
تۆ خۆت سەغڵەت مەکە، دایە
خەتابار خۆمم،...
کە وەک مێش لە گەزۆی تاڵی ژیان ئاڵاوم
گوناهبار خۆمم،...
لە بیابانەکانی تاعووندا...
بە دوای ژەهری بەختەوەریدا ئەگەڕێم؛
ئەزانیت دایە، هەر کە مردن لە ماندوێتی خۆیدا...
سەر ئەنێت بەلای سەرمەوە...
ئیتر بلۆکێک بە ساغی بە دیواری ڕۆحمەوە نامێنێت.
چۆلەکەیەک بیر لەوە ناکاتەوە ببێتە هاوسێم،
خونچەیەک زات ناکات لە باخەکەمدا سەر هەڵبڕێت و
پشیلەیەک ناوێرێت لە حەوشەکەمدا بمیاوێنێت
زەنگی دەرگاکەم «پەتا»یەکی قورس ئەیگرێت و
کتێبخانەکەشم ئیدی ئەبێت بە دارشەق ڕێ بکات!؛
دایە تۆ فریا نەکەوتیت...
پشکۆی دوا دێڕی وەسێتنامەکەم ببینیت:
«مەرگی من باران تەڕتر ئەکات، بەفر سپیتر»؛
ئەمرم، دایە گیان، ئەمرم،...
بەڵام تۆ چاوڕێم مەکە

# ب من ره بژی

**دیلبەر هێما**
**(مێرسین)**

چاڤ دقرپینە هەلبەستا من
رێزکەک ژ هەلبەستا ئاننا ئاخمەتۆڤایێ:
«پاییز د ناڤبەرا دارکەڤۆتان رە
دکر پستە پست دگۆت: ب من رە بمرە!»
ڕووپەلێن وندایی ب قاسی تەمەنێ پاییزێ
زەر ل سەر ماسەیێ
شۆپێن د بەرفێ دە
ڕەش دخەنقینە چوویینان
لێ پیرانینێن سپی
دادگرە شوونا شۆپان
ب وێنەیا ڕۆژێ ڤە دزەلقە
خوەکوشتنا ماسی
پێنووس دپەرپتە
کاغەز بەر ب ڕەشبوونێ ڤە دچە
زمانێ تەنێتیێ
ل دوو حەزکریان تەنێ دمینە
دارا پرتووکێ د تالدەیا کوچەیان دە
پەل ب پەل دوەشە
سەر بێدەنگیا کۆلانان
ڤەدخجتم –
پەلەک ژێ دکەڤە دەستێن من
ب خوەندنا ڕوو (پەل)ان
بێریا داهاتوویان دکم
داهاتوو کەسک
د کەفا دەستێن من دە
ل ئۆدەیێ ڕووپەلێن زەر
حەزکرنێن قەلەبالخ
دارا بێپەل
داهاتوویێن هووربوویی
هەلبەستا من ژ دەر ڤە رووییێ خوە دا
غوەمامیا پاجەیا ل هوندر
ب تەمەنا هەلبەستا ئاخماتۆڤایێ رە بشری و گۆت:
«لگەل تەمەنێ هەلبەستا تە یێ ٩٤ سالی
ب من رە بژی!»

**دیلبەر هێما ل سالا «١٩٨١»ێ ل قۆسەرا مێردینێ ژ دایکبوویە. خوەندنا خوە ل زانینگەها ئانادۆلو- بەشا بەرێڤەبەریا گەلەمپەر تەمام کریە. دگەل نڤیسکار یاقۆپ تلەرمەنی ژیانا هەڤسەریێ پێک ئانییە و هەردوویان ب هەڤ رە هەلبەستێن شوکری ئەرباش ب ناڤێ (جام و کەڤر) ژ ترکی وەرگەڕاندینە سەر زمانێ کوردی. نها ل باژارێ (مێرسین)ێ دژین.**

**«ڕامان»**

# غەزەلی غەزەلەکانی سولەیمان

**داڕشتنەوەی: (ساماڵ) محەمەد ئەحمەدی (بۆکان)**

هەندێک لە توێژەران لە هۆکـاری ئەوەیدا کـە بۆچی غـەزەلی غـەزەلەکـانی سـولەیمان بە واتای عـاشـقـانەوە لە توێی کـتـێـبی تەوراتدا وەک دەقی پیـرۆز (مـوقـەدەس) هاتوون؛ دەڵێن: ئەو غـەزەلانە مـەدحی شـەخـینەن کـە لە عەرەبیدا بۆ تەسەکینە و لایەنی مێوینەی یەهوەیە.

لە فەرهەنگی سیمبولەکاندا لاپەڕە لە بارەی شەخینەوە نووسراوە: لە ئایینە نهێنی و عیرفانییەکانی جوولەکەدا لایەنی مـێـوینەی خـودایە و هاوتای زاراوەی ئانیـمـای یوونگە.

(داستان یک روح: دکتر سیروس شمیسا ص٦٠)

**سروودی یەکەم**

**خۆزگە بە ماچی لێوانیم**
**ڕامووسێ**
**خواردنەوەی عەشقی تۆ**
**خۆشترە لە شەراب**
**گیانی تۆ**
**بۆنخۆشترینی یەکەم گوڵاوە**
**ناوی تۆ**
**بەرامەی خۆشترین بۆنی پژاوە**
**بۆیە دڵ لە کیژان دەڕفێنی**
**ئێستا بانگم بکە ئەی میری خۆم!**
**تاکو بەهەڵەداو**
**بە هەنگاوی بۆنخۆشتدا سەرهەڵگرم**
**بێمە نێو ماڵەکەتەوە**
**کە بگەڕێی لە دڵمدا شاد و**
**لەسەرمدا خۆش**
**ئەوە میری من**
**بردمیە نێو کوخجی شاراوەی خۆی**
**ڕەنگ هەڵپڕووسکاو**
**دەست و پێ نەماو**
**لەنێو پەردەی میری دڵاندا دەپشکوێم**
**ئای کە خۆشە خۆشویستنی تۆ ئازیزم!**
**لە هەرچی خواردنەوەیە زیاتر**
**پێت سەرخۆشم**
**تۆ بەڕاستینەی عەشقەوە دڵبەری**
*** * ***
**گەورە کچانی ئۆرشەلیم!**

ئێوە و مێنناسکی نواڵان!
ژان مەدەنە بەر دڵم!
سوکنایی گیانم لە خەوێکی هێوردایە
هەرا مەکەن
با تێرخەو بێ
هەیاران!
ئەوە گۆرانی یارە دەیبیستم
گوێم لە ترپەی پێی دڵدارە
لە باغی کچێنیم ڕا
لۆمەم مەکەن!
گەرچی قولێکی تاوگەستەم
بەڵام جوانم
ملبەندم ئەستێرەچنەو
یارم کوڕێکی شلکە
خۆشی دەوێم
گازی دڵی من دەکات
* * *
لۆمەم مەکەن کچانی ئۆرشەلیم!
برالانم لێم زویربوون
لەبەر ئەو سوورەتاوەدا
کردیانمە باغەوانی ڕەزان
بەڵام هەی داخی گران!
نەپەرژامە سەر ڕەزی باڵام
* * *
کوڕە شوانی هۆزەکەم
کردمیە ڕەزی بەرهەتاو
ئەوە ئێستا
دڵم تەنگەو
ڕەزی بەژنم بێ باغەوان
ئاخ گراوە بۆنخۆشەکەم!
نیوەڕۆ لەکوێ نووستی؟
مێنناسکە کێوییەکانت لە کوێ مۆڵ داو
لەکوێ خەوتی؟
تاکەی لە دوای تۆ
پەرچەڕانی هاوڕێکانت بگەڕێم؟
بۆ لێم ونیت؟
لە کێهە ڕەزدایە ڕانەکەت؟
* * *
خێرا بە نازەنینەکەم!
ئەی لەبەر دڵانتر کچی جوولەکان!
بەڕاستی نابەدڵەدی ڕێگای؟
سەرهەڵبڕە
شوێن ڕەوی مێگەلان کەوە
بەرغەلەکەت ڕادە بۆ لەوەڕگە
وەرە بۆ لام!
ئەی جوانتر لە ماینەکانی کەژاوەی فیرعەون!
بسکت جوانە وەک بڕکەی ڕەزان
گەردنت جوانتر بەهێشووی ماچەوە
وەرە ئازیز!
ئەم هەوارە پڕکە لە چریکەی ئەوین
با دەسەڵاتی بۆنی تۆ
بە هەرێمی گیانمدا بپژێت
کۆترە باریکەی سەر ئاسۆی یاڵان!
بە گمەی تۆ دەپشکوێم
لە چاوتدا... ئیشتیای ئاسمان دەخۆمەوە
وەرە بۆ لام!
گوارەی زێڕی
پەرەنگ زێوت دەکەمە دیاری
* * *
دڵدارەکەم
لەسەر جێ و بانەکەی خۆی
میوانی عەشقی من دەبێ
سەری خۆشەو
مێگەلە ماچ لە گوڵزارم دەچەرێنێ
ئەو جوانە وەک گوڵی باغەکانی بەرکانیی «جودەی»
بۆنخۆشە وەک بنێشتی دارەبەن
وەک قوتووی عەتار.. بەنێو مەمکۆلانمدا دەپژێ
وەک ماندووی هەردەپێو لە ئامێزمدا دەنوێ
بۆنی گوڵی خەنەی لێدێ
تۆ چەند جوانی یاری خۆم!
چەندە جوانی!
چاوەکانت دوو کۆترن
لە ترپەی دڵی مندا دەگمێنن
لە هەراسانی سەرمدا
تەقڵە دەکەن
* * *
ئەی لەبەر دڵان، میری من!
ئەوە چیمەن دەبێتە جێ و بانی شەوی پەردەمان
ئەوە سنەوبەر دەبێتە کۆڵەکەو
سەوڵیش هەڵاشی ماڵەکەمان
وەرە یارم!
ئەو کاتانەی کە تاو هەڵدێت
ئەو کاتانەش کە هەتاو ئاوا دەبێت

**سەرچاوەکان:**

**١- کتاب مقدس، ترجمەی تفسیری، شامل عهد عتیق و عهد جدید، چاپ زیر زمینی در ایران.**
**٢- شاملو احمد، مجموعه اثار، دفتر دوم: همچون کوچەی بی انتها (گزینەئی از اشعار شاعران بزرگ جهان)، موسسەی انتشارات نگاه، چاپ پنجم ١٣٨١، تهران، غزل عزلهای سلیمان صفحەی ٥٦٧.**
**٣- صالحی سید علی، ترانەهای ملکوت (باز سرایی چهار دفتر از کتاب مقدس)، نشر برسات، چاپ اول پاییز ١٣٨١، تهران.**

# دەرمانی نەخۆشی شێرپەنجە

**ئەسعەد عەزیز محەمەد**
**(کەرکووک)**

دەمەو عەسرانی ڕۆژێکی بەهار، بۆنی گیاوگوڵ و هەوای شێدار بە مەڵاشوویدا گیری خواردبوو، لەولاوە نەخۆشی و ئازاری بەردەوامی دایکی بێ تاقەتی کردبوو و پاڵەپەستۆی خستبووە سەر بیر و مێشکی، هەرچەندە هەوڵی دەدا نەیدەتوانی ئەو دیمەنە ناخۆشە لە تۆمارکردنی وێنەیی کۆگەی بیرکردنەوەیدا بسڕێتەوە و تابلۆی مەرگی دایکی کە لەسەر نوێنی مردندا ڕاکشاوە، ئەویش لە چاوەڕوانی ئەو مەرگەدایە بۆ تەنیا چرکەیەکیش لەبیرکردنەوەی بڕەوێنێتەوە. هەموو ساتێک لەو خەیاڵە تاڵەدا بوو کە داخۆ چ کاتێک مەرگ دێتە ژوور سەر دایکی و دەست بە بینا قاقای دەنێت و ژیانی بۆ هەتا هەتایی لێ دەسێنێتەوە.

هەموو ئەو پزیشکانەی سەردانی کردبوون ئەوەیان پێ ڕاگەیاندووە کە دایکی تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی جگەر هاتووە و هیچ چارەسەرێکی نییە. هەفتەی ڕابردوو بۆ پەیداکردنی دەرمانی نەخۆشی دایکی ئەوەی بیستبوو کە کانیاوێکی سروشتی لە شارۆچکەیەکی سەر سنوور هەیە و کەسێک لە نزیکی ئەو کانیاوەدا ئاوی کانیاوەکە تێکەڵ بە گژوگیای سروشتی دەکات و دەرمانی لێ دروست دەکات. وێڕای ئەوەی ڕێگەیەکی دوور و ناخۆش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆیشت بۆ ئەو شارۆچکەیە و دەرمانەکەی بۆ دایکی هێنا. پاش چەند ڕۆژێک ئەوەی بۆ دەرکەوت بەخواردنی ئەو دەرمانە ئازاری دایکی زیاتر بووە و هیچ تروسکاییەکی هیوای تێدا دەرنەکەوتووە. چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لە یەکێک لە ڕیکلامەکانی تەلەڤزیۆنەکانەوە ئەوەی بەرچاو کەوتبوو کە دکتۆرێکی بەناوبانگی بیانی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شێرپەنجە سەردانی وڵاتەکەیان دەکات و دەتوانن بە ڕێگەی ژمارەی ئەو مۆبایلەی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە هەیە نۆرە تۆمار بکەن. دوای ئەوەی سەردانی ئەو دکتۆرەی کرد، لەوێش بێ ئومێد بوو کە بتوانێت

دەرمانێکی بۆ چارەسەرکردنی دایکی چنگ بکەوێت، بە تایبەتی کاتێک بە دکتۆرەکەی گوت «دکتۆر ڕاستیم پێ بڵێ تۆ دەتوانیت دایکم چارەسەر بکەیت؟» دکتۆرە بیانییەکە بە ڕاشکاوانە وتی «نەخێر چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە وەک چارەسەرکردنی مردنە، ئایا هیچ کەس دەتوانێت مردن چارەسەر بکات؟ «لەلای دکتۆرەکە ئەوەی زانی کە کاری ئەم ئەوەیە ماددەی ئازارشکێن بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئازاری کەم بێتەوە و هیچی تر».

بەو ئێوارە بەهارییە بە سواری تاکسییەک لەگەڵ دایکیدا بۆ شەقامی دکتۆرەکان ڕۆیشتن، بەدەم هەنگاوە خاوەکانی دایکییەوە سەری بۆ تابلۆ هەڵواسراوەکانی ناوی دکتۆرەکان بەرزکردەوە و ناوەکانی دەخوێندەوە، دکتۆر ئازاد ئەم دکتۆرە دەیگوت ماوەی مانگێکی دیکە ناژێت، لە ساتی قسەکانی ئەو دکتۆرەوە ئێستا دوو مانگ و پێنج ڕۆژ تێپەڕ بووە. دکتۆرە ڤیان ئەم دکتۆرە هەرگیز نەیزانی دایکی چ نەخۆشییەکی هەیە. دکتۆر ئا و دکتۆر ب و دکتۆر ج... هەموو ئەو دکتۆرانە چەندین جار دایکی بۆ لایان بردووەو هەموو جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە نەخۆشییەکەی هیچ دەرمانێکی نییە و چارەسەر ناکرێت.

تابلۆی ناوی دکتۆرێک لەسەر سووچی کۆڵانێکدا سەرنجی ڕاکێشا و بەهێزێکی موگناتیسی بۆ لای خۆی کێشی کرد، بۆ ماوەی چەند خولەکێک ئاراستەی بیلبیلەی چاوی لەسەر تابلۆ هەڵواسراوەکە هەڵنەگرت و بۆ ماوەیەک لەگەڵ خۆی کەوتە دواندن «چۆنە ئەم دکتۆرە بەم هەموو بڕوانامانەوە لێرەیە و تا ئێستا بۆ لای نەهاتووم» کە چووە ناو کۆڵانەکەوە کلینیکی دکتۆرەکە لە باڵەخانەیەکی داڕزاو و داتەپیو بوو، لە ژێرەوەی باڵەخانەکە دەرمانخانەیەکی بچووک هەبوو. لەو کاتەدا هەستێکی نامۆی لەلا پەیدابوو کە پێشتر هەرگیز ئەم شوێنەی نەبینیوە و بۆ یەکەم جارە دێتە ئەم شوێنە و دەستی خستە ژێر شانی دایکی و بە پلیکانەی پەیژەکەدا سەرکەوتنە سەرەوە، ژوور و هەیوانێکی بچووک لەوێدا بوو. جگە لە دکتۆرەکە کە لە ژوورەوە دانیشتبوو هیچ کەس لەوێ نەبوو. داوای لە دایکی کرد لەسەر تەختی پشکنینەکە ڕابکشێت تا پشکنینی بۆ بکات و لێی بنواڕێت، پاش ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە نیو کاتژمێر لێی نواڕی و پشکنینی بۆ کرد و تەماشای هەموو ئەو شیکارییانەی کرد کە پێشتر هەموو دکتۆرەکان بۆیان کردبوو، لە کاتێکدا پزیشکەکە پشکنینی بۆ دایکی دەکرد ئەویش زۆر بە دیقەتەوە سەیری سیما و هەڵسوکەوتی ئەم دکتۆرەی دەکرد، کە بۆ یەکەم جارە بیبینێت تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵییەوە بوو، ڕدێنێکی سپی هەبوو، چاویلکەیەکی پزیشکی لە چاویدابوو، ئەو بە زمانێکی تر بۆ ئەوەی دایکی لە قسەکانی تێنەگات وتی «هەموو ئەو پزیشکانەی پێش تۆ دەڵێن «تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هاتووە و چارەسەری نییە».

بەخێرایی ئاوڕی لێ دایەوە و گوتی «ژیان و مردن بە تەنیا بەدەستی خوای گەورەیە، ئەگەر هەر نەخۆشییەک دروست بووبێت، ئەوە لە بەرانبەریشدا خوا چارەسەری بۆ داناوە».

بۆ ماوەی چەند خولەکێکی تر کەوتەوە پرسیارکردن لە دایکی سەبارەت بە ئازار و خەوتن و خواردنی دوای ئەوەی لە چەکمەجەی مێزەکەی دەفتەرێکی دەرهێنا لاپەڕەکانی ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو، بینینی ئەو دەفتەرە بزە پێکەنینێکی لای ئەو دروست کرد، بەڵام دانی بە خۆیدا ناو هیچی نەگوت. دواتر ناوی چەند دەرمانێکی لەسەر لاپەڕەیەکی زەردەوە بوو نووسی و دایە دەستی و پێش ئەوەی بڕوات شووشەیەک دەرمانی لە هەمان چەکمەجە دەرهێنا و دایە دەستی و گوتی بەیانیان پێش خۆرکەوتن کەوچکێکی بدەرێ، ئەویش دەستی کردە گیرفانیدا پازدە هەزار دیناری دەرکرد و دایە دەستی دکتۆرەکە و دکتۆرەکەش دە هەزاری وەرگرت و پێنجی بۆ گەڕاندەوە.

لە کاتی دابەزینیدا بە پلیکانەکەدا جارێکی تر هەستێکی نامۆ باڵی بەسەردا کێشا، وا هەستی دەکرد لە دنیایەکی ئەفسوناوییەوە بۆ ناو دنیاکەی خۆی دەگەڕێتەوە، بۆ چەند چرکەیەک بەخێرایی سەیری ناو دەرمانخانەکەی کرد، دیمەنی دەرمانەکان و ئەو پیرەمێردەی لەناو دەرمانخانەکەدا بوو سەرنجی ڕاکێشا، بەڵام ئەوەی تووشی حەپەسانی کرد ڕوخساری پیرەمێردەکە بوو، کە شیوەی زۆر لە دکتۆرەکە دەچوو، بەوە دەچوو جمک بن. ڕاچێتی دەرمانەکەی دایە دەست پیرەمێردەکەوە، ئەویش ڕۆیشت دەرمانەکانی لە ژوورەکەی پشتەوە بۆ بهێنێت. چەند کاتێکی پێچوو تا

دەرمانەکانی بۆ ئامادە کرد، سێ جۆر دەرمان بوو، دەرمانێکیان یەک کاتژمێر دوای نان خواردن پێی دەدرێت، دووەمییان چارەکێک پێش نانخواردن و سێیەمیان لە شەودا چەند خولەکێک پێش نووستن ئەو دەرمانەی پێ دەدرێت.

پیرەمێردەکە بە ئەسپایی دەمی نایە بناگوێیەوە وتی «دکتۆر هیچی لەبارەی ئەم دەرمانانەوە نەگوتووە» ئەویش وتی «نەخێر» پیرەمێردەکە بە نیمچەتووڕەییەوە وتی «ئەو شێتە هەموو کات ئەم ڕێنماییە گرنگەی لەبیر دەچێتەوە» هەر خۆی درێژەی پێداو وتی «ئەم هەموو دەرمانانەی ئەم پیرێژنە بۆ کەسێکی تر هەمان نەخۆشیشی هەبێت سوودی نابێت و ڕەنگە ببێتە ژەهر».

ئەمجا دەرمانەکانی بۆ کردە ناو نایلۆنێکەوە و گوتی «پەنجاو چوار هەزار دینار دەکات» دەستی کردە گیرفانی و پارەکەی ژمارد، بە تەنیا چل هەزار دیناری پێ مابوو، بە پەشۆکاوییەوە ڕووی دەمی کردە پیرەمێردەکە وتی «ببوورە پارەکەم تەواوی ناکات، با بگەڕێمەوە پارە بهێنم ئەوسا دەرمانەکە دەبەم»

پیرەمێردەکە بە هێمنی و ڕووخۆشییەوە وتی «نەخێر دەرمانەکانی خۆت ببە، ئەو پارەیەم بدەرێ و ئەوی دەمێنێتەوە دواتر بۆم بهێنە».

کاتێک دەرمانەکانی هەڵگرت زۆر هەوڵی دا لەگەڵ پیرمێردەکە تا ناسنامەکەی لەوێ لە بری پارەکە دابنێت بۆ ئەوەی کاتێک پارەکەی بۆ گەڕاندەوە ئەوسا ناسنامەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام پیرەمێردەکە ڕازی نەبوو، ئەو ڕۆژە دایکی دەرمانەکانی بەو شێوەیەی بەکارهێنا کە دکتۆرەکە ڕایسپاردبوو، بۆ دەمەو ئێوارەش ویستی پارەی دەرمانخانەکە بباتەوە، بەڵام کاتێک گەیشتە ئەو کۆڵانەی کە دەرمانخانەکەی لێ بوو هیچ دەرمانخانەیەکی لەو شوێنە نەبینی و لەو باڵەخانەیەی کە دکتۆرەکەی لێ بوو دوکانی بەرگدرووەیەکی ژنانی لێ بوو، لە جێگەی دەرمانخانەکەش دارتاشێکی بەساڵداچوو کاری تێدا دەکرد، کاتێک پرسیاری ئەو دەرمانخانەی لە دارتاشەکە کرد نکوڵی لەوە کرد هیچ دەرمانخانەیەک لەو شوێنە هەبێت و گوتی ئەوە بۆ ماوەی بیست ساڵە ئەو لەم جێگەیە دوکانی هەیە، هیچ دکتۆرێک لەو باڵەخانەیەدا نەبووە.

باری تەندروستی دایکی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو باشتر دەچێت و دوای دوو هەفتە لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە لە تاقیگەدا شیکاری بۆ نەخۆشییەکەی دایکی کرد بۆی دەرکەوت کە هیچ ئاسەوارێکی نەخۆشی شێرپەنجە لە لەشی دایکیدا نەماوە، دەیزانی ئەو دەرمانانە بوونە هۆی ئەوەی نەخۆشییەکەی دایکی چارەسەر بکەن و ئەو نەخۆشییە لەناو ببەن، بەڵام لەلایەن دکتۆرێکەوە، یان دەرمانی دەرمانخانەیەکەوە، کە نازانێت لە کام دنیاوە بە هانای ئەوەوە هاتبوون.

# ئاگرە گڕەی خۆمانە...!

**حوسێن شیربەگی**
**(بۆکان)**

کە جوان تەماشات دەکرد، دیمەنێکی گشتی شارەکە و بارودۆخەکەیت لێ حاڵی دەبوو، شەقام ساردوسڕ و کۆڵان بەستەڵەک و هەردووکیان بڕێ چۆڵ و کەم هاتوچۆ. جاروبار کەسێک، یان کەسانێک هاتوچۆیان بوو، بەڵام وەک سێبەر، وەک کابووس؛ تارمایی بۆر و ڕەش و کەس خۆی لە کەس نەدەگەیاند. ڕەنگە لە سووچێکی دڵی تاقەولۆقەیەک لەم ڕێبوارانەدا، چاوەڕوانییەک بووبێ، بەڵام بچووک و نادیار و شاراوە...

ئەو ڕۆژەی کیژ و کوڕێکی گەنج، هەر کام بە کۆڵەیەک چیلکە و چاڵەوە لە سەرەتای کۆڵانەکەوە دەرکەوتن، بە هۆیەکی نادیارەوە دەتوت هەوا بڕێک گۆڕاوە. کوڕە گەنجەکە جیابۆوە و ڕۆیی، کیژۆڵە کۆڵەی چڕوچیلکە و بابەتی ئاگر کردنەوە بە دەست و کۆڵییەوە، بە کۆڵانەکەدا شۆڕ بۆوە. کار و شوێنی خۆی پێدەزانێ. کیژ بڕێ لە دەرکوبان و کۆڵانی دەڕوانی! بڕێ ورد دەبۆوە! کەسەکەش، ئەو کەسەی هیوای پێی بوو، ئەویشی دەستنیشان کردبوو. کیژ هەروا بە لارولەنجەوە، بزەیەکیش لە سەر لێو، بە کۆڵانەکەدا دەخوشی. لە بەر دەرگای هەر ماڵێک بڕێ لە چیلکە و چاڵەکەی دادەنا، لە زەنگی دەرگاکەی دەدا و تێپەڕ دەبوو. گەیشتە حاندی دەرگا و دیوارێکی یەکپارچە سەوز.

دەرگا سەوز و دیوارەکە سەوز و دار و درەختی نێو حەساری ماڵەکەش کە لەسەر دیوارەکەوە بە دیارەوە بوون، هەموو سەوز بوون. دەرگا سەوز و چوارتاییەکەی ئەو ماڵە کرابۆوە، کوڕە گەنجێک لەبەردەم دەرگا کراوەکەدا ڕاوەستابوو؛لە دڵە کوتەدا بوو. چاوی لە کیژەکە بوو کە هەروا دەهاتە پێشەوە-و-هەروا چڕوچیلکەی بە بەردەم دەرگاکان دابەش دەکرد. کوڕە سەیر دەیڕوانییە کیژەکە. بزەیەک؟ زەردەیەک؟ گنج و لۆچێک؟ ناخی هەژابوو:بڵێی؟ ... نەڵێی؟... !

کیژ گەیشتە حاندی گەنجەکە، خاشخاشکە سوورە بوون کوڵمە و تەوێڵی ئەو کیژە، ئەستێرەگەشە بوون چاوەکانی کیژی چیلکە و چاڵ بە کۆڵ . کیژ گەیشتە حاندی گەنجەکە و ئەستێرە گەشەکانی کەوتنە تروسکە تروسکە، ڕوو بە

گەنجەکە تروکاندی کیژەکە. بزەیەکی شیرینیش گوڵەباخی ڕوخساری پشکواند و... تێپەڕی و ڕەت بوو لەو دەرکە کیژەکە...

گەنجەکە بەرەو کیژ وەرسووڕا و سەرنجی کیژی دا و چووە ماڵی فیکرەوە:ئەوە بۆ؟ یانی؟ چۆن؟... یانی!... بۆ چی؟

لە بەرەوڕووڕا دەهات، بەرەو سەرەتای کۆڵان دەگەڕاوە، ئەو کوڕە گەنجەی یەکەم؛ئەوەی هەڤاڵی کیژۆڵەکە بوو، لە سەرەتای دەرکەوتنیان لەم کۆڵانەدا. کوڕە گەنجەکە بەرەو سەرەتای کۆڵانەکە دەڕۆیی و لە حاندی هەر دەرگایەک، لە بن هەر چڕوچیلکەیەکی بەر دەرگاکان، دەستە چیلکەیەکی دادەنا و تێپەڕ دەبوو، نا تێپەڕ نەدەبوو، زەنگی دەرگاکانی لێدەداو لە پاشان دەڕۆی...

ناخی هەژابوو کوڕە گەنجی بەر دەرگا سەوزەکە، حەوت، حەڤدە، هەزاروحەوت پرسیار لە ناخیدا قوت ببوونەوە، ئەو گەنجە. وەشوێن کیژەکە کەوت، بە شوێنیدا دەڕۆیی. زۆر ڕۆیشتن، بە دوای کیژدا هەر دەڕۆیی ئەو گەنجە، هەر بە شوێنیدا دەڕۆیی، هەر... هەر...

کیژیش هەر دەڕۆیی و ئاوڕی نەدەدایەوە! ئاوڕی نەدەدایەوە؟ با، با... جاروبارە بوو، بڕێ بە نهێنی! بە نێوئاپۆڕەی خەڵکدا دەڕۆی کیژۆڵە، هەروا دەڕۆیی و دەستوشان و لاق و لەشی لە گیانی خەڵکێکی زۆر دەکەوت، کیژۆڵە. کوڕە گەنجیش هەر بە شوێنییەوە بوو... بە شوێنییەوە...

بەڵام تا ئاخر نا! گەڕاوە کوڕە گەنجەکە! ! ماندوو ببوو؟ ... سەرمای بوو؟ ...! چەق و چۆی چی لەشی داگرت؟ بە هەمان ڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە کوڕە گەنجەکە... گەیشتەوە کۆڵانی خۆیان، ڕۆیشتە ماڵەوە کوڕەکە. دەرگای داخست؟ ...

بەڵام کیژ زۆر ڕۆیی، زۆر گەڕا، زۆر کۆڵان و شۆستە و شەقام و مەیدان. ئەم جار گەڕایەوە. گەڕایەوە بۆ هەمان یەکەم کۆڵان. کیژەکە بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیی. بڵێی هەمان کیژ بێ؟ هەمان ئەو کیژەی جاری پێشوو؟ بە لار و لەنجە بەرەو پێشەوە دەڕۆیی کیژۆڵە، لار و لەنجەی ئاسکە سڵێک، بەڕەوتی کەو! دەم بە قاسپە؟ ... نەرمونیان! ... وەک شنەی بەیان؟ ئەم جار دەستە چیلە بە باوەشەوە، لە چڕوچیلکەی بەر دەرگاکانی دەڕوانی و لە ژێر هەر کۆما چڕوچیلکەیەک، دەستە چیلەیەکی دادەنا. دەوەنێکی گوڵەباخ بوو ئەو کیژە، هەر تاقە دەوەنێک؟ نەوەڵلا کۆمەڵە دەوەنێک بە هەزاران گوڵە باخی سوور و گەشەوە. تەواوی لەشولاری گوڵ و گەڵا بوو، گوڵ و گەڵای گوڵەباخ. لار و لەنجەی شنەیەکی بلاوێن بوو-و- عەتر و گوڵاوی بلاو دەکردەوە. هەوای کۆڵان تەواو گۆڕابوو، شنەیەکی فێنک و عەتراوی و بلاوێن...

کیژ گەیشتەوە حاندی دەرگا سەوزەکە. هەڵوێستەیەکی کرد، ورد بۆوە، ماتڵ نەما، دەرگای پاڵ پێوەنا -و- خۆی بە حەساری ماڵەکەدا کرد. ماڵ؟ لە گەڵکوو کیژ لەو دەرگایە چووە ژوورێ، باخ و گوڵستان و مێرگوزارێکی بێ وێنە بوو ئەو حەسارە گەورەیە. حەسار؟ ئەو ماڵە! ماڵ؟ ئەو باخ و گوڵستان و مێرگوزارە! هەمووی درەخت و دەوەن و گوڵ و گەڵا و سەوزەڵان بوو؛ نێوان دار و درەخت و دەوەنەکانیش، بانووان و شەقام و شۆستە، ئەوسەری شەقام و شۆستە، عیمارەت بوو. عیمارەت؟ بینا و ماڵ و ئاوەدانی...

کیژۆڵە بە کۆڵەی چیلکەوچاڵ و دەستەچیلەوە، بە لار و لەنجەوە دەگەڕا، بە شۆستە و شەقامی نێو حەساردا، بە بەردەم بینا و عیمارەت و ماڵەکاندا. لە هەموو لایەکەوە دەیانبینی. لە هەموو عیمارەت و ماڵ و ئاوەدانییەوە تەماشایان دەکرد، سەرنجیان دەدایە، لێی ورد ببوونەوە، دەرگایان کردبۆوە، پەنجەرەکانیان کردبۆوە.

لە بانێژەکانەوە، لە نێو دەرگاکانەوە، لە پشت پەنجەرەکانەوە لێی ورد ببوونەوە، سەرنجیان دابوویە، تەماشایان دەکرد، کیژەکەش دەم بە پێکەنین، بە لار و لەنجە، لە سەر پەنجە، بە ڕەوتی کەو، دەگەڕا، هەروا بێ وچان دەگەڕا بە نێو باخ و گوڵستان و مێرگوزاردا، تا گەیشتە نێوەڕاست ئاوەدانی. کۆڵەی چڕوچیلکە و سووتەمەنی و دەستەچیلەی لە تەختی عەرزی مەیدانەکە دانا، شقارتە بوو هەڵی کرد؟ نەفت و بەنزین بوو کردی بە چیلکە و چاڵ و دەستەچیلەدا؟ ئاگر گڕی بەرز بۆوە، شۆڵەی ئاگر باڵای کرد، دەوروبەری خۆی تەنییەوە، باڵای کرد، باڵا، باڵا... بەرەو کوێ؟

گشت وڵات ڕوون داگەڕا، گشت عیمارەت و بینا و ماڵ و ئاوەدانی گەرم و ڕووناک داگەڕا، گشت مرۆڤی نێو ماڵەکان، نێو حەسار، نێو شەقام و شۆستە و کۆڵان و گەڕەک و شاریشی دەگەڵدابێ، گەرمیان داهات، گەرم بوونەوە. لە ژوورەکانەوە، بەرەو حەوشە و حەسار و بەرەو کۆڵان و شەقام دەرکەوتن. بەرەو ئەو ئاگرە چوون کە کیژ گڕی دابوو. کیژۆڵە بە دەوری ئاگرەکەدا دەهات و دەچوو.

به لار و لەنجە، دەم بە پێکەنین، ڕوخساری گوڵەباخێکی سوور و گەش.

لە ئاگرەکە هاڵان ئەو خەڵکە. منداڵ و گەنج دەستیان کرد بە هەڵبەز و دابەز بە دەوری ئاگرەکەدا دەستیان کرد بە بازبازووکێن بەسەر ئاگرەکەدا:ئاگرە گڕەی خۆمانە، ئاگرە گڕەی خۆمانە...

کێژۆڵە بە دەوری ئاگر و بە نێو خەڵکە کە دا دەهاتودەچوو، دەگەڵ هەمان گەنج ڕووبەڕوو بۆوە، چاو بە چاو، نیگایان لێک هاڵا، نیگاکان لێک گیر بوون. هەمان خۆیان بوون؟ هەمان کیژ و هەمان گەنج؟ ڕەنگە هەر هەموو کوڕ و کیژەکان ڕووبەڕوو بوونەوە، چاو بە چاو، هەر هەموو گەنجەکان!

ئەندامی بوونەوە دەوەنی گوڵەباخ یا درەختێکی هەنار بە هەزاران ڕەنگ و بە میلوێنان گوڵە هەنارەوە، گۆنا و تەوێڵی کیژ بوونە گوڵەباخ و گوڵە هەنار و هێرۆ -و- خاشخاشکە سوورە، پشکووتن، لە قاقایاندا. چاوەکان بوونە ئەستێرە گەشە. لێو بوونە سوورە گوڵێکی پشکووتووی بێ وێنە.

لە یەکدییان دەڕوانی ئەستێرە گەشە، لە یەکدی ورد ببوونەوە ئەو ڕوخسارانەی داگیرسابوون! خەڵکەکە دوور دەکەوتنەوە، نزیک دەبوونەوە، دەیانڕوانی، ڕوویان وەردەگێڕا. دەڕۆیشتنەوە ماڵەکانیان، دەردەکەوتنەوە، بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە ئەو خەڵکە...

دیسانیش کیژەکەی خۆمان، کوڕە گەنجەکەی خۆمان، ئەوی بەر دەرگا سەوزەکە، چاوەکانیان بوونە ئەستێرە گەشە و کەوتنە تروسکە تروسک. نیگایان یەکانگیر بوو ئەم دووانە، بزەیان هاتێ و...

کیژ دەڕۆی بە لار و لەنجە، لە سەر پەنجە. گوڵ وەشان و شنەی عەترێکی بلاوێن. کوڕ وەشوێنی کەوت. بە شۆستە و شەقامدا گەڕان، لە حەسار و باخ و گوڵستان دەرکەوتن. لاقیان نایە کۆڵانەوە. کیژ دە-پازدە مەترێک لە پێشەوە، گەنج دە-پانزە مەترێک دوورتر بە شوێنی دا. دڵە خورپەی بوو؟ دڵە کوتەی بووە؟ ... بەرەو شەقام و مەیدانەکانی شار ڕۆیشتن، بەرەو شار و شەقام و شۆستە و مەیدانەکان...

لە جەمسەری کۆڵان ئاوڕی دایەوە؟ کامیان؟ ڕەنگە کیژەکە! پێم وابێ گەنجەکە! ڕەنگە هەردووکیان! ڕەنگە هیچیان. لە ڕاستیدا هەر ئاوڕیان دایەوە؟ کۆڵان نەما، دەرگا و دیوارە سەرسەوزەکە نەما، درەختی سەوز و ماڵ و بینا و باخ و گوڵستان نەما، نەما هیچ نەما...

تەنیا شارێک! شارێک؟ جیهانێک جیهان، جیهانێکی بەرین و مەزن بە قەرا دنیا!! جیهانێک بە شەقام و شۆستە و مەیدانێکی بە بێ کۆتایی و دوو گەنج، شان بە شان؛شان بە شان؟ یا بە مەودای دە - پازدە مەترێک بە دوای یەکدیدا؟ نازانم ؛بڵێی؟ ڕەنگە!

# دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوە

**داستان بەرزان**

تۆ تەمەنت ٢٠ ساڵان بوو، ئەو کات لە سەرەتای نووسیندا بوویت، کە بە هۆی دراوسێکەی تەنیشتەوە زانیت دراوسێ کوردەکەی ماوەی دوو ساڵە لە نهۆمێک سەرووتری هەمان باڵەخانەی تۆدا دەژی، سەروکاری لەگەڵ نووسین و خوێندنەوەدا هەیە، تەنانەت دراوسێکەت وای لە تۆ گەیاند، کە دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەت لە کوردستان یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکان و ساڵانە لە فێستیڤاڵەکاندا خەڵات دەکرێت و لەلایەن گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە نووسینەکانی داوادەکرێن، لە بەرانبەردا پاداشتی تایبەتی بۆ دەنێردرێتە سوێد.

ئەگەرچی هەرگیز بڕیارت نەداوە هیچ جۆرە پێوەندییەکت لەگەڵ هەر نووسەرێکدا هەبێت و حەزیشت بە ناسینیان نەکردووە، بەنیازی ئەوەش چیرۆکت نەنووسیوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بڵاویان بکەیتەوە، بێ ویستی خۆت بڕیار دەدەیت پاش ئەوەی لە ڕێگەی دروواسێکەتەوە بانگێشتی دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەت دەکەیت بۆ ماڵەکەت و بەدەم قاوەخواردنێکەوە بڕێک باسی نووسین دەکەن، پاشان ئەویش باسێکی زۆری خۆیت بۆ دەکات و خۆی بەیەکێک لە نووسەرە چاک و بە تواناکانی وڵاتی خۆی دەناسێنێت، تۆش بە شەرمێکەوە چەند دانەیەک لە دەستنووسی چیرۆکەکانتی دەدەیتێ، تاکو سەرنجی خۆی لە بارەیانەوە بدات.

پاش ماوەیەک لە بێ دەنگی دروواسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەت، لە نووسینەکانت نائومێد دەبیت و بڕیار دەدەیت لەوە زیاتر نەنووسیت و درێژەی زیاتریش بە پێوەندیکەت لەگەڵ ئەودا نەدەیت.

ئەم نائومێدبوونە ماوەیەک مێشکت بە خۆیەوە قاڵ دەکات، پاشان لە بڕیارەکەت پەشیمان دەبیتەوە و دەست بە نووسینی چیرۆکێکی دیکە دەکەیتەوە و بیرۆکەی چیرۆکەکەشت لە ژیانی ڕاستەقینەی هاوڕێ و دۆستەکانتەوە

وەردەگـریت، کـە ڕۆژانە لە زانکۆ و شـوێنی کـارەکـەتدا لەگەڵتدا دەژین.

لە ناکـاو شـەوێک لە گـەڕانەوەتدا بۆ مـاڵەکـەت، نامەیەکی دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەت دەبینی بە دەسکی دەرگای مـاڵکەتدا هەڵواسراوە و تێـیدا دەڵێت: هەرکـات گـەڕایتەوە مـاڵەوە سـەردانم بکە، لە مـاڵەکـەی خۆم چاوەڕێت دەکەم.

لەم کـاتەدا شـەرمـێکی زۆر داتدەگـرێت، سـوور هەڵدەگـەڕێیت و ئارەقـێکی سـارد دەکـەیت، لە خـۆت ڕانابینی بچیتە ماڵەکەی و لە بەردەمیدا وەک نووسەری چیرۆکەکان ڕووبەڕووی ببیتەوە.

هەرچۆنێک بێت پێ بە جـەرگی خـۆتدا دەنێـیت و دەچیتە مـاڵەکەی، ستایشکردنی نووسینەکانت لەلایەن نووسـەرە کـوردەکـەی نهـۆمی سـەرەوەت بەجـۆرێک سـەرسامت دەکەن، کە شـەرمـێکی زیاتر داتبگرێت و بە چەشنێک سـووربیـتـەوە نەتوانیت لەوە زیاتر شـوێن بە خـۆت بگریت و پاش ئەوەی دەڵێـیت: بەم نزیکانە ئیشـەکانی دیکەشمت بۆ دەهێنم،..... لە مـاڵەکەی دەچیتە دەرەوە.

چەند ڕۆژێک بیری قسەکانی ئەو، ماندووت دەکەن، بە چەشنێک ناتوانیت وەک پێویست کارەکانی ڕۆژانەت ڕاپەڕێنیت، ئاخـر تۆ لەو مـرۆڤـانە نەبوویت لە خـەونی ناوبـانگدا بژیت و بڕوا بەوە بـێنیت ڕۆژێـک لە ڕۆژان دەبیتە یەک لە نووسەرە دیارەکان.

دوای مـاوەیەک پێـدانی چیـرۆکەکـانت بە شـەرمـێکی زۆرەوە بە دراوسێ کـوردەکـەی نهـۆمی سـەرەوەت و ستـایشـێکی لە ڕادەبەدەری ئەو بۆ کارەکـانت بەردەوامی دەبێت، تاکو لە ڕۆژێکدا بڕیار دەدەیت چەند دانەیەک لە شیعـرەکـانی کچەکـەی هاوڕێشـتی نیشـان بدەیت، بەو ئومـێـدەی لە ڕێگەی ئەوەوە بۆ یەکـەمین جـار ببینرێن و هەندێک ڕاو سەرنجی خۆی لە بارەوە بدات.

تۆ و کـچەکـەی هاوڕێت ئەگەرچی پێـوەندییـەکـەتان بە هۆی نووسینەوە دروست نەبووە، لە ڕاستیدا ئێوە هاوڕێی مـاچ و باوەش بەیەکداکردنن، بەڵام هەمـیشـە دوای هەر دیدارێک کـاتێکتـان دەدۆزییـەوە بۆ تەمـاشـاکـردنی نووسـینەکـانی یەکـتـر، زۆرینەی جـاریش ڕەخنەو پێشنیارتان بۆ یەکتر هەبوو.

لەوە بێ ئاگـابوویت کـە دراوسێ کـوردەکـەی نهـۆمی سەرەوەت، دانە دانە چیـرۆکـەکـانت وەردەگـێـڕێتـە سـەر زمـانی کـوردی و ڕەوانەی گـۆڤـار و ڕۆژنامـەکـانی وڵاتی خـۆی دەکـات، ئەوانیـش بە سەرسـوڕمـانێکی زۆرەوە بۆی بڵاودەکـەنەوە، سـەرسـوڕمـانی ئەوان لە بەرانبـەر چیـرۆکـەکـانی دراوسێ کـوردەکـەی نهـۆمی سـەرەوەت لەوەدایە، کە ئەو پێشتر لە کوردستان نووسەرێکی خراپ بووە و تەنیـا شـتێکیش کە وای کردووە بەختی ئەوەی هەبێت، کە چەند نووسینێکی بۆ بڵاوبکەنەوە، پێوەندی گەرموگوڕی ئەو بووە لەگەڵ بەرپرسان و نووسەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، دەنا هەرگیز نووسینەکانی لەو ئاستەدا نەبوون بە گرنگییەوە بڵاوبکرێنەوە.

نـاردنەوەی چەند چیـرۆکـێکی باش لەلایەن دراوسێ کـوردەکـەی نهـۆمی سـەرەوەت بۆ گـۆڤـار و ڕۆژنامـە ئەدەبییـەکـانی کوردسـتـان، دەبێـتـە جێگەی سەرنج و هەندێکیـان بڕیار دەدەن گـوتوبێـژی ئەدەبی لەگـەڵ سـاز بدەن، ئەویش بەوپەڕی لە خۆڕازیبوونەوە لە قسەکـانیدا دەڵێت: (من هەر دەمـزانی لە کـوردسـتـان بێـمـە دەرێ خەیاڵم دەکەوێتە کار و دەتوانم زۆر شتی سەیر بنووسم، من بۆیە بەجێم هێشت، من من من).

چیـرۆکەکـانی تۆ بە ناوی دراوسێ کـوردەکـەی نهـۆمی سـەرەوەتەوە خـوێنەرانێکی زۆر لە دەوری خـۆی کـۆدەکـاتەوە، پاش مـاوەیەکـیش لەلایەن یەکـێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەوە هەموویان لە کتێبێکدا کـۆدەکـرێتـەوە و لە بەرانبـەریشـدا پارەیەکی زۆری بۆ دەنێـردرێتـە سـوێد، ئەوەش یەکـەمین جـارە بەهۆی نووسـینەوە پارە وەربگرێت، بەپێـچـەوانەوە بۆ ئەوەی نووسـینێکی بڵاوبێـتـەوە چەندین جار خـاوەن گـۆڤـار و سەرنووسەرەکانیـانی بانگێشتی یانە و چێشتخانەکان کردووە و لەسەر شەرەفی ئەو خوراوە و خوراوەتەوە.

پاش مـاوەیەکـیش ئەو درۆیەی لای تۆ و چەندین خـەڵکی دیکەی سـوێدیدا کـردبووی دەبێـتـە ڕاست و بانگێـشت دەکـرێتـەوە بۆ کـوردسـتـان و وەک مـیـوان بەشداری لە یەکێک لە فێـسـتـیـڤـاڵەکاندا دەکات، بە نووسەری کورد لە تاراوگە پێشوازی لێ دەکرێت و شەوانە لە بار و یانەکـانی کـوردسـتـاندا مـەست دەبێت، جـار جـاریش لە تاو ئازارێک کـە لە ویژدانیـیـەوە برووسکە دەدات دەست بەگـریـان دەکـات و لەلای هاوڕێ و هاومێـزەکانی دەڵێت: (بینینەوەی ئێوە و کوردستان لە خۆشـیـاندا دەمـخـاتە گریان، من دەمـێک بوو ئارەزووی بینینەوەی ئێوەم دەکرد، من من من).

ئێستا پاش ٣٠ ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی یەکەمین بینینی تۆ و دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەتدا، لە نێو هۆڵێکی گەورەدایت و خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانت دەکەن لەسەر نوێترین کتێبی خۆت ئیمزایان بۆ بکەیت، ئەگەرچی هاوڕێ کچەکەت نەبووە بە شاعیرێکی بەناوبانگ، بەڵام شیعرەکانی بەناوی کچێکی سوێدی هاوڕێی دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەتەوە لە کوردستان بڵاوکراونەتەوە و چەندین قسە و باس و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە، وەک شاعیرێکی سوێدی کە بە کوردی دەنووسێت ناسێنراوە، بێ ئەوەی کەس بپرسێت ئەم خانمە سوێدییە ئەم کوردییە لە کوێوە فێربووە، منیش بەرلەوەی فلاشی کامێرای کوڕێکی گەنج لێت بدات، کە بەنیازە لەگەڵ کچێکی هاوڕێیدا وێنەیەکتان بگرێت، دێمە تەنیشتت و ئەم چەند دێڕەت بۆ دەخەمە بەینی لاپەڕەکانی یەکێک لە کتێبەکانی بەردەستەوە و پێت دەڵێم: بگرە ئەمە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی خۆتە و دەتوانیت بیکەیتە کەرەستەی نووسینی چیرۆکێکی نوێ.

لە هۆڵەکە دەچمە دەرێ و ئاگام لێتە بە واقوڕماوییەکی زۆرەوە تا دەگەمە دەرەوە تەماشام دەکەیت، دەتەوێت یەکێک لەو پیاوانەی ئەرکی پاسەوانی تۆیان پێ سپێردراوە بنێریت تاکو نەهێڵت بڕۆم و قسەی زیاترم لەگەڵدا بکەیت، بەڵام فریام ناکەوێت و پێ لە پاڵنەری بەنزینی ئوتۆمبێلەکەم دەنێم و دەڕۆم، تۆش چاوت دەچێتە سەر یەکێک لەو تابلۆیانەی کە بە دیواری هۆڵەکەدا هەڵواسراوە، لە تابلۆکەدا مرۆڤێک لە پانتاییەکی زەرددا، سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕکردووەتەوە ، وەک ئەوەی توابێتەوە ناو لاپەڕەکانی کتێبەکە، یان بە قووڵی ڕۆچووبێتە وشەکانەوە و لە جیهانی دەوروبەری دابڕابێت، بیرەوەریت دەتباتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا، کە لە یەکێک لە باڵەخانەکانی نزیک بازاڕێکی ستۆکهۆڵمدا دەژیایت و کاتێکی زۆری ژیانت بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکە بەناوبانگەکانی جیهان تەرخان کردبوو، جار جارەش کورتە چیرۆکێکت دەنووسی و قەتیش لەو بڕوایەدا نەبوویت ڕۆژێک لە ڕۆژان ببیتە نووسەرێکی بەناوبانگ، بیرەوەریت قووڵتر پەلکێشت دەکات بۆ ئەو ساتەوەختەی کە بەهۆی دراوسێیەکەتەوە بڕیارت دا دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەت بناسیت.

دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەشت پاش ئەوەی پێوەندی لەگەڵ تۆدا نامێنێت، لەسەر ئەوەی شەوێک بە سەرخۆشی لە کچکەی هاوڕێی دەدات، لە سوێدەوە ڕەوانەی کوردستان دەکرێتەوە، ئەو ئێستا چیرۆکەکانی تۆی پێناگات تاکو بیانکاتە هی خۆی، خۆشی ناتوانێت وشەیەک بنووسێت، بۆیە بووەتە مرۆڤێکی کهولیست و لەبەردەم یەکێک لە بارەکانی ئەوێدا لە بەرانبەر بە ئاگابوونی لە ئۆتۆمبێلەکانی میوانانی بارەکەدا کهول وەردەگرێت، جار جاریش وەک نووسەرێک کە ڕۆژگارێک نووسینەکانی جێگەی سەرنجی ڕەخنەگران و خوێنەرانی بووە، بڕێکی کەم پارە لە یەکێک لە دامەزراوە فەرهەنگییەکان وەردەگرێت، چیرۆکە سەرەتاییەکانی تۆ و شیعرەکانی کچە هاوڕێکەی تەمەنی ٢٠ ساڵیشت لە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندان، هەرکاتیش دراوسێ کوردەکەی نهۆمی سەرەوەت بیەوێت یەکێک لە چیرۆکەکان بۆ گەنجانی نیوەشەوی سەر شەقامەکان بخوێنێتەوە، بایەکی بەهێز لاپەڕەکانی ناو دەستی دەژاکێنێت و دەنگی پۆلێک قەلە ڕەش لە ناو سەریدا دەنگ دەدەنەوە و تەپوتۆزێکی سپی لە لاپەڕەکانی دەستییەوە هەڵدەستێت، لە تاو ئازارێک کە لە دڵییەوە سەرچاوە دەگرێت دەست بە گریان دەکات و هاوار دەکات: (کەی لە دەنگی قەلە ڕەش و تەپ و تۆز و ئازار ڕزگارم دەبێت؟ کەی.....).

# بێهنا مرییان

**لۆرین س. دۆغان**
**(نسێبین)**

دو زارۆک ل دۆرا مریێ د نیڤێ کۆلانێ ده درێژکری، فەتلینۆکان چێدکن. مری!.. د نیڤێ کۆلانێ ده... خۆرتەکی مری!..

دەست و لنگێن وی ل هەڤ نەپێچایە و ل هەسانێ پشتێ درێژ کریە. چەند تایێن سپی، ژ ناڤ پۆرێ وی یێ کو تۆزێ خوە لێ گرتیە، دیق دکن. سۆلێن وی یێن کو قەنەب لێ شداندینە، وەکە کو دخوازن رێویتیان بەر ب خوە ڤە بکشینن. رِها وی یا کو نوو گەهاشتیە، عەهدێن جوانتیێ ل سەر خوە دجڤینن. رِوویێ کو خوین ل سەر بوویە قەمووشک، سپیتر دخویە. مری!.. د نیڤێ کۆلانێ ده... خۆرتەکی مری!.. و دو زارۆک ل دۆرا وی فەتلینۆکان چێدکەن.

شێرکۆ:

– ئەڤ مری چقاس مەزنە لاوۆۆ!.. بۆستەک، دو بۆست، سێ بۆست ...

ژانۆ:

– بێڤلا وی چقاس درێژ ەەەە!..

شێرکۆ:

قاباغێن چاڤێن وی چما ب هەڤ زەلقینە؟

ژانۆ:

– ئەو مریە لاوۆ، چاڤێن مریان گرتینە.

شێرکۆ تلیکا خوە د دەڤێ یێ مری ده دبە و تینە:

– ژانۆ، درانێ وی ژی ب هەڤ زەلقینە.
ژانۆ:
لەپێن دەستێ وی وەکە یێ حوتانە شێرکۆژۆ...
ژانۆ وەختا دەستێ خوە د ناڤ کەفا دەستێ یێ مری دە دبە و تینە، ساعەت بەر چاڤی وی دکەڤە. ب یەک جارێ رە ژانۆ، ساعەتێ ژ زەندا یێ مری دخژقینە.
بێیی کو شێرکۆ پارا خوە بخوازە، ژانۆ:
– ئەڤ ساعەت یا منە لاوۆ، من بەری تە دیت.
ب گۆتنێن ژانۆ رە، جێنیک ل شێرکۆ دسنجرن. شێرکۆ ب دەنگەکی هێرس:
– سەگباب! ژخوە تە خارێ من هەموو ژ من دزین، ئەو ساعەت پارا منە.
هێرسا ژانۆ ب سەر یا شێرکۆ دکەڤە:
– سەگباب باڤێ تە یە، بەرە پێشی تە ساعەت بدیتا... ساعەت یا منە لاوۆ!..
هەر دو زارۆک ساعەتێ ژ ناڤ دەستێ هەڤ دکشکشین ب نەپەرووشکێن خوە برینان د دەستێن هەڤ دە چێدکن. ژانۆ فێم دکە کو نکارێ، ساعەتێ ژ ناڤ لەپێن شێرکۆ خەلاس بکە. ژانۆ:
تەمام لاوۆ، ساعەت ب نێڤی.
شێرکۆ:
– ژانۆ کو مە ساعەت فرۆت تو نەبێژی ئەز مەزنێ تە مە، پەرە ب نێڤی لاوۆ.
ژانۆ:
– قەی ئەز سەختەکارێ باڤێ تە مە لاوۆ!
ساعەتا کو د ناڤ دەستێ زارۆکان دە دچرسینە، بوویە سەدەما کو زارۆک بێڤل، گوھ و چاڤێن جەندەکێ ل عەرد درێژکری ژ بیر بکن. لاشێ مریێ کو د ناڤ دەستێن زارۆکان دە عەجقیبوو، ب عەردێ ڤە بێهتر دزەلقە! لاشێ کو د ناڤ خوینێ دە گەڤزیبوو، ب تێهنا رۆژێ رە مێشوومۆر خوە لێ دۆرپێچ دکن.
رۆژ گەشتر دبە. هەژمارا مرۆڤێن د کۆلانێ دە زێدەتر دبە. لێ، دەنگێ تو لۆرینان ژ کۆلانێ نایە... ژنێن کو ب لۆرینێن دلشەوات، ل سینگا خوە دخن خویا ناکن ... ژخوە ژ زوو دە یە ل وی باژارێ ، لۆرین ل سەر مریان نایێن گۆتن! وەکە کو مرییەکی ل نیڤێ کۆلانێ تشتەکی رۆژانە بە، مرۆڤ د بەر یێ مری رە دچن و تێن. کەسەک ل جەندەکێ ل عەردێ درێژکری ناعالقە! جەندەکێ ل عەردێ درێژکری، تەنێ ترس و رکا د چاڤان دە تیرتر دکە. بێهنا خوینا مری، گاڤێن وان ب لەزتر دکە. ترس، دل و لاشێ مرۆڤان ب سەر هەڤدوو دە دگوڤێشینە ... بێهن ل مرۆڤێن کۆلانێ دچکە. هەرکەس دخوازە کێلیەک بەرایا کێلیەکێ ژ کۆلانا کو بێهنا مرنێ ژێ دهات برەڤە! هەموو مرۆڤێن کۆلانێ دزانن کو وەکە گەلەک رۆژان وێ رۆژێ ژی، وێنەیێ مرنێ وێ ژیانێ بنپێ بکە.
و پر نادۆمینە ... دەنگەک!... دەنگەک بەر گوهێ مرۆڤێن کۆلانێ دکەڤە... دەنگەکی کو ژ مرۆڤێن باژارێ رە ناس بوو! تەقینەک...
تەق!.. تەق!..
د کۆلانێ دە، دیلانا شەوقا گولەیان... هەر دچە، دەنگێ گولەیان ب بەرزتر دبە.
تەق!.. تەق!.. تەق!..
گولەیێن کو ل بەر ژیانێ دکەڤن خەفکێ، جھ ژ مرۆڤان رە تەنگ دکن. خرەجرەک ب کۆلانێ دکەڤە، وەکە رۆژا مەحشەرێ... هەرکەس ژ خوە رە ل قۆرزیقەکە خەلاسیێ دگەرە. هەموو کەس ژ بەر هەڤدوو باز ددە!.. هەموو کەس ژ کۆلانا کو بێهنا مرنێ ژێ دهات باز ددە!.. لاشێ خۆرتێ مری، د ناڤ جەندەکێن کو وەکە قورمێ داران ل کێلەکا هەڤدوو رێز دبن، وندا دبە. مری، وەکە زخوران د بن لنگان دە دئەجقن.
رۆژ سەر دە دەرباز دبن... ل کۆلانان جەندەک ل هەڤ زێدە دبن. دەم تێری دانەهەڤا مرییان ناکن! ژ کۆلانێن باژێر، بێهنا مرییان دفوورە... بێهنا مرییان، سەردەستی بێهنا پەترۆلا باژێر دبە. هەر کو خوین دبە شریکێ قەبقەبا پەترۆلا باژێر، زیندیێن باژێر کێمتر دبن. زیندیێن مایی ژی، ژ بێهنا مرییان سەرگێژی دبن، ڤەدرشن. رەنگێ پەترۆلا باژێر دگوهەرە. رەش و سۆر تەڤلیهەڤ دبە... زارۆکێن کو ئێدی لەیستۆک نایێن بیرا وان، هەر کێلی ل دۆرا مرییەکی فەتلینۆکان چێدکن. هەر رۆژ ب چاڤ، گوھ بێڤلێن جهێ جهێ دلەیزن. زارۆکێن باژێر ئێدی، مرییان ژ زیندییان پتر دناسن.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا ( کراسێ تەنگ ) رووپەلێن (١١-١٤) هاتیە وەرگرتن. پەرتووکا ناڤبری ل سالا (٢٠٠٧) یێ ژ ئالیێ وەشانخانا ئاڤێستا ڤە و ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپ و بەلاڤکرن. هەژییە بێتە گۆتن کو چیرۆکنڤیس ل سالا (١٩٧٥)یێ ل باژێرێ نسیبینێ هاتیە دنیایێ و دەرچوویا زانینگەها دیجلە یە پشکا بایۆلۆژی.**

**«رامان»**

# خەونەکانی باوکم

**غولامحوسێن ساعیدی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

ڕۆژی هەینییە. باوکم چەند دەفتەر و باوەشێک کاغەزی هێناوە، لەبەر دەمیدا لە ژووری دانیشتن بلاوی کردۆتەوە. سەر تاقەکە پڕن لە بەرگە و قەواڵە و دەفتەری جۆراوجۆر و لیستی مووچەی فەرمانبەران. باوکم ژمێریاری دایرەی داراییە. دایکم بە بۆڵەبۆڵ لە ژوورەکە دێتە دەرێ و لەسەر پلیکانەکان دادەنیشێ و بە ئاماژە بانگم دەکات بۆ لای خۆی:

– (دیتووتە چی دەکا؟ دەزانی چ قورێکم بۆ گیراوەتەوە، ئەوەش هەینییەکانمان. چ بکەم؟ دەزانم مەگین بمرم دەنا لە چنگ ئەم ژیانە ڕزگارم نابێ. دەزانم هەتا نیوەشەو دەخایەنێ: "قسە مەکەن، هاتوچۆ مەکەن، ئەوە چی بوو تەقەی هات؟ هێواشتر قسە بکەن، دەفتەری گشتییەکەی من کوا..." هێشتا گەسکم لە ژوورەکان نەداوە. چێشتم لێ نەناوە. ناوێری بجوولێیتەوە، خەریکە شێت دەبێ، تۆ وەرە سەیری کە. بڕوانە.)

پێکەوە بە پێدزە دەچینە بەر پەنجەرەکە. باوکم لە لای سەرووی ژوورەکە لەسەر بەتانییەکی کۆن دانیشتووە، قژە ماشوبرنجییەکەی کەوتۆتە سەر ناوچاوانی و چاویلکەکەی لەسەر لووتی داناوە، دوگمەی کراسەکەی هەڵگیراون و لە بەرۆکی ئاوەڵای کراسەکەیەوە پەراسووی ڕەق و قۆقزی لە هەمیشە ڕەقوتەقتر دەنوێنێ.

چەند دەفتەری گەورەی لەسەر یەک هەڵچنیوە، لای چەپ و ڕاستی بە پەڕە کاغەز گیراوە و لەسەر یەک کەڵەکەی کردوون، بەڵام هیچ کارێک ناکا. قەڵەمێکی بە ددانی گرتووە و لە سووچێکی ژوورەکە ڕاماوە. دایکم دیسان دەستی پێکرد:

– (ئەمەش بوو بە ماڵ؟ ئاخەر ئەوە ژیانە ئێمە هەمانە؟ خودایە مەرگ سەد جار لەو ژیانە باشترە. ئاخەر هیچ کەس نییە بەو کابرایە بڵێ، ئێرە ماڵە، خۆ فەرمانگە نییە. بۆ چی ئاوا توێخی خۆت بردووە تۆ بڕوانە، بڕوانە، دەڵێی

پشیلەیە چاوی لە سووچێک بڕیوە، ئێستا دەست پێدەکا و دەرهەڵدەبێ، چەند ژمارە لە مێشکیدا تێکەڵ بووە و ناتوانێ لێکیانداتەوە. ئیتر تاقەتی دیتنی ئەو بارودۆخەم نییە.)

بە زۆر دایکم لەبەر پەنجەرەکە دوور دەخەمەوە و بە لەبزێکی ئارام دەڵێم:

- (باشە ئیتر دایە گیان، هیچی لەگەڵ ناکرێ، دەبێ تاقەت بێنی، هیچی وای نەماوە، دوو ساڵی تر خانەنشین دەبێ، ئیتر لە دەست ئەو کارانەی نەجاتمان دەبێ و دەحەسێینەوە).

دایکم دەست بەردار نییە، بەردەوام پرتە و بۆڵەی دێ و ئیتر تاقەتم نەماوە گوێی بۆ بگرم، بە قاڵدرمەکاندا وەسەر دەکەوم و دەرگای ژووری میوانداری دەکەمەوە و لە تەختی ژوورەکەدا خۆم لەگەز دەدەم. سەرم کاس بووە، خەریکم دەبوورێمەوە. وێنەی تافی لاویی باوکم بە دیواری بەرەوڕوومەوە هەڵواسراوە. قەڵافەتێکی جوان و تەڕپۆش. ڕوومەتی خڕ و پڕ و قژی شانەکراو. بیر دەکەمەوە ئەگەر من بگەمە تەمەنی باوکم، چۆنم لێدێ و قەڵافەت و ڕوخسارم چۆن دەبێ، من کە ئێستا ئاوا داڵگۆشت و مردەلۆخەم؟ بەو دڵتەنگییەوە کە تاقەتم نەماوە و مەیموونەکەم تۆپیوە، شتێک لە نێو کاسەسەرمدا کەوتۆتە جووڵە جووڵ و وێنەکەی باوکم لەنێو قەتحەکەدا گیانی وەبەر دێ و قەڵافەتی گۆڕانی بەسەردا دێ. ئەم لاولای دەمی چرچولۆچی قووڵی تێدەکەوێ. سەر و قژی دەئاڵۆزێ و نێو چاوانی گرژ دەبێ، دەموچاوی تێک دەقۆپێ و یەسقانی لاجانگی زەق دەبێتەوە. ملی بە قووڵدا دەچێ و یەسقانی شانی بەرز دەبێتەوە. دەمی دادەچەقێ و کتوپڕ پەرۆش دەکا. هەست دەکەم دڵم تێکەڵ دێ و خەریکە دەڕشێمەوە، دەمەوێ هەستمە سەر پێ. بۆنی شێ بە لووتم دەگا و بە دوای ئەودا گوڕەگوڕی باوکم لە ژووری دانیشتنەوە. شەیتانەکان دیسان هاتوونەوە جەستەی.

بە پەلە خۆم دەگەیەنمە ژووری دانیشتن. باوکم بە تەنیایە. دیارە زۆر شڵەژاوە.

- (ئەوە چییە باوە؟ چی ڕووی داوە؟)

- (نایگرێتەوە، هەرچی دەکەم ڕاست دەرنایە. نازانم چ بکەم؟ دەبێ فێڵ و تەڵەکەیەک لە گۆڕێدا بێ.)

- (فێڵ و تەڵەکەی چی باوە گیان؟)

- (ئەوی لەو دەفتەرەدایە دەشێوێ و جێگۆڕکێ دەکەن.)

- (چی جێگۆڕکێ دەکەن؟)

- (ژمارەکان. دەتەوێ چی جێگۆڕکێ بکا.)

- (چۆن جێگۆڕکێ دەکەن؟)

- (هەموویان وەک مێروولە دەڕۆن. تێکەڵ دەبن، زۆر سەیرە، سەریان لێ شێواندووم.

- (شتی وا هەر نابێ باوە!)

- (چۆن نابێ؟ بە چاوی خۆم دیمن، چەند دانە چوار و نۆ و پێنج بە خێرایی جێگۆڕکێیان کرد.)

- (ئەوە خۆ گرینگ نییە باوە گیان...)

- (گرینگ نییە بۆ تۆ گرینگ نییە کە بە مفتە دەلەوەڕێی و هەڕاڵ و گەڕاڵ دەسووڕێیتەوە، ئەرێ بۆ تۆ گرینگ نییە. دەنا زۆریش گرینگە.)

- (ماندوو بووی باوە ماندوو، ئەگەر تۆزێ...)

- (ماندووی چی و شتی چی. ئەگەر حیسابەکە هەڵەی تێکەوێ، دەزانی چی دەقەومێ! تۆ خۆ لە من تێناگەی. ئەگەر چکۆلەترین هەڵە ڕوو بدات و حسابەکە چەوتی تێکەوێ، دەزانی چی ڕوودەدا؟ تۆ ئەگەر پیاوی پێم بڵێ هەڵە لە حیسابدا یانی چی؟)

- (هەڵە هەر هەڵەیە ئیتر.)

- (نا ملهوڕ، هەڵە مانایەکی دیکەشی هەیە، یانی دزی. هەڵە، یانی دزی، حاڵی بووی؟)

- (یانی کێ دزی کردووە؟)

- (یانی من. باوکە بێ شەڕەف و بێ ناموسەکەت.)

- (خۆ تۆ لەگەڵ پارە سەروکارت نییە باوە گیان.)

- (ئەی ئەوانە چییە دەینووسم؟ مەگین ئەوانە پارەنین!)

- (ئاخر خۆ ژمارەی پارە نادزرێ.)

- (ئەی چی دەدزرێ؟)

- (پارەکە خۆی.)

- (بڕۆ شەپێک لە خۆت و لە ئەقڵت هەڵدە، خۆ تۆ تێناگەی .مەگین خوالێخۆشبوو (دەفتەری)ت لەبیر نییە؟)

- (با، چۆن لەبیرم نییە.)

- (دەزانی بۆ خۆی کوشت؟)

- (نا، نازانم.)

- (بەڵێ، جا دیارە نازانی. هەر بە هۆی هەڵەیەکی ئاواوە بوو خۆکوژی کرد.)

- (کارێکی باشی نەکردووە.)

- (ئەرێ، ئێوە وای دەبینن، بۆ ئێوە هەر وایە. کاتێک منیش خۆکوژیم کرد هەر وادەڵێن.)
- (باشە خۆکوژی بۆ؟)
- (لەبەر ناو زڕانەکەی خۆم، لەبەر ناو زڕانەکەی. پێت وایە من لە چی دەترسم؟ لە پاسەوان، یان سەرۆکی دادگا و زیندان؟ نا کاکە، من لەوانە ناترسم، تەنیا و تەنیا لە ناوزڕانەکەی دەترسم.)
- (ناوزڕانی چی باوەگیان، هەمووان تۆ دەناسن، دڵنیابە!)
- (چۆن شتی وا دەڵێی ڕۆڵە، من دەزانم ناوزڕان لە گۆڕێدایە. هەر ئێستا من لێم قەوماوە. ڕۆڵە تووش بووم، تازە کەوایە بۆ لەخۆڕا وای لێهاتووە؟ بۆ هەموو شتێک تێکەڵوپێکەڵ بووە؟ بۆ هەموو شتێک شێواوە؟ ها؟ دەتوانی وەڵامم بدەیتەوە یان نا؟ ها؟ بۆ لاڵ بووی؟ زمانت بەستراوە؟ دەپێم بڵێ دەی هەتیوە هیچوپووچە.)
دەستی گێڕا و پڕی بە یەکێک لە دەفتەرەکاندا کرد. من هەتا توانیم لە ژوورەکە دەرپەڕیمە دەرێ، شتێکی قورس لە پشت سەرمەوە، زرم درا بە دەرگاکەدا.
سەعات دووی دوانیوەڕۆ من و دایکم، لە خەڵوەتییەکە نانی نیوەڕۆمان خوارد و هاتینەدەرێ. چێشتەکەی باوکم لەسەر تاقەکە سارد بووبۆوە، نە من و نە دایکم قەت ناوێرین وەبیری بێنینەوە کە کاتی نان خواردنە.
باوکم سەری بەرز دەکاتەوە و لە پشت چاویلکەکەیەوە لە من و دایکم دەڕوانێ.
- (ئەوە چییە؟ بۆ ئاوا سەیری من دەکەن؟)
من لە دایکم بوێریم زیاترە، لە سەرەخۆ دەڵێم:
- (هیچ نییە.)
- (چۆن هیچ نییە، زۆر شتیش هەیە. ئێوە نازانن.)
- (لەوانەیە وا بێ باوە.)
- (نەخێر، وانییە، تۆ دەقەیەک وەرە پێشێ.)
دەچمە پێشێ و لە پەنای دادەنیشم. دەفتەرێک کە لەبەر دەمی باوکم کراوەتەوە، پڕە لە ئەستوونی ژمارە. باوکم بە قامکی ژمارەیەکم نیشان دەدا.
- (ئەمە چەندە؟)
- (نۆ!)
- (بەڵام هەتا خولەکێک لەمەوبەر حەوت بوو. ئەی ئەمەیان چەندە؟)
- (سێ.)
- (وایە، ئەمەیان تەنیا ژمارەیەکە کە لە جێی خۆی جووڵەی نەکردووە. ئەی ئەمەیان؟)
- (حەوتە.)
- (بێ شەڕەفی خوێڕی. بەر لەوەی پێشان تۆی بدەم هەشت بوو.)
- (چۆن شتی وا دەبێ؟)
- (یانی من درۆ دەکەم؟ هەشت بوو ئیتر.)
- (چۆن شتی وا دەبێ؟ ها؟)
چەند ساتێک لە سووچی ژوورەکە ڕادەمێنێ، پاشان بە خۆشحاڵییەوە:
- (دەی دیارە، ئەگەر هەشت سەرمەقولات بدا دەبێتە حەوت. مەگین وانییە؟)
بە هێمنی وەڵامی دەدەمەوە:
- (ئەرێ، بەخۆ هەڵگێڕانەوەیەک دەتوانێ ببێتە حەوت.)
- (خۆ هەڵگێڕانەوە، سەرمەقولات.)
- (بەڵێ وایە.)
- (بەڵام حەوت هەر کارێک بکات ناتوانێ ببێتە نۆ، دەبێ؟)
- (چۆن نابێ، لەوانەیە هەر وا درێژ بێتەوە و وەکو یەکی لێ بێ و ئەو کاتە سەری خۆی خوار دەکاتەوە و خڕی دەکات و دەبێتە نۆ.)
سیخورمەیەکی لە خاڵیگەم کوتا و لە جێی خۆم ڕاپەڕیم.
- (خۆت بە گەوج بزانە بۆرە پیاوی گەمژە. شتی وا هەر نابێ و مەحاڵە، بەڵام من دەبێ سەرم لەو فێڵ و تەڵەکەیە دەرچێ. ئەرێ، وادیارە ڕازێکی سەیر و سەمەرە لە گۆڕێدایە. دەبێ سیحر و جادوویەک لە گۆڕێدا بێ.)
سەیری دایکم دەکات و چاوی دەردەپەڕێنێ و لێی مۆڕ دەبێتەوە. زۆر بە ئارامی چاویلکەکەی لە چاوی دادەگرێ و لەسەر نێوەڕاستی دەفتەرەکەی دادەنێ.
- (ژنەتیوە، ئەم کارە نەکا کاری تۆ بێ؟)
- (ئەوە دەڵێی چی پیاوی چاک. وادیارە بە جارێ لەونت لێ گۆڕاوە!)
- (ئەرێ زۆر وێدەچێ لەژێر سەری تۆدا بێ. چیت کردووە؟ پێم بڵێ.)
- (دەست هەڵگرە و قسەی هەڵیت و پڵیت مەکە پیاو. ئێستا دەتەوێ هەموو دارەکان لەسەری مندا بشکێنی؟ من بۆ دەبێ کاری وا بکەم؟)
- (بۆ ئەوەی کاری فەرمانگە نەهێنمەوە بۆ ماڵێ.)

– (ئەی خودا هەڵینەگری، شتی چۆن دەبیستم.)

هەڵدەستێ و ئاوقای دایکم دەبێ، قژی دەگرێ و بە نێو ژوورەکەدا ڕایدەکێشێ، جار ناجارێکیش مشتێکی توند بە نێو شانیدا دەکێشێ.

– (دەتکوژم! دەتکوژم! دەبێ بڵێی، دەبێ ڕاستیم پێ بڵێی.)

بە تووڕەیی دەچمە پێشێ و دایکم لەژێر چنگی باوکم دێنمە دەرێ. دایکم بە دەنگی بەرز دەگری و تووک و نزا لە باوکم دەکا. دایکم چارشێوەکەی هەڵدەگرێ، دەرگاکە دەکاتەوە و دەڕواتە دەرێ. بە هەڵەداوان وەدوای دەکەوم. دایکم بە دەم کوڵی گریانەوە ئاوڕ دەداتەوە و ڕوو لە باوکم دەکات کە لە پەنجەرەکەوە ملی کێشاوەتە دەرێ:

– (یاخوا خێر لە خۆت نەبینی پیاو. بەو ئاخری عومرە چاکت پاداش دامەوە. ئەوەش جوابی عومرێک ئازار و مەرارەت لەو ماڵەدا. یاخودا نەحەسێیەوە. پێت وایە دیلت وەگیر کەوتووە؟ دەچم بۆ ماڵی براکەم و تازە سەر بەم ماڵەدا ناکەمەوە.)

باوکم بە دەنگی بەرز دەگوڕێنێ:

– (بۆ هەر کوێ ملی خۆت دەشکێنی بچۆ، بە تووڕەی تەبەس. هەر کەس خۆی لە کاروباری فەرمانگە وەردا سزاکەی هەر ئەوەیە.)

کاتژمێری شەماتەدار دوازدە جار زەنگ لێدەدا. مەلە کلاونەکەی سەری دوازدە جار دەنووکی دەکاتەوە و دایدەخاتەوە. دەنگی کەڵەشێری دراوسێکەشمان لەگەڵ دەنگی مەلەپۆپنەی کاتژمێرەکە تێکەڵ دەبێ. من لە ژووری میوانداری دانیشتووم و جگەرە دەکێشم، لە پڕ دەرگاکە دەکرێتەوە و باوکم بە شڵەژاوی و پەشۆکاوی دێتە ژوورێ. هەر دوو دەستی لەسەر سینگی دادەنێ و لەبەر دەمدا چۆکی دادەدا.

– (حەزرەتی هێژا! تکات لێدەکەم گوێ لە دوایین سکاڵای من بگرە، من کارمەندێکی بێ دەسەڵات و لێقەوماوم. عومرێکە بە گیان و دڵ هەوڵ دەدەم و ئەرکی فەرمانگە بەجێ دێنم و وەک ژمێریارێکی فیداکار حیساب و کیتابی دایرەکەم لە ئەستۆیە. خودا لەو سەرە ئاگاداره هەتا ئەمڕۆ چکۆلەترین هەڵە لە کارمدا نەبووە. دەزانم ئێرە دادگایە، خودا دەزانێ هەتا ئێستا پێم بە شوێنی ئاوادا نەهاتووە. من بە شەرەف و ویژدانەوە ژیاوم و دەژیم. ناشزانم چی ڕووی داوە و بۆ چی تووشی ئەم بارودۆخە بووم، ئەگەر چی دەزانم یاسا لە هیچ کەس نابووری و عەدالەت هەمووان گرفتار دەکا، بەڵام ئەم جارەیان خەتای ئەو ژنەتیوە پەتیارەیە و ئەو هەتیوە ملهۆڕەم بوو کە ئاوای لێهات. من لە سزادان ناترسم. تەنیا لە ئابڕوو چوون و ناوزڕان دەترسم. تۆ سەری ئەو منداڵانەت ئازادم کە و مەهێڵە دۆست و دوژمنم پێ خۆش بێت و ئابڕووم بچێ. ناوم مەخە ڕۆژنامەکانەوە، من چارەڕەشم و هەزار جۆرە بەدبەختی و چەرمەسەریم کێشاوە، بەڵام هیچ کات بێ ئابڕوو نەبووم. تکایە بێ ئابڕووم مەکە و تکات لێدەکەم، تکات لێدەکەم لێم خۆش بە و ئابڕووم بپارێزە.)

دەیەوێ باوەش بە لاقمدا بکات، هەڵیدەستێنم. بە شێوەیەکی فەرمان پێدەرانە دەنگم هەڵدێنم و پڕ بە ژوورەکە دەگوڕێنم:

– (تەنیا تاوانی تۆ ئەوەیە کە گوێ بە فەرمانەکانی من نادەی).

– (من بێجا دەکەم. هەر چی ئێوە بیفەرموون مووبەموو بەڕێوەی دەبەم و سەرم لە ڕێتدایە و بە موو لە فەرمانی ئێوە لانادەم.)

– (کە وایە هەر ئێستا دەڕۆی و دوای ئەوەی حەبێکی ئەسپرینت خوارد بە ئارامی ڕادەکشێی و دەخەوی.)

باوکم بە فەرمانتە، فەرمانتە و بە چاوان، بە چاوان لە ژوورەکە چووە دەرێ.

چەند ساتێک دواتر بە پێدزە دەچم بۆ داڵانەکە. دەنگی پرخوهۆڕی باوکم ژووری دانیشتنەکەی داگرتووە و لە شوێنێکی نادیاریشەوە چریکەی خوێندنی جورە پۆپنەیەک دێتە گوێ.

**سەرچاوە:**

**(شب نشینی باشکوه) – غلامحسین ساعدی، مؤسسەی انتشارات نگاه، تهران١٣٨٦**



## نامیق عەلی قادر:
## ئەزموونی من زیاتر پێوەندی بە تراژیدیا و مردنەوە هەیە.. ئەوانەی کاری تەجریدیش دەکەن من بە واقیعییان دەزانم.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

نامیق عەلی قادر یەکێکە لە هونەرمەندە بزێو و چالاک و ناسراوەکانی شاری هەولێر، هەر لە ساڵانی حەفتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە کە ناسیومە بەبێ پچڕان خەریکی کارکردنە و لە کارکردن نەکەوتووە. وەک کەسێکی پەرۆشی هونەر بە گشتی و خەمخۆری هونەرەکەی خۆی بە تایبەتی، بەردەوام لە بەخشش و کارکردندا بووە، بۆیە دوای ئەو هەموو ساڵانەی کارکردن بووەتە خاوەنی ئەزموونێکی هەمەچەشن و دەوڵەمەند، چونکە بە تەنیا لەسەر شێواز و ستایلێکی کارکردن نەگیرساوەتەوە.

بە حوکمی ئەوەی زۆر لە پێشانگا و کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندەم بینیوە، سەرنجم داوە زۆرتر هونەرەکەی لە تەوەری مێژوودا دەخولێتەوە و لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ڕووداو و مەرگەسات و تراژیدیاکاندایە، لەمەشدا توانیویەتی بە کەرستەی جۆراوجۆر گوزارشت لە ئێش و ئازاری میللەتەکەی بکات و تراژیدیاکانی ئەنفال و هەڵەبجە لەناو تابلۆیەکانیدا ڕەنگ بدەنەوە، لەبەر ئەوەی هونەری شێوەکاری زمانێکی جیهانیی هەیە و بەهۆی ڕەنگدانەوەی ئەو کارەسات و مەرگەساتانە لەناو هونەرەکەیدا توانیویەتی ئەو ڕووداوە تراژیدیانە بە بێگانە بگەیەنێت، تا ئەوانیش قەبارەی ئەو کارەساتانە هەست پێبکەن.

ئەو هونەرمەندە توانیویەتی بەشێکی کارەکانی بە کەرستەی لە کارکەوتوو و فەرامۆشکراو و پشتگوێ خراو بێنێتە دەنگ و جارێکی دی گیانیان بە بەرەوە بکات، یان سەرلەنوێ زیندوویان بکاتەوە و بەشێوەیەکی هونەریانە تیمەی مردن و تراژیدیاکان لە پەنای ئەو کەرستە لەبیرکراو و بەکارهاتووانەوە ببووژێنێتەوە.

نامیق عەلی قادر بە ویژدانەوە لە ڕابردووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان دەڕوانێ و باسی هاوڕێ هونەرمەندەکانی خۆی دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێ و لە خانەی ڕاستەقینە و تەواوەتی خۆیان دادەنێ. لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی کردوویەتی لەو مێژووەدا هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات: ئایا توانیویەتی چی بخاتە سەر کەلەپووری هونەریی جیهانی؟

ماوەیەکی زۆر بوو دەمانویست نامیق عەلی قادر لە گفتوگۆیەکدا بەسەر بکەینەوە، بەڵام ڕێک نەدەکەوت، تا لەم دواییانەدا ئەو هەلە دروست بوو و توانیمان بە تێروتەسەلی لەسەر ئەو ئەزموونە ڕابوەستین، ئەم گفتوگۆیەمان بەروبوومی ئەو چوار دانیشتنە بوو کە دەیخوێننەوە.

**ڕامـان:** تۆ وەک هونەرمـەندێک لە شـاری هەولێـر، هەروەها لە شاری سلێمانی و دهۆک و زۆربەی شارەکانی دیکەی وەک بەغـدا و دەرەوەی وڵات پێـشـانگات کردووەتەوە، بەڵام من جارێ باسی شاری هەولێر دەکەم، ئایا ئەو هۆڵانەی تۆ پێشـانگای تایبـەتی خـۆتت تێـدا کردووەتەوە، یان ئەوانەی لەگـەڵ هونەرمـەندانی دیکە بە هاوبەشی کـردووتانەوە، بۆ پیـشـاندانی کـارە هونەرییەکانتان چەند گونجاو و لەبارن؟

**نامیق عەلی قادر:** لە سەرەتای دەست پێکردنی کاری هونەریی خۆم و هاوڕێکانم لە شاری هەولێر، لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ هۆڵێک نەبوو بۆ کاری هونەری شێوەکاری گونجـاو بووبێت، یان ئەو هۆڵە تایبـەت بێ و بۆ هونەری شـێوەکـاری دروست کـرابێ. تا ئێـسـتـا بەداخـەوە ئەوە نەکراوە، بەڵام وەک ئەمری واقیع کۆمەڵێک هۆڵ هەبوون و توانیـمـان سـوودیان لێ وەربگرین، یەک لەوانە هۆڵی قـوتابخـانەی ئەیووبیـە بوو، کـە یەکێک لە قـوتابخـانە کـۆنەکـانی شـاری هەولێـرە، کـردنەوەی پێـشـانگا تایبـەتییەکان لەوێ دەستی پێکرد و یەکەم پێشـانگای هەمـوومـان لەوێ بووە، لەناوەڕاسـتی حـەفـتـایەکـاندا هەولێکی زۆرمان دا ئەو هۆڵە ببێتە هۆڵێکی تایبەت بە هونەر. وابزانم بەر لە هەشـتـا سـاڵێک دروست کـراوە، ئێمە کۆمەڵێک برادەر بووین، هەر ئەو کۆمەڵە کەسەش بووین کـە هونەری شـێـوەکـارییان لە هەولێـر دامـەزراند لەوانە: نەجات عەبدولواحید کە ئێستا لە ئیتـاڵیایە، قەرەنی جەمیل، فوئاد عەلی، دارا محەمەد عەلی، من و چەند هونەرمـەندێکی دی ئەو کۆمەڵە هونەرمەندە بووین لە هەولێر کە سەرەتا دەسـتـمـان بە کردنەوەی پێشـانگا کرد، نەک هەر ئیشی هونەری، بگرە هەموو ئیشەکان لە هۆڵی ئەیوبیە بوون، سەرەتاکە لەوێ دەستی پێکرد، یەک دوو پێشانگاش لە قوتابخانەی سەیداوەی ئێستا کراوە، ئیتر پێشانگایەکان تا ساڵی هەشتاو شەش لەو هۆڵانەدا سـاز دەکـران، کـە پێم وابێ ئەو سـاڵە بە هەوڵی هونەرمەندانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک هۆڵی میدیا دروست کرا، کە ئەوەش لە بنەڕەتدا خۆی چێشـتـخانەی هۆڵەکەیە، بەڵام ئێـمـە لەگـەڵ برادەرانی سلێـمـانی و دهۆک، ئەو کـۆمـەڵە هونەرمـەندە هەوڵێکمـان دا تا توانیمان ئەو چێشتخانەیە بکەینە هۆڵێک کە تا ئەمڕۆ لە هەولێر باشترین هۆڵ بووە بتوانرێ تابلۆی تێدا نیشان بدرێ، ئیتر ئەو هۆڵە سەرەتایەکی هەیە.

**ڕامـان:** ئەو هونەرمـەندانەی سلێـمـانی کـە خـەڵکی هەولێر نین، پێوەندییان بە سازدانی ئەو هۆڵەوە چییە؟

**ئازاد عەبدولواحید – نامیق عەلی قادر**

**نامیق عەلی قادر:** وا تێدەگەم کاتی خۆی لە ساڵی هەشتاوشەش هەرچەندە بە حەقیقەت نازانم سەرەتایەکەی چۆنە، بەڵام پێشانگایەکی سەرتانسەری لە کوردستان لە شـاری هەولێـر کراوەتەوە، ئەو کـۆمـەڵە برادەرەش لەوێ بوون، ئەو هونەرمـەندانە دەورێکیـان لە کـردنەوەی ئەو هۆڵەدا هەبوو، کـە بەهاوکـاری هونەرمـەندانی هەولێـر بۆ کردنەوەی پێشانگای هونەرمەندانی کوردستان سازکرا، دواتر ئەو کۆمـەڵە هونەرمـەندە هاتین و بە هەمـوو لایەک توانیمان ئەو هۆڵە دروست بکەین.

**ڕامـان:** وەک بزانیت پێش دروست بوونی قـوتابخـانەی ئەیوبیـە و هۆڵەکـەی کـە دواتر بۆ پیـشـاندانی تابلۆ هونەرییەکـان سوودی لێ وەرگیـراوە، وەک بیـسـتـبێـتت هونەرمـەندانی پێـشـەنگ، هونەرمـەندانی سـەردەمی مـامۆسـتـایان جابر پیـرداوود و دانیـال قەساب و مونیـر قەساب و ئەوانە ئەگەر ویستبێتیان تابلۆکانیان نیشان بدەن، لە چ هۆڵێک ئەمەیان کردووە؟

**نامیق عەلی قادر:** من زانیاریم لەو بارەوە نییە، بەڵام دەبێ هەر لە قـوتابخـانەکـانی خـۆیان بووبێ، بۆ نموونە قوتابخانەی ئەربیل ئولا لەو شوێنەی خۆی بوو کە ئێستا وا نۆژەن دەکـرێتـەوە، پێم وایە هەر لەوێ کـرابێـتـەوە، چونکە شـوێنێکی دیکە نەبووە، ئیـتـر لە کـوێ دەیکەیتەوە؟ هەر ئەو قوتابخانانە هەبوون، نازانم دانیال قەساب پێشانگای کردبێتەوە؟

**ڕامان:** ئەگەر پێشانگای تایبەتیشیان نەکردبێتەوە، ئەوە پێشانگای هاوبەشیان کردووەتەوە.

**نامـیـق عـەلی قـادر:** ئا ئەوە هەبووە، چالاکی

قوتابخانەکان ساڵانە پێشانگایەکیان دەکردەوە، ئەو پێشانگایانە هەر ئەوە بووە، بەڵام کۆمەڵێک هونەرمەند هەبوون کە ئیشیان کردووە، لەوانە سلێمان شاکر باس دەکات و دەڵێ ساڵانە پێشانگای پیشەسازی و کشتوکاڵی هەبووە، کە پێشانگایەکی گشتی و هاوبەش بووە، ئەوەی لەبیری من بێت لە سەرەتای حەفتاکانەوە هەر لە قوتابخانەی ئەیوبیە، لەگەڵ قوتابخانەی سەیداوە پیشانگایان لێ کراوەتەوە.

**ڕامان:** پێدەچێ لەبەر ئەوەی ئەو هۆڵانەتان بە دڵ نەبووە، بۆیە سەرەتا گەلەری ئاری-تان لەگەڵ هونەرمەند بورهان سابیر داناوە، پاشان خۆت هاتووی گەلەری ڕۆژت دامەزراندووە. دامەزراندنی ئەو دوو گەلەرییە لە هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلەرییەکانی دی ئاواتی هونەریی ئێوەی تێدا بەدی نەهاتووە؟

**نامیق عەلی قادر:** هەر هونەرمەندێک کە ماوەیەک ئیش دەکات، پاش ئەوەی ئەزموون پەیدا دەکات، هەست بەوە دەکات لێپرسراوێتییەک لەسەر شانی هەیە، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن پێشانگا بکاتەوە و چۆن هونەرەکەی خۆی بگەیەنێتە بینەرانەوە، کە بیر لەوە دەکاتەوە پێویستی بەوە دەبێ لە شوێنێکی شیاو بە هونەر ئیشی خۆی نیشان بدات. من لە سەرەتاوە هەمیشە ئەو ئاواتانەم هەبووە، لە کۆمەڵێک بۆنەدا باسی دروست کردنی گەلەری باشم کردووە، لە هەمان کاتدا بە نووسین ئەوەم بڵاوکردووەتەوە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی هونەریمدا، باسی ئەوەم کردووە موزەخانەیەک لە هەولێر دروست بکرێ، کۆمەڵێک بەڵگە و دوکیۆمێنت لەبەر دەستن کە پرۆژەمان بۆ کردنەوەی گەلەری پێشکەش کردووە، کردنەوەی پێشانگای هاوبەش لێرە و لە دەرەوە بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییانە دروست بکرێن، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٩ بیرۆکەیەک لەنێوان من و بورهان سابیر و ڕافیع ناسری و محەمەد موهرەددین دروست بوو، بۆ ئەوەی موحتەریفێک بکەینەوە، هەرچەند ئەوان پسپۆڕییان گرافیک بوو، بەش بەحاڵی خۆم ماوەیەک حەزم لە کاری گرافیک بوو، بیرۆکەیەکی وا دروست بوو، کە سوود لە یەکێک لە خانووەکانی قەڵات وەربگرین و ئەو برادەرانەی هاتوچۆی بەغدامان دەکرد و لەوێ پێشانگامان دەکردەوە، پێوەندییەک لەنێوان ئێمە و محەمەد موهرەددین و ڕافیع ناسری لە بینایەی گەلەری ئۆرفەلی دروست بوو، ڕافیع ناسری ئەوکاتە موحتەریفێکی لە مەنسوور هەبوو، ئیشی گرافیکی لێ دەکرد، لە هەمان کاتدا هۆڵێکی گچکەشی هەر لەناو موحتەریفەکەی خۆی کردبووەوە، ئێمە لەوێ سەردانمان دەکرد، هەر لەوێ بیرۆکەکە دروست بوو، لەنێوان من و بورهان سابیر و ڕافیع ناسری و محەمەد موهرەدین لەسەر ئەوە پێکهاتین کە موحتەریفێکی گرافیک لە شاری هەولێر بکەینەوە.

**ڕامان:** ئەو موحتەریفە لە هەولێر ئیشی چ دەبوو؟

**نامیق عەلی قادر:** بیرۆکەکە بۆ ئیشی گرافیک دەبوو، ڕافیع ناسری گوتی ئامێرێکی چاپی گرافیکم هەیە، من ناتوانم بەردەوام لەلاتان بم، بەڵام ناوبەناو سەردانتان دەکەم، ئەوە بوو پرۆژەیەکمان نووسییەوە، ئەو پرۆژەیەمان دایە دائیرەی شوێنەوار، کە ئەوە لەلای من مایەوە، دائیرەی شوێنەوار ڕەزامەندیی نیشان دا حەمامەکەی قەڵامان بداتێ تا بیکەینە مەحتەریفی گرافیک. لەو پرۆژەیەدا کۆمەڵێک شتمان نووسیبوو، بۆ نموونە چاپەمەنی لە بارەی گرافیک چاپ بکەین، پێشانگای گرافیک بکەینەوە، چاپی گرافیک بکەین، خولی فێرکردنی گرافیک بکەینەوە، ئەو بیرۆکەیە لەوەوە هات، دوایی حاڵەتێک دروست بوو، ڕافیع ناسری و محەمەد موهرەددین نەیانتوانی کۆمەکی بیرۆکەکە بکەن، بۆیە من و بورهان سابیر خۆمان لەسەر هەمان بیرۆکە بەردەوام بووین و وەک گەلەری دروستمان کرد.

**خەڵکی لە کوردستان بەگشتی چێژ لە هونەر وەرناگرن و ڕێز لە تابلۆ ناگرن**

**ڕامان:** هۆیەکەی چ بوو ئەوان لە بەشداری کردنەکە کشانەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** کۆمەڵێک هۆکار هەبوو، لەوانە گوتیان ناتوانین هاتوچۆی ئێوە بکەین، وا تێبگەم شتیان پێ گوتبن تا نەیەنە هەولێر، ئەو کاتانە خۆت دەزانی بارودۆخەکە چۆن بوو، بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩٨٨، بێجگە لەوەی هەردووکیان دوو هونەرمەندی زۆر بەناوبانگ بوون، نەیاندەتوانی بێن لە هەولێر باسی هونەر بکەن، ئێمە زۆر ئاگاداری وردەکارییەکان نەبووین، بەڵام ئەوان گوتیان ناتوانین و لە بەغدا سەرقاڵین.

**ڕامان:** هەر گەلەرییەک پێویستی بە جۆرە ستایلێک هەیە و دەبێ حیساب بۆ ئەوە بکرێت، وەک ئێستا باست

کرد، دەبێ شتێک هەبێ تایبەت بێ بەکاری گرافیک، بۆ نموونە هۆڵ هەیە بۆ هونەری نوێ و هاوچەرخ بەکاردێت، هۆڵی دیکە بۆ کاری واقیعی تەرخان دەکرێ، تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

**نامیق عەلی قادر:** دەمێکە لە ئەورپا لەوە بوونەتەوە، لەوێ هۆڵ هەیە ساڵێک بۆ شەش حەوت هونەرمەند پێشانگا دەکاتەوە، گەلەری هەیە تەنیا هونەرمەندی تایبەتی خۆی هەیە، یان گەلەری هەیە باشترین هونەرمەندی کلاسیک لە جیهاندا کە هەبێ پێشانگای بۆ ناکاتەوە، چونکە بە تەنیا ئیشی مۆدێرن و هاوچەرخ لەو هۆڵەدا پیشان دەدرێ، گەلەری هەیە گشتییە و تەنیا بۆ هونەرمەندە بەناوبانگەکان پێشانگای هاوبەش، یان تایبەتی دەکاتەوە. من لەو قەناعەتەدام ئێستا ئەوەش لە ئەوروپا لەژێر کاریگەری بێ بازاڕی و بارودۆخی بێ بازاڕی جیهانیدا کەم بووەتەوە.

**ڕامان:** ئێستا تۆ زیاتر چ جۆرە ستایلێک بە پەسند دەزانیت تا لە هۆڵی میدیا پێشکەش بکرێت؟

**نامیق عەلی قادر:** هۆڵی میدیا بووەتە چێشتی دەروێشان و هەموو شتێکی تێدا پیشان دەدرێ، ئێستا هەر ئەوە هەیە و دەبێ هەرواش بێت.

**ڕامان:** تۆ وەک ڕوانینی خۆت پێت باشە زیاتر چ ستایلێکی تێدا پیشان بدرێ؟

**نامیق عەلی قادر:** خۆی ئەو هۆڵە بۆ هونەر دروست نەکراوە، ئەگەر هەولێر دە گەلەری باشی هەبێ، ئەوکاتە دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. گەلەری میدیا هەر هەیە، پاش ئەو ماوەیەی لە گەلەری ئاری بووین، کە ئێمە گرێبەستی ساڵێکمان لەگەڵ دائیرەی شوێنەوار کردبوو، ئەوکاتە کەنعان مفتی لەوێ بەڕێوەبەری شوێنەوار بوو، ئەوە ساڵێکی خایاند، پاش ئەو ساڵە گرێبەستەکەیان بۆمان نوێ نەکردەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵێک کاری باشمان پیشان دابوو کە دوور بوون لەوەی دەسەڵاتی ئەوکات چی دەوێ و چی ناوێ، ئیتر تا ڕاپەڕین کۆمەڵێک تابلۆی ئێمە و برادەران لەوێ تێداچوون، بۆیە من گەلەری ڕۆژم دروست کرد، لە گەلەری ڕۆژیش کۆمەڵێک هەولێ باشمان دا، ئیتر بەهۆی ئەو واقیعە هونەرییەی لە هەولێر هەیە، ئیدامە و بەردەوامی هۆڵی تایبەت ئاسان نییە.

**ڕامان:** ئەوە هەر لە هەولێر وایە، یان لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش هەر وایە؟

**نامیق عەلی قادر:** بەگشتی لە کوردستان وایە، لەسەر

**پێشانگای هونەر لە ئەنفالدا - پاریس ١٩٩٣**
**لە ڕاستەوە: دانیال میتران، خاوەن گەلەری، فرانسوا میتران، نامیق عەلی قادر**

ئەوەش پاش گەلەری ڕۆژ، حەز دەکەم بڵێم لە داهاتوودا بیرۆکەی باشترمان هەیە.

**ڕامان:** تۆ پێت وانییە بزاڤی هونەری شێوەکاری سستی و کزی و لاوازییەکی پێوە دیاربێ؟ ئایا کەمیی هۆڵەکانی نمایش کردنی ئەو هونەرە هۆیەک نییە بووبێتە هۆکاری ئەو سست بوون و لاوازییە؟

**نامیق عەلی قادر:** بۆ ئەوەی کە بزاڤی هونەری شێوەکاری کزە، بە حەقیقەت ئەوە ڕاستە، ئەو گەرموگوڕییەی لە حەفتایەکاندا لە فرۆشتنی تابلۆ و هاتنی خەڵکی بۆ پێشانگایەکان هەبوو، تێگەیشتنی خەڵک لە تابلۆکان و ئیستیعاب کردنیان، کە خەڵکێکی تایبەت هەبوون دەهاتنە ئەو پێشانگایانەوە، یان خەڵک بۆ بینینی تابلۆ بە پەرۆش بوون، ئینجا ئەوە کۆمەڵێک هۆی لە پشتە، ئەگەر پێویستی کرد باسیان لێوە دەکەین، یان دەتوانین بڵێین هەموو زەمەنەکان بۆ تێگەیشتن لە هونەر وەک یەک نییە.

**ڕامان:** تۆ زۆر مەچۆرە ناو وردەکارییەکانەوە، هەر بۆ نموونە چەند دانەیەک لەو هۆیانە باس بکە و چڕیان بکەرەوە.

**نامیق عەلی قادر:** حەز دەکەم شتەکان بە وردی باس بکەم، ئەوجا تۆ چیت پێ باشە ئارەزووی خۆتە.

**ڕامان:** من پێم باشە هۆیەکانم بۆ باس بکەیت، بە چەند خاڵێکی جەوهەری ئەو هۆیانەمان بۆ دەستنیشان بکە.

**نامیق عەلی قادر:** هۆیەکان زۆرن، من هەمیشە لەلای برادەران باسم کردووە، مومکینە هۆیەکە خۆمان بین، ئێمە بووین کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستمان بەکاری

هونەریی کرد و پێشانگامان کردەوە، دیارە نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی باش لە خەڵکەکە تێبگەین. ئێمە بەهۆی بارودۆخە سیاسییەکەوە لەوانەیە بەشێوەیەکی ڕەمزی و تەجریدی و واقیعییەتێکی زۆر تێکشکاو باسی هونەرمان کردبێت، لەوانەیە ئەوە لەلایەن خەڵکەوە خراپ لێک درابێتەوە، بەڵام ئێمە نەهاتووین بەشێوەیەکی ئەکادیمی ورده ورده لە خەڵک بگەیەنین هونەر چییە؟ لەوانەیە ئەوە یەکێک لە هۆیەکان بێ، من زۆرجار ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆشم دەکەمەوە، لەلایەکی دیکەوە پێوەندی بە چێژ و ڕۆشنبیری خەڵکەوە هەیە، ئایا خەڵک قەناعەتی هەیە کە هونەر پێویستە؟

**ڕامان:** هونەرمەندەکانیش لە جەماوەر دابڕاون.

**نامیق عەلی قادر:** دابڕانەکە چییە؟ وەک باسمان کرد سووچەکە هەر لە هونەرمەندەکان نییە، ئێستا کۆمەڵێک هونەرمەند هەیە، خۆیان بۆ هونەر تەرخان کردووە و هونەر بووەتە هەموو شتێک لە ژیانیاندا، کۆمەڵێک هونەرمەندی باشمان لە هەولێر و لە سلێمانی و لە دهۆک و کەرکووک و لە شارەکانی دیکەدا هەیە کە خۆیان بۆ هونەر تەرخان کردووە، هونەرمەندمان هەیە فەرمانبەر بووە، یان کاسبکار بووە و کاری هونەریی خۆی هەر کردووە، ئەوانە نە لە هونەر و نە لە خەڵک دانەبڕاون.

**ڕامان:** ئەی بۆ نەیتوانیوە ئەو بەردەوامی و پێوەندییەی لەگەڵ بینەران هەبێ و لێیان نەپچڕێ؟

**نامیق عەلی قادر:** هەروەک گوتم هۆی دووەم بۆ بینەران دەگەڕێتەوە، خەڵکەکە بەگشتی چێژ لە هونەر وەرناگرێ، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، زۆر کات پرسیار دەکەم و دەڵێم ئەوکات کە خەڵک دەهاتنە پێشانگایەکان دیارە هەر بۆ پەیامە سیاسییەکان بووە، ئەوسا تۆ داگیر کراو بوویت، ئازادیت نەبوو، خەڵک دەهات لە پەنای هونەر و شیعر بۆ ئەو شتانەی دەیانویست هەوڵیان دەدا بیاندۆزنەوە، چونکە واقیعی ئەوکات ڕەنگدانەوەی لەسەر هونەر و هونەرمەندانیش هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی لە بزاڤی هونەری شێوەکاری هەموو دنیاشدا وای لێهاتووە تۆ ناتوانیت بە زۆر هونەرەکەت لە خەڵکی بگەیەنیت، ئێستا ئەو ماوەیەی دوایی پێشانگا دەکەینەوە، کارت بۆ خەڵک دەنێرین، هۆڵەکە جوان دەڕازێنینەوە، شیرینی و شەربەت دادەنێین، کارتی دەعوەت بە منداڵەکانمان دەنێرینە مالآن، تۆ هەر ئەوەت لەگەڵ خەڵک پێ دەکرێ، بەڵام بینەر بۆ وەڵامی نییە؟ ئایا خەڵک حەزی لە کار و پرۆژەی هونەری و ڕۆشنبیری نییە، یان وەک پێداویستی ڕوحی پێویستی پێی نییە؟ خەڵکی ئێمە حەز دەکەن پتر تابلۆیەکی بازرگانی بکڕن، یان تابلۆیەکی چینی بکڕن، بەڵام حەز ناکەن تابلۆیەکی هونەری بکڕن. ئێستا لە دەرەوە تابلۆ نرخەکەی گەیشتووەتە نرخی زۆر خەیاڵی، کە تۆ لەو باوەڕەدا نیت تابلۆ بەسەد میلیۆن دۆلار و سەد و پەنجا میلیۆن دۆلار و دوو سەد میلیۆن دۆلار بفرۆشرێ، هەرچەندە ئەوە بابەتێکی ترە. خەڵکی لای ئێمەش دەبێ لەوە تێبگات و تابلۆ بکڕێ و لە ماڵی خۆی هەڵیواسێ، بێتە پێشانگایەکان و پێشانگا ببینێ، بەڵام کە نایەت، ئەوە وەڵامەکەی لای ئێمە نییە.

**ڕامان:** بەشێکی ئەو هۆکارانە دەکەوێتە سەر دامودەزگاکانی حکوومەت، بۆ نموونە لە وڵاتانی دەرەوە، حکوومەت خۆی هەموو چێشتخانە و هوتێلەکان و شوێنە گشتییەکانی ناچار کردووە بچن تابلۆی هونەرمەندەکان بکڕن و لەناو ژوورەکان و دالآن و هۆڵەکاندا هەڵیواسن.

**نامیق عەلی قادر:** مەرج نییە ناچار کرابن، بەڵکو خۆیان وەک پێداویستییەک بە پێویستی دەزانن، ئێستا لەوێ زۆر دائیرە، وەزارەت، یان پەرلەمان، یان شارەوانی هەن دەچن تابلۆ لە هونەرمەندێک بەکرێ دەگرن، چونکە بارودۆخی ئابووری ئەوروپا خراپە، لە هەمان کاتدا هەموو دائیرەکان دەبێ تابلۆی تێدابێ، بەو سیستمە دێ شەش مانگ جارێک تابلۆیەک لە هونەرمەندێک بە کرێ دەگرێ و هەڵیدەواسێ و دوایی تابلۆیەکە دەداتەوە هونەرمەندەکە. بۆ پێشکەوتنی بزاڤی هونەری شێوەکاری یەکێک لە هۆیەکان نەبوونی بازاڕی هونەرە، لە سەردەمی ڕێنیسانس و پێش ئەو سەردەمە گەلەری زۆر هەبووە و کڕین و فرۆشتنی تابلۆ دروست بووە، بازرگان هەبووە کڕین و فرۆشتنی بە تابلۆیەکان کردووە، بازاڕی هونەر بۆ خۆی یەکێکە لە بنەماکانی پێشکەوتنی بزاڤی هونەری شێوەکاری، لە هەموو دنیادا کە هونەرمەندێک دوو ساڵ ئیش دەکات و پێشانگایەک دەکاتەوە و بیست تابلۆ پیشان دەدات، ئەگەر ئەو هونەرمەندە دە تابلۆی لە پێشانگایەکە لێکڕا، ئەوە هاندانێکە بۆ هونەرمەندەکە.. مەعقوولە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە کوردستان، کە ئەمڕۆ توانایی دارایی باش هەیە، بۆ نەتوانێ موزەخانەیەک دروست بکات؟ یان نەتوانێ دوو گەلەری دروست بکات و کێبەرکێ لەنێوان هونەرمەندەکان دروست بکات؟

**ڕامان:** سستی بزاڤی هونەری شێوەکاری خەتای هونەرمەندەکانیشی تێدایە، هەروەک چۆن خەتای

خەڵکیشە کە بەپیر هونەرەوە نایەن و خەریکی شتی دیکەن.. ئایا تۆ هەست دەکەیت ئەمڕۆکە هونەری شێوەکاری کوردی بە تەنگژەیەکدا دەڕوات؟

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان کە تۆ سێ ساڵ جارێک پێشانگا بکەیتەوە، پازدە کەس نەیەتە پێشانگایەکەت، دوو کەس لەسەر پێشانگایەکە نەنووسێ، تابلۆیەک نەفرۆشرێ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و دامودەزگایەکان تا ئێستا لە گرنگی ئەوە تێ نەگەیشتبن، بێن تابلۆی هونەرمەندە باشەکانی وڵاتی خۆیان لە دائیرەکان هەڵبواسن، چۆن هونەر تووشی لاوازی و سستی نابێ؟ هەندێک جار لێپرسراوەکان لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکان لە شەرمان تابلۆ دەکڕن، بەڵام لە پشت مێزەکەی، لەپشت دۆڵابێک دایدەنێ، چونکە شەرم دەکات تابلۆیەک هەڵبواسێ. لەو ماوەیەدا حاڵەتێکی وام بینی، کە تابلۆی یەکێک لە هونەرمەندە هەرە باشەکانی کڕیبوو، چووبوون لە پشت کەرەوێتێک دایاننابوو، دیارە ئەمە نەک جوان نییە، بەڵکو شەرمەیە.

**ڕامان:** لەپێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش دیاردەی ڕەوکردنی هونەرمەندان تۆزێک زەقتر دەرکەوت، کاتێک بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی شێوەکاری کورد چوونە دەرەوەی وڵات، بەلای ئێوەوە چوونە دەرەوەی ئەم هونەرمەندانە چ کاریگەرییەکی لەسەر سست بوونی بزاڤی هونەری شێوەکاری کوردیدا هەیە؟

**نامیق عەلی قادر:** سەبارەت بە هونەری شێوەکاری کوردی هیچ کاریگەرییەکی نییە.. ئەوانە کە دەچوونە دەرەوە دەیانتوانی بمێننەوە، چونکە کارەکەیان پێوەندی بە چوونە دەرەوە و نەچوونە دەرەوە نییە، ئەگەر هونەرمەندەکە لە دەرەوە ئیش بکات، یان لە وڵاتی خۆی ئیش بکات، گرنگ ئەوەیە ئەو هونەرمەندە بەردەوام بێت، ئەوە دیاردەیەکە وەک چۆن گەنجێک چووەتە دەرێ، فەللاحێک، ئەندازیارێک، مامۆستایەکی زانکۆش چوونەتە دەرێ، هونەرمەندیش وەک ئەوان ئینسانە و ئەویش حەزی کردووە بچێتە دەرێ، هۆیەکان لای هەموومان ڕوونە.. کاتی خۆی هۆیەکان لەوانەیە پتر سیاسی بووبن کە خەڵک دەڕۆیشتن، بەڵام دواتر ئەو هۆکارە نەما.. هونەرمەند مافی خۆیەتی وەک ئینسانێک لە وڵات بچێتە دەرێ و شوێنان ببینێت، بگرە زۆر پێویستە سەفەر بکات، گەلەرییەکانی دنیا و موزەخانەکان ببینێ.

**ڕامان:** بەڵام ئایا هونەرمەندەکانی ئێمە ئەوەیان کرد؟ لە کاتێکدا هی وایان هەیە لە هونەر دابڕا؟

**نامیق عەلی قادر:** زۆریشیان هەن بەردەوام ئیش دەکەن، من لەسەردانەکانمدا چوومەتە لای بەشێکی زۆری هونەرمەندەکان، دەمبینی ئیش دەکەن و شوێنی ئیش کردنیان هەیە و بەردەوام ئیش دەکەن، کەوایە هەیانە ئیش دەکات، هەیانە زۆر سوودی لەوێ وەرگرتووە.

**ڕامان:** بەشێکیان هونەریان لەبیر چووەتەوە و بەشێکیان بەردەوامن.

**نامیق عەلی قادر:** بە تەئکید وایە، لێرەش هەر وایە، لێرەش کۆمەڵێک هونەرمەندی باش هەن، کەم ئیش دەکەن، یان ئیش دەکەن، بەڵام بەو حەماسەت و گەرموگوڕییەی جاران کار ناکەن، وەک هونەرێکی کۆنکرێت ئیش بکات، ئەوە ئێستا لێرەش هەیە.

## سروشتییە ئینسان سیاسیی بێت و کاری هونەریش بکات.

**ڕامان:** ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد، لەم ڕووەوە چەند وەزارەتی ڕۆشنبیریی تێدا بە کەمتەرخەم دەزانی؟ بە تایبەتی لە بنیادنانی ژێرخانی هونەری لە هەموو شارەکانی کوردستاندا، نەک هەر لە هەولێری پایتەخت کە بۆ هەولێر زۆر پێویستە، چونکە خەڵکی بیانی ڕووی تێدەکەن؟ مەبەستم لەژێرخانی هونەری هۆڵی نمایشی شێوەکاری موزەخانەیە، کەمتەرخەمییەکانی وەزارەتم بۆ باس بکە.

**نامیق عەلی قادر:** هەر ئەوە نییە، باشە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیشی چییە، ئەگەر پێشانگا نەکاتەوە و کتێب بۆ نووسەران چاپ نەکات؟ کاری وەزارەت پەرەپێدانی ڕۆشنبیرییە لە کوردستان، ئەی وانییە؟ ئەگەرنا کاری وەزارەتی ڕۆشنبیری چییە؟ ئەوەندەی ئێمە تێبگەین وەزارەتی ڕۆشنبیریی دەبێ پشتگیری هونەرمەند و نووسەرانی ناوەوە و دەرەوە بکات، هەوڵی دروست کردنی پێوەندی لەنێوان هونەرمەندانی ئێرە و دەرەوە بدات، پێشانگا لێرەوە بباتە دەرەوە و لە دەرەوە بێنێتە ناوەوە، هەوڵی دروست کردنی هۆڵ و موزەخانە بدات، ئەوەیە ئیشی وەزارەت، خۆ ئیشی وەزارەتی ڕۆشنبیری کاروباری سەربازی، ئابووری، تەندروستی نییە. وەزارەتی ڕۆشنبیری لە کوردستان ئەوە بیست ساڵە دروست بووە، تا ئێستا نەیتوانیوە سێ گەلەری دروست بکات، یان بۆچی ناتوانێ موزەخانەیەک دروست بکات؟

لە ساڵی ڕابردوودا پرۆژەیەکم پێشکەشی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد بۆ کردنەوەی (بینالە) کە وەزارەت پێی نەگوتووم ئەوە بکەم، من لە خۆمەوە بە وردی و بە شەش حەفت لاپەڕە نووسیم (بینالە) چییە؟ تەنانەت گرنگیی بینالەمان بە وردی باس کردبوو، هەروەها چەند ساڵ جارێکە، (بینالە) لە وڵاتان چۆن دروست بووە، چۆن دەتوانین سوود لە بزاڤی شێوەکاری جیهانی وەربگرین؟ کە لە دنیادا بینالە دوو ساڵ جارێک دەکرێتەوە، پرۆژەیەکی دوورودرێژم نووسی و دوو سێ جار لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری دانیشتم و قسەم کرد، لەگەڵ بەڕێوەبەری دیوان قسەم کرد، لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری ئەوکاتە شەماڵ حەوێزی قسەم کرد، دوایی لەگەڵ فەرهەنگ غەفوور، لەگەڵ هەردووکیان باسم کردووە.

**ڕامان:** تا ئێستا وەڵامی نەبووە؟

**نامیق عەلی قادر:** نەخێر، هونەرمەندەکان بەردەوام پرۆژەی باشیان هەیە، قەرەنی جەمیل کاتی خۆی پرۆژەی دروست کردنی موزەخانەی نیشتمانی هەبوو، شوێنەکەی کرایە شەقام، من نازانم ئەو پرسیارانە کێ وەڵامیان دەداتەوە؟ نازانم ڕووبەڕووی کێیان بکەینەوە؟

**ڕامان:** یەکێک لەو شتە گرنگانەی دەمەوێ لەگەڵتدا باسی بکەم نەبوونی گەلەرییەکە بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم و تابلۆی هونەرمەندانی کورد، کە دیارە تۆ پێت وایە هۆیەکەی ئەو کەمتەرخەمییەیە کە باست کرد، لە ڕاستیدا حکوومەتی ئێمە نرخ و بەهای هونەر نازانێ و مەبەستی نییە کار و پرۆژەی بۆ جێبەجێ بکات.

**نامیق عەلی قادر:** وەزارەتی ڕۆشنبیری لەپێناوی ئەوە دروست بوو بایەخ بە هونەر بدات، کە نایکەن، نازانم هۆیەکە چییە؟ من بۆ هونەری شێوەکاری قسە دەکەم، لەوانەیە بۆ سینەما و مۆسیقا بە جۆرێکی دیکە بێ، بۆ هونەری شێوەکاری بە حەقیقەت من ئاوای دەبینم.

**ڕامان:** منیش ئەو حەقیقەتە هەروا دەبینم، هەرچەندە لەو ڕۆژانەدا شتێکی موژدەبەخش بۆ سینەماکاران باس کرا، کە بڕیارە شاری سینەمایی بۆ سینەماکاران بکرێتەوە، بەڵام بۆ شانۆکاران و هونەرمەندانی شێوەکار من بە خۆشم هەست دەکەم زۆر فەرامۆش و پشتگوێ خراون.

**نامیق عەلی قادر:** پرۆژەی بینالە زۆر گرنگە، لەپێش سەد و شەش ساڵ بینالەی فلۆرانسا دروست بووە، هاوینی ڕابردوو چووم دیتم، وابزانم بینالەی پەنجاو هەشتەمین بوو، کەچی تا ئێستاش لێرە شتێک ناکرێ، بۆ نموونە ئەگەر لە ماوەی دوو ساڵ جارێک پێشانگایەک بۆ سی چل دەوڵەت بکەینەوە و لە هەر دەوڵەتێک سێ چوار هونەرمەند تێیدا بەشدار بن، ئەوە دەبێتە کارێکی زۆر باش بۆ وڵاتەکەمان، هونەرمەندەکانمان دوا پێشکەوتنی جووڵانەوەی شێوەکاری جیهان دەبینن. دەبێ خۆمان هەوڵ بدەین و پێشانگا لە دەرەوە بکەینەوە و بۆ ئەو مەبەستە با هۆڵی گەورە بە کرێ بگرن، لەوێ ماوەی مانگێک دوو مانگ هونەری هونەرمەندانی میللەتەکەمان پیشان بدەن. باشە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ نایکات؟ نازانم بۆ نایکات؟ هۆیەکەی چییە؟ بە حەقیقەت کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەک لەوە تێبگەن.

**ڕامان:** ئەو پرۆژەیەی تۆ باسی دەکەیت خەونی هەموو هونەرمەندانە، پرۆژەکەی قەرەنی جەمیل-یش سەردەمێک باسوخواسی زۆر گەرم بوو، بە تایبەتی ئەو وەک برادەرێکی نزیک زوو زوو بۆی باس دەکردم، یەک دوو قۆناغیشی بڕی، بەڵام دواجار جێبەجێ نەکرا.

**نامیق عەلی قادر:** پلان و پرۆژەکەی هێنابوو، کاتی خۆی لەلایەن حکوومەتەوە پارەیەکی باشیان لێ سەرف کرد، بەڵام دیارە گرفتێک هەبووە کە بووەتە هۆی مراندنی پرۆژەکە.

**ڕامان:** لەناو هونەرمەندانی شێوەکاریدا چ لەسەر ئاستی جیهان بێ، یان لەسەر ئاستی وڵاتانی دەوروبەر، یان لە عیراق زۆر گرووپی هونەریی دروست بوون، ستایلی ئیش کردنیان لە یەکەوە نزیک بووە، یان جیهانبینی ئیش کردنیان لە یەکەوە نزیکە، بۆچی لەو جۆرە گرووپانە لەلای ئێمەی کورد کەمە، یان دەچێتە ڕیزی نەبوون؟ تۆ هۆیەکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە لەسەردەمێکدا دروست بووە، سەردەمی قوتابخانە هونەرییەکان بوو، لە ئەوروپا سەردەمی (شێوازەکان) بوو، ماوە ماوە قوتابخانەیەک، شێوازێکی نوێ دروست دەبوو، بەڵام ئەمڕۆکە لە هەموو دنیادا ئەوە کەم بۆتەوە، گۆڕانکارییەکان بە شێوەیەکی تره، مەبەستم بیرکردنەوە و کەرستە و تەکنیک و تەرحەکان شتێکی تره.

**ڕامان:** لای ئێمەش هەبووە.

**نامیق عەلی قادر:** لای ئێمەش لە عیراق ئەو هەوڵانە هەبوون، گرووپی (أفق) هەبوو، گرووپی (أصدقاء الفن) هەبوو کە فائیق حەسەن و جەواد سەلیم و کەسانی دی کاتی خۆی دروستیان کردووە. گرووپی (البعد الواحد)

هەبوو کە شاکر حەسەن ئالسەعید دروستی کردووە، خۆ لێرەش لەلای خۆمان هەوڵی وا هەبوون، کاتی خۆی ئەگەر بێتەوە بیرت لە هەشتایەکان من و ئیسماعیل خەیات و بورهان سابیر و ئاراس عەبدولکەریم هەوڵێکی وامان دا، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەوەی ئێمەش گرووپ بوو، لە سەروبەندی ئەوە بووین ئێمەش ئەوەی خۆمان ڕابگەیەنین، ئەو هەوڵانە لای ئێمەش هەبووە، بەڵام وەک هەموو شتەکانی دیکە هەمیشە لە سەرەتاوە سست بووە و سەری نەگرتووە، بۆیە دەڵێم ئەو هەوڵانە دراون، بەڵام بەو شێوەیە نەبوونە.

**ڕامان:** واتە هەبووە، بەڵام زۆر سەرەتایی ماونەتەوە و بەجێتان هێشتوون.

**نامیق عەلی قادر:** سەرەتایی ماونەتەوە، خۆی کاریگەریشی هەبووە، گرووپ لە چی دروست دەبێ؟ کۆمەڵێک هونەرمەند هەبن شێوازیان لێک نزیک بێ، یان پەیامێکیان پێ بێ، پەیامێکی هاوبەش بێ، هەرچەندە هونەر بەشێوەیەکی گشتی لە دنیادا بووەتە هونەرێکی هاوبەش، واتە هونەری تاکەکەسی هەڵکەوتووی خاوەن ڕێچکە و شێواز هەبوو، نەماوە، بەڵام بێ گومان ئەمە بە شێوەی گرووپ هەیە.

**ڕامان:** تۆ وەک خۆت حەز دەکەیت بە تەنیا ئیش بکەیت، یان سەربەخۆ کار بکەیت، یان پێت خۆشە جار بەجار بە شێوەی گرووپ دەربکەویت؟

**نامیق عەلی قادر:** من حەز دەکەم بە تەنیا ئیش بکەم، بەڵام ئەگەر پەیامێک هەبێ لەگەڵ برادەرەکانمان لەپێناو خزمەتی هونەری شێوەکاریدا حەز دەکەم تێیدا بەشداربم، جاروباریش پێشانگای هاوبەش گرنگی خۆی هەیە، کۆمەڵێک هونەرمەند بێن کە شێوازیان، جیهانبینییان لێک نزیک بێ، بەیەکەوە پێشانگا بکەنەوە خراپ نییە، ئینجا ئەمە لە شێوەی گرووپ بێ، یان لە شێوەی پێشانگایەکی هاوبەشدا بێ، بەڵام هونەرمەند هەمیشە ئیشی خۆی و پەیامی خۆی هەیە، بەخۆی حەز دەکات بە تەنیا ئیشی خۆی بکات، هونەری شێوەکاریش وایە، خۆت و تابلۆیەکەت و کەرستەکان و بیری خۆتە، وەک مۆسیقا و شانۆ نین ئیشی هاوبەش بن.

**ڕامان:** تۆ حەز دەکەیت وەک گرووپ ئیش بکەیت، بەڵام ڕەنگە بە لاتەوە باشتر بێ سەربەخۆیانە ئیش بکەیت؟

**نامیق عەلی قادر:** خۆ هەر بە تەنیا ئیش دەکەیت، بەڵام ڕەنگە پەیامێکت هەبێ، هەست دەکەی لەوانەیە بە تەنیا خۆت نەتوانیت بیگەیەنیت، بۆیە پێت باشە زیاتر بەهاوبەشیی بیگەیەنی.

**ڕامان:** بەڵام پێت وانییە ئەوە لە ڕووی تیورییەوە پێویستی بە زەمینەسازییەک هەبێ؟ واتە پێش ئەوەی ئەو پشانگایانە بکەنەوە پێویستە زەمینەسازییەک بکەن بۆ ئەوەی پەیامەکەتان ڕوون بکەنەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان ناڵێم تۆ شتێکت دەبێ و دێی بەیانێک دەردەکەیت، چونکە چیت دەوێ بیکەی دەتوانی بەهەڵسوکەوت و مامەڵەیەکی شێوەکارانە بیکەیت.

**ڕامان:** تۆ چەند هەست دەکەیت ئازادانە کارت کردووە و کار دەکەیت؟

**نامیق عەلی قادر:** بەردەوام لە ئیش کردن و لە کاتی ڕەسم کردندا ئازادم، ئەو کاتانەی بیر دەکەمەوە و بڕیار دەدەم تابلۆیەک دروست بکەم، یان پرۆژەیەکی هونەریم دەبێ، سێ مانگ، چوار مانگ، ساڵێک ئیش بکەم، ئازادیم هەیە، ئەگەر لە تابلۆ دروست کردن ئازاد نەبیت، ئینسان یانی چی؟ هونەر خۆی کارێکی هۆشیارکەرەوەیە، کە باسی ئازادی دەکرێ، دیارە هەمووەمان باوەڕمان بە ئازادی تاک هەیە، ئەگەر ئازادی بەخۆت نەدەیت، چۆن لە کارەکانتدا سەرکەوتوو دەبیت؟

**ڕامان:** هونەرمەند کۆمەڵێک کۆت و بەندی بۆ خۆی دروست کردووە، یان بەشێوەیەکی دی بیلێم کۆمەڵێک پۆلیسی لەناو یادەوەری خۆی و لەناو چێژی خۆی قیت کردووەتەوە و نەیتوانیوە ئەو پۆلیسە لەناو یادەوەری خۆی وەدەر بنێ، بۆیە تەماشا دەکەی لە کاتی ئیش کردندا هەندێک جار ئەوە ڕەنگی داوەتەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** ڕاست دەکەی من لە مەبەستەکەت

تێدەگەم، کاتێ لە تابلۆیەکدا ئیش دەکەم، گرفتم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە، تەنیا گرفتم ئەوەیە چۆن بتوانم بیرۆکەکانی خۆم لەناو تابلۆکەمدا دەربخەم و چۆن بتوانم مامەڵە لەگەڵ ئەو کەرستانەی بەردەستم بکەم؟ یان چۆن بتوانم ئەوەی مەبەستمە بیگەیەنم. بیر لەوە ناکەمەوە ئەو تابلۆیە دەفرۆشرێ، یان نافرۆشرێ، خەڵک پێی جوانە، یان پێی جوان نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەمەوێ ئەوە بکەم. هونەرمەند پێش ئەوەی دەست بە جێبەجێ کردنی کارەکەی بکات، دەبێ ئەوانەی تێپەڕاندبێ.

**ڕامان:** لەو ڕووەوە تۆ کاری ئازادانە دەکەیت، چەند هەست دەکەیت ئەو ئازادییە هەنگاوت پێ بەرەو نوێ بوونەوە دەنێ؟ یان ئازادییەکە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک کاری سەردەمیانە بکەیت؟

**نامیق عەلی قادر:** هەر هونەرمەندێک بەردەوام ئیش بکات، لام وایە ئەو بەردەوامییە زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر بەردەوام ئیش بکەیت و ئیلتزام بە بنەماکانی هونەرەوە بکەیت، ئەوە بێ گومان هەست دەکەیت وردە وردە کارەکانت باشتر دەبن، تۆ کە بەردەوام ئیش دەکەیت فێر دەبیت چۆن بیرۆکەکانت باشتر بگەیەنیت و باشتر مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانت بکەیت، ئەوکاتە وەک وەستات لێ دێ، مەعقوولە کابرا سی ساڵ ئیشی بەنایەتی بکات و ساڵ بە ساڵ باشتر نەبێ؟

**ڕامان:** ئاخر هی وا هەیە نازانێ بە باشی مامەڵە لەگەڵ ئەو ئازادییە بکات؟

**نامیق عەلی قادر:** ئینجا ئەوە گرفتەکەیە، هی وا هەیە پەنجا ساڵە ئیش دەکات، بەڵام هەست ناکەیت ئیشەکانی بیرۆکەیان تێدایە، هونەرمەند هەیە سی ساڵە ئیش دەکات نازانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرستەکان بکات، ئێستا ئەو وەستایەی کە منارەی چۆلی دروست کردووە و کۆمەڵێک شتی باش و عەنتیکەی تێدایە، پێت وایە ساڵ بە ساڵ باشتر نەبووبێ؟

**ڕامان:** پرسیارێکم هەیە دوو بەشە، بەشی یەکەمیان بەشێوەی گشتی، پاشان دێینەوە سەر ئەزموونی کەسیتان.. دەپرسم چەندە لە بینەری کورد ڕازیت؟ تۆ کە هەمیشە هاموشۆی شارەکانت کردووە و لە پێشانگاکاندا چوویتییە لایان و بەرهەمی هاوڕێ هونەرمەندەکانت دیوە، چەند لەو بینەرانە ڕازیت؟ بەگشتی بۆ هونەری شێوەکاری کوردی، بە تایبەتیش بۆ کارە هونەرییەکانی خۆت چەند لەو بینەرانە ڕازیت کە دێن و تەماشای تابلۆیەکان دەکەن؟ بیروڕا و سەرنجی تۆ وەک کەسێک کە کەڵەکەبوونی شارەزاییەکت لەلا هەیە چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** مەبەستت بیروڕاو سەرنجی بینەرانە؟

**ڕامان:** مەبەستم بیروڕای ئێوەیە بەرانبەر بە بینەر بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو هونەرمەندانی کورد بە هەموو ئاراستە و ڕێبازە هونەرییەکانی خۆیانەوە.. وەک دەبینین هەیە ئیشی گرافیک دەکات، هەیە ئیشی تەجرید دەکات، هەیە واقیعیانە کار دەکات، من خۆم چوومەتە پشانگای هونەرمەندی گرافیکی بینەرم دیوە گوتوویەتی ئەوە چییە دەڵێی خومخانەیە و تابلۆکان لەناو ڕەنگی ڕەش هەڵکێشراون، ئەو بینەرە نەیزانیوە تایبەتمەندیی ئیشەکە وایە، بۆیە دەپرسم تۆ چەند لە بینەری کورد ڕازیت، پاشان تۆ چەند لەو بینەرانە ڕازیت کە سەیری هونەری تۆیان کردووە؟

**نامیق عەلی قادر:** تۆ لە ئیش کردندا باسی ئازادیت کرد، تۆ چەند ئازادیت ئیش بکەیت کە تابلۆ دەکێشیت و لەهۆڵێکدا نیشانی دەدەیت، بینەریش ئەوەندە ئازادە ئیشەکەی تۆی پێ جوان بێ، یان جوان نەبێ.. تۆ ناتوانی پێی بڵێی من هونەرمەندم، سی و پێنج، چل ساڵە ئیش دەکەم کە تۆ دێیتە پێشانگاکەم دەبێ ئیشەکەی منت پێ جوان بێ. ئەو بڕیارە زۆرتر دیدی ڕەخنەیی دەیدات. مەبەست ڕازی بوونە، لێرەدا پێوەر هەیە، ئەو پێوەرە جیهانبینی ڕەخنەیی دروستی دەکات، من ئازادم چۆن ئیش دەکەم، بەڵام پشت بەستوو بە کۆمەڵێک بنەمای هونەری و ئەو فەلسەفەیەی باوەڕم پێیەتی و دەمەوێ بیگەیەنم، بینەریش کە دێت ئەویش ئازادە ئیشەکەی پێ جوانە، یان نا؟ بەڵام کە دێ ئیشەکەی منی پێ جوانە، یان پێی جوان نییە، ئەوەش مەسەلەیەکی دیکەیە، کە پێوەندی بە چێژی بینەر و ئاستی هونەریی هونەرمەندەکەوە هەیە.

**ڕامان:** باشە مەسەلەکەی دیکە چییە؟ هی وا هەیە هیچ ڕۆشنبیرییەکی هونەریی نییە، بەڵام دێ بە کەرەستەیەکی ناهونەری هونەری تۆ هەڵدەسەنگێنێ، لەو حاڵەتەدا هەست ناکەیت غەدر لە تۆ دەکات؟

**نامیق عەلی قادر:** (پێدەکەنێ) لەدنیادا غەدر لە هەموو شتێکدا هەیە، ئەو ناهەقی و غەدرە هەر هەبووە، بەڵام کار لە هونەرمەند ناکات، ئەگەر هونەرمەند بە ڕابردوو و تەکنیک و ئەفکاری خۆی پشت ئەستوور بێ، چ قەیدەکات کابرایەکی سادە بۆ خۆی دێ بۆ پێشانگا، بەڵام ئەگەر بێتو ئینسانی پێوەندار ئەو قسانە بکات،

ئەدیبێک، یان نووسەرێک ئەو قسانە بکات ئەوە ناخۆشە، بەڵام خەڵکی سادە لەوانەیە ڕاگوزار بەپێش هۆڵەکەدا تێپەڕبوە و دێت لادەدات، یان هەیە بۆ خۆی بەدواداچوونی بۆ هونەر هەیە، ئەوانە هەر قسەیەک بکەن ئاساییە، بەڵام نابێ غەدر لە پێوەر و پێوانە هونەرییەکاندا هەبێ.

**ڕامان:** ئێمە باسی حاڵەتە دەگمەنەکان ناکەین، باسی دیاردەیەک دەکەین، تۆ بێجگە لەوەی مامەڵە و هەڵسوکەوتێکی ڕاستەوخۆت لەگەڵ بینەری ئەو پێشانگایانەدا هەیە کە بە درێژایی ژیانت زۆرت لێیان دیوە، بێجگە لەوانەی خۆشت کە لەو بوارەدا ئەزموونی زۆرت لەگەڵ پێشانگای هاوڕێ هونەرمەندەکانت هەیە، گەلەک بەدواداچوونت بۆ هونەری ئەوانیش کردووە و لێیان ئاگاداریت، بۆیە لەوانەیە باری سەرنجی تایبەتت بەرانبەر بە بینەری پێشانگایەکان لەلا دروست بووبێ؟

**نامیق عەلی قادر:** تێدەگەم، بەڵام شتێکی دیکەش هەیە، تۆ ئەگەر لە ئیش کردن هونەرمەندێکی باش و جددی بیت، یان بزانیت چی دەکەیت، ئەوە ئەو ڕێزە دروست دەبێ، خەڵک هەیە بەردەوام بەدواداچوونی بۆ هونەری من هەیە و دێتە پێشانگایەکانم، حەز دەکات بەردەوام پێشانگایەکان ببینێ، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم تا ئێستا هیچ هونەرمەندێک نەبووە، یان تەنانەت خەڵکێکی ئاسایی هەبووبێ و بەدواداچوونی بۆ هونەر هەبێ، ئەوە لە کوردستاندا تا ئێستا دروست نەبووە. کاتی خۆی لە بەغدا کۆمەڵە کەسانێک هەبوون بەدواداچوونیان بۆ هونەر هەبوو، من لە دوا پێشانگامدا بەڕێکەوت پێش کردنەوەی پێشانگایەکەم برادەرێکم ناسی ناوی (مەحموود ئەحمەد عوسمان) بوو، ئەو پیاوە زیاتر لە بواری ئابووری و دارایییدا ئیش دەکات و لە بەغدا ژیاوە و زۆر بە وردی لە هونەر ورد دەبێتەوە و ڕێز لە هونەر دەگرێ، زیاتر لە پەنجا تابلۆی هونەرمەندە عیراقییەکانی لەلا هەیە.

**ڕامان:** منیش مەبەستم ئەوەیە کە بینەری لەو جۆرەمان هەبێ، نەک شەڕ بە تابلۆ و بە هونەر بفرۆشێ.

**نامیق عەلی قادر:** ئەو کە دەهات زۆر بە ڕێزەوە سەیری تابلۆیەکانی دەکرد، هاتە پێشانگای قەرەنی جەمیل و پێشانگای منیش، خۆزگە پەنجا کەسی وامان لە کوردستان هەبوایە.

**ڕامان:** ئەگەر تۆ بینەری لەو جۆرەت هەبوو چێژ لە هونەر وەربگرێت، بێ گومان بازاڕی هونەریش دەبووژێتەوە و دەجووڵێ.

**نامیق عەلی قادر:** کاتی خۆی ئەو بازاڕە لە بەغدا هەبوو، کۆمەڵە کەسێک هەبوون بەدوای هونەرەوە بوون و دەهاتن تابلۆیان دەکڕی، کۆمەڵێک ڕەخنەگری باشیش هەبوون لەوانە: فاروق یووسف، سەمیر عەلی، شاکر حەسەن...تاد لە بارەی ئەو پێشانگایانەیان دەنووسی.. بەداخەوە ئێستا لای ئێمە ئەوەش نییە، تا ئێستا دیدگایەکی ڕەخنەیی لەسەر کۆمەڵێک پێوەری هونەریی لەلای ئێمە نەبووە، تەنیا نووسەرەکان و شاعیرەکانن دەنووسن، یان جاروبارێک لە ڕۆژنامەدا، چەند ڕۆژنامەنووسێک هاتوون و وەک ئەرکی ڕۆژنامەوانی ئەوەیان کردووە.

**ڕامان:** بەڵام ئەوە دەکاتە ئیشی سەرپێی ڕووکەش.

**نامیق عەلی قادر:** جەنابت وەک ستایلێک و شێوازێک ناوبەناو دێیت لەگەڵ هونەرمەندێک، ئەدیبێک گفتوگۆیەکی فراوان ساز دەکەیت، خۆزگە ئەوە لە پێنج شەش بواری دیکەشدا هەبوایە.

**ڕامان:** لێرەدا دەمەوێ ناوبڕێک دانێین و تۆزێک بگەڕێینەوە دواوە، تۆ لە سەرەتاوە، یان هەر لە خوێندنی سەرەتاییەوە، دواتر لە خوێندنی ناوەندیتدا چەند حەزت بەوانەی هونەری وێنەکێشان کردووە؟

**نامیق عەلی قادر:** من هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە حەزم لە وێنەکێشان هەبووە و بەردەوام ڕەسمم کردووە، بەڵام چۆن فێربووم نازانم؟ کاتی خۆی سوودم لە کۆمەڵێک کەلوپەلی میللی وەرگرتووە و هەمیشە لێیان ورد بوومەتەوە، لەوانەش ئەو کەلوپەل و کەرستانەی لەناو ماڵی کوردەواریدا هەن، لەوانەش بەڕەو مافووری

کوردەواری و ئەو شتانە، هەمیشە لێیان ڕاماوم، ئێستا زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە لەقۆناغی منداڵیمدا چۆن دەستم بە وێنەکێشان کردووە؟ لە سەرەتاوە نازانم، هەست دەکەم لە سەرەتاییەوە پێشانگایەکان هەبوون، هەرچەندە چالاکی قوتابخانەکان نەبووە، کەچی پێشانگا کراوەتەوە.

**ڕامان:** بۆ نموونە لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و لە هەموو قۆناغەکاندا مامۆستا هەبوون هاوکار و هاندەرت بوون؟

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان هەبووە، بەداخەوە ئەوەندەی من لاو بووم، مامۆستایەک نەبوو، لە سەرەتایی مامۆستا مونیر وێنەی پێ دەگوتین، هەرچەندە ئەو پسپۆڕی مۆسیقا بوو، بەڵام لە قۆناغی ناوەندیدا مامۆستایەکمان هەبوو، ئیدی بە حەقیقەت شانسی من ئەوە نەبوو.

**ڕامان:** مامۆستا مونیر کێ بوو؟

**نامیق عەلی قادر:** مونیرێک هەبوو مامۆستای مۆسیقا بوو، عەرەب بوو، بەڵام لێرەدا یەک شت گرنگە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەی کاتی خۆی کە زۆر سوودم لێ وەرگرت کەسێک بوو بەناوی (تاهیر پیرداود) کە برای مامۆستا (جابر پیرداود) بوو، بۆ یەکەم جار لە هەولێر کە ڕەسمم دیبێ و وەک تابلۆ سەرنجی ڕاکێشابم وێنە ڕەش و سپییەکانی ئەو (تاهیر پیرداوود)ـە بوو یادی بەخێر، کە لەلای شەقامی باتا بەرەو سەرای هەولێر دەڕۆیت، لە ناوەڕاست و دوکانەکانی ئەو بەینەو بەرانبەر قەڵات، لە دوکانێکی بچووکدا کە تەنیا ڕووکارەکەی یەک مەتر دەبوو. مامۆستا تاهیر پیرداوود لەم شوێنەدا وێنەی دەکێشا، کە بریتی بوو لە گەورەکردنی فۆتۆی شەخسی بە ڕەش و سپی و بە قەڵەمی خەڵووز، من هەفتەی چەند جارێک دەچووم و بەرانبەر بە ڕەسمەکانی ڕادەوەستام کە لەپێش دیواری دوکانەکەی هەڵیدەواسین، ئەوە بۆ من سەرەتایەکی زۆر گرنگ بوو کە لە زاکیرە و بیرکردنەوەمدا ماوە تا لە کۆتاییدا جوانییەکی هونەری لەلام دروست کرد، هەروەها لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا نەقڵی مەکتەبێک بووم، ناوی ئیبنی خەلەکان بوو، دوو دەوام بوو، دەوامەکەی ئێمە ئەو مامۆستا مونیرە بوو کە ڕەسمی پێمان دەگوت، بەڵام لە دانەکەی دیکە مامۆستا فوئاد بوو.

**ڕامان:** فوئاد کێ؟ فوئاد ڕەسوڵ ناجی-ت مەبەستە؟

**نامیق عەلی قادر:** بەڵێ، فوئاد ڕەسوڵ ناجی پیاوێکی بێدەنگ و بەهەیبەت بوو، قاپووتێکی درێژی لەبەر دەکرد، پرچی بە جۆرێک دادەهێنا، دەوامەکان کە پێچەوانەی یەکدی بوون، دەم دیت، یەک کۆمەڵ تابلۆی لە هەیوانەکە هەڵواسیبوو، ئەو قوتابخانەی ئیبنی خەلەکانە کە پێشتر دائیرەی پۆلیسی لێ بوو، زۆر هەوڵمان دا بکرێتە موزەخانە، هەر نەکرا. ئەو تابلۆیەکانی خۆی لە هەیوانەکان هەڵدەواسی، تابلۆیەکان چوارگۆشە بوون، وابزانم سی بەسی، چل بە چل بوون، بە چەقۆ ئیشی دەکرد، هەمووی ستیل لایف بوون، ئەوە کاتی خۆی وەکو ئینتیباعاتی یەکەم جار زۆر لە مێشکمدا مایەوە، خۆزگە دە دوازدە تابلۆی ئەو مامۆستا فوئادە تا ئێستا مابانە. هونەرمەند فوئاد عەلی پەیکەرتاش کە ئێستا لە ئیتاڵیا دەژی، قوتابی ئەو مامۆستایە بوو، دەوامەکەی عەکسی ئێمە بوو، لە هەموو ژیانمدا سوودم لەوانە وەرگرتووە.

**ڕامان:** بێجگە لەوانەی ناوت بردن، کێی دی سەرنجی تۆیان ڕاکێشاوە و لە کاری هونەریتدا کاریگەرییان بەسەرتەوە هەبووە؟

**نامیق عەلی قادر:** یەکێک لە دوکانەکانی دامێنی قەڵات، لە خوار چایخانەی مەچکۆ، دوکانی دارتاشێک بوو، دواتر یەکێک لە دوکانەکانی لای مزگەوتی شێخەڵلا پیاوێکی مەیلەو بە تەمەن هەبوو، کڕ و بێدەنگ ناوی دەللی سەعۆ بوو، ئەم کابرایە بە شاگرد لەلای دارتاشەکان کاری دەکرد، ئیش کردنەکەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو، کە بریتی بوو لە هەڵکۆڵینی ڕووی پێشەوەی کەنتۆر و سندووقەکان کە لە داری ساج و جاو دروست دەکران، هەروەها بە چەند ئامێرێکی زۆر سەرەتایی گوڵدان و باڵندەی لەسەر دارەکان هەڵدەکۆڵی.

**ڕامان:** تۆ ئەو کاتە لە چ قۆناغێکی خوێندندا بوویت؟

**نامیق عەلی قادر:** من ئەو کاتە لە پۆلی سێ یان چواری سەرەتایی بووم، یەکێک لە دەوامەکانی قوتابخانەی (ئیبن خەلەکان)، ڕۆژێکیان کە وا بزانم سەرەتای دەوام کردنمان بوو، لە پشووی هاوین ببووینەوە، دنیا بەرەو پاییز دەڕۆیشت، بەیانییەک قەڵەباڵغی لەبەر دەرگای گۆڕستانی چراغ پەیدا بوو کە دەکەوتە بەرانبەر قوتابخانەکەمانەوە، ئێمە لەگەڵ خەڵکەکە چووین، کە بینیم دەللی سەعۆ مردبوو، پشتی لە دیواری گۆڕستانەکە کردبوو، ڕووەو ڕۆژهەڵات و سەری بۆ لای قیبلە بوو. مردنی ئەو پیاوە بەم شێوەیە و لەو کات و شوێنە و کاریگەرییە هونەرییەکەی بۆ سەر من، تا ئێستاش کە

نزیکەی پەنجا ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، هەر لە بیر و بیرکردنەوەمدا ماوە.

**ڕامان:** وەک بزانیت ئەو سندووق و کەلوپەلانەی ئەو پیاوە دروستی کردوون ماون؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەو ساڵانەی دوایی کە قاتوقڕی بوو، لەو ماوەیەی کە ئابڵووقەی ئابووری بوو، خەڵک لەو کاتەدا لە پێناوی بژێوی ژیانی خۆی، کەلوپەلی ماڵەکانیان دەفرۆشت، هەر لەو کاتەدا سندووقەکان، یان پارچە دارە نەخشکراوەکانی دەللی سەعۆ کەوتنەوە بەرچاوم.

**ڕامان:** لە کوێ ئەو سندووق و دارە نەخش کراوانەی دەللی سەعۆت دەکەوتە بەرچاو؟

**نامیق عەلی قادر:** دوو کەس لە نزیک حەمامی عەلیاغا هەبوون، کۆنە دار و کەلوپەلیان دەکڕی، من بەردەوام ئەو پارچە دارانەم لێ دەکڕینەوە کە کارەکانی دەللی سەعۆ بوون. سەرەتا بەبێ ئەوەی هیچ بیرۆکەیەکم لە کڕینەوەیاندا هەبێ، بەڵکو هەستم دەکرد شتێکی ون بووم دۆزیوەتەوە، دواتر هەموو ئەم دار و نەخشانەم پاش چەند ساڵ ڕێک دەخستنەوە و کارم لەسەریان کرد و بوونە پێشانگایەک.

**ڕامان:** تۆ باسی ئەوەت کرد کە سوودت لە ڕەنگی گەرمی بەڕەو جاجم و کەرستەی فۆلکلۆری وەرگرتووە، ئەدی چەند سوودت لە ڕەنگە گەرمەکانی سروشت وەرگرتووە و سەرنجیان ڕاکێشاوی؟

**نامیق عەلی قادر:** بە تەئکید ئەوە هەر هەبووە، تۆ بڵێی، یان نەڵێی سروشت مامۆستای سەرەتا و کۆتاییە، ئەگەر باسی کاریگەری سروشت لەسەر هونەرمەندەکان بکەین، لەوانە بۆ نموونە باسی هۆڵەندا بکەین کە سروشتی هۆڵەندا چ کاریگەری لەسەر ڤانکۆخ و کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەدا هەبووە، وەکو ڕامبرانت و مۆدلیانی.

**ڕامان:** منیش مەبەستم ئەوەیە بڵێم، بەرانبەر سروستیش کە زۆر ڕەنگی جوان و گەرمی تێدایە، بە پێچەوانەوەی ئەوەوە ئێمە وەک کورد لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا خانووەکانمان و دەوروبەرمان و ئەو شوێنانەی هەڵسوکەوت و جوولەیان تێدا دەکەین، دەبینی هەموو ڕەنگەکانیان ڕەنگی خۆڵەمێشی و ڕەنگی خاکن، یان ڕەنگی مردوو و تاریکن، کە بە ڕای من ئەو ڕەنگانە ئینسان بەرەو خەفەت و بێ هیوایی و پەستی دەبات.

**نامیق عەلی قادر:** خودی هونەرمەندیش گرنگە، شێوەی بیرکردنەوە و سایکۆلۆژیەتی هونەرمەند گرنگە، هەندێ جار هونەرمەند لە ناوچەیەکە هەمووی گوڵ و گوڵزارە، بەڵام هەمیشە تابلۆی ڕەش و سپی و قاوەیی دروست دەکات، ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە، هونەرمەندیش هەیە لە ژوورێکی تاریک و لە کۆڵانی وەک گەڕەکی عارەبان کە هیچ خزمەتگوزاری نییە و لەوێ دەژی، بەڵام تابلۆی جوان و ڕەنگاوڕەنگ دەکات، هەردوو حاڵەت هەیە.

**ڕامان:** بەڕای تۆ هونەرمەندی کورد بۆچی لە بواری هونەری شێوەکاریدا چالاکی و ئامادەبوونی کەمە، ئایا هەر خۆیان کەم بەرهەمن، یان ڕاگەیاندن غەدریان لێ دەکات، یان ئەوان چالاکن و لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بەسەر ناکرێنەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئێستا هونەری شێوەکاری لەلای هەندێک هونەرمەند، وەکو ڕووبارێکە دەڕوا، سەرچاوەی خۆی هەیە و دەڕوا، خەڵک سوودی لێ وەردەگرن، یان نا گرنگ ئەوەیە ڕووبارەکە بەردەوامە، ئاگام لێیە کۆمەڵێک هونەرمەند هەن و بەردەوام ئیشی خۆیان دەکەن، ئەوجا دەوروبەر سوودی لێ وەرگرتووە، یان وەری نەگرتووە، نازانم؟

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم هونەرمەندی کورد جاری وا هەیە ئامادەبوونی کزە، درەنگ درەنگ دەردەکەوێ.

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە زۆر گرنگ نییە، هونەرمەند هەیە دە ساڵ جارێک پێشانگا دەکاتەوە.

**ڕامان:** هەموو هونەرمەندە شێوەکارەکانی کورد هاوڕێمن، هەموویان وەک یەک ئیش ناکەن، هی وایان

هەیە لەبیری دەچێتەوە کە هونەرمەندە، ماوەیەکی زۆر دادەبڕێ و ئیش ناکات.

**نامیق عەلی قادر:** هەر کەسەو بارودۆخی خۆی هەیە، ناتوانم زۆر باسی ئەو مەوزووعە بکەم، یان لەسەر هونەرمەندێکی دیاریکراو، یان لەسەر کۆمەڵێک هونەرمەند قسە بکەم، هەرکەسەو بەپێی بارودۆخی خۆی، بەڵام هونەر بەوەوە خۆشە تۆ لە هەموو قۆناغێکدا هەبیت، من هەست دەکەم هونەر بەرپرسیارەتییەکە لەسەر شانی هونەرمەند، کە تۆ ماوەیەک ئیشت کرد و مومارەسەی هونەرت کرد و خۆت وەک هونەرمەندێک ناساند، بەردەوام بیت باشە، ئینجا هەرچییەک بێتە پێش. کۆمەڵێک لە هاوڕێ هونەرمەندەکانم هەن کە لە هەموو حاڵەتەکاندا، هەرچییان بەسەر هاتبێ، بەردەوام ئیشیان کردووە و پێشانگایان کردۆتەوە.

**ڕامان:** هونەرمەندانی ئێمە لە کاتی کارکردندا چەند کەرەستەی وێنەکێشانەکانیان کە بەکاری دەهێنن لە ئامادەکردنی تابلۆ و ڕەنگ و فڵچە و هەموو کەرەستەکان لە کوردستاندا بۆیان فەراهەم دەبێ و دەست دەکەون؟ ئایا کەرەستەکانی وێنەکێشان وەکو باقی بەرهەمەکانی دیکە لە بازاڕدا هەن و دەست دەکەون؟ کوالێتییان نزم نییە؟ ئیکسپایەر نین؟ ناڕەحەتی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** کەرستەی باش بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە، هونەرمەند چەندی بە کەرستەی باش ئیش بکات، ئەوەندە بۆ مانەوەی تابلۆیەکەی باشە. هونەرمەند کە هونەرەکەی خۆی خۆش ویست، دەبێ بە کەرستەی باش ئیش بکات.

**ڕامان:** تۆ لە کوردستاندا کەرستەی باشت دەست دەکەوێت؟

**نامیق عەلی قادر:** لە ڕاستیدا ئەو کەرستانە کەمن، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا لە بەدەست کەوتنی کەرستەی باش گرفتم نەبووە، (پێدەکەنێ). ئەگەر مەبەستت کەرستەی ئەکلیلی و زەیت و ئەوانە بێ، ئەوە کاتی خۆی هەمووی ئەوروپی بوون، ئێستا هەمووی چینی و ئەوانەیە. دەتوانم بڵێم خۆم و چەند برادەرێکم کێشەی ئەو کەرستانەمان نییە، بەگشتی کەرستەی باش هەبێ زۆر زۆر گرنگە.

**ڕامان:** زۆر هونەرمەند هەن هەندێک ڕەنگ بۆ خۆیان ئامادەیان دەکەن.

**نامیق عەلی قادر:** ئاخر ئامادەکردن چییە؟ ئەو کەرستانەی ئیشیان پێدەکەم، زۆر گرنگ نین، ئەو کەرستانە مومکینە پێوەندی بەخۆمەوە هەبێ، دەتوانم کۆمەڵێک کەرستە لە بازاڕ بکڕم و تێکەڵی بکەم، کۆمەڵێک کەرستە هەن زیاتر پێوەندی بە چاپ و کۆلاج و هەندێک کەرستەی دەستکردەوە هەیە، من لەسەر خۆم قسە دەکەم، بەڵام بەگشتی کەرستەی باش زۆر گرنگە، تۆ کانڤانسی باشت هەبێ، زەیتی باشت هەبێ، یان هەر کەرستەیەکی دیکە هەبێ باشە، هونەرمەند کە بگاتە قۆناغێک و سی چل ساڵ ئیش بکات، عەیبە بە هەموو کەرستەیەک ئیش بکات. لەلای ئێمە لە هەولێر هونەرمەندێکمان هەیە زۆر بایەخ بەو لایەنە دەدا، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ زۆر لەو شتانە جدییە، نازانم ئەو ماوەیە چۆنە، بەڵام پێشی چەند ساڵێک هەمیشە حەزی لە کەرستەی باش بوو.

**ڕامان:** تۆ ئێستا باسی شتێکی سەیرت کرد کە شوێنێک تابلۆی کڕیوە، بەڵام چووە لە پشت قەنەفەیەکی داناوە و پێی عەیب بووە هەڵیبواسێ، دەمەوێ بزانم بۆچی هەڵواسینی تابلۆ نەبووە بە نەریت؟

**نامیق عەلی قادر:** هەر ئەوکاتە بە بەڕێوەبەرەکەم گوت بۆچی هەڵی ناواسن؟ نەریت پێوەندی بە پاشخان و چێژەوە هەیە.

**ڕامان:** ئەو کولتووری ڕێزنەگرتنە لە تابلۆی هونەری و هەڵنەواسینی، چ لە ئاستی شوێنە گشتییەکان بێ، یان لە ئاستی دەزگا هونەری و ئەدەبییەکان، یان لە ئاستی جەماوەر و خەڵکدا بێ، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** هۆکاری زۆر هەیە، بەڵام بە پلەی یەکەم بۆ ئاستی ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە، کە ڕۆشنبیری نەبوو ناتوانێ ڕێز لە بەرهەمی هونەرمەندێک بگرێت. ئەوە پێویستە لای هەموو خەڵک دروست بێ، چونکە هونەرمەندێک کە دێت ئیش دەکات دەبێتە سەروەتێک بۆ وڵاتەکەی. تابلۆ گەورەترین سەرمایەی وڵاتە، خەڵک لە ئاستێکی ڕۆشنبیریدا نەبێ ڕێزی تابلۆ بگرێت چی لێدەکەی؟ بەگشتی لە کوردستان ڕێزگرتن لە تابلۆ کەمە، ئەوەش حەقیقەتێکە.

**ڕامان:** زۆرتر هۆیەکەی کەمیی هۆشیاری و چێژوەرنەگرتنە لە هونەر؟

**نامیق عەلی قادر:** بەڵێ، من ئەو هاوینە سەفەرێکی هۆڵەندام کرد، هۆڵەندا وڵاتێکی سارد و سڕ و بێ دەنگە، بەڵام لەناو موزەخانەدا نقوم بووە، لە ڕۆتردام پازدە شازدە موزەخانەی لێیە، لە ئەوروپا لە گوندەکان و

لە قەزایەکان موزەخانەی خۆیان هەیە، بایەخیان بە ماڵی هونەرمەندەکانیان، نووسەرەکانیان داوە، لە وڵاتی ئێمەدا ئەوانەش نییە.

**ڕامان:** لە کوردستاندا هونەری شێوەکاری هونەرێکی نوێیە، کۆمەڵێک هونەرمەندمان هەبووە، با ناویان بنێین پێشڕەوەکانی هونەری شێوەکاری کوردی، لەلایەک تابلۆیەکانی ئەو هونەرمەندە دەگمەنانەی ئێمە کۆ نەکراونەتەوە و لە شوێنێکدا نەپارێزراون، لەپاڵ ئەوەشەوە تابلۆیەکان کەشوهەوا کاریانی لێ کردووە، ئێمە وەرشەیەکیشمان نییە بۆ چاک کردنەوەی ئەو تابلۆیانە، تۆ قسەت لەسەر ئەمە چییە؟ ئێمە بۆچی نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی موزەخانە تا کە بێگانە هاتن و ڕوویان کردە وڵاتەکەمان پۆل پۆل تەماشایان بکەن؟ ئەگەر خەڵکێک هاتن بیانبەین و پێیان بڵێین ئەو کارانە سەرەتایەکانی هونەری ئێمەن، هەروەها بۆ نەبوونی وەرشەیەکیش بۆ چاککردنەوەی ئەو تابلۆیانە چی دەڵێن؟

**نامیق عەلی قادر:** سەرەتا باسی ئەوەمان کرد کۆکردنەوەی ئەو تابلۆیانە ئیشی من و تۆ نییە، ئەوە نە بە من و نە بە تۆ ناکرێ، دەبێ دامودەزگایەکی تایبەت هەبێ ئەو کارە بکاو ئەو تابلۆیانە کۆ بکاتەوە، ئەوەش کاری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە و دەبێ ئەو بیکات، پارە بۆ کۆکردنەوەی تابلۆکان تەرخان بکات و لە شوێنێکی تایبەت و گونجاو بیانپارێزن. دێینەوە سەر ئەوەی شوێنێکی تایبەت بۆ نیشاندانی ئەو تابلۆیانە هەبێ، خۆت گوتەنی دەبێ کەشوهەوای تایبەت بۆ تابلۆیەکان بڕەخسێنرێ، دوای ئەوە مەسەلەی چاککردنەوەی تابلۆکە ئەوەش پسپۆڕی خۆی هەیە و پێویستی بە شارەزایی باش و بە خولی تایبەتی هەیە. من ناتوانم تابلۆ چاک بکەمەوە، خێزانی ڕێزدار سەعدی دزەیی لە ماڵەکەیان تابلۆیەکی خالید جادری پێ نیشاندام، تەماشام کرد تابلۆیەکە لە سێ چوار جێ بریندار بووە، باسی چاککردنەوەی کرد، من نەمویست بڵێم چاکی دەکەمەوە، چونکە ئەوە کاری من نییە و شارەزای خۆی هەیە. ئەو تابلۆیانەی پێش پێنج سەد ساڵ، شەش سەد ساڵ لە موزەخانەکانی ئەورووپادا پاراستراون، ساڵی جارێک دوو ساڵ جارێک دەبێ چاک بکرێنەوە، قوماش و دار و بۆیاغە لەسەری، قابیلە چی دیکەیە؟ بۆیە دەبێ بەردەوام بە شێوەی زانستی ئیدامە بکرێن.

**ڕامان:** ئەو بەشی چاککردنەوەیە لە هەموو موزەخانەکانی دنیادا هەیە و بەشێکی گرنگی موزەخانەکانە.

**نامیق عەلی قادر:** لە هەموو جێیەک هەیە، موزەخانە دائیرەی تایبەتی و پسپۆڕی خۆی هەیە. ساڵانەش خولی تایبەت دەکەنەوە، تا شارەزایی لەسەر چاککردنەوەی تابلۆ پەیدا بکەن، لە وڵاتی ئێمەشدا چەند تابلۆمان لە تابلۆیەکانی دانیال قەساب هەیە، ئازاد شەوقی، محەمەد عارف، حەسەن فەلاح، هەمووی چەند تابلۆیەکە، خۆ ئێمە تابلۆیەکانمان لەپێش پەنجا شەست ساڵ زیاتر نییە، بۆیە ئەوە بۆ ئێمە و بۆ وڵاتەکەمان کەموکوڕییە.. شتێکی گرنگ هەیە تۆ کە دەچیتە وڵاتێک دەمانەوێ کولتووری ئەو وڵاتە بناسین، لەمەشدا خۆ بەباڵاخانەی بەرز بەرز خۆمان بە ئەورووپا ناناسێنین، بەشێک لە ناسین بەهۆی ڕابردووی خۆمانەوەیە، ئێمە هەزار باڵەخانەی بەرز لە هەولێر دروست بکەین هیچیان ناگەنە باڵەخانەکانی ئەورووپا، ئەگەر سەد شەقامی جوان بکەین، ناگەنە شەقامەکانی ئەوان، ئێمە ناتوانین لەوان باشتری بکەین، چونکە هەموو زانستی ئەندازیاری میعماریان لەوان وەرگرتووە، ئەندازەی ڕێگاوبان لەوان وەرگیراوە، بەڵام هونەر پێوەندی بە هەستی مرۆڤەوە هەیە، ئەو ئیحساسەی لێرە هەیە، لە ئەورووپا نییە. ئەوەی لە ئەورووپا هەیە لە شوێنێکی دیکە نییە، ئێمە لێرە هونەرمەندمان هەیە، ئەوە ئیشی وڵاتەکەمانە، دەبێ بیپارێزین، هەر لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرەکەمانەوە دەتوانین پێناسەی وڵاتی خۆمان بۆ ئەورووپا بکەین، نەک بە باڵەخانەی بەرز و شەقامەکان.

**ڕامان:** تۆ یەکێک لەو هونەرمەندانەی کاری مۆتیڤیشت کردووە، مۆتیڤت بۆ کتێبی شاعیران و چیرۆکنووسان و کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب کردووە و بڵاوبوونەتەوە، پێت وایە مەرجە هەموو وێنەکێشێک بە باشی مۆتیڤیش بزانێت و بیکات؟ بەڕای تۆ تایبەتمەندیی کاری مۆتیڤ چییە؟ لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو کەسە هونەرمەندی باش بێ، بەڵام نەتوانێ مۆتیڤ بکات؟

**نامیق عەلی قادر:** لە سەرەتاوە زۆر ئیشم لەو بوارەدا کردووە، تا ئێستاش ئەو کارە دەکەم، بەڵام زیاتر بۆ خۆمن، تەنانەت کتێبیشم بە ناوی (سێبەر و هەتاو) لەسەر ئەو هونەرە چاپ کردووە. لە سەرەتاوە ئەو جۆرە ئیشانە بۆ من وەک یاداشت نووسینەوە وابوون، بەردەوام دوای نان خواردن و پشوودان هەمیشە قەڵەم و کاغەزم لەبەر دەست بووە و ئیشم کردووە، ئەوانە بەشێکیان پێوەندییان بە بیروڕایەکانی خۆمەوە هەیە کە چی دەکەم و

چی ناکـەم، پێـوەندی بە پرۆژەکـانی خـۆمـەوە هەیە، بەشـێکیـشـیـان ڕۆژانەن، بۆ مـەشق و ڕاهێنانی دەستن، ڕاهێنانی بیـرۆکـە و بۆچوونەکـانی خـۆمن، دێیت ئەو ڕاهێنانەی خۆت دەخەیتە سەر کاغەز، من لە سەرەتاوە هەموو شتەکانم ئاوا هاتووە، نەبووە جارێک بە تایبەتی وەک هونەری مـۆتیڤ ئیـشم کردبێ، مـاوەیەکی زۆر کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دامەزرا، لەوێ ئیشەکانم بڵاو دەکردەوە، خۆزگە ئەوەم نەکردبایە، خراپیش کەوتەوە، لەبەر ئەوەی کـۆمـەڵێک هاتن هەمـان کـاریان دووبارە کردەوە، ئەوە ناخۆشە تۆ بێیت سوود لە هونەرمەندێک وەربگریت و بەشێـوەیەکی خراپ بڵاوی بکەیتـەوە، کە ئەوە لەلایەک زەرەر بە خـۆت دەگـەیەنێ و لەلایەکی دی زیان بەویش دەگەیەنێ، من سەرەتای مـۆتیـڤم ئەوە بووە کە باسی دەکەم، مەبەستم نەبوو بۆ ڕۆژنامەیەک، یان بۆ شاعیرێک، یان بۆ نووسەرێک بێم مۆتیڤ بکەم، چونکە سەرەتا یاداشتی خـۆم بوون بۆ ئەوەی دواتر بیـانکەم بە ڕەسم. لە کـۆنەوە ئاوا بووە و ئێـسـتـاش لەسـەر ئەوە بەردەوامم، بەڵام پاشـان لەوانەیە بە تەکلیف بۆ چەند هاوڕێیەکی شاعیر مۆتیڤم کردبێ.

**ڕامان:** بێجگە لە خـۆت، ئەگەر قـسـە لەسـەر کـاری مـۆتیـڤی هونەرمـەندێکی دیکەی کـورد بکەیت، تایبەتمەندییەکانی مۆتیڤ چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** کاتێ دەتەوێ پێنج شەش مۆتیڤ بۆ پێنج شەش کۆپلە شیعری شاعیرێک بکەیت، دەبێ شیعرەکە بخوێنیتەوە، تا ئەوە بە تایبەتی بۆ ئەو شیعرە بکەیت، یان بۆ ڕۆمانێک کۆمەڵێک مۆتیڤ دەکرێت، یان بەرگی کتێبێک دەکەیت.

**ڕامان:** دەبێ مۆتیڤەکە هەڵێنجراوی ناو دەقەکە بێت و لەخۆڕا نەکرێت.

**نامـیق عـەلی قـادر:** بێ گـومـان دەبێ دەقـەکـە بخوێنرێتەوە، من بۆ کۆمەڵێک لە هاوڕێ شاعیرەکانم ئەوەم کردووە، بۆ ئەوانەش شیعرەکانم خوێندووەتەوە، کە پێشتر باسم کرد.

**ڕامان:** بەڵام کاری دیکەیشت لەگەڵ شێرکۆ بێکەس کردووە، لێرەدا کارەکە پێچەوانە بووەتەوە، ئەو جارە تۆ کارەکانی خۆت داوە بەو، ئەو هاتووە شیعری لەسەر ئەو کارە هونەرییانە نووسیوە؟

**نامیق عەلی قادر:** شێرکۆ بێکەس لەسەر پازدە ئیشی گرافیکیم کاری کردووە و شیعری نووسیوە، من ئەو کارانەم کردە پێشانگایەکیش و چاپیشم کردن، هەروەها کۆمەڵێک کاری دیکەشم، زیاتر لە ساڵێک دوو ساڵە لەلای ماوەتەوە، بە حەقیقەت من ئەو کاتە لە شێرکۆ بێکەس گەیشتم و زانیم چەند پێوەندی و تێگەیشتنی بۆ هونەری شێوەکاری هەیە، ئەوەی ئەو نووسیویەتی زۆر لەلام بەنرخە، لەبەرئەوەی زۆر جوان لە ئیشەکانی من گەیشتووە. باوەڕ ناکەم من کە مۆتیڤم بۆ کاری شاعیران کردووە، بەو شێوەیە لە شیعرەکانیان گەیشتبم، شێرکۆ بێکەس لەخوێندنەوەی ڕەسم گەیشتووە.

**ڕامـان:** ئەو کـارە دوو قـۆڵـیـیـەی ئێـوە ئەزمـوونێکی نوێیە.

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان.

**ڕامـان:** بە تایبـەتیش کـە دەبینم کـارەکـە پێـچـەوانە بووەتەوە.

**نامیق عـەلی قادر:** پێش شەش حەفت ساڵ زۆر کارم کردووە، خوێندنەوەکەی ئەو بۆ کارەکانم زۆر بەهێز بوو، ئێستا دوای ئەوەی شێرکۆ بێکەس لەسەریانی نووسیوە دەڵێم خۆزگە ڕەخنەگری شێوەکاری بوایە.

**ڕامان:** سیاسەت کردنی هونەرمەندی شێوەکار بەلای تۆوە چەند کاریگەری ئەرێنی، یان نەرێنی لەسەر پرۆژە هونەرییەکانی بەجێ دەهێڵێ؟

**نامیق عـەلی قـادر:** هەموو هونەرمەندێک ئینسانە و خەڵکی وڵاتەکەی خۆیەتی، زۆر ئاساییە ئەگەر لە بواری سـیـاسـیـدا ئیش بکات، بەڵام نابێ سـیـاسـەت هونەرمـەندەکـە وەک سـەرباز و ئەفـسـەر لێـبکات، شیووعییەکان بە ڕیالیزمی سۆشیالیست کاریان دەکرد، شتێکی خراپیان نەکرد، بۆیە زۆر سروشتییە ئینسان سـیـاسی بێ و ئیـشی هونەریش بکات، بەڵام دەبێ سیاسەت کردنەکەی لەپێناوی پەیامە هونەرییەکە بێت، نەک هونەرەکـە لە پێناوی سـیـاسـەتەکـەی بکات و کاریگەری سیاسەت لەسەر کارەکەی بێت.

**ڕامـان:** دەتەوێ بڵێی سـیـاسـەت لە خـزمـەتی هونەر تەوزیف بکات، نەک هونەر بۆ خـزمـەتی سـیـاسـەت تەوزیف بکات؟

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان ناکرێ هونەرمەندێک کە لە حزبێکدا ئیش دەکات، حزبەکە چی پێ بڵێ ئەو ئەوە بکات، ئەوە شتێکی خراپە، بەڵام هونەرمەند لە حزبێکدا ئیش بکات، یان کـە ئینتـیـمـای بۆ حـزبێک هەیە، لە هەمان کاتدا هونەرمەندە، دەبێ بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێ. کـاتی خـۆی بیکاسـۆ ئەوەی کـرد کـە باسم کـرد، بیکاسۆ شیووعی بوو، بەڵام هەموو کارەکانی لە دەرەوەی حزبی شیووعی دەکرد.

**ڕامان:** تۆ چۆن لە هونەری ئەبستراکت تێدەگەیت؟ ئێوە

بۆ خۆتان لە چ قۆناغێکی هونەریی خۆتاندا ئەو ڕێچکە و ڕێبازەتان پەیڕەو کردووە؟ چەند ئەو ڕێبازە بۆ هونەری کوردی بە پێویست دەزانن؟

**نامیق عەلی قادر:** وەک واقیعێکی هونەری جیهانی و وەک ستایلێک هەبووە و جێگای خۆشی لەناو هونەری جیهانیدا کردووەتەوە، بەدەیان موزەخانەی تایبەت بەو هونەرە دروست بووە، پاشان بووەتە بەشێک لە مێژووی هونەری جیهانی، بۆیە ناتوانین بڵێین لەو هونەرە تێ دەگەین، یان تێی ناگەین وەکو ئەوەی ئێستا خەڵک باسی دەکات، بە قەناعەتی من تەجرید کورتکردنەوەی کۆمەڵێک شتە، دەربڕینی بیروبۆچوون و بیرکردنەوەی خۆتە، واقیعێکیشە لە هونەری جیهانیدا دروست بووە و هەیە، هونەرمەندیش ئازادە لەو ستایلانەی هەڵیان دەبژێرێ و ئێستا لەناو ڕێبازەکانی هونەری جیهانیدا هەن، چونکە یەکێکە لە ڕێچکەکانی ئیش کردنی هونەری ئەمڕۆ.

**ڕامان:** ئێستا تۆ باسی خۆت بکە، لە چ قۆناغێکی هونەریتدا کاری ئەبستراکتت کردووە؟

**نامیق عەلی قادر:** من هەر لە سەرەتای کارکردنمەوە خۆم بەهونەری ئەکادیمییەوە نەبەستۆتەوە، من لە سەرەتاوە ئیشی ڕەمزی و واقیعی و تەعبیری و واقیعی تەجریدی-م کردووە و لەو بوارانەدا زیاتر کارم کردووە، ئێستاش ئەو ستایلانە لەگەڵم بەردەوامن.

**ڕامان:** زۆر کەس لەوانەی پەیامێکی ڕاستەوخۆیان لە هونەر دەوێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا سوودی لێ وەربگرێ و هۆشیار بێتەوە، ڕەخنە لە هونەری تەجرید دەگرن و پێیان وایە شتێکی باش نییە هەبێ، واتە بەکەڵکی نازانن بۆ هونەری میللەتەکەمان، من دەمەوێ بیروڕای تۆ لەم بارەیەوە بزانم؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری بینەر دەگەڕێتەوە، مەرج نییە تەنیا بە کاری واقیعی خزمەتی میللەتەکەت بکەیت.. بۆ تەجرید خزمەت ناکات؟ تەجریدیش بەشی خۆی خزمەت دەکات، ئەوە واقیعێکە دروست بووە و لەناو بزاڤی هونەری جیهانیدا چەسپاوە، لەگەڵ ئەوەشەوە بەدەیان تابلۆی وەک تابلۆی (جێرنیکا) هەیە کە تەجرید نییە، کۆمەڵێک هونەرمەندی وەک مۆدلیانی و مۆراندی ئیشەکانیان تەجرید نییە، ئەوانە هەموویان هونەرمەندی جیهانین، باشە چ پێوەرێک بڕیاری داوە ئەوانە ببنە هونەرمەندی جیهانی؟ ئەی هەر بەهۆی ئەو شێوازەیان و ئەو جۆرە ئیش کردنەیانەوە نەبووە بوونەتە هونەرمەندی جیهانی؟ باوی ئەوە نەماوە کەسێک بێت و بڵێ هونەرمەند دەبێ ئیشی واقیعی بکات، تا خەڵک تێی بگات، لەوانەیە هونەرمەند بە دوو خەت، یان بە یەک پانتایی ڕەنگ بیەوێ باسی مردن بکات، یان دەکرێ بەیەک پانتایی ڕەش باسی مردن بکات، لەوەدا هونەرمەند ئازادە. هونەرمەند دێت بە یەک تابلۆی ڕەش باسی مردن دەکات، بەڵام هونەرمەندێکی دیکە دێت، وێنەی چوار پێنج کەس دەکێشێ کەوتوون و جلکی کەسک و سووریان لەبەرە، ئەوەش مردنە. هونەرمەند هەیە بەیەک پانتایی ڕەنگی پەمەیی باسی خۆشی دەکات، هونەرمەندێکی دیکە دێت وێنەی کۆمەڵێک کوڕ و کچ کە گوڵیان بەدەستەوەیە دەکێشێ و باسی خۆشی دەکات، ئەوە هەردووکی واقیعە، کەس ناتوانێ بڵێ نابێ هونەرمەند کاری تەجریدی بکات، لەبەر ئەوەی میللەتی ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە و تێی ناگات.

**ڕامان:** بەڵام ڕەخنەی ئەو کەسانەی لەسەر هونەری تەجریدی نووسراون زۆربەی لەو ئاستەدا بووە، بۆیە ئەو پرسیارەم لێ کردی؟

**نامیق عەلی قادر:** ئاخر ڕەخنەکان لە چ ئاستێکدا بووە؟ ئایا لە ئاستی پێوەرەکانی جیهاندا بووە؟ ئایا لەسەر پێوەرێکی مەعریفی بووە، یان بەشێوەیەکی دی بووە؟

**ڕامان:** نەخێر لە ئاستی ئەوانە بووە کە کوردن و جار بەجار باسی هونەری شێوەکاری دەکەن.

**نامیق عەلی قادر:** بەڵام ئێمە لە هەموو شتێکدا گوناهین، با لەوەشدا هەر گوناه بین.

**ڕامان:** وەک ئاگام لێیە زۆر پێشانگای تایبەتت بە ئیشی گرافیک کردووەتەوە، چۆن بوو پسپۆڕیت لە هونەری گرافیکدا پەیدا کرد؟

**نامیق عەلی قادر:** لە سەرەتاوە لەوانەیە باری سەرنجێک دوور لە ئیرادەی خۆم دروست بووبێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئیشەکانی تاهیر پیرداوودم دەبینی، لەوانەیە ئەوە بەشێک بووبێت، دوایی من سەرەتا لە بواری فیکردا ئیشم کردووە و هەمیشە کۆمەڵێک غەمی گەورە لە ئیشەکانمدا هەبووە، لەوانەش مەسەلەی مردن زۆر لەلام گرنگ بووە، زۆرم باسی مردن کردووە. لەوانەیە ئەو ڕەش و سپیانە لەو بۆچوون و بیرکردنەوانەی منەوە نزیک بن، کە باسی مردن دەکرێ، بە ڕەش و سپی باسی دەکرێت، بۆی هەیە ئەوە لەلام باش بووبێ کە بەو دوو ڕەنگە ئیش بکەم. گرافیک حەز و ئارەزووم بوو، بەشێکیشی ئەوە بووە بە زوویی شتەکانی خۆم بە هونەری

گرافیک بگەیەنم.

**ڕامان:** ئەی بە پیرەوە هاتنی بینەری کورد بۆ کاری گرافیک چۆنە؟

**نامیق عەلی قادر:** بە پیرەوە هاتن هەبووە، من ماوەیەکی زۆر لەو بوارەدا ئیشم کردووە، بەشێک لە ئیشەکەم بەهۆی ئەو ڕەش و سپییەوە بووە.

**ڕامان:** بە بیروڕای تۆ خوێندنی هونەر چەند سوودی بۆ پێگەیاندن و ئاراستەکردنی هونەر هەیە و چەند کەڵک بە هونەرمەند دەگەیەنێت؟

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان کەس ناتوانێ حاشا لە خوێندنی هونەر بکات، بەڵکو زۆر زۆر باشە. ئینسان لە سەرەتای دەست کردنی بەکاری هونەری پێویستە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە هەموو بنەماکانی هونەر تێبگات، بەڵام بۆ ئەوە دەبێ کۆمەڵێک مامۆستای باش و هونەرمەندی باش هەبن، کۆمەڵێک مەرسەمی باش هەبن، تا ئەو هونەرمەندە پێبگات، لەگەڵ ئەوەشەوە زۆر هونەرمەندیش هەن هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرسیان نەخوێندووە، بەڵام بوونەتە هونەرمەندی باش، کە هونەرمەندەکە تەنیا پشتی بەخۆی بەستووە و بنەماکانی هونەری خوێندووەتەوە، هەروەک زۆر لە هونەرمەندانی کورد هەروا بووین.

**ڕامان:** منیش بۆیە ئەو پرسیارەم لێت کرد مەبەستم ئەوە بوو بڵێم تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کە بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە هونەرت نەخوێندووە، کەچی لە کارەکانتدا سەرکەوتوو بوویت.

**نامیق عەلی قادر:** ئێستا بۆ نموونە ئیسماعیل خەیات یەک لەو کەسانە بووە، کە هونەرمەندێکی زۆر زۆر باشیشە، خۆ سەرەتایەکەی جەواد سەلیم و ئەوانە هەروا بووە، لە کاتێکدا ئەوان دەرچووی زانکۆ نەبوون، بەڵام هاتوون بنەمای هونەری عیراقیشیان دامەزراندووە. لە هەموو بوارێکدا لە سەرەتای ئیش کردندا پێویستە بنەمای پسپۆڕییەکەی خۆت بزانیت، کە ئەوە شتێکی زۆر باشە. خراپ نییە بە شێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنیت، کەسێک بێ باسی قانوون بکات، ئەگەر بنەماکانی قانوونی نەخوێندبێت، چۆن دەتوانێ قسەی لەسەر بکات؟

**ڕامان:** بەڵام حیسابی هونەر جیایە.

**نامیق عەلی قادر:** هونەر پێش هەموو شتێک پێوەندی بە ئیحساسی ئینسانەوە هەیە، تۆ ئەگەر هەستت بەرانبەر بابەتەکان و ڕەنگ و کەرستەکان حەساس نەبێ، مەحاڵە بتوانیت کاری باش بکەیت، تۆ تا ئێوارە دەرچووی ئەکادیمی هونەر، یان دەرچووی پەیمانگا بیت و ئەوانەشت خوێندبێت، بەڵام دیسان دوو شت بۆ هونەر گرنگە، واتە هزر و حەساسیەت پێویستن. فیکرت حەساس بێ و زوو هەست بە شتەکان بکەیت، ئەوە زۆر زۆر گرنگە. شتەکانی من هەمیشە پێوەندی بە ئیحساسەوە هەیە، قەناعەتیشم وایە هەست بۆ هونەرمەند لە هەموو شتێک گرنگترە.

**ڕامان:** سەبارەت بە ئەزموونی کارکردنی نەوەی پێش خۆتان، تۆ وەک خۆت ئەو ئەزموونە چۆن دەبینی؟ پێم باشە لە هەڵسەنگاندنی ئەو ئەزموونەدا، بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی قسەی لەبارەوە بکەیت؟

**نامیق عەلی قادر:** لێت ناشارمەوە لەوانەیە لەو حاڵەت و دانیشتنەدا نەتوانم هیچ بڕیارێک بدەم، بەڵام کۆمەڵێک هونەرمەند بوون کە لەو سەرەتا و بارودۆخەدا باسی هونەریان کردووە و وێنەیان کێشاوە، ئیتر ئەوەم زۆر لەلا گرنگە، من ڕێز لەوە دەگرم، ئەزموونەکان لەو بارودۆخ و زەمەنەی خۆیان باش بوون، کە دواکەوتوویی زۆر بووە و خوێندەواری کەم بووە، ئەوسا خەڵک کۆنەپارێز بووە، ئەوانە لەو کاتەدا هاتوون باسی ڕەسمیان کردووە، ئەو کۆمەڵە هونەرمەندەی ئێمە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، لە پەنجاکان و شەستەکاندا وێنەیان کردووە، ئەوە جێگەی ڕێزە.

**ڕامان:** بێجگە لەو ڕێزەی بەشێوەیەکی گشتی باست کرد، دانەیەک دووانیان کە وەک هونەرمەندێک سەرنجی تۆیان ڕاکێشابێ کامانەن؟

**نامیق عەلی قادر:** هونەرمەند فوئاد ڕەسووڵ ناجی زۆر لەلام گرنگ بوو. خۆ من ئێستا دەتوانم وەک لایەنی هونەری بە چەند شێوەیەک باسیان بکەم، بەڵام بە پێوەر و پێوانەی ڕەخنە، لەوانەیە نەتوانم لێیان بدوێم.

**ڕامان:** تەنیا ئەوەندە بڵێ تۆ لەناو ئەوانەدا کامەیان لێتەوە نزیکە و حەزت لە ئیشەکانیانە؟

**نامیق عەلی قادر:** مەرج نییە حەزم لە ئیشی ئەوانە کردبێ، بەڵام دەڵێم بۆ قۆناغی خۆیان گرنگی خۆیان هەبووە.

**ڕامان:** دەتوانی بڵێی حەزم لە هیچیان نەکردووە.

**نامیق عەلی قادر:** نا نا، هەموویانم پێ جوانە، بۆ نموونە عەزیز سەلیم کۆمەڵێک ئیشی کردووە زۆر بەلامەوە جوان بوون، حەسەن فەلاح کاری کردووە، هەرچەندە کەمیشن، هونەرمەند محەمەد عارف کە ئەوەیان ئەزموونێکی هەبوو، سلێمان شاکر بوو، ئەوانە هونەرمەندی باشن.

**ڕامان:** لە شاری سلێمانیشدا کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەمان هەیە.

**نامیق عەلی قادر:** هەموو ئەوانەن، بەڵام ئەوانە ئەوەندە پێشانگا، یان ئەوەندە تابلۆیان نەبووە، کۆمەڵێک ئیشیان هەبووە، هەموویان جێی ڕێزن.

**ڕامان:** لەناو ئەوانیشدا دوو ئەزموون هەیە، ئەزموونێکیان ئەوانەن کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە و خۆرسکانە ئیشیان کردووە، هەندێکیشیان وەک ئازاد شەوقی خوێندوویانە، تۆ ئەو دوو ئەزموونە چۆن دەبینی؟

**نامیق عەلی قادر:** هەریەکەیان بەلایەک باشە، باسی ئەسکەندەرم کرد، ئەویش کۆمەڵێک کاری کردووە کە بۆ ئەوکات زۆر لەلام جوان بوون.

**ڕامان:** ئەسکەندەر کێیە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەسکەندەر عوسمان، دەرچووی خانەی مامۆستایان بوو، کۆمەڵێک کاری هونەری باشی کردووە، دەبێ لەلایەن داموودەزگا هونەرییەکانەوە ئیش بۆ مانەوە و پاراستنیان بکرێ، محەمەد عارف لە قۆناغێکدا کۆمەڵێک کاری زۆر باشی کردووە، سلێمان شاکر بە هەمان شێوە، دوای ئەوان ئیسماعیل خەیات دێت، ئیسماعیل خەیات هونەرمەندێکی باش بووە، سەرەتایەکەی بە هونەری نوێ هاتووە و لە شەستەکاندا باسی تەجرید و ئەوانەی کردووە. من قەناعەتم وایە کاتێ لە خانەقینەوە چووەتە شاری سلێمانی، حەز بکەین و نەکەین ئەو کاریگەری بەسەر هونەرمەندانی سلێمانییەوە هەبووە، بە تایبەت لەو لایەنەوە کەسانێک بێن و لەسەر هونەری نوێ کار بکەن، ئینجا باس دەکرێ، یان باس ناکرێ، ئەوە لەلای من گرنگی خۆی هەیە. لەوانەیە من زیاتر سوودم لە هونەرمەندە عیراقییەکان وەرگرتبێ، چونکە هونەرمەندەکانی خۆشمان زیاتر سوودیان لەوان وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی چوونەتە ئەکادیمیا و پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و ئەو هونەرمەندە عیراقیانە مامۆستایان بوون، بۆ نموونە فایەق حەسەن، جەواد سەلیم.

**ڕامان:** ئیسماعیل ئەلشێخلی.

**نامیق عەلی قادر:** ڕاستە ئەویش وەک ئەوان بوو، بەڵام عەزیز سەلیم و حەسەن فەلاح لە دەرەوەی ئەو جۆرە کاریگەرییەوە بوون.

**ڕامان:** بەڕای تۆ هونەری شێوەکاری زۆرتر لە چ هونەرێکی دیکەوە نزیکە، هونەرمەند هەیە بەپێی ئەزموونی خۆی سوودی لە مۆسیقا وەرگرتووە، هونەری شێوەکاری چەند سوودی لە مۆسیقا وەرگرتووە؟ هونەرمەندی شێوەکار هەیە دەڵێ من ڕۆمان دەخوێنمەوە و ئیلهام و سوود لەو ڕۆمانە وەردەگرم، پاشان تابلۆ دروست دەکەم، بۆ نموونە هەیە چووە دۆنکیشۆتی خوێندووەتەوە و دواتر تابلۆیەکی دروست کردووە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە هەیە، کاریگەری خوێندنەوە ڕاستە و سوود وەرگرتن هەیە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەڵام هونەری شێوەکاری لە چییەوە نزیکە، ئەوە بەڕای من دەکەوێتە سەر ئەزموونی کەسەکە خۆی، لەوانەیە هونەری مۆسیقا لێیەوە نزیکتر بێ، بەڵام سوود وەرگرتن بابەتێکی دیکەیە. هەیە تەنیا سوود لە ڕووداوەکان وەردەگرێ، ئەو هونەرمەندانە ژمارەیان کەمە، کە بۆ تابلۆ دروست کردن سوود لە خوێندنەوەی ڕۆمان و شیعر وەردەگرن، بەگشتی هونەر پێوەندی بە ڕووداوی ڕۆژانەو حاڵەتەکانەوە هەیە، پێوەندی بە زاتی ئینسان و بە جیهانبینیی هونەرمەندەوە هەیە، خوێندنەوە کاریگەری ئەوەشی هەیە، کە شتێک دەخوێنیتەوە لەوانەیە سوودی لێ وەربگریت، بە قەناعەتی من زیاتر هونەرمەندە ڕۆمانتیکییەکان سوود لە مێژوو و شەڕ و شۆڕ وەردەگرن، ئەگەر ئەوەت مەبەست بێ.

**ڕامان:** سوود وەرگرتن لە مێژوو بەڵێ، بەڵام شەڕ و شۆڕ نا.. کاتێک ئیش دەکەیت ئەگەر گوێ لە مۆسیقا بگریت، تۆ سوودی لێ وەردەگریت؟ هەست دەکەیت کەشێکی ڕوحی و دەروونیت بۆ دەڕەخسێنێ؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەگەر باسی ئەزموونی من دەکەیت من حەز دەکەم زۆر بەبێ دەنگی ئیش بکەم، ئەو کاتانە حەز ناکەم هیچ دەنگێک ببیستم، لەوانەیە جاروبار ڕادیۆیەک بکەمەوە و گوێ لە گۆرانییەک بگرم، ئەویش زۆر بە نزمییەوە دەنگی دەهێڵمەوە، لەبەر ئەوەی خەریکی کارکردن دەبم، عەبدڵڵا ڕەسوڵ یەک لە هونەرمەندە هەرە باشەکانە، ئەو زۆر بایەخ بە مۆسیقا دەدات، شارەزاییەکی زۆر زۆریشی لە مۆسیقادا هەیە، من لەبەر مۆسیقییەکان ناوێرم بە بەرزی بڵێم، دەنا دەمگوت لە هەموو مۆسیقییەکان زیاتر شارەزایی هەیە، بە تایبەت لە مۆسیقای کلاسیکی، زۆرجار گوتوومە عەبدوڵڵا ڕەسوڵ هونەرمەندێکی شێوەکاری باشتر دەبوو، ئەگەر ئەوەندە بایەخی بە مۆسیقا نەدابایە، چونکە ئەوەندە گوێی لە مۆسیقا ڕاگرتووە، ئەگەر پێی ناخۆش نەبێ خەریکە هونەرەکەی خۆی لەبیر دەکات.

# خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسی - سلاڤی - ئەمەریکی

د. ئەحمەد قەرەنی

## پێشەکی

ئەدەبی بەراوردکاری یەکێکە لەپێنج بوارە سەرەکییەکان، کە لەگەڵ مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی و تیوری ئەدەبی و ئیستێتیکی ئەدەبی زانستەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێکدێنن، هەرچەندە - لە سەرەتاوە - ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەنجامی پەرەسەندنی ڕەخنە و مێژووی ئەدەبییەوە پەیدابوو، بەڵام دواتر بووە بوارێکی سەربەخۆ و یارمەتی پێشڤەچوونی گشت لایەنەکانی دیکەی ئەدەبی دەدات و ڕێگا بۆ ئەدەبێکی جیهانیش خۆش دەکات.

ئەدەبی بەراوردکاری وەکو گەلێک لە هونەرە نوێیەکانی دیکە، لەنێو ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژئاوادا پێگەیشتووە و دواتر هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی گەلانی جیهان و ئێستا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و بە پێوەرێکی باوەڕپێکراو بۆ ئاستی پێشکەوتنی هەر ئەدەبێکی نەتەوەیی دادەنرێت(١).

لە ئەدەبی کوردیشدا، ئەم زانستە چ لە ڕووی ناساندن و چ لە ڕووی پراکتیکەوە هێشتا لەقۆناغێکی سەرەتادایە، بۆیە بەپێویست زانرا ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ناساندن و دەستنیشان کردنی قۆناغ و بوارەکانی ئەم زانستە تەرخان بکرێت و لە ڕێگەی ڕێبازی بەراوردکردنەوە خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی قوتابخانە سەرەکییەکانی دەستنیشان بکرێن.

## ناساندن و مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە، دوو ئەزموونی گەورە لە ئەوروپا پەیدابوون. یەکەمیان بزووتنەوەی ڕۆمانسییەت بوو، ئەوی دیکەش ڕێنیسانسی زانستی بوو، هەردووکیان پانتاییەکی گونجاو و لەبار بۆ پەیدابوونی چەندین داهێنانی زانستی و تیوری ئەدەبی فەراهەم کرد، لەوانە زانستی ئەدەبی بەراوردکاری(٢).

کاریگەری ڕۆمانسییەت لەوەدا بووە کە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە لە ڕێگەی زمانە ڕەسەنەکانیانەوە سوود لە ئەدەبیاتی دیکە وەربگیرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە لە ڕێگەی لێگەڕان و کارتێکردنەوە ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم ئەدەبی نەتەوەییدا بکرێتەوە و پرۆسەی ڕەخنەگرتنیش بە شێوەیەکی زانستی پەیڕەو بکرێت و بەهۆی ئەم ڕەخنە نوێیەشەوە ڕێگە بۆ لەدایکبوونی

گووتێ

ئەدەبی بەراوردکاری خۆش بکات(٣).

کاریگەری ڕێنیسانسی زانستیش لەوەدا بەدەردەکەوێت کە جەختی لەسەر دوو دیاردەی نوێ دەکرد:

یەکەمیان، لەکاتی توێژینەوەی هەر بابەتێکدا دەبێت توێژەر بە ڕێگەیەکی تیورئامێزەوە لە بنج و بنەمای شتەکان بگەڕێت و هەوڵی شیکردنەوەی هەموو هۆیەکانی بدات. دیاردەی دووەمیشی ئەوەبوو، کە لەکاتی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و شۆڕبوونەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پشتیان بە ڕێبازی بەراوردکاری دەبەست، ئەم ڕەوتەش بووە هۆی پەیدابوونی چەندین زانستی بەراوردکاری نوێ وەکو «زانستی بایۆلۆژی بەراوردکاری» و «یاساناسی بەراوردکاری» و «مێسۆلۆژیای بەراوردکاری»... تاد(٤)، هەروەها «ڕێزمانی بەراوردکاری زمانە ئەورووپییە لاتینییەکان» لەلایەن (فرانسوا ڕینوارد - ١٨٢١)ـەوە و «فیزیۆلۆژیای بەراوردکاری» لەلایەن (بلان فیل - ١٨٣٣)ـەوە(٥).

لەم کەشوهەوا گونجاو و لەبارەدا، ئەدەبی بەراوردکاری وەکو کاردانەوەیەک بەرانبەر نەشونمای هەستی نەتەوایەتی لە ئەوروپا هاتە کایەوە و لەم ڕووەوە ئەدیبی ئەڵمانی ژۆهان ڤۆن گووتێ (١٧٤٩ - ١٨٣٢) یەکەم کەس بووە بانگەشە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ڕێبازە بکات و هەوڵی ڕیسواکردنی ئەو بۆچوونانە بدات کە ڕەسەنایەتی ئەدەبی باشووری ئەوروپایان بەسەر ئەدەبی (باکوور)دا دەسەپاند(٦).

لەنێوان سەدەکانی (١٦ و ١٧ و ١٨) دا چەندین نووسین دەبینرێت کە ئاماژە بە پێوەندی نەتەوەیەک بەنەتەوەیەکی دیکەوە دەکەن، یانیش کارتێکردنی ئەدیبێک لە ئەدیبێکی دیکە، بەڵام کەم لەو لێکۆڵینەوە و نووسینانە دەگەیشتنە ئەو ئاستە کە بتوانن هەتا بەشێوەیەکی سەرەتاییش بێت - خاڵە سەرەکییەکانی بەراوردکردنی داهێنانەکان شی بکەنەوە(٧)، یانیش بەڕوونی پێوەندییە مێژووییەکانیان دەستنیشان بکەن و ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان ئەدەبی بەراوردکاری لەلایەک و مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی لەلایەکی دیکەوە هەن، باس بکەن(٨).

## بوارەکانی ئەدەبی بەراوردکاری

بواری ڕاستەقینەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەوەیە، کە چاودێری شارستانیەتییەکان دەکات بە ئەدەبەکانیانیشەوە، پاشان کارتێکردنیان لەیەکدی بەدەردەخات(٩).

وەک زانستێکی مرۆیی هەوڵی نوێکردنەوەی فەلسەفەیی دەدات، ئەویش بە ڕێگەی ئەوەوە کە بەشداری لە لایەنێکی چاکسازی پرسە سەرەکییەکاندا دەکات، بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەکرۆکی ئەدەب و زانستی ئیستێتیکای گشتییەوە هەیە(١٠).

بازنەی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لەهێڵە گشتییەکانییەوە بەرەو ئەدەبی نەتەوەییش تەسک دەبێتەوە و ئەوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەمێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە و پەیڕەوکانیش پێویستیان بە ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی هەیە کە لەسەر خاڵی بەیەک گەیشتی ئەدەبی دوو میللەت، یان زیاتر یانیش دەقەکانی دوو ڕۆشنبیری جیاواز ڕابوەستێت و تێیدا

قووڵ ببێتەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بۆ یارمەتیدان و دەوڵەمەندکردنی مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی تەرخان بکات. ئەمە لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەدەبی بەراوردکاری دەتوانێت بچێتە نێو دەقەکانی هەر ئەدەبێکەوە بۆ ئەوەی شتە ڕەسەن و وەرگیراوەکان لەیەکدی جودا بکاتەوە و جۆری تۆوی بیانیش لەپێتاندنی ئەدەبی نەتەوەییدا ئاشکرا بکات.

لێرەدا دەتوانین گرنگترین هۆکارە ئەدەبییەکانی لێکۆڵێنەوە بەراوردکارییەکان لەم چەند خاڵانەدا کورت بکەینەوە: جیهانیبوونی ئەدەب، هۆیەکانی جیهانی بوونەکەی، ئەفسانە و بەها ئەدەبی و مێژوویییەکانیان، چیرۆکە ئایینییەکان، ڕێبازە ئەدەبییەکان، پێوەندی ئەدەبێک بە ئەدەبەکانی دیکەوە، داستان و هونەرە ئەدەبییەکان.(١١)

## سیما تایبەتییەکانی ڕێبازی ئەدەبی بەراوردکاری

هەر لەپەیدابوونی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری لەسەر دەستی (ژۆن ژاک ئەمپیر)ەوە لە ساڵی(١٨٣٠)، کە وەکو زاراوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەش لەنێو وانەکانیدا لە دواناوەندی مەرسیلیا شی دەکردەوە، تاکو ئێستا بوار و مەودای ئەم زانستە هەر لە زیادبوون و فراوانبوونداید و زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتووەتەوە(١٢)، هەرچەندە لەسەرەتاوە چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری لەنێو ڕێبازی لێکۆڵینەوە فەرەنسییەکەیدا پێناسە و شی دەکرایەوە و بەپێی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی هەڵدەسەنگێنرا، تەنانەت ناوونیشانەکەشی بەزمانی فەرەنسی دانرابوو و بۆ زمانەکانی دیکە پاچڤەدەکرا (La literature Comparee)(١٣)، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی (١٩٢٨) کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بۆ مێژووی ئەدەبە هاوچەرخەکان دامەزرابوو و چەندین کۆنگرەی خۆی بەست و ئێستا بە سەرپەرشتی یۆنسکۆیە(١٤). دواتر بێجگە لە فەرەنسا چەند لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە ئەڵمانیا و سویسرا و ئیتاڵیا ئەنجام دران و کتێبی تایبەتیش لەم بارەوە بڵاوکراونەتەوە، تەنانەت گۆڤاری تایبەتیش بەم زانستە دەرکران(١٥).

بازنەی ئەم زانستە فراوانتر بوو و کۆمەڵەی نێونەتەوەیی ئەدەبی بەراوردکاریش دامەزرا و تا ئێستا چەندین کۆنگرەی بەستووە، کە بە سەدان زانا و پرۆفیسۆری ئەم بوارەی تێدا بەشدار دەبن. بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆمەڵەی نیشتمانی لە وڵاتانی دیکەش دامەزران وەکو: فەرەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆریای باشوور، جەزائیر، ڕۆمانیا...تاد (١٦).

لەگەڵ فراوانبوونی بواری ئەم زانستەدا، ڕێبازی لێکۆڵینەوەش پەیدابوون کە بێجگە لە قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی چەندین لایەنی دیکەش هەوڵیان دەدا کەموکوڕییەکانی ئەو پڕ بکەنەوە و بەپێی بۆچوونەکانیان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە قوتابخانەی فەرەنسی نەیتوانیبوو وەڵامیان بداتەوە.

وەکو قوتابخانەی ڕەخنەیی ئەمەریکی و قوتابخانەی دیالیکتیکی (سلاڤی)، بۆ پتر ڕوونکردنەوەی بنەما و ئامانجەکانی ئەم زانستە، بە پێویست زانرا خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەکان دەستنیشان بکرێن:

### یەکەم: خاڵە جیاوازەکان

١- لە نێوان مێژووی پەیدابوونی هەر سێ قوتابخانەدا، جیاوازییەکی کرۆنۆلۆژی لەکار و ئەرکی پەیڕەوکار و لایەنگیرەکانیاندا هەیە. لەسەرەتاوە قوتابخانەی فەرەنسی هەبووە - هەروەکو پێشتر باسمان کرد - و تا ئێستاش بەردەوامە(١٧)، بەڵام قوتابخانەی دیالیکتیکی (سلاڤی) لە (٣٠-٤٠)ەکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی ڤیکتۆر جیرۆمۆنسکی دەستی پێکرد و لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی (داستانە قارەمانییە میللییەکان) ئەنجام دەدا(١٨). قوتابخانەی ڕەخنەیی ئەمەریکیش لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە لەسەر دەستی ڕینێ ویلیک پەیدا بوو، کە لەنێو لێکۆڵینەوەکانیدا بەتوندی ڕەخنە لە ڕێبازی قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی دەگرت(١٩). بەم شێوەیە، هەر لێکۆڵەرێک بەپێی سەرچاوە فەلسەفییەکانی بابەتێک دەستنیشان دەکات و پرەنسیپەکانی یەکێک لە قوتابخانانەکان لە لێکۆڵینەوەیدا پەیڕەو دەکات.

٢- ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەقوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسیدا، ڕێبازێکی مێژوویی ئەزموونگەراییە(٢٠)، کە ئەویش بەدوو شێوازی هاوتەریب، بەڵام لە ڕووی دەست پێکردنەوە بەپێچەوانەی یەکدییەوە ئەنجام

فۆکنەر

دەدرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەلف- ڕێبازی لێکۆڵینەوە، لەسەرچاوە مێژووییەکانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە دوا خاڵی کارەکە کە بەرهەمی دیراسەت کراوەکەیە، وەکو کارتێکردنی ڕۆمانسییە ئینگلیزەکان بەتایبەتی وردزوۆرس لەسەر گرووپی دیوان لە ئەدەبی عەرەبیدا و بۆ نموونە لەسەر (عەباس مەحموود عەقاد).

بێ- ڕێبازی لێکۆڵینەوە، لە بەرهەمە دیراسەت کراوەکەوە دەست پێ دەکات و دواتر بەدوای ئەو سەرچاوە مێژووییانە دەگەڕێت کە کاریان تێکردووە، بۆ نموونە کاتێک بەرهەمەکانی (تەها حوسێن) لە ئەدەبی عەرەبیدا دیراسەت دەکرێت، دەبێت لە بەرهەمی ئەوەوە دەست پێ بکرێت تا دەگاتە سەرچاوە فەرەنسییەکان و لە پێوەندییەکانیان دەکۆڵرێتەوە(٢١).

بەڵام ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەقوتابخانەی دیالیکتیکی (سلاڤی)دا هۆکارە دەرەکییەکان بەشتێکی لاوەکی دادەنێت و پتر پشت بەهۆکارە ناوخۆییەکان دەبەستێت، چونکە بەپێی بۆچوونی ئەوەوە ئەدەب کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە ڕۆشنبیری نەتەوەیی و لایەنێکە لە سەرخانی کۆمەڵ کە ئەویش ڕەنگدانەوەی ژێرخانی هەمان کۆمەڵە و بنەمای ئابووری پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و جۆر و ڕێژەی پەرەسەندنەکانیان دەستنیشان دەکات(٢٢).

لە قوتابخانەی ڕەخنەییدا، دەبێت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تەنیا ئەدەبی بێت و لەگەڵ زانستەکانی دیکەی تێکەڵ ناکات، تەنانەت ئەو بۆچوونانەش ڕەت دەکاتەوە کە جیاوازی لەنێوان ئەدەبی هاوچەرخ و ئەو ئەدەبەی کە لە ڕابردوودا نووسراوەتەوە دەکەن(٢٣).

٣- لەبارەی ئەو بابەتانەی بۆ بەراوردکردنیش هەڵدەبژێردرێن قوتابخانە فەرەنسی تەنیا ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە پەسەند دەکات و دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا کە لەئەنجامی پێوەندی لەنێوان دوو ئەدەبدا بەرهەم هێنراون، ئەگەر هۆیەکانی پێک گەیشتن و کارتێکردن نەدۆزراونەتەوە ئەوە بە ئەدەبی بەراوردکاری دانانرێت، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی بایەخ بە پێوەندییەکان نادات، بەڵکو جەخت لەسەر بەها ئەدەبییەکانی دەق دەکات. قوتابخانەی دیالیکتیکی - سلاڤیش جەخت لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی و ئەو بەرهەمانەی کە لە کەشێکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی وەک یەک لە دوو ئەدەبی جیاوازدا لەدایکبوونە، بەراورد دەکات(٢٤).

٤- قوتابخانەی فەرەنسی زیاتر پشت بە مێژووی ئەدەبی دەبەستێت و لایەنە هونەری و ئیستێتیکییەکان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بەجێ دێڵێت، بەڵام قوتابخانەی ئەمەریکی تیوری ئەدەبی و ڕەوانبێژی بەدوو بواری گونجاو و لەبار دادەنێت(٢٥)، کە شێوازەکانی بەراوردکاری تێدا ئەنجام بدرێت. قوتابخانەی دیالیکتیکیش پتر جەخت لەسەر ژینگەی ئەدەب دەکات، چونکە لەو باوەڕدایە کە پەرەسەندنی ئەدەب بە هۆکارەکانی کارتێکردن و کارلێوەکردنەوە ناوەستێت، بەڵکو لە ئەنجامی پێویستییەکی حەتمی پەرەسەندنی کۆمەڵەوە دروست دەبێت(٢٦).

٥- لە قوتابخانەی ئەمەریکیدا بواری لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان فراوان دەبێت و لە ڕێگەی کەشی دەربڕینی مرۆڤایەتیدا شێوەی هونەرەکانی دیکەش دەگرێتەوە و سنوورەکانیان دەبەزێنێت، بە هەمان شێوە

قوتابخانەی دیالیکتیکیش جەخت لەسەر کەشێکی جیهانی ئەدەب دەکات، بەڵام قوتابخانەی فەرەنسی بەپێی بنەما سەرەکییەکانی کارتێکردن و کارلێکردنەوە لە نێوان دوو ئەدەب، یان چەند ئەدیبدا دەخولێتەوە(٢٧).

٦- مەودای بیرکردنەوەی هەردوو قوتابخانەی ئەمەریکی و دیالیکتیکی بەرەو فراوانی و هاوبەشیکردنی گشت مییللەتان کاردەکەن و پێوەندییەکانیان کراوەن، بە پێچەوانەی قوتابخانەی فەرەنسی کە پتر پشت بەسەنتەرالیزمی ئەوروپی دەبەستێت و ئەدەبی گەلانی دیکە لە پەراوێزی ئەدەبە ئەوروپاییەکاندا دادەنێت(٢٨).

٧- لەسەرەتاوە قوتابخانەی ئەمەریکی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئەدەبی خۆماڵی ئەمەریکایی دەبەست وەکو بەرهەمەکانی فۆکنەر، هەمینگوای، دۆسی باسوس کە ناوبانگیان لەدەرەوەی ئەمەریکاش بڵاوبووەوە، بەهەمان شێوە قوتابخانەی دیالیکتیکی لەسەرەتاوە پشت بە داستانە قارەمانییە میلییەکانەوە دەبەست و لێی دەکۆڵییەوە، بەڵام قوتابخانەی فەرەنسی هەر لەقۆناغە سەرەتاییەکانییەوە هۆکارە مێژوویەکان و هەبوونی دوو زمان بە شتێکی سەرەکی لە کارەکانیدا دادەنا(٢٩).

٨- قوتابخانەی فەرەنسی هیچ بایەخێک بە وێکچووە ئەدەبییەکان نادات، وەکو وێکچوونی شیعری سوارچاکی بۆ نموونە لە ئەلیادەی هۆمیرۆسی یۆنانی و دیوانی عەنتەرەی عەرەبدا، یانیش پەسنی گورگ لەلای شاعیران و لەبواری ئەدەبی بەراوردکاریدا چارەسەرناکات، بەڵام قوتابخانەی ئەمەریکی، هەروەها دیالیکتیکیش سوود لەم لێکۆڵینەوانانە وەردەگرن(٣٠).

**دووەم: خاڵە وێکچووەکان**

١- هەر سێ قوتابخانە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سنووری نەتەوەیی دەبەزێنن و پشت بە سەرچاوەکانی چەند ئەدەبێکی بیانی دەبەستن، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لە بەرژەوەندی ئەدەبی نەتەوەییدا دەمێنێتەوە(٣١).

٢- هۆیەکانی کارکردن لە هەر سێ قوتابخانەدا پێک دەچن وەکو: وەرگێڕان، چۆنیەتی کارتێکردن، گەشت و گەڕان، جۆری وەرگرتن، ڕەوت و بزووتنەوە ئەدەبییەکان...تاد(٣٢).

٣- هەر سێ قوتابخانە بە سەرچاوە و بۆچوون و ئامانجەکانیانیشەوە سەر بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایین، هەندێ جار ئەدەبی بەراوردکاری وەکو ئامرازێک لە ململانێی ڕۆشنبیرییەکاندا بەکارهاتووە، هەرچەندە لەم دواییەدا لایەنگیرانی هەر سێ قوتابخانە کار بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەب دەکەن(٣٣).

٤- هەر سێ قوتابخانە لەو بڕوایەدان کە کار بۆ دەوڵەمەندکردنی بوارەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەکەن، بە تایبەتی مێژووی ئەدەبی و تیوری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام هەر یەکێکیان بە ڕێژەیەکی جۆدا لەوی دیکە کاریگەری و گرنگی خۆیان هەیە(٣٤).

٥- لە هەر سێ قوتابخانەکاندا سنوورەکان بەکراوەیی دەمێننەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی فراوانتر و گشتگیرتر ئەنجام بدرێن و ڕاستییە هاوبەشەکانیش لە ئەدەبە نێو نەتەوەییەکاندا بەدەست بێن لەپێناو گەیشتن بە ئەدەبێکی گشتی، کە ئەویش بوارێکی جودایە لە ئەدەبی بەراوردکاری(٣٥).

٦- هەر سێ قوتابخانە هەموو بابەتەکانی ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی سەرزارەکی، ئەگەر مەرجەکانی بەراوردکردن تێدا بێت، دەخەنە نێو ڕێبازەکانیان(٣٦).

٧- هەرسێ قوتابخانە مەرجی تایبەت بۆ لێکۆڵەری بواری ئەدەبی بەراوردکاری دادەنێن و دەبێت پێوەی پابەند بێت و لەکارەکەیدا جێبەجێیان بکات لەوانە: دەبینێت خاوەن کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری ئۆرگانیک بێت و ڕەخنەگرێکی پتر لە ئەدەبێک و مێژوونووسێکی ئەدەبی زیاتر لە نەتەوەیەک بێت(٣٧).

٨- بێجگە لەم سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکارییە، چەندین ڕێبازی دیکەی نوێ پەیدا بوونە وەکو ئەوانەی پشت بە تیوری وەرگرتن، یان بنیادگەری، یان سیمیائی، یان هەڵوەشاندنەوە، یان تیوری تێکستۆلۆژی دەبەستن(٣٨).

هەرچەندە زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوان هەر سێ قوتابخانەدا هەن، بەڵام جێگای یەکدی ناگرنەوە، هەموویان بە پێی بوار و دەرفەت لایەنگر و پەیڕەوکارانی خۆیان هەن، بۆ نموونە لێکۆڵەری سەرەتایی پتر پەنا دەباتە بەر قوتابخانەی فەرەنسی، چونکە کە توانی

پێوەندە مێژووییەکانی دوو بابەت بدۆزێتەوە ئەوە کارەکەی ئاسان دەبێت و تەنیا پراکتیزەکردن دەمێنێتەوە.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان دەکرێن:

١- هەر سێ قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسی، سلاڤی، ئەمەریکی سنووری وڵاتەکانیان دەبەزێنن و لەزۆربەی وڵاتانی دیکە پەیڕەو دەکرێن، بۆیە باشتر وایە ئەو بۆچوونە پەسەند بکرێت کە بە قوتابخانەی مێژوویی، دیالیکتیکی ماتیریالی، ڕەخنەیی ناوببرێن.

٢- بێجگە لەو سێ قوتابخانە سەرەکییانە، چەندین قوتابخانەی دیکەش هەن کە بایەخ بە ئەدەبی بەراوردکاری دەدەن و بەردەوام تیوری نوێش سەرهەڵدەدەن، دوا تیوریان ئەوەیە کە هەوڵ بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ڕەخنەیەکی تایبەت بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە دەدرێت، چونکە هیچ زانستێک بە بێ ڕەخنە پێش ناکەوێت.

٣- هەموو قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکانیاندا هەندێ جیاوازی هەیە و هەر یەکێکیان خۆ بە فەلسەفەیەکی تایبەت، یانیش تیورێکی ئەدەبییەوە دەبەستێتەوە، بۆیە جیاوازیش لە نێوان هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی ڕێبازەکانیاندا هەیە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا، بەڵام هەموویان لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا لەیەکدی نزیک دەبنەوە، بەتایبەتی لە چاودێری شارستانییەکان و هێنانەدی ئەدەبێکی جیهانی.

٤- هەموو بابەتەکانی ئەدەبی بەراوردکاری سنووری نەتەوەیی دوو ئەدەب، یان بواری ڕۆشنبیری دوو دەق تێدەپەڕێنن.

٥- لە هەموو قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا، پرۆسەی بەراوردکردن وەکو ئامرازێکی مەعریفی بەکاردێت.

٦- قوتابخانەی ئەمەریکی بایەخ بە ڕوخسار دەدات و لەلایەنی ئیستێتیکی دەقەکە دەکۆڵێتەوە، بەڵام قوتابخانەی دیالیکتیکی ماتیریالی بایەخ بە ناوەرۆکی دەقەکە دەدات و قوتابخانەی فەرەنسیش پتر بایەخ بە پێوەندییەکانی دەرەوەی دەق دەدات، ئەوانەی کە بوونەتە هۆی کارتێکردن و کارلێکردنەوە.

**پەراوێزەکان:**


**١- د. محمد التونجي، المعجم المفصل في الادب، ص٧٠.**

**٢- د. عباس العباسي، دراسات مقارنه بين الادب الفارسي و الاداب الاخرى، ص١.**

**٣- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ص٥٠.**

**٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.**

**٥- دانييل هنري باجو، الادب العام و المقارن، ت: غسان السيد، ص١٣.**

**٦- د أحمد درويش، الادب المقارن - النظرية و التطبيق، ص١٥. هەروەها/ د.داود سلوم، في النقد المقارن و الدراسات النقدية، ص٧.**

**7- J.A.Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, P142.**

**٨- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ص١٨.**

**٩- د. داود سلوم، دراسات في الادب المقارن التطبيقي، ص١٣.**

**١٠- الكساندر ديما، مباديء علم الادب المقارن، ت: د. محمد يونس، ص١٥.**

**١١- د. محمد التونجي، المعجم المفصل في الادب، ص٦٩.**

**١٢- د. احمد درويش، ص١٩. / هەروەها: الادب العام و المقارن، ص١١.**

**١٣- د. أحمد درويش، الادب المقارن، ص٢٠.**

**١٤- د. محمد غنيمي هلال، ادب المقارن، ص٤٣١.**

**١٥- د. داود سلوم، في النقد المقارن و الدراسات النقدية، ص٧.**

**١٦- الكساندر ديما، مباديء علم الادب المقارن، ص٥٣.**

**١٧- د. عبده عبود، الادب المقارن، ص٢٦.**

**١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣. د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص٣٠.**

**١٩- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص٣٠.**

**٢٠- د. عبده عبود، الادب المقارن، ص٢٦.**

**٢١- د. أحمد درويش، الادب المقارن، ص٢٢.**

**٢٢- د. عبده عبود، الادب المقارن، ص٤٠.**

**٢٣- رينيه ويليك و اوستن وارين، نظرية الادب، ت: محي**

الدين صبحي، ص٨.

٢٤- د. عبده عبود، الادب المقارن، ص٤٥.

٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

٢٧- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ص١٩.

٢٨- د. عبده عبود، الادب المقارن، ص٣١.

٢٩- رينيه ويليك و اوستن وارين، نظرية الادب، ص٥٠.

٣٠- ف. م. جيرومسوسكي، الدراسات الادبية المقارنه، ص٢٦٤.

٣١- د.حسام الخطيب، الادب المقارن حاضن فكرة العالمية، ص١٦.

٣٢- د.ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص٣٠.

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١./ هەروەها جبور عبدالنور، المعجم الادبي، ص٣١٧.

٣٤- د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي، ص١٠.

٣٥- دانييل هنري باجو، الادب العام و المقارن، ص٢٦٧.

36- NTC's Dictionary of Literary Terms, P40.

٣٧- د. داود سلوم، دراسات في الادب المقارن التطبيقي، ص١٥-١٦.

٣٨- د. عبده عبود، الادب المقارن، ص٥٤.

سەرچاوەکان:


١-أحمد درويش(الدكتور)، الادب المقارن - النظرية و التطبيق، ط٤، دارالفكر الحديث للطباعة والنشر، القاهرة ١٩٩٧.

٢- الكساندر ديما، مباديء علم الادب المقارن، ت: د.محمد يونس، دار الشوؤن الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٧.

٣- داود سلوم (الدكتور)، في النقد المقارن و الدراسات النقدية، مطابع دار الكتب و النشر، جامعة الموصل ١٩٦٧.

٤- داود سلوم (الدكتور)، دراسات في الادب المقارن التطبيقي، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٤.

٥- دانييل هنري باجو، الادب العام و المقارن، ت: غسان السيد، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق ١٩٩٧.

٦- حسام الخطيب (الدكتور)، الادب المقارن حاضن فكرة العالمية، مجلة عالم الفكر، العدد١ يونيو ٢٠٠٥.

٧- رينيه ويليك و أوستن وارين، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، مراجعة د. حسام الخطيب، المؤسسة العربية ل للدراسات و النشر، بيروت ١٩٨٧.

٨- عباس العباسي (الدكتور)، دراسات مقارنة بين الادب الفارسي والاداب الاخرى، مقال منشور عل الموقع الالكتروني
http://arsik.ir/pages/programs/literature/885-1.htm.

٩- عبده عبود(الدكتور)، الادب المقارن - مشكلات و افاق، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق ١٩٩٩.

١٠- ف.م. جيروموسكي، الدراسات الادبية المقارنة، ت: د. عزالدين مصطفى رسول، ج١، السليمانية ٢٠٠٠.

١١- محمد التونجي (الدكتور)، المعجم المفصل في الادب، ج١، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٩٩.

١٢- محمد غنيمي هلال (الدكتور)، الادب المقارن، ط٣، دار العودة و دار الثقافة، بيروت ١٩٨١.

١٣ - ميجان الرويلي و سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ط٣، المركز الثقافي العربي، بيروت ٢٠٠٢.

14- J.A. Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books, 1997.

15- Kathleen Morner, NTC's Dictionary of Literary terms, New York 1998.

# خوداوەندی ناکام

## «چەند نیگایەک لەبارەی ژیان و شیعری بابا تاهیر»

**ئەکرەمی میهرداد**
**(سلێمانی)**

لە دامـێنی دڵرفـێن و بە بژوێنی کـێـوی ئەڵوەند، ویژدانێکی ڕۆشن و جـیـهـان دیدەیەکی شـەیدا و کۆچەرێکی زانا نالەی دەردەکانی لەگەڵ خوڕەی جوێباران و ئاهەنگی شـەمـاڵی مـیـوان ئاوێتـە دەکـرد و لەگـەڵ باڵندەکـانی بەهاراندا هاوڕاز و هاوئاواز بوو. شکۆی ئاگـرین و نەغـمـەی گـیـانسـۆزی ئەو دەبوونە شـیـعـر و حیکمـەت و گیانی مـاندووی دەردەدارانی دەلاواندەوە و ئەسرینەکانی تێکەڵ بە ژیان و ئەوینی هەمووان دەبوون.

**غوبار گرتوویە ئەم هەردە، بڵێم چی؟**
**کە دڵ کەیلی غەم و دەردە، بڵێم چی؟**
**گوڵێکم چاند لەبەر دامانی ئەڵوەند**
**لە بەختی من ئەویش زەردە، بڵێم چی؟(١)**

ژیان و ڕەوش و شیعری ئەو، سادە و سروشتی بوون و لە هەر شـێـوازێک لە ئاڵۆزی و پەردەپۆشی بێ بەری بوون، هەر بۆیەش خەڵکی زانا و سادە، شاری و دێهاتی سروود و ئاوازەکانی ئەویان لەبەر بوو. ئەو هێندە ئازاد بوو کـە لە هەمـوو شت (بێـجگە لە شـیـعـر و زانایی و شـــەیدایی و ســـووتان) دامـــاڵرا بوو، هەر بۆیەش نازناوی(عـوریان)ی کـردە ناوی شـاعـیـری و ڕوحی درەخـشـانی هێندە پاک و بێگەرد بوو، هەر وەکـو ناوی ئەو کە (تاهیر) بوو.(٢)

**بۆچی ناوونیشانی (خوداوەندی ناکام)؟**

بابا تاهیـری عـوریان و هەمـەدانی و لوڕ، هەر وەکـو زۆرێک لە شارەزایان و سەرچاوەکان باسی دەکەن زانا و عارف و شاعیر و ناودار و خاوەن پلە و پایەی مەینەوی باڵا بووە. ئەو لە لای دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی و لە ناو پەیڕەوانی ئایینی یارسـانی ناوچەی هەمـەدان و ئەڵوەند، دارای پایەی خـاوەن شـایسـتـەیی جێگای ڕێز بوو. لە هەمان کاتیشدا پیاوێکی شارەزا و خوێندەوار و ڕووناکبیر و لێهاتوو بووە و شیعر و بەرهەمەکانیشی گـەواهی تەواوی ئەمـە بە دەسـتـەوە دەدەن، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانە عاشق، شەیدا، کۆچەر و دەربەدەریش بووە، هەر بۆیەش سەرئەنجام ژیانی ناکامی لە سنووری کەسێتی لە ڕەوشی گشتیشدا بە نسیب بووە. ئەو هێندە ناودار و پایە بڵند و خاوەن شایستەیی بووە کە دەشێت بڵێین زۆر پاک و بێگەرد و نورانی بووە، سـەرچاوەکـان باس لەوە دەکـەن کە سـوڵتـانی سـەلجـووقی دێتـە دیداری و دەسـتی مـاچ دەکـات و داوای ڕاوێژی لێ دەکـات و لە هەمـان کاتیشدا ناوی ئەو لەگەڵ ناوی (ئەبوو سەعید ئەبولخەیر) و(عەین ئەلقـوزات)ی هەمەدانیدا دێت. ئەبووسەعید و عەینولقۆزات لە سەردەمی خۆباندا بە هێمای لێبوردن و نەیاری لە بەرانبـەر دەمـارگـیـری و کـوێر باوەڕی و بە

**باباتاهیری هەمەدانی**

نەیارانی دەمارگیری ناسراو بوون. لە نەیشابوور کۆمەڵێک پیاوانی ئایینی فتوای کوشتنی ئەبووسەعیدیان دا و ئەوان لە نامەیەکدا کە بە نیازی مۆڵەت وەرگرتن بۆ کوشتنی ئەبووسەعید ناردبوویانە دەرباری غەزنەین، نووسیبوویان «پیاوێک هاتووەتە ئێرە بانگەوازی سۆفیەتی دەکا، بەڵام مەجلیس و میوانداریی گەورە ساز دەکات و لەسەر مینبەر شیعر دەخوێنێتەوە و ئەخبار و تەفسیر نالێ، لەگەڵ گەنجەکان سەما دەکا»، شیعر خوێندنەوەی ئەبووسەعید، بە بەڵگەیەک دانرا بوو بۆ نیشاندانی ئەوەی کە لە دین لای داوە، ئەمەش لایەنی هاوبەشی ئەبووسەعید و باوە تاهیرە.

عەینولقوزاتی هەمەدانی کە وەکو مەنسوری حەللاج بێ پەروا قسەی دەکرد، ئەگەرچی تا ماوەیەک بە هۆی پشتیوانی گەورە دەسەڵاتدارێکی سەردەمی خۆی دەیتوانی بە ئازادی بیروڕای خۆی دەربڕێ کە بناغەی باوەڕە خورافییەکانی سەردەمی خۆی دەبردە ژێر پرسیار و گومانەوە، سەرئەنجام کەوتە بەر غەزەب و فتوای کوشتنی درا و دوای ماوەیەک لە زیندان لە شەوی چوارشەمەی ٧ی مانگی جەمادی ئاخری ساڵی ٥٢٥ کۆچی، لە هەمەدان لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا لە دار درا، عەینولقوزات لایەنگیری فەلسەفەی ئیشراق بوو.

جێگای سەرنجە کەسێکی وەک عەینولقوزات کە بە فتوای کۆنە پەرستان کوژرا، بەڕێز و ستایشەوە لە بابا تاهیر دەدوێ و کەسێکی وەکو ئەبوو سەعیدیش کە لە مێژووی سۆفییاندا بە نموونەی خاکەرایی و دڵگەورەیی و دڵنەوایی دەناسرێ و لە بەرانبەر دەمارگیریدا خەباتی کردووە، بە پیر و موورادی بابە تاهیر دادەنرێ. سەرەنجام بابا تاهیر لە لایەک قوتابی و شاگردی ئەبووسەعید و لە لایەکی دیکەش مامۆستا و ڕابەری عەینولقوزات.(٣)

هەروەها باوە تاهیر لە ناو پەیڕەوانی ئایینی ئەهلی حەق (یارسان)دا پلەی (بابا)ی پێدراوە کە هێمایە بۆ ئەوەی کە بەرجەستەکاری (شاخوشێن) و لە ئایینی ئەهلی هەقدا هەر یەکێک لە ڕابەرانی سەردەم چوار بەرجەستەکاری پیاو (بابا) و یەک بەرجەستەکاری ژنی (ماما) هەیە، کە باوە تاهیر یەکێکە لە بابەکانی شاخوشێن و کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) کە پەیامی ئەهلی هەقە لە ئایینداە لەو سەردەمەدا هەر وەکو هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن، لە لایەن بابا تاهیرەوە نووسراوە کە بە (دەورەی شاخوشێن)، یان (دەورەی بابا تاهیر) ناسراوە.(٤)

هەموو ئەم بەڵگانە و بە گەواهی زۆرێک لە سەرچاوەکانی مێژوو و نووسین و لێکۆڵینەوەی شارەزایان و ناودارانیش ئەوە دەسەلمێنن کە بابا تاهیر ئەستێرەیەکی درەوشاوە، شایستەیەکی بە ناوبانگ و خوێندەوار و لێهاتوویەکی کارامە بووە کە ئەم تایبەتمەندییانە ئەو دەبەنە پایەی هەرە بەرزی سەردەمی خۆی، لەگەڵ هەموو ئەم پلە و پایە و ناوبانگ و نازناوەدا، بەڵام بابا تاهیر ژیانی عوریان و کۆچەری و ژیانی بێ نیازی دوور لە خەڵک و لە دەشتو دەر ژیان هەڵدەبژێرێ و ناوەرۆکی شیعرەکانیشی بەیانی هەموو ئەمانە دەکەن.

**من ئەو ڕەندەم کە پێم ئێژن قەلەندەر**
**نە ماڵم هەس، نە حاڵم هەس، نە لەنگەر**
**کە ڕۆژ دادێ لە دەوری ماڵەکەی تۆم**
**کە شەو دادێ وەخشتێکی دەکەم سەر.**
**مەلێ بم سەر چیاکانیش وەتەن بێ**
**بە باڵ بفڕم بۆ هەر لایەک چەمەن بێ**
**نە هێزێکم هەیە ئێستا نە سامان**

**مەگەر بمرم پەڕوبالّم کەفەن بێ.(٥)**

بەڵام هۆکار و بەڵگەی دڵنشینی خۆم بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناوونیشانە(خوداوەندی ناکام) سەلماندنی ئەوەیە کە بابا تاهیر وێڕای ئەوەی کە ناوداره، پله و پایەی ڕەسمی و خەڵکی هەبووە، نووسەرێکی شارەزاو شاعیرێکی شەیدای سەردەمی خۆی بووە و ناوبانگیشی بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی هەتا ئێستا ماوەتەوە، دەتوانین بڵێین کە لە زانین و هەڵوێستدا کەسێکی ڕووناکبیر بووە. بەڵگەکانی خوێندەواری و شارەزایی بابا تاهیر لە زەمینەکانی ئایین، کۆمەڵایەتی، ئەدەب و بابەتەکانی دیکەی سەردەمی خۆی لە لای هەمووان و لە ڕێگەی سەرچاوەکانی مێژوودا ئاشکرا و بەرچاوە، بەڵام ڕەوشی بابا تاهیر، یان کەسێتی ئەو لە هەڵوێست و مامەڵەدا لایەنی درەخشان و پڕشنگداری ئەو وەک ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی لە مێژوودا دەمێنێتەوە، چونکە «ڕووناکبیر کەسێکە خاوەنی هێزێکی زیهنی و بیرکردنەوەیە، بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندن و بەرجەستە کردنی پەیام، تیوری، ڕوانگە، فەلسەفە، یان ئەندێشەی خۆی بۆ هەمووان و بە هەمووان تێدەکۆشێ»(٦).

بێ گومان هەر کەسێک شارەزا، یان ئاگادار بێت لە ژیان و بەرهەم و باوەڕی بابا تاهیر، دەزانێت کە بابا ئەم هەڵوێستە ڕووناکبیرییانەی سەردەمی خۆی هەبووە و لە هەموو بوار و زەمینەکانی ژیاندا خاوەن پەیام و ڕوانگە و هەڵوێست بووە.

**اگر دستم برسد بر چرخ گردون**
**از او پرسم که این چونست و آن چون**
**یکی را دادەای صد گونه نعمت**
**یکی را نان جو آلوده در خون.(٧)**

**مکن کاری که بر پا سنگت آید**
**جهان با این فراخی تنگت آید**
**چو فردا نامه خوانان نام خوانند**
**تو را ز نامه خواندن ننگت آید.(٨)**

ڕوانگە و هەڵوێستی ڕووناکبیرانەی بابا تاهیر وەکو کەسێکی دانا و شایستە، گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەو بەبێ ئەوەی نیازێک، یان مەبەستێکی کەسێتی، یان پێشوەختی بووبێت لە هەموو ئەو بوار و زەمینانەدا بەشداری و بیریاری نواندووە و لە بەرانبەریاندا، ئەگەر پێویست بوو بێت، کاردانەوەی نواندووە و لە دیدگای گشتی بەرژەوەندی و سوودی هەموواندا ئەو ڕەوشەی بەڕێوە بردووە. لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆیی ڕوانگە و بیروباوەڕەکانیشی پاراستووە، ئەگەرچی هەمیشە لە دەرد و ڕەنجەکانی دەوروبەردا بەشدار بووە. لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا پرسی دیکە ماون کە وا لە بابە تاهیر دەکەن بەرەو ژیانی ناکامی، یان درەخشانترین وێنای ئاوارەیی بڕوات و ئەو ئاوارەیی و ناکامی تایبەتی خۆی دوور لە خەڵک لە هەموو شت خۆشتر ویستووە و هەتا کۆچی دواییشی دوای تەمەنی تا ڕادەیەک زۆر بەو شێوەیە ژیانی بردووەتە سەر، تەنانەت لە دنیای عەشق و دڵداریشدا ئاوارە و ناکام دەمێنێتەوە و لەگەڵ یارەکەی پێوەندی ژن و مێردایەتییان نابێت و لەسەر ڕاسپاردەی شاخوشێن هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە بابا تاهیر و فاتمە لوڕە دەبێت وەکو لەیلا و مەجنوون لە ڕۆژی قیامەتدا ببنە هاوسەر.(٩)

**مو درویشم لکم اعجاز دیروم**
**مو دوسی چون خوشین دمساز دیروم**
**مو معشوقی و نام فاتمه لور**
**صنوبر قامت و پرناز دیروم.(١٠)**

یان لە دوو بەیتییەکی تایبەت بۆ شاخوشێن:

**هرکی شاهش توئی حالش همینه**
**اسرینش خشت و بالین زمینه**
**جرمم اینکه که تو را دوست دیروم**
**هر کی دوستش تەئی، حالش چنینه!**

ئیدوارد سەعیدی بیرمەند و خاوەنی کتێبی (نقش روشنفکر) لە بەشی کۆتایی ئەو کتێبەیدا بە ناوی (خودایانی هەمیشە ناکام) کەدیارە مەبەستی لە ڕووناکبیرانە، ئەم تایبەتمەندیی ناکامی و ئاوارەییانە بۆ ڕووناکبیران ناو دەهێنێ، درەخشانترین وێنای ئاوارەیی شاعیر، هونەرمەند، یان ڕووناکبیر، نەیارانی هاو ئاراستە بوونی گشتی، ئەوان هەمیشە لە نێوان تەنیایی و پابەندیدا وەستاون، هەڵبژاردنی ژیانی مەنفا و جێ گرتن لە پەراوێزدا، نەبوونی سەرپەنا، هیوایەت (ئاماتۆر) و دواکەوتنی چێژی بیرکردنەوە و سەرەنجام وتنی ڕاستییەکان. دە ئێوە بڵێن تەواوی ژیان و شیعر و بەرهەم و بڕوای بابا تاهیر بەو جۆرە نەبووە، ئایا ئەو لە لووتکەی ناوبانگ و ناوداریدا بەرەو مەنفاکەی خۆی نەچووەتەوە کە کوخەکەی دەشتو دەرێتی کە ئێستا بووەتە

ئیدوارد سەعید

شوێنی ئارامگاکەی. ئایا ئەو لەوپەڕی خۆشەویستی بۆ فاتمە لوڕە، یان (بی بی فاتمە) لێی دوور نەکەوتۆتەوە؟ ئایا ئەو سەرەڕای دڵبەستەیی و خۆشەویستی بۆ خەڵک، دوور لەوان نەژیاوە و بیری نەکردووەتەوە؟ هەموو ئەم بەڵگە و ژیاننامە و بەرهەم و باوەڕانە ئەو ناکەن بە (خوداوەندی ناکام)؟

**دڵم شەیدایە، وێڵی دەشتو دەرما**
**بە بای عیشقت، نە باڵم ما، نە سەرما**
**بە من ئێژی سەبووریت بێ سەبووری**
**سەبووری کردی ئەم هەڕگە بە سەرما.**

**بە گیانمدا گەڕا سێ دەرد بە یەکجار**
**غەریبی بوو، ئەسیری بوو، غەمی یار**
**غەریبی و ئەسیری چارەیان دێ**
**غەمی یار و غەمی یار و غەمی یار.**

**ئەمن ئەو زامدارەکەی بێ ماڵ و حاڵم**
**من ئەو مارانگەزەی ڕۆژگاری تاڵم**
**ئەمن ئەو دڕکو داڵی وشکی دەم«با»م**
**بە دەم زریانەوە سەحرا دەماڵم.**

**قەدەر وا بوو سەر بێنم نە سامان**
**پەرێشان هاتمە دنیاوە، پەرێشان**
**پەرێشانی جیهان گشت چوونە ژێر خاک**
**لە خۆڵی وان قوڕی من هاتە شێلان**

**غەمی عالەم لەسەر شانم قەڵایە**
**بە دەردی من، فەراغەت کیمیایە**
**هەموو دەردێک، دەبێ دەرمانی ڕۆژێک**
**دڵی من نا، کە دەرمانی بەڵایە.**

### نیگاکان بۆ شیعری بابا تاهیر

بابا تاهیر بەبێ ئەوەی خۆی بڕەنجێنێ، یان زۆر لە خۆی بکات، بە شێوەی سروشتی و تایبەتی خۆی، سادە و ڕوون شیعرەکانی دەسروودانە و ئەو هەر وەکو نازناوەکەی(عوریان) وشەکانی ڕووت دەکردەوە و بەو شێوەیە زۆر سادە و ڕوون سروشتی لە شیعردا دەهۆنییەوە. ئاوازەکانی ئەو هەر وەکو گوڵان و گژ و گیای دەشتو دەر و لالەکانی کوێستان سادە و دڵاوێز بوون و هەر وەکو شەماڵ و خوڕەی ئاوی جوێباران نەرم و شەفاف بوون.

**بە دەریا بنگەرم دەریا تە وینم**
**بە سەحرا بنگەرم سەحرا تە وینم**
**بە هەر جا بنگەرم کوە و دشت و در**
**نیشانی از قامت ڕەعنایی تە وینم!**

**شەماڵ ئەو دەم کە عەتری بسکی تۆی بێ**
**لە سونبۆل خۆشترە بۆنی کە دەڕژێ**
**کە شەو دەگرم خەیاڵی تۆ لە ئامێز**
**بەیانی بۆنی گوڵ لەو جێگەیەم دێ!**

داریوشی ئاشووری لە کتێبی (شیعر و ئەندیشە)دا بەم جۆرە باسی شیعری «سوهرابی سپێهری» دەکات: شیعری سوهرابی سپێهری بێ زینەت و ئارایشە، بەڵام ئەمە لە کاری ئەو دا کەمایەسی نییە، بەڵکو بە یەک مانا بەهرەیە لە کاری ئەو. ئازاد بوون و هەڵاتن لە ئاڵۆزییەکانی هۆنینەوەی شیعر، هاوڕێیە لەگەڵ ئەو مانایە کە دەخوازێ بیکاتە پەیام. لە شیعری ئەودا مانای

قووڵی زۆر و ئاڵۆزی لە قسەدا کەم، یان نەبوو.(١١)

کە دەڕوانینە شیعرەکانی بابا تاهیر بێ گومان هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی زمانی شیعری دەبینین کە ئاشوری سەبارەت بە سوهراب باسی کردوون، ئەم ڕێبازەش یەکێکە لە ڕێبازە کۆنەکانی شیعری ئێرانییە، هەر لە بابا تاهیر و خەییام و حافز و سەعدی و مەولانا هەتا دەگاتە نیما و فرووغی فەروخزاد و سوهراب و تا سەرەنجام دەگاتە لای ئەحمەدی شاملو، بەڵام داهێنەری و مەزنی بابا تاهیر لەوە دایە کە ئەو لە سەرەتاوە و بۆ یەکەمین جار لەم ڕێبازەدا نەکەوتە داوی ئاڵۆزی و کەمینی نەگەیاندنی مانا لە شیعردا، هەر بۆیە لەم زەمینەدا هەر وەکو لە زەمینەکانی دیکەشدا بابا تاهیر دەبێتە دامەزرێنەر و کۆنترین و بە ناوبانگترین شاعیری دێرینی کورد و ئێران و هیچ کەس لەو دلێرانەتر و بێ پەرواتر لە ڕێگەی شیعر و شاعیریدا ڕێوان نەبووە. لە هەمان کاتدا، هۆشیاری بابا تاهیر لە پەیامی مێژوویی و سەر سپاردنی ئەو بەو پەیامە، ئەو لە پایەیەکی مەزندا ڕادەگرێت کە بیرکردنەوەکان لەبارەی ئەوەوە، دەبنە بنەماکانی سەرەتا و ئاراستەی مێژوویی و شیعر و مانای ئەو، زمانی ئەو و شیعری ئەو لە ناوماندا لە بڵنداییدا دەهێڵێتەوە.

دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر لە زەمینەی زمان و سروودانی شیعردا ئەو شیعرانەی کە هەمووان تێیان دەگەن و خوێندەواران و شارەزایانیش پەسەندی دەکەن و لە ستایشیاندا چەندین بابەت و لێکۆڵینەوە نووسراون. لە سەدە کۆنەکاندا و لە سەردەمی ساسانی و مێژووی دوای ئەو سەردەمەش بەم جۆرە شیعرەیان دەوت (پەهلەویات) کە عەرەب کردوویەتی بە(فهلوی)، یان (فهلویات). «بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە سەرچاوەکاندا هەن ئێرانییەکانی ناوەند و ڕۆژئاوای وڵات لە کۆنەوە بەم شێوەیە شیعری سادەی زمان و خاوەن مانای بە هێزیان وتووە و لە هەندێک لەسەر چاوە فارسییەکاندا بەم شێوە شیعرە وتراوە چوارینە. لەنێوان ڕۆژهەڵاتناساندا کەسانێک هەبوون کە لێکۆڵینەوەیان لەم بارەیەوە کردووە و بەم چوارینە، یان دوو بەیتییانەیان وتووە(هەزەج موسەدەس مەحزوف).(١٢)

ئەم شێوەیەش لە سروودانی شیعر بۆ ئاواز و گۆرانی، ئاسان دەبن، هەر بۆیە شیعرەکانی بابا تاهیر و خەییام لە ناو خەڵکدا بە ئاسانی بڵاو بوونەتەوە.

### وێنای شیعری بابا تاهیر

زۆر گرنگە و گەلێک مەزنە بە زمانی سادە و سروودانی سروشتی بتوانی وێنای شیعری بەریتە ئاستێکی گرنگ و باڵاوە. بابا تاهیر لەوانە بوو، بەڵام ئەو نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر بەو شێوەیە وێنای شیعری کێشاوە، شیعرەکانی بابا تاهیر، یان وێنای شیعری ئەو یەکسەر وتە جوانەکەی گاستۆن باشلارمان بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێت: کەسایەتی شاعیر لەو بابەتانەدا نییە کە باسیان دەکات، بەڵکو لە وێنا کردنی ئەو شیعرانە دایە کە دەیانکاتە وێنەی شیعری.

بە بڕوای من، هەر وەکو لە سوریالیزمەوە فێر بووم، وێنای شیعر، بە تایبەتی وێنای شیعری لەلای بابا تاهیر دەبێتە: خەیاڵ وێنای ڕاستینە لە شیعردا، واتە خەیاڵ، یان وێنای شیعری بابا تاهیر، یان خەیاڵێکی ڕاستترە لە واقیع، یان سەروو واقیع (super Realism)

**بەڵا، ئەی جوان، ڕەمزێکە لە باڵات**
**جنوون وەسفێکی سەرپایی لە سەودات**
**گومانی وەم لە سەنعەتکاری تۆیە**
**بە پەنهان چاوی دەبڕێتە تەماشات.**

**لە دڵ نەخشی جەمالت لا نەچێ یار!**
**خەیاڵی خەتوخاڵت لا نەچێ یار!**
**لە دەوری چاو، موژەم کردووە پەرژین**
**لەبەر چاوم خەیاڵت لانەچێ یار!**

**لە خۆشاوی ترێ خۆشە هەناوم**
**لە یاری نازەنین بۆ هەڵبڕاوم؟**
**کە من بێ بەش لە تینی ئاگرت بم**
**ئەدی بۆ دووکەڵی دەرد بێتە چاوم؟**

**گڕی عیشقت لە گیانم سەر دەرێنێ**
**لە جەستەم خۆڵەمێشێ جێ دەمێنێ**
**نەمامی میهری تۆ ببڕن لە جەرگم**
**لە سەد لاوە پەلی تازە دەهێنێ**

**دو زولفونت بود تار ربابم**

**چه میخواهی ازین حال خرابم**
**که تو با مو سر یاری نداری**
**چرا هر نیمه شو آیی به خوابم**

**له خێڵی سووته دڵانم، چۆن نەناڵم**
**له هۆزی بێ حاسڵانم، چۆن نەناڵم**
**لەسەر گوڵ نیشتووە بلبل دەناڵێ**
**کە لێم دوورن گوڵانم، چۆن نەناڵم!**

**مانای شیعر، یان بابەتەکانی شیعری بابا تاهیر**

(شارل بۆدلێر) شاعیر و بیرمەندی سەدەی نۆزدەی فەرەنسی و کۆچەر و قەلەندەرێکی وەکو بابا تاهیر دەربارەی شیعر کورتترین، بەڵام پڕ ماناترین ڕستەی هەیە کە ناوی ناوە (ئاوێزانی جوانی و هەڵوەرین)، لەلای ئەو شیعر هەر وەکو عیشق لە نێوان دوو جەمسەری (جوانی) و (هەڵوەرین)دا ئاوێزان دەبن و سەرەنجام مانای مەبەست، یان مانا و وێنای شاعیرانە بۆ عیشق و شیعر پەیدا دەبن. بەشێکی زۆری شیعری بابا تاهیر بەراوردی نێوان ئەم دوو جەمسەرەیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە باوە تاهیر نزیکەی هەشت سەد ساڵ پێش شارل بۆدلێر ئەم ناوەرۆکە گرنگەی لە شیعردا بەیان کردووە.

**خودا بیباتەوە بۆ خۆی دڵی زار،**
**لە دەستم نایە من تیماری بیمار.**
**ئەمن نەمزانی لەعلی لێوی بۆچی**
**بە خوێنم تینووە، خۆی هێندە ئاودار.**

**خودایە خەستە و زارم لە دەست دڵ**
**شەو و ڕۆژ گیان بە ئازارم لە دەست دڵ**
**لە دەست دڵ من، لە دەست من دڵ دەناڵێ**
**نەبێ یا ڕەب، کە بێزارم لە دەست دڵ.**

**اگر دل دلبر و دلبر کدام است**
**اگر دلبر دل و دل را چه نام است**
**دل و دلبر به هم امیته وینم**
**نزونم دل که دلبر کدام است؟**

یەکێکی دیکە لە مانای شیعری، یان بابەت و ناوەرۆکی شیعری بابا تاهیر، مانای تایبەتییە بۆ شاعیر، یان ڕووناکبیر، واتا بابا تاهیر وێڕای ئەوەی کە شیعر و نووسینی بۆ بابەتە گشتییەکان هەیە، بەڵام ئەوەشی بیر نەچووە کە مانای تایبەت بە شاعیر و ڕووناکبیر بکاتە بابەتی شیعری. مانای تایبەتی شاعیر، یان ڕوانگەی تایبەتی ڕووناکبیر، ئەو دیدگایانەن کە، یان کەسانی دیکە نیانە، یان تێیان ناگەن، یان بەرگەی ئامانجەکانیان ناگرن، بەڵام بابا بەوپەڕی بەرگەگرتن و یەقینی زانینەوە ئەو ناوەرۆکانە باس دەکات و لە شیعردا دەیان سروود دێنێ:

**کە بمکوژی، بە پەیکانت، چ پەروات؟**
**دەرم کەی گەر لە کۆڵانت، چ پەروات؟**
**لەتێکم دڵ هەیە، قەت نیمە پەروا**
**دڵی عالەم لە دامانت، چ پەروات؟**

**چ دڵ چەشنی دڵی پڕژانی من نین**
**چ غەم چەشنی غەمی هیجرانی من نین**
**ئەگەر دەریایە، گەر هەوری بەهاران**
**حەریفی چاوی پڕ گریانی من نین**

**بسر غیر ته سودایی ندیرم**
**بدل جز تمنایی ندیرم**
**خدا زونه که در بازار عشقت**
**بجز خون هیچ کالایی ندیرم**

**غم عشق ته مادرزاد دیروم**
**نه از آموزش استاد دیروم**
**خوشم با اینکه از یاد غم تو**
**خراب آباد دل آباد دیروم**

زۆربەی سەرچاوەکانی تایبەت بە عیرفان و تەسەوف و بەشێکیش لە زانایان و شارەزایان بڕوایان وایە کە عیرفان و تەسەوف، سەرەڕای دینداری و پابەند بوونی بە خوداپەرستی، بەڵام دەکرێت وەکو پرۆژەیەکی ڕووناکبیری ناو ئایین، یان ئایینەکان بناسرێت و هەر وەکو دەشزانین زۆربە، یان هەموو ئایینەکان ئەم پرۆژە ڕووناکبیرییەیان تێدایە. بابای شاعیر و شاعیری ڕووناکبیر کە بەشێک لە ژیان و نووسین و بڕواکانی لە ناو ئایینداید بەرەو هەمان پرۆژەی ڕووناکبیری دەچێت کە عیرفانە. عیرفان و یەقینی زانینی و ناسین و پەیڕەوکردن و بەرگە گرتن دەبنە

سێیانەی شیعر لەلای بابا تاهیر و شیعری عیرفانی ئەو، یان تەسەوف لە لای ئەو تایبەتمەندییانەی دەبێت کە ڕووناکبیرێک لە ئایینداید هەیەتی. دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە بڕوای لێبوردن و خاکەرایی بەشێکە لە بڕوا ئایینییەکانی بابا تاهیر و سەرجەم پرۆژەی عیرفان و تەسەوف.

**دلی دیروم خریدار محبت**
**که ازو گرم است بازار محبت**
**لباس بافتم بر قامت دل**
**زپود محنت و تار محبت**

**خداوندا به فریاد دلم رس**
**کس بیکس تویی مو مانده بیکس**
**همه گویند که تاهر کس نداره**
**خدا یار منه چه حاجت کس**

**الهی آتش عشقت به جان زن**
**شرر زان شعله‌ام بر استخوان زن**
**چو شمعم بر فروز از آتش عشق**
**بر آن آتش دلم پروانه سان زن**

دیدگای تایبەتی و وێنای هونەرمەندانەی شاعیر، ڕوانگەی زانا و زیرەکی ڕووناکبیر و خەمی ویژدانێکی ڕۆشن و خواپەرستی و بڕواکانی عارف لەگەڵ دنیای عەشق و خەرمانەکانی دەوری عەشق لە سووتان، چاوەڕوانی، نالین و موناجات و خەم و نائومێدی ئاوێزان، یان ئاوێتە دەبن و تابلۆ، یان تابلۆکانی عیشقی باوە تاهیر بەو خەرمانانەوە دەنەخشێن. دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە مەبەستی بابا لە عیشق تەنیا عیشقە، ئەگەر ئەو عیشقە، بێجگە لە ناکامی و سووتان و نائومێدیش زیاتر بەرهەمێکی نەبێت. ئەو کە نیگای لە ئاکام و بەرهەمی عیشق نییە، بەڵکو عاشقی عاشق بوونە، بۆیە سەرەنجام ئازاد، یان هەر وەکو خۆی دەڵێت ناکام و ئاوارە دەبێت.

**ئەرێ دەردی من و دەرمانی، دۆست!**
**ئەرێ وەسڵی من و هیجرانی من، دۆست!**
**چەقۆ بێنن کەوڵ کەن گەر لەشی من**
**جودا نابێ ئەبەد لە گیانی من، دۆست!**

**مەلێکم من لە نێو گڕ دام سەروماڵ**
**دەسووتێ عالەمێک گەر لێک بدەم باڵ**
**نیگارکێش گەر بکا نەخشم لە دیوار**
**لە تەئسیرم دەبێ گوڵشەن بە زوخاڵ**

**غەمم هەر غەم بوو، غەمخۆری دڵم غەم**
**غەمم هەم موونس و هەم یار و هەمدەم**
**بە جێم ناهێڵێ غەم هەرگیز بە تەنیا**
**بژی، هەی بارەکەڵلا، مەرحەبا غەم!**

**بەوان خۆزگەم کە پێ و سەر نەپرسن**
**وەکو شوعلە لە وشک و تەڕ نەپرسن**
**کەنشت و کەعبە و بوتخانە و دەیر**
**چ جێ بێ، غەیری دڵبەر هەر نەپرسن.**

**اگر چون موم سد صورت پزیرم**
**بهر صورت بدل نقش تو گیرم**
**تو تا بخت منی هرگز نخوابم**
**تو تا عهد منی هرگز نمیرم**

**عاشق آن بی که دائم در بلا بی**
**ایوب آسا به کرمان مبتلا بی**
**حسن آسا بنوشه کاسه زهر**
**حسین آسا شهید کربلا بی**

بابای سووتەدڵ و عاشق و ناکام، لە دنیای عیشق و دڵداریدا چاوەڕوان دەمێنێتەوە و لە جیهانی پێچەوانە بە بڕواکانی ئەو بەرەو کۆچەری دەچێت. چاوەڕوانی عاشقانە و نالین لە دەستی ئەو عیشقە ناکامە ئەگەر بێ ئیختیار و بێ دەسەڵاتی عاشقی تێدا بێت، بەڵام ڕوو کردنە ئاوارەیی و کۆچەری و دوور ماندە لە هەموو کەس دەمێنێتەوە و ئەو بەرەو مەنفایەکی ئیختیاری دەچێت و تا دەمرێت لەو مەنفایەدا دەمێنێتەوە.

**سپێدەی زوو کە گورگان دێنە سەرمێش**
**کەزییەکانت پەرێشان کەاوەرە پێش**
**بدە ماچێک لە کونجی لێوەکانت**
**بڵێ خێر بوو، لە ڕێی خوا دامە دەرۆیش**

**کە شەو دادێ، من ئەستێرە ژمارم**

له چەشنی شەو درێژە ئینتزارم
له پاش نیوەشەو گەر تۆ نەهاتی
هەور دێنم، دەگرمێنم، دەبارم

من آن اسپیده بازم همدانی
که لانه دارم اندر کوه نهانی
ببال خود پرم کوهان بکوهان
بچنگ خود کنم نخجیریانی

سەرچاوەکان:


١- ناسری حیسامی، بابای سووتە دڵان (ژیانی، بەرهەمەکانی، باوەڕی) سایتی ناسری حیسامی.

٢-دو بیتی های بابا تاهر، به اهتمام علیرزا اسدی، خت مەسعود فەزللاهی، چاپ سوم، ١٣٨٦، انتشارات شابک، ل٥.

٣- ه.س.پ. (ناسری حیسامی).

٤-ا. دوره هەفتوانه (جزوی از نامەی مینوی سەرئەنجام) تفسیر و تالیف صدیق صفی زاده، تهران ١٣٦١، ل٣٥.

ب. میهرداد ئیزەدی، ئایین و تایەفە ئایینییەکان له کوردستان، وەرگێڕانی کامەران فەهمی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی ٢٠٠٢، ل ٤٨، ٥١.

٥-چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان، ڕازی وەریگێڕاوە، کتێبخانەی شانۆ، سلێمانی ١٩٧٩.

٦- ادوارد سعید، نقش روشنفکر، ترجمەی حمید عزدانلو، نشر نی، چاپ دوم، ١٣٨٢ تهران، ل٢٢.

٧- دو بیتی های بابا تاهر.ه.س.پ. ل٦٣.

٨- باشگاه اندیشه- سایتی انترنیتی.

٩- مقدمەی د. حسین محمد زاده صدیق بر کتاب (ترانەهای بابا تاهر) مولف، محمد باقر باقری، تهران، تکدرخت، ١٣٨٦.

١٠- فرشاد علی یاری (کارشناسی ارشد ادیان و عرفان)، بابا تاهر لر، یا بابا تاهر همدانی- انترنیت.

١١-داریوش آشوری، شعر و اندیشه، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران ١٣٨٠، ل١٣٢.

١٢-جواد مفردکهلان، بابا تاهر لر همدانی، روایتی از مانی استورەای است. سایتی باشگاه اندیشه.

١٣-ارغنون (١٤) فصلنامه فلسفی، ادبی، فرهنگی، زمستان ١٣٧٧، دربارەی شعر، گاستون باشلار(پدیدار شناسی شعر)- ل١٣.

# وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان

**د. بەختیار سەجادی**
**(زانکۆی کوردستان لە سنە - بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زماننناسی)**

**١٧- گوتار، گوتارمەند، گوتارمەندی**

یەکێکی دیکە لەو زاراوانەی تەنانەت ئێستاکەش پاش ئەم هەموو ڕوونکردنەوە و بەکارهێنانەوەیە بووەتە هۆی چەوت تێگەیشتن و سەرهەڵدانی مشتومڕێکی زۆر زاراوەی "گوتار"ە. ئەم زاراوەیە وەرگێڕانی چەمکی discourseی ئینگلیزییە، نەک بە مانای گوتەیە و نەک بە مانای وتووێژ و گفتوگۆ، ئەگەرچی لە زمانی فارسیدا هاوواتای "گفتمان" بۆ ئەم زاراوەیە دانراوە، بەڵام زۆرێک لە فارسی خوێنەکان هێشتا هەر پێیان وایە مەبەست لەم زاراوەیە هەمان "گفتگو" یە بۆ نموونە، زۆر جار کە دەقەکان دەخوێنینەوە، یان گوێمان لە قسەی سەرزارەکیی خەڵکی ناشارەزا دەبێ، تێدەگەین کە ئەوان گوتار، یان "گفتمان" بە مانای گفتوگۆ بەکار دەهێنن وەک چۆن دەڵێن "گفتمان ما و شما"، یان " گفتمان میان کشورها." لە ڕاستیدا، ئەمە بە تەواوی هەڵەیە و پیشاندەری ئاستی نزمی خوێندەواریی کەسەکانە. چەمکی گوتار، یان گفتمان و لە عەرەبیدا "خطاب" هیچ پێوەندییەکی بە گفتوگۆ و وتووێژەوە نییە، بەڵکو دەلالەت لە مانایەکی تەواو جیاواز دەکات. ناشارەزایی لە باس و بابەتە تیوریکەکان بووەتە هۆکاری ئەوەی کەسەکان وا بزانن مەبەست لە گفتمان هەمان وتووێژە.

ئەم چەمکە بە شێوەیەکی فرەپات لە بەرهەمەکانی فۆکۆدا دێتە بەکارهێنان و هەڵگری واتایەکی تایبەتە کە لە بۆچوونە کۆمەڵناسانەکاندا دێتە بەکارهێنان و لەم جۆرە دەقانەشدا بە هیچ شێوەیەک بە مانای گوتە و قسە، یان وتووێژ نییە، هەر بۆیەش، دانانی زاراوەی "سخن" لە فارسیدا بۆ ئەم مەبەستە هەڵەی زەقی ئەو نووسەرە دەردەخات. گوتار لەم مانایەدا دەتوانێ بەش، ئاست، پراکتیس، یان جۆرێک کردەوەی کۆمەڵایەتی بێت. فۆکۆ لە کتێبی (دێرینەناسیی زانیاری)دا هەندێک جار ئەم زاراوەیە هاوتەریب، تەنانەت تا ڕادەیەکیش هاوماناا

لەگەڵ چەمکی "ڕووداو"دا بەکار دەهێنێ. بۆ نموونە، کە دەوترێ گوتاری پزیشکی، مەبەست ئەو پراکتیسەیە کە بەشەکانی بریتین لە پزیشک، خەستەخانە، پەرستار، جلی سپیی ناو هۆڵەکان، بێ دەنگی، خاوێنی و...تاد، یان کە دەڵێین گوتاری ئاکادیمیک مەبەست ئەو پراکتیسە کۆمەڵایەتییەیە کە بەشە پێکهێنەرەکانی بریتین لە زانکۆ، مامۆستای زانکۆ، خوێندکار، کتێب و نامیلکە و کتێبخانە، ژورناڵەکان و ئەوەی پێوەندیی بە ئاکادیمییەوە هەیە. هەر بە هەمان شێوە، دەکرێ لەم زاراوانەی خوارەوە کەڵک وەربگرین و "گوتاری" یان "گوتارمەند" وەکو ئاوەڵناو بەکاربەرین؛ ڕاستە تۆزەک نوێ دێنە بەر چاو، بەڵام هیچ چارێکمان نییە و دەبێ هەر بەم شێوەیە بەکاریان بهێنین:

اعمال گفتمانی، کردەوە گوتارمەندەکان dis-cursive practices

شکل گیری گفتمانی، بیچم گیریی گوتاری dis-cursive formation

یەکیەتی گوتاری، یەکیەتی گوتارمەند discursive unity

گوتارمەندی discursivity

**١٨- خواخوازی، خواباوەڕی، خواپەرستی، خواناسی**

ئەم چوار زاراوەیە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وەک یەک دەچنە بەرچاو، بەڵام نەک هەر جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندایە، بەڵکو تەنانەت دەلالەت لە چەندین بیروبۆچوونی ئایینی و فەلسەفیی یەکسەر جیاواز دەکەن. خواخوازی (theism) نەک هەر لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، بەڵکو لە سەرەتای ڕنیسانسیشدا وەکو بیرۆکەیەکی کارا لە ئارادا بوو. خواخوازی هەمان ڕوانگەی بۆ خوا هەیە کە ڕێبازە ڕەسەنەکانی ئایینییەکانی ئیسلام و مەسیحییەت هەیانە کە بریتییە لە هەبوونی بڕوا بە خوایەکی هەردەم ئامادە لە هەموو لایەنەکانی ژیان لەم جیهانەدا. بۆ ڕوونکردنەوە و پێناسەی ئەم زاراوانە باشتر وایە کەڵک لەم نموونەیە وەربگرم: هەر وەک چۆن مرۆڤخوازی لە مرۆڤپەرستی جیایە، یان بنەماخوازی و بنەماپەرستی لێک جیاوازن، هەر بە هەمان شێوەش خواخوازی لە خواپەرستی و خواناسی جیایە.

لە لایەکی دیکەوە، خواباوەڕی (deism)، یان دێیزم ڕوانگەی زاڵی فەلسەفیی سەدەی هەژدەمە بۆ چۆنیەتی پێوەندیی نێوان سروشت و خوا. بە پێی ئەم ڕوانگەیە، ئەگەرچی خوا داهێنەری ئەم جیهانەیە، بەڵام ئەمە یاساکانی سروشتن کە کاری خوا، واتە بەڕێوەبردنی جیهان، ئەنجام دەدەن. خواباوەڕی، یان دێیزم بە هۆی عەقڵانییەتی زاڵی نێو هەناوی خۆیدا، ئەگەرچی بڕوای بە خوا هەیە، بەڵام سەرجەم ئەو توخم و گێڕدراوانەی ئایینەکان کە سەرووتر لە ئەقڵی مرۆڤن ڕەت دەکاتەوە.

بێجگە لەمانەش، خواناسی (theology) ئەو زانستەیە کە لە چییەتی و تایبەتمەندییەکانی خوا و نیشانەکان و دەرکەوتەکان و مۆرکەکانی ئایین و ئایینناسی دەکۆڵێتەوە، هەر بۆیەش دەکرێ بە ئایینناسی دابنرێ. ئەم زانستە زیاتر خۆی بە لێکۆڵینەوەی ئایینە تاک خواییەکانەوە خەریک کردووە، هەر بۆیەش لەوانەیە هەندێک جار وەک دیننناسی، یان ئایینناسی پێناسە بکرێ، ئەگەر خواناسی ببێتە بنەڕەتێک بۆ سەرچاوەی مەعریفەی مرۆیی، وەک لە فەلسەفەی ئیسلامی، یان سکۆلاستیسیزمدا، ئەوە لەم حاڵەتەدا پێی دەوترێ حیکمەت. جێگەی سەرنجە کە لە ناو کورددا حیکمەت بە شێوەیەکی گشتی و زیاتر بۆ wisdom دادەنرێ، واتە ئەو تایبەتمەندییەی کە پێگەییشتوویی و تێگەییشتوویی و ژیری، تەنانەت سەبر و وزەی پێشبینی کردن پێکەوە تێکڕا کۆدەکاتەوە. دیسانەوە خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لەوانەیە ببێتە هۆی سەرلێشێواوی لە وەرگێڕانی ئەم زاراوانەدا ئەوەیە کە لە زمانی فارسیدا زاراوەی "الهیات" هاوکات بۆ هەر دوو زاراوەی theol-ogy و divinity دادەنرێ، کە لە بنەڕەتدا تەعبیر لە دوو مەبەستی تەواو جیاواز دەکەن کە یەکەمیان وەکو زانست و دووەمیان وەکو چەمک و تایبەتمەندی بەکار دەبرێ. ئێمە لە کوردیدا بۆ divinity دەتوانین مینۆکی، یان مینۆکێتی بەکار بەرین وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەیبینین:

مینۆکی divine

بابەتی مینۆکی the divine

مینۆکێتی divinity

**١٩- دوو مانای جیاواز بۆ یەک چەمک:**

**یەکەم: "ئایدێنتیتی" وەک ناسنامە و شوناس**

چەمکی identity لەم یاداشتەدا وەکو ناسنامە و شوناس بەکارهێنراوە و لە یاداشتی دواییدا بە شێوەی "ئەمئەوێتی" دانراوە. واتە، لێرەدا ڕووبەڕووی چەمکێک دەبینەوە کە هاوکات لە دوو بەستێنی جیاوازدا و بە دوو مانای تەواو جیاواز بەکار دەبرێ. بە واتایەکی دیکە هەر دوو زاراوەی ئەمئەوێتی و ناسنامە لە بنەڕەتدا هەر دووکیان بە یەک شێوە لە زمانگەلی ئینگلیزی و زۆربەی

زمانە ڕۆژئاواییەکانی دیکەدا دەنووسرێن.

هۆکاری سەرەکی ئەم دوو شێوە جیاوازەی وەرگێڕانی ئەم چەمکە لە زمانگەلی عەرەبی و فارسی و کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زاراوەی identity، هەر وەک پۆل ڕیکۆر بە وردی ئاماژەی بۆ کردووە، لە هەناوی خۆیدا هەڵگری دوو مانای جیاوازە. پۆل ڕیکۆر پاش خستنە ڕووی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەچەڵەکناسانە بۆ زاراوەی identity پێی وایە ئەم زاراوەیە هاوکات بە هەردوو مانای خودێتی (selfhood) و وەک یەکبوون (sameness) بەکار دەبرێ. سێ سەدە بەر لە ڕیکۆر، ئەمە لایبیتس بوو کە بۆ یەکەم جار لە فەلسەفەی مۆدێرندا باسی لە مانا هاوبەشەکانی دوو زاراوەی ئەمئەوێتی (identity) و هاوکێش(equation) کرد. لایبیتس ئەوەی خستە ڕوو کە x وەک y وایە تەنیا و تەنیا ئەگەر هەموو ئەو گوزارانەی کە دەربارەی x ڕاستن دەربارەی y-یش ڕاست بن. پاش ئەم ڕێسایە لە مەنتیقدا، چەندین جۆری جیاوازی ئەمئەوێتی لە لایەن لایبنیتس-ەوە پێشنیار کرا کە لێرەدا باسیان ناکەم.

وەرگێڕانی زاراوەی identity لەهەر دوو حاڵەت و ماناکەدا بۆ سەر زمانی کوردی کارێکی سەختە، چ لە مانا گشتی و جەماوەرییەکەیدا کە زۆر لە چەمکی "خودێتی" نزیکە و چ لە بیرکاری و مەنتیق و فەلسەفەدا کە بە مانای وەک یەکبوون بە کار دەبرێ. لە حاڵەتی یەکەمدا، تۆزەک کارەکە سادەترە، چونکە لەم مانایەدا زاراوەکە ڕواڵەتێکی گشتگیرتر لە خۆ دەگرێ و لە بەستێنە جیاجیاکاندا و لەلایەن زۆربەی کەسەکانەوە بە کار دەبرێ و ئەم زاراوانەی خوارەوەی بۆ پێشنیار کراوە:

شوناس، ناسنامە، پێناس، پێناسە، ناسە، ناسینە، شناسە، کێیەتی، هەویەت، هەویە

ئەگەرچی زاراوەی شوناس پڕ بە پێستی "هویت"، یان identity نییە و بۆخۆی بووەتە جێگەی مشتومڕێکی زۆر لەلایەن ڕەخنەگرە جیاجیاکانەوە، بەڵام، بە بڕوای من، لە بەر ئەم هۆیانەی باسی دەکەم، زاراوە پێشنیارکراوەکانی دیکە ڕەخنەی زۆرتریان لە سەرە. پێناس و پێناسە کە دیارە مانایەکی ئاشکرایان هەیە و بۆ مەبەستێکی دیکە بەکار دەبرێن و کێشەیان لەسەر نییە. "ناسنامە" زیاتر دەلالەت دەکاتە سەر چشتێکی بەرهەست کە زانیاری دەربارەی ئێمەی تێدایە، شتێک وەکو کارت، یان بەڵگە، کەچی ئەم چەمکە تایبەتمەندییەکی دەرهەستی هەیە و دەلالەت لە زەینییەت، خەسڵەت، یان لایەنێک لە کەسایەتی، یان مۆرکی تایبەتی کەسەکە دەکات. ناسە و شناسە، کە هەردووکیان لە باری مانایی و ڕێزمانییەوە وەک یەکن، لەکوردیدا زۆر کەم بەکار دەبرێن، هەرچەندە لە فارسیدا ئەمڕۆکە "شناسە" بە تەواوی جێگیر بووە و دەلالەت لە مانایەکی دیکە دەکات. ناسینە زاراوەیەکە کە لە باری ڕێزمانییەوە نموونەی زۆر کەمان وەک ئەم زاراوەیە هەیە، چونکە "ناس" ناو نییە، بەڵکو چاوگە. هەویە و هەویەت کە دیارە عەرەبین و ئەوەی دووەمیان لە فارسیشدا جێگیر بووە.

"کێیەتی" زاراوەیەکی دروست و پڕ بە پێستی iden-tity و "هویت"ـە، بەڵام زۆر بەکەمی بەکاردەبرێ و کێشەکە لەوەدایە کە تەنیا مانای "خودێتی" لەخۆ گرتووە و تێیدا مانای ناسین دەرناکەوێ. شوناس هەمان شناس-ە وەک چۆن سوپاس و سپاس، یان سولەیمانی و سلێمانی و سوجادی و سەجادی لەبری یەکتر بەکار دەبرێن. لە لایەکی دیکەوە، شوناس هەمان ناس-ە، چونکە لە هەندێ شێوەزاری کوردیدا، بە تایبەت لە ئەردەڵانیدا لە بری کرداری ناسین، شناسین بەکاردەبرێ وەک چۆن لەفۆلکلۆری ئەو ناوچەیەدا لە باتی خوانەناس وتراوە خوانەشناس. شناس، یان ناس چاوگی کرداری ناسین، یان شناسین. لە ئەردەڵانیدا شناس بەو کەسەش دەوترێ کە ئێمە دەیناسین و ئەگەر کەسەکەش زۆر بەناوبانگ بێ، ئەوە دەبێتە سەرشناس کە دیارە لە فارسیشدا هەر بە هەمان شێوە بەکار دەبرێ.

زاراوەی شوناس کە من نازانم کێ بۆ یەکەم جار لە دەقەکانی بیست ساڵی ڕابردوودا بە کاری بردووە، پڕ بە پێستی زاراوەی بەرباس نییە و زیاتر لە مانای "خودێتی" ی زاراوەکەوە نزیکە و ئێستا بە شێوەیەکی گشتی و فرەپات بەکاردەبرێ. هەر لەم مانایەدا زاراوەگەلێکی ئاشنای وەکو شوناسی نەتەوەیی، شوناسی ئایینی و شوناسی سیاسی دروست دەکرێن. کەواتە، هەر دوو زاراوەی شوناس و ناسنامە بە یەک ئەندازە ناتەواون لە دیاریکردنی مانای ڕاستەقینەی ئەم چەمکە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەردوو زاراوەکە بە لێشاو بەکاردەهێنرن. لە یاداشتی دواییدا باس لە مانای دووەمی ئەم چەمکە دەکەم.

### ٢٠- دوو مانای جیاواز بۆ یەک چەمک:

### دووەم: "ئایدێنتیتی" وەک ئەمئەوێتی

زاراوەی "ئەمئەوێتی" لە زمانی کوردیدا زاراوەیەکی تازەیە، ئەم ڕۆنانەش گەلەک چەوت تێگەیشتن، یان تەنانەت تێنەگەیشتنی بە دواوە بووە، بێجگە لەمەش، ڕۆنانی چەمکی دژبەری ئەم زاراوەیە کە دەبێتە "نائەمئەوێتی" چەند هەرایەکی دیکەی ناوەتەوە. هۆی

سەرەکی بەکارهێنانی فرەپاتی ئەم دوو زاراوەیە بۆ کاریگەریی قووڵی نەریتی فەلسەفی ئایدیالیزمی ئاڵمانی، بە تایبەت فەلسەفەی هیگڵ لەسەر بیر و هزری هاوچەرخ دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی ئەم دوو زاراوەیە، واتە identity و non-identity، پێش هیگڵ-یش بەکار دەهێنران، بەڵام ئەمە هیگڵ بوو کە بەشێکی گرنگی سستمە فەلسەفییەکەی لەسەر ئەمئەوێتی و نائەمئەوێتی سۆژە و ئۆبژە، هەروەها دۆخە پێوەندیدارەکان بە هەر دوو حاڵەتەکەوە دامەزراند.

ئینسایکلۆپێدیای فەلسەفەی ستەنفۆرد بەم شێوەیە چەمکی "ئایدێنتیتی" پێناسە کردووە کە بریتییە لەو پێوەندییەی هەر شتێک تەنیا لەگەڵ خۆیدا هەیەتی. دیارە لێرەدا "پێوەندی" بۆخۆی زاراوەیەکە کە لە زانستی مەنتیق، بە تایبەت لە یەکێک لە لقەکانی بیرکاری وەرگیراوە کە ئەویش تیوریی تاقمە (set theory)؛ هەر بۆیەش ماناکەی گرێ دراوە بە ئاقاری تیوریی پێوەندییەکانەوە (theory of relations). لە لایەکی دیکەیشەوە، ئادۆرنۆ لە کتێبی دیالێکتیکی نەرێکارانەدا (negative dialectic) باس لە دوو شێوە بیرکردنەوە دەکات کە ناوی ناوەتە "بیرکردنەوەی ئەمئەوێتی" و "بیرکردنەوەی نائەمئەوێتی". ئادۆرنۆ دەیەوێ نادروستی بنەماکانی بیرکردنەوەی ئەمئەوێتی دەرخات لە ڕێگەی بەرجەستەکردنەوەی هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانەوە کە بەو پێیە هیچ چەمکێک ناتوانێ بە تەواوەتی چشتی بەرباسەکەی دەستنیشان بکات.

زاراوەی identity لە کاربردە فەلسەفییەکەیدا کە لە سەرەوەدا باس کرا لە بەستێنێکی زۆر سنووردارتردا بەکار دەبرێ. لێرەدا دەبێ بە دوای زاراوەیەکدا بگەڕێین کە لە چەمکی «وەک یەکبوون» نزیک بێ. لە زمانی فارسیدا لەم حاڵەتەدا زاراوەی "اینهمانی" بەکار دەبرێ و دژبەرەکەشی کراوە بە "نااینهمانی". لە عەرەبیدا بۆ ئەم مەبەستە لە جیاتی "هویە" کەڵک لە "هوهو"، یان "هوهویە" وەردەگیردرێ. دیارە ئەم چەمکانە تەنیا لە فەلسەفەدا بەکار دەبرێن. لە ناو فەیلەسووفانی ئیسلامیدا ئەبوو عەلی سینا بە سەرچاوەی سەرەکی پێناسەکەری "هوهو" دادەنرێ. لە فارسیشدا زاراوەی "اینهمانی" تازەیە و لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە تەواوەتی جێگیر بووە.

من لە وەرگێڕان و نووسینەکانمدا بۆ ئەم چەمکە کەڵکم لە زاراوەی " ئەمئەوێتی" وەرگرتووە؛ واتە ئەو حاڵەتەی کە ئەم هەمان ئەوە، یان سۆژە هەمان ئۆبژە و بابەتە. چەند ساڵ پێش ئێستا خوالێخۆشبوو مامۆستا شوکور مستەفا پێی وتم دەکرێ لە کوردیدا بۆ ئەم مەبەستە کەڵک لە "هاویەکێتی" وەربگرین. لەلایەکی دیکەوە، مامۆستا ئەحمەد قازی پێی وتم دەتوانرێ لە جیاتی ئەمئەوێتی و نائەمئەوێتی لە یەکانگیری و لێکدابڕان سوود وەربگرین، ئەگەرچی هەردوو پێشنیارەکەی مامۆستایان شوکور مستەفا و ئەحمەد قازی لە باری مانایییەوە دروست دێنە بەرچاو، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە کاتێ بمانەوێ لەم ناوانە ئاوەڵناوێک ساز بکەین، تووشی گرفت دەبینەوە، چونکە ئاوەڵناوەکانی پێشنیاری یەکەم دەبنە هاویەک و ناهاویەک و ئاوەڵناوەکانی پێشنیاری دووەمیش دەبنە یەکانگیر و لێکدابڕاو.

لە پێشنیاری یەکەمدا، سروشتی هەر دوو بابەتەکە (سۆژە و ئۆبژە) کراون بە یەک و لە پێشنیاری دووەمیشدا، بە پێچەوانەوە، سروشتی هەر دوو بابەتەکە بە تەواوەتی لە یەکدی جیا کراونەتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەم زاراوەیە بۆ هەردوو مەبەستەکە هاوکات بەکاردەبرێ، واتە لە قۆناغێکدا لەوانەیە هەردوو بابەتەکە ببنە خاوەن یەک سروشت. نموونەکان بۆ ئەم حاڵەتە بریتین لەو باسانەی هیگڵ کە لە کتێبی دیاردەناسیی ڕوحدا ئاماژەی بۆ کردووە، یان وەک چۆن لە سۆفیگەریدا دۆخێکی زۆر نایاب ڕوو دەدات کە بریتییە لە ئەمئەوێتیی نێوان عارف و خوا، یان عارف و جیهان، یان خوا و جیهان؛ ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە بە "وحدت وجود" ناودێر کراوە. بۆ حاڵەتی دووەم نموونەکان بریتین لەو دۆخەی کە هەر دوو بابەتەکە بە تەواوی لە یەکدی جیا دەبنەوە، وەک کەسایەتی جیاوازی دایک و منداڵ پاش قۆناغی ئاوێنەیی. ژاک لاکان بە کاریگەریی وەرگرتن لە هیگڵ ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە، هەر بۆیەش کە وتمان ئەمئەوێتی لە لایەکەوە هاویەکێتی لە نێوان ئەم و ئەودا هەیە و لە لایەکی دیکەیشەوە ئەم وەکو ئەم و ئەو وەکو ئەو هەر ماونەتەوە، بێجگە لەمەش، ئەمئەو دەتوانرێ بۆ identical بەکار ببرێ کە تێیدا، ئەگەرچی ئەم ئەوە و لە ڕواڵەتدا لە یەکدی جیان، بەڵام هەردووکیان ئەمئەون و لە یەک زاراوەدا یەکیان گرتووەتەوە. کەواتە، هەر وەک لەم دوو یاداشتەدا باسم کرد، چەمکی "ئایدێنتیتی" هەڵگری دوو مانای تەواو جیاوازە کە لە حاڵەتی یەکەمدا وەکو ناسنامە و شوناس و لە حاڵەتی دووەمدا وەکو ئەمئەوێتی بەکار دەبرێ.

# لایبنیتس فەیلەسووفی لۆژیک و بەهرەی ڕەبانی

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

**(٢ - ٢)**

٧٠- لەمەوە دەبینرێ، هەموو لەشێکی زیندوو ئینتێلێخیایەکی زاڵی خۆی هەیە و ئەمە لە زیندەوەردا نەفسە، بەڵام ئەندامەکانی ئەم لەشە زیندووەش خۆیان پڕن لە بوونەوەری زیندووتر، ڕووەک، زیندەوەر، هەریەکێکیش لەمانە ئینتێلخیای خۆی، یان نەفسی زاڵی خۆی هەیە.

٧١- بەڵام نابێ ئەوە بە خەیاڵدا بێت- وەک هەندێ کەس لە ئەنجامی بە هەڵە تێگەیشتن لە ڕێبازەکەم وایان کردووە- هەموو نەفسێک بارستاییەک، یان پارچەیەکی دیاری کراوی لەمادده هەیە کە هەتا هەتایە هەر بۆ ئەو دانراوە، بەپێی ئەمە چەند بوونەوەرێکی زیندووی دیکەی پلە نزمتری هەیە کە بەردەوام بۆ خزمەتی خۆی دانراون، ئیتر لەشەکان هەموویان وەک ڕووبارەکان لە ڕۆیشتنێکی بەردەوامدان و بێ پسانەوە چەند پارچەیەک دەچنە ناویانەوە و لێیان دێنە دەرەوە.

٧٢- بەم پێیە نەفس بە پلە و تەنیا وردە وردە لەشی خۆی دەگۆڕێ، بەڵام هەرگیز نەک بە یەکجار هەموو ئۆرگانەکانی لێ زەوت بکرێت، زۆرجار لەنێو زیندەوەرەکاندا گۆڕانی سەرتاپاگیر ڕوودەدات، بەڵام هیچ کاتێشە گۆڕین نییە، هەروەها نە نەفسی وا هەیە بە تەواوەتی هەر بۆ خۆی بێ و نە نەفسی بێ گەردی بەبێ لەش هەیە (تیۆدیسێ: ٩٠، ١٢٤).

٧٣- لەبەر ئەم هۆیە نە لە دایک بوونی نوێی تەواوەتی و نە مردنی تەواوەتی بە مانا تەواوەتییەکەی، واتە جیابوونەوەی نەفس لە لەش هەن، ئەوی بە لە دایک بوونی ناودەبەین، جۆرێکە لە پەرەسەندن و گەشەکردن، ئەوەش کە بە مردنی ناودەبەین هاتنەوەیەک (پاشەکشێ) و کەم بوونەوەیە.

**لایینیتس**

٧٤- فـەیلەسـووفـەکـان لە سـەرچاوەی پەیدابوونی فۆرمەکان، ئینتیلیخیا، یان نەفسەکان هەمیشە سەریان سـوڕمـاوە. ئیـمـڕۆ، بەڵام بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوە ورد و تەواوانەی لەسەر ڕووەک، گەزندە و زیندەوەرەکانی دیکە کراون، زانراوە لەشە ئۆرگانیکەکان لە سروشتدا هەرگیز لەئاژاوەوە(٢)، یان لە گـەنینەوە پەیدا نابن، بەڵکو هەمـیـشـە لە چەند تۆوێکەوە پەیدا دەبن کـە بێ هیچ گـومـان لێکردنێک جۆرە لەوەوپێش دروست بوونێکیان تێدا هەبووە، لەمەوە ئەو ئەنجامـە بەدەست هاتووە، کە نەک لەشی ئۆرگـانێک خـۆی پێش ئاوس بوون (سک پڕبوون) بە تەنیـا لەواندا بووە، بەڵکو نەفـسـیش لەو لەشەدا بووە، بە کورتی زیندەوەرەکە خۆشی لەواندا بووە. ئەو زیندەوەرە بەهۆی ئـاوس بوونەوە تەنیـا توانایی گـۆڕانێکی گـەورەی دەسـتگیـربووە بۆ ئەوەی ببێ بە زیندەوەرێک لە جۆرێکی دیکە، شـتێکی وەک ئەمە لە دەرەوەی لە دایک بوونیشدا دەبینرێ کاتێک کرم دەبێ، مێش و کرمی پەپوولە دەبێ بە پەپوولە (تیودیسێ: ٩٠، ١٨٧، ١٨٨، ٤٠٣، ٨٦، ٣٩٧).

٧٥- دەتوانرێ ئەو زیندەوەرانەی هەندێکیـان لە ڕێگای ئاوس بوونەوە بۆ ڕێزی زیندەوەرە گەورەکان بەرز دەبنەوە بە تۆودار ناوببـرێن، بەڵام ئەوانەی لەنێـو جـۆرەکـانی خـۆیاندا دەمـێننەوە، واتە زۆربەیان، وەک زیندەوەرە گـەورەکـان پەیدا دەبن، زیاد دەکـەن و لەناو دەچن و ژمـارەیەکی کـەمی هەڵبـژاردە لەوان هەیە کـە دەچێتە سەر شانۆیەکی گەورەتر.

٧٦- بەڵام ئەمە نیوەی ڕاستییە، بۆیە گەیشتمە ئەوەی بڕیار بدەم کە ئەگەر زیندەوەر هەرگیز بە ڕێگای سروشتی پەیدانەبێ، ئەوە بە ڕێگای سروشتیش لەناو ناچێ، ئیتر ئەگەر بابەتەکە بە وردی بگیرێ، هەر ئەوە نییە کە لە دایک بوون لە کردن نایەت، بەڵکو هەروەها لەناوچوونی تەواوەتی و مـردن ناکـرێ هەبن. ئەو بیـرکـردنەوانە کـە پاشیـانە کـراون و لەتاقی کردنەوەوە پوختـەکـراونەوە بە تەواوەتی لەگـەڵ ئەو بنچـینانەی مندا کـە لە مـەوبەر بە ڕێگای پێـشـیـانە کـەوتوونەتەوە، ڕێک دەکـەون (تیودیسێ: ٩٠).

٧٧- کـەوابوو دەتوانرێ بوترێ، نەک تەنیـا نەفس بۆ خـۆی (کـە ئاوێنەی گـەردوونێکی لەناو نەچووە) لەناو ناچێ، بگرە زیندەوەریش هەروایە، ئەگەرچی مەکینەکەی زۆرجار پارچە پارچە لەناودەچێ و سەرپۆشێکی ئۆرگانی فـرێ دەدا، یان دەپۆشێ. (تیـۆدیسێ: پێـشـەکی: ٦- ٣٤٠، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٨).

٧٨- ئەم بنچینانە دەرفەتیان بۆ ڕەخساندم بە ڕێگای سـروشـتی یەکـبـوونی، یان باشـتـر بڵـێم ڕێککەوتن و گونجانی نەفس لەگەڵ لەشی ئۆرگانێکی ڕوون بکەمەوە. نەفس بەدوای قـانوونە تایبـەتییـەکانی خـۆی دەکـەوێ و لەشیش ملکەچی ئەوانی خـۆیەتی، هەردووکیـان پێکەوە بەهۆی ئەو هارمـۆنییـە پێـشـتـر ڕەنگڕێژراوەی لەنێـوان هەمـوو جەوهەرەکاندا لەگەڵ یەکـتری بەیەک دەگەنەوە، چونکە ئەوە هەمـوویان چەند نوێنگەیەکی یەک جـیـهـان خۆین.

٧٩- نەفـسـەکـان بە ڕێگای ئارەزوو و مـەبەست و ئامرازەکانەوە بەپێی قـانوونەکانی هۆکارە ئامانجەکییەکان کـار دەکـەن. لەشـەکـانیش بەپێی قـانوونەکـانی هۆکـارە کـاریگەرەکـان، یان قـانوونەکـانی بزووتنەوەکـانەوە کـار دەکەن، ئەم دوو دەوڵەتە، هی هۆکارە کاریگەرەکان و هی هۆکارە ئامانجەکییەکان پێکەوە هەڵدەکەن.

٨٠- دیکارت ڕێی پێ بردووە کـە نەفـسـەکـان لە تواناییـاندا نییـە هیچ هێـزێک بە لەشـەکـان ببـەخشن،

چونکە ئەندازەی ئەو هێزەی لە مادەدا هەیە، هەمیشە هەروەک خۆی دەمینێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو وای بۆ چووە، نەفس، دەتوانێ ڕەوتی لەشەکان بگۆڕێ، بەڵام ئەو باوەڕەی لەوەوە کەوتۆتەوە، لەسەردەمی ئەودا قانوونە سروشتییەکەی مانەوەی تێکڕای ڕەوتی لە مادەدا وەک خۆی، نەزانراوبوو. ئەگەر ئەو ئەمەی زانیبایە دەگەیشتە سیستمی هارمۆنی پێشتر ڕەنگ ڕێژراوەکەی من. (تیۆدیسێ: پێشەکی، هەروەها ٢٢، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٣، ٦٦، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٥٤، ٣٥٥).

٨١- بەپێی ئەم سیستمە لەشەکان وا کاردەکەن هەروەک هیچ نەفسێک نەبووبێ (دیارە ئەوەش ناشێ و ناکرێ) و نەفسەکان وا کاردەکەن هەروەک لەشەکان نەبووبن، هەردووکیشیان وا کاردەکەن هەروەک ئەوەی یەکێکیان کاری لەوی دیکەیان بکات.

٨٢- سەبارەت بە ئەقڵەکان، یان نەفسە ئاقڵەکان، ئەگەرچی من وادەبینم، وەک پێشتر وترا، لە بارەی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان و هەموو زیندەوەرەکان بە هەمان شێوە و ڕێگا شتەکان هەر ئاوەهایە. (واتە زیندەوەر و نەفسەکان بەگشتی لەگەڵ دروست بوونی جیهان دروست دەبن و بە لەناوچوونیشی لەناو دەچن). لەگەڵ ئەمەدا زیندەوەرە ژیرەکان بەوە ناسراون کە زیندەوەرە تۆوداره بچووکەکانیان، ئەگەر هەر بەو جۆرەی خۆیان بمێننەوە، تەنیا هەر نەفسی ئاسایی، یان نەفسی هەستگەری ناسکیان دەبێ، بەڵام کاتێک ئەوانەیان کە دەکرێ بە هەڵبژاردە ناوببرێن لە ڕێگای ئاوسبوونی ڕاستەقینەوە دەگەنە سروشتی مرۆڤ، نەفسە هەستگەرە ناسکەکانیان بۆ پلەو ئاستی ئەقڵ بەرز دەبنەوە و مافی تایبەتی ژیرییان دەبێ (تیۆدیسێ: ٩١، ٣٩٧).

٨٣- سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی دیکە کە لەنێو نەفسە ئاسایی و ئەقڵەکاندا (ژیرەکاندا) هەن و لەمەوبەر بەشێکیم باس کرد، ئەمەش هەر هەیە، نەفسەکان بەگشتی ئاوێنەی زیندوو، یان چەند وێنەیەکی گەردوونی شتە داهێنراوەکانن، بەڵام ئەقڵەکان سەرەڕای ئەوە، چەند وێنەیەکی ڕەببانی، یان دانەری سروشت خۆینی، ئەوە تواناییان هەیە سیستمی گەردوون بزانن و بە چەند نموونەیەکی تایبەتی سیستمی هونەری بیناسازیی لاسایی شتێک لەو بکەنەوە، چونکە هەر ئەقڵێک لە مەیدانی خۆیدا وەک خواوەندێکی بچووک وایە. (تیۆدیسێ: ١٤٧).

٨٤- ئا ئەمەیە ئەقڵەکان (گیانەکان) بە توانا دەکات جۆرە بەشداریەک لەگەڵ خوادا بکەن و خۆ بۆ ئەوان تەنیا ئەوە نییە وەک چۆن داهێنەر بۆ مەکینەکەی وایە (وەک چۆن پێوەندی ڕەب بە شتە داهێنراوەکانی دیکەوە وایە)، بەڵکو شازادە بۆ دەست و پێوەندەکەی، بگرە باوکێک بۆ زاروەکانی چۆنە، دەبێ وابێ.

٨٥- لەمەوە بە ئاسانی ئەو ئەنجامە دەستگیر دەبێ، دەبێ کۆمەڵەی هەموو گیانەکانی دەوڵەتی خوا دابەزرێنن، واتە تەواوترین دەوڵەتێک بەگشتی کە لە تواناییدا لەژێر دەسەڵاتی تەواوترینی هەموو پاشاکاندا. (تیۆدیسێ: ١٤٦، کورتەی گازندەکان، ٢).

٨٦- ئەو دەوڵەتەی ڕەببە، ئەو مەملەکەتە هەمەکییە ڕاستەقینەیە، جیهانیکی ئاکارییە لەنێو جیهانی سروشتدا، ئەمە پایەبەرزترین و ڕەببانیترین کارێکە لەنێو کارەکانی ڕەببدا. تێیدا ناوبانگی ڕەب بەڕاستی دەردەکەوێ، چونکە ئەو هیچ ناوبانگێکی نابێ، ئەگەر گەورەیی و چالاکییەکەی لەلایەن گیانەکان زانراو و پەسند نەبێ. ئەو هەروەها چالاکییەتی هەیە بە تایبەتی بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتە ڕەببانییەدا، لە کاتێکدا دانایی و هێزەکەی لە هەموو جێگا و شوێنێک دەردەکەون (تیۆدیسێ: ١٤٦).

٨٧- هەروەک چۆن لە سەرەوە هەبوونی هارمۆنییەکی ئەوپەڕی تەواو لەنێوان دوو مەملەکەتی سروشتیدا، یەکێکیان مەملەکەتی هۆکارە کاریگەرەکان و ئەوی دیکەیان هۆکاری ئامانجەکییەکانە، بۆمان ساخ بۆوە، هەروەها دەبێ ئێمە لێرەش تێبینی هارمۆنییەکی دیکە بکەین کە لەنێوان مەملەکەتی فیزیایی سروشت و مەملەکەتی ئاکاریی بەهرەی ڕەببانیدا هەیە، واتە لەنێوان خوا وەک ئەندازیاری مەکینەی جیهان و ڕەب وەک پادشای دەوڵەتی ڕەببانییەکەی گیانەکان (تیۆدیسێ: ٦٢، ٧٤، ١١٨، ٢٤٨، ١١٢، ١٣٠، ٢٤٧).

٨٨- ئەم هارمۆنییە دەبێتە مایەی ئەوەی شتەکان بە ڕێگاکانی سروشتدا خۆیان بەرەو بەهرەی ڕەببانی مل پێوە بنێن و بۆ نموونە، هەروەها ئەو گۆی زەوییە لە کاتێکی دیاریکراودا بە ڕێگا سروشتییەکاندا لەناو بچێ و سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە کاتێک کە حکوومەتی

**دیکارت**

گیانەکان بۆ سزادانی هەندێک و خەڵات کردنی هەندێکی تر ئەمە داوا دەکات. (تیۆدیسێ: ١٨، ١١٠، ٢٤٤، ٢٤٥، ٣٤٠).

٨٩- لەدواییدا دەتوانرێ بوترێ ڕەب وەک ئەندازیار، ڕەب وەک قانوون دانەر، لە هەموو شتێکدا جێگای ڕەزامەندییە، هەروەها بەپێی ئەمە دەبێ گوناهەکان - بە گوێرەی ڕەوتی سروشت و پێکهاتەی میکانیکی شتەکان خۆیان- سزا بدرێن، هەروەها کردارە باشەکان لە چاو لەش بە ڕێگا میکانییەکان داوا دەکەن پاداشتی خۆیان پێ ببرێ، هەرچەندە ئەمە لە تواناییدا نییە و ناگونجێ هەمیشە دەستبەجێ ڕووبدات.

٩٠- ئینجا لە کۆتاییدا لەژێر سێبەری ئەو حکومەتە تەواوەدا هیچ کارێکی چاکە بەبێ پاداشت و هیچ کارێکی بەد بەبێ سزادان نابێ، دەبێ هەموو شتێک بۆ خزمەت و سوود و قازانجی پیاوچاکان بێت، واتە ئەوانەی لەم دەوڵەتە گەورەیەدا نارازی نین و ئەوانەی دوای ئەوەی ئەرکی سەرشانیان بەجێ دەگەیەنن بڕوایان بە چارەنووس و بەشی ڕەب هەیە، ئەوانەی لاسایی داهێنەری هەموو چاکەیەک دەکەنەوە و ئەو خۆشویستنەی کە هەڵدەگرێ خۆشیان دەوێ و بەبێ ڕامان تەواوییەکەی دڵخۆش دەبن، ئەمەش بەپێی سروشتی خۆشەویستی ڕاستەقینەی بێ گەرد کەوا دەکات بە بەختیار بوونی ئەوەی خۆشمان دەوێ شادمان بین. ئەمە ئەو هۆکارەیە وا لەداناو پیاوچاکان دەکات کە هەموو کۆشش و تواناییان بۆ ئەو شتە دابنێن کەوا دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەی خواستی ڕەببی لەسەر بووە گونجاوە. لەگەڵ ئەمەدا بەوە ڕازی دەبن کە خواستی نادیار و ژیر بەلایەکداخەرانەی ڕەببی لەسەر بووە. ئەوان دان بەوەدا دەنێن ئەگەر ئێمە بتوانین بە تەواوەتی لە ڕێکوپێکی و ڕەوتی گەردوون بگەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەموو ئارەزوو و ئاواتەکانی داناترین کەس باڵاترە، لە کردنیش نایەت جیهان لەوەی ئێستا هەیە باشتر بکرێت، نەک تەنیا لەچاو بوونی هەمەکییە گشتییە تێکڕاییەکە، بەڵکو لەچاو ئێمەش بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەمە ئەگەر بە تەواوەتی و بە شێوەیەک کە هەڵدەگرێ بڕوامان بە داهێنەری هەمەکییە تێکڕاییەکە بێت. نەک تەنیا بەو شێوەیەی کە ئەندازیار و هۆکاری کاریگەری بوونمان، بەڵکو بەو شێوەیەش کە ئاغامانە و ئەو هۆکارە ئامانجەکییەیە کە دەبێ مەبەست و ئامانجی خواستەکەمان بێت و هەر خۆشی دەتوانێ بەختیاری ئێمە بەدی بهێنێ (تیۆدیسێ: ٤ئا-ب، ٢٧٨).

### بنەڕەتە ژیرییەکانی سروشت و بەهرەی ڕەببانی

١- جەوهەر بوونەوەرێکە توانایی کرداری هەیە. ئەو ساکارە، یان لێکدراوە، جەوهەری ساکار ئەوەیە هیچ پارچەیەکی نییە. لێکدراویش ئەو کۆیەیە کە لە چەند جەوهەرێکی ساکار، یان لە چەند مۆنادێک پێک هاتوون. مۆناس وشەیەکی یۆنانییە مانای یەک ڕەنگی، یان ئەوەی یەکە دەگەیەنێ، شتە لێکدراوەکان، یان لە شەکان زۆرین، جەوهەرە ساکارەکان، زیندووەکان و نەفسەکان و ئەقڵەکان (گیانەکان) چەند یەکەیەکن. دەبێ لە هەموو جێگایەکدا چەندین جەوهەری ساکار هەبێ، چونکە ئەگەر ساکار نەبێ لێکدراویش نابێ. بەپێی ئەمە تێکڕای سروشت پڕ لە ژیانە.

٢- لەبەر ئەوەی مۆنادەکان هیچ پارچەیەکیان نییە، ناتوانن دروست ببن، یان لەناو بچن ناتوانن- بە ڕێگایەکی سروشتی- سەرەتایان هەبێ، یان کۆتاییان بێت، بۆیە ئەوان بە ئەندازەی مانەوەی گەردوون کە دەگۆڕێ، بەڵام لەناو ناچێ دەمێننەوە، ئەوان ناتوانن

شێوەیان هەبێ، چونکە ئەو کاتە پارچەشیان دەبێ بەم پێیە مۆنادێک خۆی لەخۆیدا و لە ساتێکی دیاریکراودا تەنیا بەهۆی سروشتە تایبەتییەکانی و کردارە ناوەکییەکانییەوە لە یەکێکی دیکە جیا دەکرێتەوە، کە ئەمانەش لە ڕێ پێ بردنەکانییەوە (واتە لە نیشاندانەکانی شتە لێکدراوەکان، یان ئەوەی لە دەرەوەیاندا لە ساکاردا هەیە)، هەروەها لە ئارەزووەکانیدا (واتە لە کۆششەکانیدا بۆ گوێزرانەوە لە ڕێ پێ بردنێکەوە بۆ یەکێکی دیکە) بەولاوە نین، ئەمانەش بنچینەکانی گۆڕانن. ئیتر ساکارییەکەی جەوهەر بەهیچ ڕێگا لە فرەیی ئەو ڕەوشە جیاوازانە ناگرێ، کە پێویستە بەسەریەکەوە لە جەوهەرە ساکارەکانی خۆیدا هەبن و دەبێ ئەمە لە هەمەچەشنەیی پێوەندییەکان پێکبێت کە لەگەڵ شتە دەرەکییەکانەوە هەیەتی، ئەمەش لە مەڵبەندێک، یان لە خاڵێک دەچێ- کە هەرچەندە ساکارە- ژمارەیەکی بێ کۆتایی لەو گۆشانەی تێدایە کە لەو هێلانە لەودا بەیەک دەگەن، دروست دەبن.

٣- لە سروشتدا هەموو شتێک پڕە، لە هەموو جێگایەکدا چەند جەوهەرێکی ساکار هەن کە بەهۆی چەند کردار و چالاکییەکی تایبەتی خۆیانەوە کە بێ پسانەوە پێوەندییەکانیان دەگۆڕن، بەڕاستی جیاوازییان لەگەڵ یەکتری هەیە. هەموو جەوهەرێکی ساکار، یان مۆنادێکی نایاب ناوەندی جەوهەرێکی لێکدراو (بۆ نموونە وەک زیندەوەرێک) و بنچینەی تاک و تەنیاییەکەی پێکدەهێنن و بەکۆیەکی لە ژمارە بێ کۆتایی مۆنادەکانی دیکە دروست بوو دەورە دراون. ئەم مۆنادانە لەشی تایبەتی ئەو مۆنادە ناوەندییە پێک دەهێنن کە بەپێی وروژانە ناوەکییەکانیان، هەروەک دەڵێن لە جۆرە ناوەندێک دەچن، ئەو شتانەی لە دەرەوەیدان نیشان دەدات، ئەم لەشە ئۆرگانێکە، ئەگەرچی جۆرێک لە ئۆتۆماتیک، یان لەو مەکینە سروشتییەی کە نەک هەر لە هەموویدا، بەڵکو لە بچووکترین پارچەکانی کە دەکرێ ببینرێ، پێکدەهێنێ بە مەکینە دادەنرێ، لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی پڕی تێکهەڵکێشی جیهان هەموو شتەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و هەر لەشێک کار لە لەشێکی دیکە دەکات بەپێی دووریی نێوانیان کەم، یان زۆر دەبێ، هەروەها بەم پێیە کاردانەوەی هەر یەکێکیان کار لەوی دیکە دەکات، جا بەپێی ئەمە دەبێ هەموو مۆنادێک ئاوێنەیەکی زیندوو بێ و بتوانێ چالاکی و کرداری ناوەکی بکات و لە بۆچوونی خۆیەوە بنوێنی، ئەویش بەو جۆرەی گەردوون دامەزراوە وابێ، ڕێ پێ بردنەکان لە مۆناددا لە یەکتریییەوە بەپێی قانوونەکانی کۆشش، یان هۆکارە ئامانجەکییەکانی چاکە و بەدکاری پەیدا دەبن کە ئەوانیش خۆیان لە ڕێ پێ بردنە هەست پێ کراوەکانەوە جا ڕێکوپێک بن، یان نا پێکدێن- هەروەها ئەو گۆڕانانەی بەسەر لەشەکان و دیاردەکانی دەرەوە دادێن بەپێی قانوونەکانی هۆکارە کاریگەرەکان واتە بەپێی قانوونەکانی بزووتنەوە دەکەونەوە. بەم جۆرە هارمۆنییەکی ئەوپەڕی تەواو لەنێوان ڕێ پێ بردنەکانی مۆناد و بزووتنەوەکانی لەشدا پێکدێت، ئەمەش هەر لە کۆنەوە لەنێوان سیستمی هۆکارە کاریگەرەکان و سیستمی هۆکارە ئامانجەکییەکاندا هەر هەبووە، لەمەدا ڕێککەوتن و یەکگرتنی سروشتی نەفس و لەش، بەبێ ئەوەی یەکێکیان بتوانێ قانوونەکانی ئەوی دیکەیان بگۆڕێ، پەیدا دەبێ.

٤- هەموو مۆنادێک لەگەڵ لەشە تایبەتییەکەی خۆی جەوهەرێکی زیندوو پێکدەهێنێ، بۆیە نەک هەر لە هەموو جێگایەکدا ژیان هەیە کە بە چەند ئەندامێکەوە، یان بە چەند ئۆرگانێکەوە بەندە، بەڵکو چەند پلەیەکی بێ کۆتایی لەنێو مۆنادەکاندا هەیە، چونکە هەندێکیان کەم تا زۆر بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵن. ئەگەر مۆناد چەند ئەندامێکی پڕ بە پێستی مەبەست دروستکراوی هەبێ، بەپێی ئەمە ئەو جیاوازییانەی بە دەردەکەون و جارێکی دیکە نامێنن لە وێنەکانی ناخدا کە پێشوازییان لێ دەکات، ئینجا ئەو ڕێ پێ بردنانەی جارێکی دیکە پەیدا دەبن و لەنێو ئەواندان (وەک ئەوەی بەهۆی ڕوخساری ئاوی چاوەوە تیشک بەتینتر و بەهێزتر کار دەکات)، ئەوە لەوانەیە ئەمە بگاتە هەست پێ کردن، واتە بگاتە ئەو ڕێ پێ بردنەی وەبیر هاتنەوەی لەگەڵدایە کە بۆ ماوەیەکی درێژ، جۆرە دەنگدانەوەیەکی لێ دەمێنێتەوە، تا ئەو بۆنەیە دێت دەرفەتی ئەوەی دەداتێ ببیسترێ. ئەم بوونەوەرە زیندووانە بە زیندەوەر و مۆنادەکەشی بە نەفس ناودەبرێ. کاتێک ئەو نەفسە بۆ ئاستی ژیر بەرز دەبێتەوە و دەبێ بە شتێکی پایەبەرز و بەگیانێک

دادەنرێ وەک تۆزێکی دیکە ئەمە ڕوون دەکەمەوە.

ڕاستە زیندەوەرەکان هەندێ جار لە دۆخی بوونەوەرە زیندووە ساکارەکان و نەفسەکانیشیان لە ڕەوشی مۆنادە ساکارەکاندا دەبن، ئەمەش کاتێک ڕێ پێ بردنەکانیان نەگەنە پلەیەکی ئەوتۆ جیا و بەرچاو بتوانن ئەوان وەبیر خۆیان بهێننەوە، هەروەک نووستنێکی قووڵی بێ خەون دیتن، یان لە بوورانەوەدا ڕوودەدات، بەڵام ئەم ڕێ پێ بردنانە، کە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی تێکەڵو پێکەڵ بوون دەبێ جارێکی دیکە لە زیندەوەراندا ڕوون ببنەوە، ئەمە لەبەر چەند هۆکارێک ماوەیەکی دیکە لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە (بڕگە ١٢)، لەبەر ئەوە شتێکی چاکە لەنێوان ڕێ پێ بردن، یان ڕەوشی ناوخۆی مۆنادەکە کە شتەکانی دەرەوەی پێ دەنوێنرێ و لەنێوان ڕێ پێ بردنی هۆشیارانە کە هەستی خۆیەتی، یان زانینە ناخییەکەی ئەم ڕەوشە ناوخۆییە جیاوازی بکرێت، ئەمەی دوایی بە هیچ جۆرێک- نە بۆ نەفسەکان و نە جارێک هیچ کاتێک بۆ هەمان تاکە نەفس هەڵدەکەوێ، بە کەم گرتنی ئەم جیاوازییە ئەو هەڵەیەیە کە دیکارتییەکان تێی کەوتوون و ئەو ڕێ پێ بردنانەی هەستیان پێ ناکرێ پشتگوێیان خستوون، وەک خەڵکی سادە ئەو لەشانەی بە هەست ڕێیان پێ نابردرێ پشتگوێ دەخەن، هەر ئەمەش وای لە دیکارتییەکان کردووە لەو باوەڕەدابن تەنیا ئەقڵەکان (گیانەکان) خۆیان مۆنادن و نەفسی زیندەوەرەکان و چ جای بنچینەکانی دیکەی ژیان هەر بوونیان نییە و نین. لەلایەکەوە کاتێک وتوویانە زیندەوەر هەستی نییە، ڕای باوی خەڵکیان بریندار کردووە و لەلایەکی دیکەیشەوە و بەپێچەوانەی ئەم مەبەستەوە، زۆر بەلای بڕیاری پێشەکییانەی خەڵکی سادەدا شکاندوویانە کاتێک سڕبوون و بوورانەوەی ماوە درێژیان، کە بەهۆی شێواوی ڕێ پێ بردنەکانەوە پەیدا دەبێ، لەگەڵ مردن بە مانا تەواوەتییەکەیدا کە تێیدا هەموو ڕێ پێ بردنێکی پەکی دەکەوێ، تێکەڵاو کردووە، بەمەش ئەو بنچینە خراپ ساخ بووەوەی لە بارەی لەناوچوونی هەندێ نەفس و ڕاو بۆچوونی کاولکارانەی هەندێک نەفسی زیادەڕۆو لووتبەرز کە بەگژ بڕوای نەمریی نەفسی ئێمەدا دەچن، ڕادده و سنووریان بۆ دانرا.

٥- لەنێو ڕێ پێ بردنەکانی زیندەوەراندا پێوەندییەکی بەیەکەوە بەسترانەوە هەیە کە تاڕادەیەک لە ئەنجامگیری ئەقڵ دەچێ، بەڵام پێوەندییەکە تەنیا بە وەبیرهاتنەوەی ڕاستەقینەکان (فاکتەکان)، یان ئەنجامەکانەوە بەندە نەک بە زانینی هۆکارەکانەوە، بۆیە سەگ لەو دارەی پێی لێ دراوە ڕادەکات، چونکە یاد (وەبیرهاتنەوە) ئەو ئازارەی دێنێتە بەرچاو کە ئەو دارە پێی گەیاندووە. بەو ئەندازەیەی کە خەڵک ئەزموون پەسندن، واتە لە سێ بەش، لە چوار بەشی کردارەکانیاندا وەک زیندەوەر ڕەفتار دەکەن، بۆیە بۆ نموونە مرۆڤ چاوەڕوان دەکات سبەینێ ڕۆژ ببێتەوە، چونکە مرۆڤ هەمیشە ئەمەی تاقی کردۆتەوە: تەنیا ئەستێرەناس لەسەر بنەڕەتی ژیریی پێشبینی ئەمە دەکات، بەڵام ئەم پێشبینییە خۆی پەکی دەکەوێ کاتێک هۆکاری ڕۆژ بوونەوە نامێنێ کە هەرگیز هەتا هەتایی نییە.

ئەنجامگیرییە ژیرییە ڕاستەقینەکان پشت بە ڕاستییە ناچارییەکان، یان بەڕاستییە هەتا هەتاییەکانی وەک هی مەنتیق و ژمێرە و ئەندازە دەبەستن، کە بەیەکەوە بەستنەوەیەکی گومان لێ نەکراوی بیرەکان و چەند ئەنجامێکی دوور لە هەڵەیان لێ دەکەوێتەوە. ئەو بوونەوەرە زیندووانەی ئەم ئەنجامانەیان تێدا دەرناکەوێ بە زیندەوەر (حەیوان) ناودەبرێن، بەڵام ئەوانەی ئەم ڕاستییە ناچارییانە دەزانن شایانی ئەوەن بە زیندەوەرە زیندووە ئاقڵەکان ناوببرێن، نەفسەکانیشیان بە ژیر ناودەبرێن. ئەم نەفسانە توانایی لە ناخ وردبوونەوە و پەی بردنیان بەوە هەیە بە من و جەوهەر و نەفس و ژیر ناودەبرێ، بەکورتی شتە نامادییەکان و ڕاستییەکان، ئەمەش ئەو تواناییەمان پێ دەبەخشێ زانست، یان زانینە پشت ئەستوور بە سەلمێنەکان فێر ببین.

٦- لێکۆڵینەوە نوێیەکان فێریان کردووین، ئەقڵیش لەمەدا پشتگیری دەکات، ئەو بوونەوەرە زیندووانەی ئێمە ئۆرگانەکانیان (ئەندامەکانیان) دەزانین، واتە ڕووەک و زیندەوەر لە گەنین و ئاژاوە و کوێر کوێرانە پەیدا نابن- وەک پێشینان وای بۆ چوون- بەڵکو لە چەند تۆوێکی لەمەوبەر دروست بووەوە، ئینجا ئەوان، لەبەر ئەمە، زیندەوەرێکی زیندوون کە پێشتر چەندین گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لە تۆوی زیندەوەرە گەورەکاندا چەندین زیندەوەری بچووک هەن کە بەهۆی ئاوس بوونەوە ڕوخسارێکی نوێ بە بەردا دەکەن و خۆیان ڕادەهێنن بە جۆرێک بتوانن بخۆن و گەورە ببن بۆ ئەوەی بۆ سەر

شانۆیەکی فراوانتر بگۆڕێنەوە و ببنە مایەی زاووزێ و زۆر بوونی زیندەوەرە گەورەکان. ڕاستییەکەی ئەوەیە زیندەوەرە تۆوییە مرۆڤییەکان ئەقڵیان نییە، بەڵکو ئەوکاتە ئەقڵیان دەبێت کە ئاوس بوون بە ئەو زیندەوەرانەی سروشتی مرۆڤایەتی ببەخشی. هەروەک زیندەوەرەکان بەگشتی هەرگیز بە ئاوس بوون، یان زاووزێ بە تەواوەتی سەرلەنوێ دروست نابن، ئەوە بەوەش کە ئێمە بە مردنی ناو دەبەین بە تەواوەتی لەناو ناچن، چونکە ئەقڵ پێمان دەڵێ. ئەوەی بە ڕێگای سروشتی دەست پێ نەکات، ئەوە لە چوارچێوەی ڕێکو پێکی و دیسپلینی سروشتدا کۆتاییەکەی خۆی نابینێتەوە. بەم پێیە ئەوان کاتێک ڕووپۆش، یان سیپاڵەکانیان دادەکەنن، دەگەڕێنەوە بۆ سەر شانۆیەکی بچووکتر و تێیدا توانایی هەست کردنیان دەبێ و بەو جۆرە ڕێکو پێک دەبن کە لەسەر شانۆ گەورەکەدا هەیە. ئەوەی ماوەیەک لەمەوبەر لێرە دەربارەی زیندەوەرە گەورەکان گوترا بۆ زاووزێ کردن و مردنی زیندەوەرە تۆوییەکانیش ڕاستە، واتە ئەوانیش لە گەشەکردنی زیندەوەری تۆوی بچووکترەوە کە خۆیان لە چاو ئەوان گەورەترن، پەیدا دەبن، چونکە لە سروشتدا هەموو شتێک بێ کۆتاییە.

بەم پێیە نەفسەکان هەروەها زیندەوەرەکان نە لە دایک دەبن و نە لە ناودەچن، بەڵکو پەرە دەستێنن، پاشەکشە دەکەن، بەرگ دەپۆشن، بەرگ دادەماڵن، شێوەیان دەگۆڕن. نەفسەکان هەرگیزاو هەرگیز لە لەشەکانیان جیا نابنەوە و ناچنە بەر لەشێکی دیکەوە کە بە تەواوەتی بۆیان بێگانە بێت، کەوابوو کلێشە گۆڕیی گیانەکان نییە، بەڵکو ڕوخسار شێواندن هەیە. زیندەوەرەکان تەنیا هەندێ پارچەیان دەگۆڕن، ئەمە وەردەگرن و دەست لەویان هەڵدەگرن، ئەوەی لەگەڵ نان خواردندا پلە بە پلە و بە بەشی بچووکی هەست پێ نەکراو، بەڵام بەردەوام ڕوودەدات، لە ئاوس بوون و لە مردندا زیندەوەرەکان زۆر شت بە دەست دەهێنن، یان لەدەست دەدەن لەناکاو و بە شێوەیەکی ڕوون ڕوودەدات کە هەستی پێ بکرێت یا بە دەگمەنیش بێت.

٧- تائێستا ئێمە تەنیا وەک فیزیکی قسەمان کردووە، ئێستا وا پێویست دەکات بۆ میتافیزیک بەرز بینەوە و ئەو بنەڕەتە بە بایەخە کە کەم وابووە جێبەجێ بکرێت، بەکاربهێنین و کە دەڵێ: هیچ شتێک بەبێ هۆکارێکی بەس بوو ڕوو نادات، واتە هیچ شتێک ناقەومێ ئەگەر ئەو کەسەی شتەکان بە تەواوی دەناسێ، نەتوانێ هۆکارێکی دەست نیشانکەری بەس بوو پێشکەش بکات، بۆچی ئەم شتە بەو جۆرە و نەک بە شێوەیەکی دیکە ڕووی داوە؟ ئەگەر ئەم بنچینەیە پشت ڕاست کرابێتەوە، یەکەم پرسیار کە بۆمان هەیە بیکەین، ئەمە دەبێ، بۆچی بوونێک هی هەر شتێک هەبوو، نەبوونێک نەبوو(٣)، چونکە نابوون (هیچ) لە هەموو شتێکی دیکەدا ساکارتر و ئاسانترە. ئەگەر وا دابنرێ کە پێویستە هەندێ شت هەبێ، دەبێ بتوانرێ هۆیەک کە ڕوونی بکاتەوە بۆچی پێویستە ئەوان بەم شێوەیەی ئێستا چۆنن نەک بەشێوەیەکی دیکە هەن پێشکەش بکات.

٨- ئەم هۆیە بەس بووەی هەبوونی گەردوون ناکرێ لەنێو زنجیرەی شتە ڕێککەوتەکاندا، واتە لە زنجیرەی لە شەکان و ڕێ پێ بردنەکانیان لە نەفسدا بدۆزرێنەوە، لەبەر ئەوەی مادده لەخۆیدا لە بزووتنەوە و وەستاوی و لە بزووتنەوەی دیاریکراو لەخۆیدا جیاوازە، ئەوە ناتوانرێ لەودا هۆکاری بزووتنەوە بەگشتی، چ جای هۆکاری بزووتنەوەیەکی دیاریکراو بدۆزرێتەوە، ئەگەرچی ئەو بزووتنەوەیەی ئێستا لە ماددەدا هەیە لە بزووتنەوەیەکی دیکەوە دروست بووە، ئەویش خۆی لە یەکێکی دیکەوە، ئێمە هەرچەندە بمانەوێ پتر بەرەو دواوە بگەڕێینەوە یەک هەنگاو بەرەو پێش ناچین، چونکە هەمان پرسیار بەردەوام لە گۆڕێدا دەبێ، لەبەر ئەوە ئەم هۆکارە بەس بووە کە لەخۆی بەولاوە پێویستی بەهۆکارێکی دیکە نییە، دەبێ لە دەرەوەی زنجیرەی شتە ڕێککەوتەکاندا بێ و لە جەوهەرێکدا هەبێ کە هۆکاری ئەم زنجیرەیە و جەوهەرێکی ناچارییە، کە لە خۆیدا هۆکاری بوونی خۆی هەڵگرتبێ، چونکە ئەگەر بابەتەکە بەم شێوەیە نەبوایە، هۆیەکی بەس بوومان نەدەبوو، کە بتوانین لەلای بوەستین، ئەم دوا هۆکارەی شتەکان پێی دەوترێ ڕەب.

٩- ئەو جەوهەرە ساکارە سەرەتاییە دەبێ تا دەکرێ هەموو ئەو تەواوەتییانەی لەو جەوهەرانەدان کە لەوەوە هاتوونەتە کایەوە، تێدابێ، ئیتر بەهۆی ئەمەوە هێز و زانین و خواستی تەواوەتی دەبێ، واتە، توانایی بێ سنوور، زانستی سەرتاپاگیر و گەورەترین چاکیەتی تێدا

دەبێ، لەبەر ئەوەی داد بە فراوانترین ماناکەیەوە لەو چاکەیەی کە لەگەڵ داناییدا تەبایە بەولاوەتر نییە، ئەوە هەروەها دەبێ لە ڕەبدا بەرزترین ڕاددەی دادپەروەریی هەبێ. ئەو هۆکارەش کەوا لەشتەکان دەکات بوونی خۆیان لە ڕەببەوە پێ ببرێ هەر ئەوەیە وایان لێ دەکات لەبەردەوام بوونی بوونیاندا و تێکڕای کردارەکانیاندا پشتی پێ ببەستن و هەموو ئەوانە کە جۆرە تەواوەتییەکیان پێ دەبەخشێ، لەوی وەربگرن، بەڵام هەر جۆرە کەموکوڕییەک کە لەواندا بمێنێ، ئەوە لە ڕاددە و سنووورداری بنەڕەتی و ڕیشەیی بوونەوەری داهێنراوەوە دەکەوێتەوە.

١٠- لەوپەڕی تەواوەتییەکەی ڕەببەوە دەکەوێتەوە کە کاتێک جیهانی دروست کردووە، باشترین نەخشەیەک کە لەتواناییدا بێ هەڵی بژاردبێ، کە گەورەترین ئەندازەی هەمەچەشنەیی و گەورەترین ڕێکو پێکی (دیسپلین) تێیدا یەک بگرن، زەوی و جێگا و کات بە باشترین شێوە بەکاردێن و گەورەترین ئەنجام بە ساکارترین ڕێگا بەدەست دەهێنرێ، داهێنراوەکان بەو ئەندازەیەی گەردوون بەگشتی دەکرێ ڕێگا بدات هێزی گەورە و زانینی زۆر و بەختەوەری زۆر و چاکیەتییەکی زەبەندەیان پێ دراوە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شیاوەکییانەی لە مێشکی خوادان بە ئەندازەی تەواوەتییەکان کۆشش بۆ بوون دەکەن. دەبێ ئەنجامی گشت بە ئەندازەی تەواوەتییەکەیان کۆشش بۆ بوون دەکەن، دەبێ ئەنجامی گشت ئەم کۆششانە جیهانێکی ڕاستەقینە کە تەواوترینی جیهانێکی شیاوەکی بێت. بەبێ ئەم مەرجانە ناتوانرێ هیچ هۆکارێک پێشکەش بکرێت ڕوونی بکاتەوە بۆچی شتەکان بەم شێوەیەن و بەشێوەیەکی دیکە نین.

١١- داناییە بەرزەکەی ڕەب وای لێ کردووە پێش هەموو شتێک گونجاوترین قانوونەکانی بزووتنەوە کە لەگەڵ هۆیە بێ گەردەکان، یان میتافیزیکییەکاندا تەبان هەڵبژێرین. بەم پێیە چەندێتی هێزی هەمەکییەکە و ڕەهاکە، یان چەندێتی کاردانەوە و لە کۆتاییدا هەمان چەندێتی ئەو شوێنەی ئاراستەی دەکرێت وەک خۆی دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەمە کار هەمیشە ئەوەندەی کاردانەوە دەبیت و تێکڕای ئەنجام هەمیشە لەگەڵ هۆکارە تەواوەکەدا بەرانبەر دەبێ. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەگەر بە تەنیا سەرنجی هۆکارە کاریگەرەکان، یان ماددە بدرێت، وا لە مرۆڤ دەکات ئەو قانوونانەی بزووتنەوە کە لەسەردەمی ئێمەدا دۆزراونەتەوە و منیش لە دۆزینەوەی هەندێکیاندا بەشداریم کردووە، نەتوانێ ساخ بکاتەوە، بۆم ڕوون بۆتەوە، پێویستە مرۆڤ پەنابەرێتە بەر هۆیە ئامانجەکییەکان، چونکە ئەم قانوونانە پشت بەبنچینەی ناچاریی نابەستن- وەک ڕاستییەکانی مەنتیق و ژمێری و ئەندازیاری، بەڵکو پشت بە بنچینەی تەبایی دەبەستن، واتە ئەو هەڵبژاردنەی بەهۆی داناییەوە دەبێ، ئەمە کاریگەرترین و ژیرترین بەڵگەی بوونی خوایە بۆ هەموو ئەوانەی دەتوانن بچنە بنجو بناوانی شتەوە.

١٢- ئەوپەڕی تەواوەتی داهێنەری بەرز پتر ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ڕێکو پێکی گەردوون نەک تەنیا تەواوترینیانە کە لەتواناییدا بێ، بەڵکو دەبێ هەموو ئاوێنەیەکی زیندوو کە لە بۆچوونی خۆیەوە ئەم گەردوونە دەنوێنێ، واتە هەموو مۆنادێک، هەموو ناوەندێکی جەوهەری دەبێ هەموو ڕێ پێ بردنەکانی و هەموو کۆششەکانی بەچاکترین شێوە ڕێکوپێک خرابن بە جۆرێک کە لەگەڵ شتەکانی دیکەدا بەسەریەکەوە تەباو گونجاو بێ، هەروەها بەپێی ئەمە دەبێ جارێکی دیکە نەفسەکان، واتە ئەو مۆنادانەی لەوانی دیکە پلە بەرزترین بگرە زیندەوەرەکان خۆیان لەو بوورانەوەیە کە مردن، یان هەر قەوماوێکی دیکە بەسەریان دێنێ، بە ئاگا بێنەوە.

١٣- لەبەر ئەوەی هەموو شتەکان بەگەورەترین ڕێکو پێکی و پێوەندی دەستەوایی جارێک و بۆ هەتاهەتایە دامەزرێنراون، چونکە دانایی و چاکیەتی بەرز لەوە بەولاوە نییە بەپێی تەواوترین هارمۆنی بتوانرێ کاربکرێ: ئێستا پاشەڕۆژی لە منداڵداندایە و دەتوانرێ پاشەڕۆژ لە ڕابردوودا بخوێنرێتەوە(٤) و دووریش لە نزیکدا دەردەبڕدرێ. لە تواناییدا هەیە جوانی گەردوون لە هەموو نەفسێکدا بەدی بکەین، ئەگەر بتوانین هەموو ناواخنەکەی ئاواڵە بکەینەوە کە بە تێپەڕبوونی کات نەبێ، بە جۆرێکی هەست پێکراو ئاواڵە نابێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ڕێ پێ بردنێکی ڕوون و جیای نەفس، ژمارەیەکی لە ئەندازە بەدەر ڕێ پێ بردنی تەمومژاوی و تێکەڵاوی تێدایە کە دەوری تێکڕای

گەردوونیان داوە، ئەوە نەفس خۆی تەنیا بەو ئەندازەی ڕوونی و جیایی ئەم ڕێ پێ بردنانە ئەو شتانە دەزانێ کە پەیان پێ دەبات، ئەوپەڕی تەواوەتییەکەی نەفس بەپێی ڕێ پێ بردنە ڕوون و جیاکانی ئەندازە دەگیرێ. هەموو نەفسێک پەی بەبێ کۆتایی دەبات، هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام بەشێوەیەکی لێڵ و تەمومژاوی، وەک ئەوەی من کاتێک بە پیاسە بە قەراخ دەریادا دەڕۆم و گوێم لەو هاژە توند و گەورەیە دەبێ کە دروستی دەکات بەسەرم دێ، هەروەها من لە هەمان کاتدا چەند دەنگێکی تایبەتی هەموو شەپۆلێک دەبیستم کە لەگەڵ دەنگی شەپۆلەکانی دیکەدا پێکەوە هاژە هاژە گشتییەکەی دەریاکە پێکدەهێنن، بەبێ ئەوەی بتوانم ئەوان لە یەکتری جیا بکەمەوە. ڕێ پێ بردنە لێڵەکانمان ئەنجامی ئەو کارلێکردنانەن کە تێکڕای گەردوون لەناخی ئێمەدا دەیانکات، ئەمەش لەگەڵ هەموو مۆنادێکدا هەروایە. ڕەب تەنیا خۆی هەموو شتێک بە ڕوونی دەزانێ، چونکە ئەو سەرچاوەی هەموو بوونەوەرێکە. زۆر ڕاستە کە گوتراوە، ناوەندەکەی لە هەموو جێگایەکە، چێوەی بازنەکەی لە هیچ جێگایەکدا نییە، چونکە هەموو شتێک ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ دووریەک لەم ناوەندەوە، لەبەردەمی حازرە.

١٤- لە بارەی نەفسی ژیرەوە، یان ئەقڵ (گیانە) ئەوە شتێکی تێدایە لەوە پترە کە لە مۆنادەکاندایە، یان لە نەفسە سادەکاندایە. ئەو تەنیا ئاوێنەیەکی گەردوونی شتە داهێنراوەکان نییە، بەڵکو وێنەیەکیشە لە ڕەبانییەت. ئەقڵ تەنیا ڕێ بە کردارەکانی خوا نابات، بەڵکو دەتوانێ شتێک کە لەوان بچێ بهێنێتە دی، با، ئەمەش لە چوارچێوەیەکی بچووکدا بێت، چونکە بەبێ گوێدانە سەیروسەمەرەی خەونەکان کە خۆمان تێیاندا بەبێ ئارەقە و ماندووبوون (هەروەها بەبێ ئەوەی بمانەوێ) چەند شتێک دادەهێنین کە ئەگەر دوای بە خەبەرهاتن بمانەوێ بیاندۆزینەوە، پێویستە بە درێژیی بیریان لێ بکەینەوە. نەفسی ئێمە لەو کردارانەیدا کە خۆی ویستوویەتی بیانکات وەک ئەندازیارێک ڕەفتار دەکات و کاتێک ئەو زانستانە دەدۆزێتەوە کە خوا بە گوێرەیان شتەکانی دامەزراندووە (بەپێی کێش، پێودانگ، ژمارە...تاد) لەناوچەی خۆی و لە جیهانە بچووکەکەیدا کە ڕێگای دراوە تێیدا چالاک بێت، ئەو کارانە لاسایی دەکاتەوە کە خوا لە جیهانە گەورەکەدا دەیانکات.

١٥- لەبەر ئەم هۆیە هەموو گیانەکان، جا هی ئادەمیزاد بن، یان گیانی ڕووت بن، بەهۆی ئەقڵ و ڕاستییە هەتا هەتاییەکانەوە جۆرە بەشداری و هەڤالایەتییەک لەگەڵ خوادا دەکەن و سەر بە قەڕاڵیەتی خوان، واتە لە تەواوترین دەوڵەتێکدا کە گەورەترین و چاکترین پاشایەک دایمەزراندووە و حوکمی دەکات. لەوێدا هیچ تاوانێک بەبێ سزاو هیچ کردارێکی چاکە بەبێ پاداشتی ئەوەندەی خۆی نابێ و لە کۆتاییدا ئەو پەڕی چاکەکاری و بەختەوەری کە لە تواناییدا بێت، تێیدا دەبێ، ئەمەش بەوە نایەتەدی سروشت سەرتاپاگیر لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێ و دەست بخرێتە ناو ڕەوتەکەیەوە بەجۆرێک وا دەربکەوێ کە ئەوەی ڕەب بۆ نەفسەکان ئامادە و دیاری دەکات، پەکی قانوونەکانی لەشەکان دەخات، بەڵکو بەگوێرەی ڕێکو پێکی شتە سروشتییەکان خۆیان دێتە دی، بەهۆی ئەو هارمۆنییەی کە لەنێوان مەملکەتی سروشت و مەملکەتی بەهرەیی خوایی و لەنێوان ڕەب وەک ئەندازیار و خوا وەک پاشادا هەمیشە هەر هەبووە، بە تایبەتی بە جۆرێک سروشت خۆی بۆ بەهرەی خوایی مل پێوە دەنێ و لەلایەکی دیکەوە بەهرەی ڕەببانی ئەوپەڕی تەواوەتیەتی سروشت، لە ڕێگای بەکارهێنانییەوە، بەدی دەهێنێ.

١٦- هەرچەندە ئەقڵ لە تواناییدا نییە وردەکارییەکانی پاشەڕۆژی مەزنمان فێر بکات، ئەمە کاری سەرشانی سرووش (وەحی)یە، ئێمە لەگەڵ ئەمەدا لە ڕێگای ئەقڵەوە دەتوانین لەوە دڵنیابین کە شتەکان بە جۆرێک دروست کراون لە هەموو ئارەزووەکانمان بەرزترن و تێدەپەڕن، لەبەر ئەوەی خوا تەواوترین و بەختەوەرترینی جەوهەرەکانە و لە هەموویان پتر شیاوی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە و لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینە و بێگەرد لەوەدایە بە ئەوپەڕی تەواوی و بەختەوەری ئەوەی خۆشمان دەوێ. دڵخۆش بین- ئەم خۆشەویستییە کاتێک بەرانبەر بە ڕەب دەبێ، دەبێ گەورەترینی ئەو شادمانییەمان پێ ببەخشێ کە لەتواناییماندایە.

١٧- زۆر ئاسانە کە وەک پێویستە، ڕەببمان خۆش بوێ، ئەگەر بەو جۆرەی باس کرا بیناسین، ئەگەرچی

ناتوانرێ ڕەب بە هەستەکانی دەرەوەمان ڕێی پێ ببردرێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شایستەی ئەوپەڕی خۆشویستنە و گەورەترین شادمانیمان پێ دەبەخشێ، ئێمە دەبینین کە ڕێز لێ نان چەندە دڵی مرۆڤ خۆش دەکات، تەنانەت ئەگەر سیفەتەکانی ئەو شتانەشی نەبێ کە بۆ هەستەکانی دەرەوە دەردەکەون.

شەهید و خاوەن باوەڕە وشکەکان (ئەگەرچی سۆزی دواییان بە خراپی لەژێر ڕکێفدایە) نیشانی دەدەن کە شادمانی ئەقڵی دەکرێ چەند بەتین بێت و لەوەش بایەخدارتر ئەوەیە: شادمانییە هەستییەکان خۆیان چەند شادمانییەکی ژیرەکی ئەقڵین کە بە ڕوونی نەزانراون.

موزێک ئەوپەڕی دڵخۆشمان دەکات، ئەگەرچی جوانییەکەشی لە تەبایی ژمارە و ژماردن کە هۆشیارانە هەستی پێ ناکەین بەولاوە شتێکی دیکە نییە، بەڵام نەفس لەسەر بنچینەی لێدانەکان، یان لەرینەوەی لەشە دەنگدارەکان کە لێدانیان، یان لەرزینەوەیان لە چەند پشوویەکی (ئینێرڤال) دیاریکراودا پێکەوە دەلکێن، هەستی پێ دەکات. ئەو شادمانییە کە چاو لە ڕێژەکاندا بەدی دەکات لەم چەشنەیە. هەروەها شادمانی هەستەکانی دیکەیش لە هەمان چەشنە شتەکانەوە پەیدا دەبن، ئەگەرچی ناشتوانین بە ڕوونی لێکیان بدەینەوە.

١٨- هەروەها بە هەمان شێوە دەتوانرێ بوترێ، خۆشویستنی ڕەب لە ئێستاوە شادبوون بە بەختەوەری پاشەڕۆژمان دەداتێ، ئەگەرچی ئەو بێ مەبەستە، بەڵام هەر خۆی گەورەترین چاکە و سوود، تەنانەت ئەگەر خۆشمان هەوڵمان بۆ نەدابێ و شادییەک کە پێمان دەبەخشی لەبەرچاومان نەبووبێ، بەبێ گوێدانە ئەو سوودەی لێوەی دەکەوێتەوە، بۆمان وەدی دێنێ، چونکە بە تەواوەتی بڕوابوون بەچاکییەتی داهێنەر و سەروەرەکەمان لەدڵدا جێگیر دەکات و ئاسوودە بوونی گیان (ئەقڵ)ی لێ دەکەوێتەوە، نەک وەک ئەوەی ستۆییەکان کە لە پشوودرێژی تۆبزی و ناچارییەوە کەوتۆتەوە، بەڵکو لە ڕەزامەندییەکی ڕاستەوخۆی ئێستاو بەختەوەرییەکی پاشەڕۆژ دڵنیامان لەم ڕەزامەندییە ڕاستەوخۆیەی ئێستا بەولاوە شتێکی دیکە نییە سوودی پاشەڕۆژی تێدابێ. خۆشویستنی ڕەب ئاواتەکانمان وەدی دێنێ و لە ڕێگای بەختەوەری بەرزدا ڕێمان نیشان دەدات. بە سایەی ئەو ڕێکوپێکییە (دیسپلینە) تەواوەتییەی گەردوونەوە هەموو شتێک بە باشترین شێوە دروست کراوە، ئیتر جا بۆ سوودی گشتی بووبێ، یان بۆ سوود و قازانجی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێیەتی و بە فەرمانڕەوایی خوایی ڕازین. ئەم باوەڕ و ڕەزامەندییە دەبێ بێ سێ و دوو لێ کردن ببنە ڕەوشی ئەو کەسانەی خۆشویستنی سەرچاوەی هەموو چاکەیەکیان کردووە بە پیشە، ڕاستە کە چڵەپۆپەی بەختەوەری (جا هەر جۆرە دیتنێک، یان ناسینی خوای لەگەڵدا بێت) هیچ جارێک بە تەواوەتی مرۆڤ پێی ناگات، چونکە خوا بێ کۆتاییە هیچ کاتێک ناتوانرێ بە تەواوەتی پەی پێ ببردرێ(٥).

ئەم جۆرە بەختەوەرییەی ئێمە هەمیشە، دەبێ واشبێ، لەسەر بناخەی چێژوەرگرتنی تەواوەتی چێژوەرگرتنێک، ئارەزووەکانمان بە تەواوەتی بهێنێتە دی و ببێتە مایەی دامرکاندنەوەی گیانمان، دانامەزرێ، بەڵکو دەبێ ئەو بەختەوەرییە لەسەر بنەمای پێشکەوتنێکی هەمیشەیی بەرەو چەند شادمانییەکی نوێ و چەند تەواوەتییەکی نوێ دابمەزرێت(٦).

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- سکولاستیک، مەبەست لە فەیلەسووف و فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستە، ناوەکە لەوەوە هاتووە ئەو کاتە ئەم فەلسەفەیە لە دەزگاکانی سەر بەکڵێسا بەدەرس دەگوترایەوە. - وەرگێڕ-**

**٢- ئەم قسەیەی لایبنیتس لێرە کردوویەتی بە ئاشکرا دژی تێزەی داهێنان (خەڵق)ـە کە لە تەوراتی جوولەکەدا هاتووە و لەلایەن هەموو مەزهەبەکانی مەسیحییەوە پەسندە، کەچی واپێناچێ کڵێسای دەسەڵات سەرتاپاگیری ئەوسا شتێکی کردبێ! - وەرگێڕ-**

**٣- ئەمە ئەو پرسیارەیە کە مارتن هایدگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەبێ دەسکارییەکی ئەوتۆ کردوویەتی بە بەردی بناخەی میتافیزیکەکەی بە تایبەتی لەو باسەیدا ناوی (میتافیزیک چییە)ی لێ ناوە و چاپی چوارەمی ساڵی ١٩٤٣ بە ئەڵمانی لە فرانکفۆرت بڵاوکراوەتەوە. - وەرگێڕ-**

**٤- گومان لەوەدانییە لایبنیتس ڕابەرێکی ڕێبازی فەلسەفەی ئایدیالیزمە، بەڵام بەو قسەیەی لێرەدا کردوویەتی وەک فەیلەسووفێکی مەتریالیستی دەدوێ، ئەو بنەماڵەیەی لێرەدا دەری بڕیوە، لەلایەن فەلسەفەی مەتریالیستی پاش خۆیەوە تا ئەم سەردەمەمان بە ڕێبازە جیاوازییەکانییەوە تاوەکو مەتریالیزمی دیالێکتیکی سەدەی بیستەم کۆشک و تەلاری ڕێبازەکەیان لەسەر ئەم بنچینەیە دامەزراندووە. - وەرگێڕ-**

**5- Gottfried Wilhelm Leibniz: Monadologie oder Von Gott und Seiner Existenz und Von der Seele des Menschen. Hamburg- Meiner. 1982.**

**6- G. W. Leibniz: Vernunftprinzipien der Natur und der Gnade. Übrs. V. A. Buchenau. Hamburg 1982.**

# بنەمای پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام، (دێڤید هیوم) وەک نموونەیەک

**هەژان مەلا حەمەدئەمین**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی فەلسەفە)**

لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی فەلسەفەدا فەیلەسووفێک بەهۆی بابەتێکەوە کە کردوویەتی بەبابەتی کەرەستەی تۆژینەوە ناوبانگی دەرکردووە، بۆ نموونە کە دەڵێین سۆفیستاییەکان یەکسەر سەرنج بۆ لای ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگەدا ڕادەکێشین، ئەرستۆش بایەخی بە لۆژیک و میتافیزیک داوە، لەسەرەتای سەردەمی مۆدێرنەوە دیکارت بەهۆی کۆجیتۆکەیەوە(من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) بەباوکی فەلسەفەی نوێ دانراوە، ئەگەر سەرنجی فەلسەفەی ئەزموونی ئینگلیزی بدەین، ئەگەرچی بابەتی تیوری زانین بووە بە کەرەستەی سەرەکی، ئەوە شان بەشانی ئەو کەرەستەیە چەمکێکی گرنگی هاوبەشی نێوان فەلسەفە و زانست بایەخی پێ دراوە و تا ئەمڕۆ لە بایەخی کەم نەبووەتەوە، ئەمیش چەمکی هۆیەکییە کە بریتییە لە پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام. ڕابەری ئەم هەنگاوە (دێڤید هیوم) ی سکۆتلەندییەکە وەک فەیلەسووفێکی سەردەمی خۆی دەناسرێت، بەوەی وەک شارەزایەک هەستەکانی ژیانی ڕۆژانەی کردووەتە بنەمای زانینی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرماندا هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەمە بەتیوری زانینی دێڤید هیوم دادەنرێت، لایەنێکی گرنگتری هیوم کە جێگەی سەرنج و شرۆڤەکردنە، ئەمیش کێشەی بنەمای ڕەخنەگرتنی هۆکار و ئەنجامە، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێت بریتییە لەوەی ئایا پێوەندی هۆیەکی سروشتێکی ناچاریانەی هەیە؟، یان پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام بەهیچ بنەمایەکی لۆژیکی پاساو و پشت ڕاست دەکرێتەوە؟ یان نە؟

هەر لەسەرەتای خۆێندنی فەلسەفەی هیوم لە پۆلی سێیەمی بەشی فەلسەفە، ئەم بابەتەی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام سەرنجی ڕاکێشام. منیش دەرفەتێکم بۆ

دیڤید هیوم

ڕەخساو هەوڵم دا تیشک بخەمە سەر ئەم بابەتە، ئەمە هۆکارێک بوو کە وا بکەم لەگەڵ بابەتەکە خەریک ببم. ئەوەندەی لە تواناییمدا بووبێ پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەی لە ئارادابوون کۆششم کردووە کە لە ڕوانگەی میتودی مێژوویی شیکاری، سەرنجی بابەتەکە بدەم، ئینجا بیروبۆچوونی هیوم بە زمانی کوردی سەبارەت بەم بابەتە بخەمەڕوو، هەر لەچوارچێوەی باسەکەم لەبەشی یەکەمدا هەوڵم داوە ئاماژە بە لایەنی مێژووی چەمکی هۆکار و ئەنجام و پێوەندی نێوانیان بخەمە ڕوو بەگەڕانەوە بۆ سەر فەلسەفەی یۆنان و ئەرستۆ وەک نموونەیەک بەوەی کە چۆن باسی پێوەندی هۆکار و ئەنجامی کردووە، دواتر گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی و ئەشعەری و غەزالی وەک دوو نموونەی گرنگی بیری ئیسلامی کە باسی ئەم بابەتەیان کردووە، لەبەشی دووەمدا هەوڵم داوە باس لە ڕەوتی ئەزموونی بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا بیروبۆچوونی هیوم بخەمەڕوو سەبارەت بەکێشەی هۆیەکی و چۆنیەتی ڕەتکردنەوەی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام.

بەدرێژایی نووسینی ئەم بابەتە، تووشی چەندین گیروگرفتی جۆراوجۆر بوومەوە، بەتایبەتی لەپەیداکردنی سەرچاوەدا، چونکە سەرچاوەکان بەزمانی کوردی بەجۆرێکی تایبەت باسی ئەم بابەتەیان کردووە، وردوپوخت بوون، نەچوونەتە ناو وردەکارییەکانەوە، سەرەڕای ئەمەش ئەو سەرچاوانەی بە زمانی عەرەبی لەبەردەست بوون بەهۆی نەزانینی زمانی دووەم نەمتوانی زۆر لە سەرچاوەکان وەربگێڕم، ئەمەش وای کرد زۆریک لە سەرچاوەکان فەرامۆش بکەم و پەنا بۆ چەند سەرچاوەیەکی کەم ببەم، بێجگە لەوەش، خۆ ئەگەر هەوڵەکەشم کەموکوڕی تێدا بێت، ئاساییە، چونکە هەموو کارێک سەرەتا بەبێ کەموکوڕی نابێت، بەڵام دستپێشخەریش خۆی لەخۆیدا بایەخی زانستی و فەلسەفی خۆی هەیە. هیوادارم ئەم کۆششەی من هەنگاوێک بێت و جێگەی بایەخ بێت.

## ئەرستۆ: بنەمای هێزەکی و کردەکی

بابەتی هۆیەکی لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفەکان باس کراوە، هەندێکیان بەشێوازی لابەلایی و ناڕاستەوخۆ و هەندێکیشیان بەشێوازی فەلسەفە و زانستییانە لێیان کۆڵیوەتەوە، بۆ نموونە لەسەردەمی یۆناندا (ئەرستۆ)(١) لەهەردوو کتێبی هونەری شیعری پۆیەتیکا، میتافیزیک بەشێوازێکی لابەلایی بەبێ ئەوەی مەبەستێکی تایبەتی هەبێ باسی هۆکار و ئەنجامی کردووە.

ئەرستۆ لە سێ پەرەگرافی (هونەری شیعری پۆیەتیکا) باسی پێوەندی هۆکار و ئەنجامی کردووە، یەکەم جار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی هۆکار و ئەنجامی کردووە بەبێ ئەوەی بابەتەکە بەتەواوەتی شی بکاتەوە و تێیدا قووڵ بێتەوە، بۆ نموونە وتوویەتی "بارگۆڕین و ناسینەوە پێویستە لەبابەتی ڕووداوەکەوە بکەونەوە، واتە دەبێ ئەوان بەناچاری، یان بەپێی ڕێ تێچوون لە ڕووداوەکانی پێشتر بکەونەوە"(٢). لە جێگەیەکی دیکەی هەمان سەرچاوەدا باسی هۆکار و هەردوو چەمکی ڕێ تێچوون و ناچاری کردووە و وتوویەتی "تا ڕادەیەکی زۆر نەناچارییە و نەڕێ تێچووە ئەگەر شتێک قەوما، دەبێ ئەوەی دیکەیش ڕووبدات "(٣). جاری سێیەم باسی ئەو ڕۆڵەی کردووە کە ژیری مرۆڤ لە جیاکردنەوەی هۆکاری هەڵەو ئەنجامی ڕاستدا دەیگێڕێت بۆ نموونە وتوویەتی "کاتێک شتێک ڕووی دا بە دوایدا شتێکی دیکە کەوتەوە، خەڵک وای دادەنێن ئەگەر دووەم پەیدابووبێت، دەبێت

یەکەمیش هەبێت، ئەم ئەنجامگیرییە چەوتە؟ چونکە ئەگەر ڕووداوی یەکەم ناڕاست بێ و کەوتبێتەوە، دەبێت بەپێی ناچاری دووەمیش لە ئارادابێت و وەک یەکەم دابنرێت، بەڵام ئەقڵی مرۆڤ دەزانێت کە ڕووداوی دووەم ڕاستەو ڕووی داوە، بۆیە بەهەڵەدا دەچێت و یەکەمیش بەڕاست دادەنێت"(٤)، بێجگە لەوەی (ئەرستۆ) لەم سێ پەرەگرافەی کە ئاماژەمان پێدا باسی بابەتی هۆکار و ئەنجامی کردووە، هەروەها لە کتێبی (میتافیزیک) لە چەند بەشێکی ئەم کتێبەدا بەبێ ئەوەی مەبەستی بووبێت، لە چوارچێوەی جیهاندیدە سەرتاپاگیرییە میتافیزیکییەکەی چەند شتێکی گوتووە، دەکرێت بخرێتە نێو خانەی هۆکار و ئەنجامەوە لە بەشی (ئیپسیلۆن) ی کتێبی میتافیزیک هۆکار و ئەنجامی بەرانبەر ڕێکەوت و ئەنجامی داناوە، بەم شێوەیە"هەندێک شت بوونێکی پێویستیان هەیە، نەک لەبەر ئەوەی بەزۆر دانراون، بەڵکو بوونیان بەشێوەیەکی جیاوازتر خۆی نیشان نادات. هەندێک شتی دیکەش هەن بەپێچەوانەی ئەمانەوەن، بوونیان پێویست نییە و بە ڕووداو دادەنرێن. ئەگەر بایەکی سارد بە ڕۆژانی هاوین هەڵکات، دەڵێین ڕووداوە، بەڵام ئاو و هەوای هاوین گەرم بێت بەڕووداو نابینرێت، چونکە هاوین دەبێت گەرم بێت، هەروەها بەڕووداو کەسێک پێست سپییە، (چونکە هەموو کەسێک ڕەنگی پێستی سپی نییە)، بەڵام ئەو کەسە بەڕووداو ئاژەڵ نییە. کاری پزیشکە چارەی نەخۆش بکات، هاوکات دەشێت بە ڕووداو دارتاشێک چارەی نەخۆشییەک بکات. لەوانەیە ئەو دارتاشە بە ڕووداو پزیشکیش بێت. ئەو خواردنەی چێشتکەرێک لێی دەنێت بە ڕووداو بۆ تەندروستی، یان بۆ نەخۆشییەک چاک بێت. مەبەستی چێشتکەرەکە چاکبوونەوەی نەخۆشەکە نییە، بەڵکو لێنانی خواردنێکی بەتام و خۆشە. هەندێک بوونی هێزەکی دەکەن بەهۆ بۆ سەرهەڵدانی ڕووداو، بەڵام ئەوەی لە ڕووداوێکەوە پەیدا دەبێت ڕووداوە، لەبەر ئەوەی هەموو شتێک بوونێکی پێویستی نییە و ڕوودەدات، ئەو شتانەی بەڕووداو دێنە کایەوە، هەن نکوڵی لە بوونیان ناکرێت "(٥). لەم قسانەی ئەرستۆدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بابەتەکە لەخۆیدا گرنگییەکی فەلسەفەی خۆی هەیە، چونکە هیچ سیستمێکی فەلسەفە بەبێ پەنابردنە بەر هۆکار و ئەنجام ناکرێت ئەو میتودەی پەیڕەوی دەکات لەچوارچێوەی سیستمەکەدا ئەنجامێک بە دەست بێنێت گومان لەبنەماکەی بکەیت، بۆیە فەلسەفە وەک سیستمێکی ڕێکوپێک، هەر لەسەردەمی پەیدابوونی بەشێوەیەک لە شێوەکان نەیتوانیوە دەستبەرداری بنەمای هۆکار و ئەنجام ببێت، ئەگەرچی نەشیتوانیبێت بەشێوازێکی زانستانە تیشک بخاتە سەر ئەم کێشەیە و پێوەندی نێوانیان بەشێوەیەکی هزری شی بکاتەوە و سروشتی پێوەندییەکانی نێوانیان یەک لایی بکاتەوە.

### ئەشعەری و خواستی ئازاد

بابەتی هۆیەکی بەپێی هەلومەرجی گەشەکردنی کۆمەڵگە و زانست شێوازێکی دیاریکراوی هەبووە، بۆ نموونە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئایین دەست بەکاربووە و بابەتی هۆکار و ئەنجام لە چوارچێوەی جیهاندیدی کتێبە ئایینییەکاندا شرۆڤەکراوە و بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان لە زانستی کەلامی ئیسلامیدا و پێشتر فەیلەسووفە مەسیحییەکان سەرنجیان بۆ لای هۆکار و ئەنجام ڕاکێشاوە.

ئەبو مووسای ئەشعەری کە ڕابەرێکی گرنگی زانستی کەلامە، لەلای خۆیەوە هەستی بەم بابەتە کردووە، بۆیە لەچوارچێوەی خواستی ئازاددا کە بە تیوری (کەسب)(٦) دەناسرێت، تیشکی خستووەتە سەر ئەم بابەتەو دەتوانین لە ڕیگەی نموونەیەکەوە ناوەرۆکی ئەم تیوریە ڕوون بکەینەوە"نموونەکە بریتییە لە پێوەندی کڕیار و فرۆشیار، فرۆشیار خواردن ئامادە دەکات، کەرەستەکان دروست دەکات، کڕیار دەیانکڕێت، خوڵقێنەری کردەوەکانی مرۆڤ خودایە، بەڵام خوازیاری کردەوەکانی مرۆڤ، مرۆڤ خۆیەتی لە نموونەی کڕیارەکەدا خودا ڕێگەی بەم کڕین و فرۆشتنە داوە، بەم خواستن و دەستەبەرکردنە، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی مرۆڤ لە کردەوەکانی خۆی بسەلمێنێت و بتوانین بەو کەسە بڵێین بکەر، ئەگەرچی خۆی خوڵقێنەری کردەوەکانی خۆی نییە"(٧). لەم نموونەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ خۆی خالیقی کردەوەکانی خۆیەتی و مەبەست ڕزگارکردنی عەقیدەی ئیسلامە لەجەبرییەت. ئەشعەری لە شیکردنەوەیدا بۆ ئەم بۆچوونە پێی وایە "کەسب تواناییەکە خودا دەیبەخشێت بە مرۆڤ، بەڵام ئەم تواناییە هیچ کاریگەرییەکی لە بەدیهێنانی بابەتی کردەوەکەدا نییە"(٨). بەو شێوەیەی کە لەنموونەکەدا ڕوون کرایەوە، لەم تیوریەی ئەشعەریدا بۆمان

دەردەکەوێت کە مرۆڤ ئازادییەکی ڕێژەیی هەیە، ئەویش پێی دەڵێن جوزئی ئیختیار، واتە کردارەکە خۆی لەلایەن خواوە فەرمانی پێ دەکرێت و مرۆڤیش ئەرکی جێبەجێ کردنەکەی لە ئەستۆ دەگرێت. بەم پێیە توانایی جێبەجێ کردنەکەی و فەرمانی جێبەجێ کردنەکەی لەلایەن خوداوە پێی دەگات و ئەو تەنیا ئەرکی سەرشانی هەیە و بەم جۆرە هۆکارەکە خودا خۆیەتی، ئەنجامەکەش لە کردەوەکە دەکەوێتەوە و پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، بۆیە"ئەم تیوریە سەلەفییە فەلسەفییەی ئەشعەری کە بۆچارەسەرکردنی وەڵامی بابەتی قەزاوقەدەر و ئازادی خواستی پێشکەش کردووە بە ئاشکرا ڕۆڵێکی گرنگی بیری فەلسەفی پشت ڕاست دەکاتەوە کە لەو کاتەدا گێڕاویەتی، ئەشعەری لەو تیوریەدا کە بە(کەسب) و ئازادی خواستی مرۆڤی داناوە، ئەوپەڕی وردەکاری و زیرەکی دەرخستووە، بەڵام ئەو زیرەکییە و دەست ڕەنگینییەی بە بارێکدا بەکارهێناوە پتر گیرخواردن و بەرەو دواوە گەڕانەوە بووە بۆ پاراستنی بارودۆخ و ڕەوشێک کەمایەی دواکەوتنە، نەک پێشکەوتنی مرۆڤ و پەرەسەندن و شارستانی بووە"(٩). بەم جۆرە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین ئەم هەڵوێستەی ئەشعەری جۆرە لێکدانەوەیەکی لاهووتی و هۆکار و ئەنجامە کە لەگەڵ بیری مۆدێرن نایەتەوەو ناگونجێت، بەڵام دەبێت ئەم ڕەوش و هەلومەرجەی سەدەکانی ناوەڕاست بەهەند وەربگرین، کە ئایین تێیدا باڵا دەست بووە، ئەشعەری ئەم تیوریەی خۆی ڕەنگ ڕشتووە، بەواتایەکی دیکەی میتودی مێژووییەکە وا پێویست دەکات کە ئەم تیوریە بە بابەتێکی سەردەمی خۆی دابنرێت.

ئەگەر لەگەڵ زانستی نوێدا تەبا نەبێت و نەیەتەوە شتێکی ئاساییە، چونکە زانست بەرهەمی سەدەی دوای کۆتایی هاتنی کولتووری سەدەکانی ناوەڕاستە، ئەم دوو قۆناغەش لە ڕوخسار و ناوەرۆک و ئامانجدا لە یەکدی جیابوون، ئەمەش پاساوی نازانستی ئەشعەری دەداتەوە، کە وابوو گریمانەکەی ئەشعەری بەپێی سەردەمی خۆی هەوڵێکی ئەوپەڕی زیرەکانەیە و دەبێت لەچوارچێوە مێژووییەکەی سەرنج بدرێت.

### غەزالی و پاساودانی بنەماکانی کاروباری ئایین

لەدوای ئەشعەری فەیلەسووفێکی بەناوبانگی ئیسلام بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بنەماکانی باوەڕی ئیسلام پەرەی بە ڕێبازەکەی ئەشعەری داوەو لە بەرهەمەکانیدا، بە تێر و تەسەلی باسی کێشەی هۆکار و ئەنجامی کردووە، بەبێ ئەوەی لە چوارچێوەی ئایینەکە بچێتە دەرەوە، بەئاشکرا پشتی بە ئایەتی قورئانی و بۆچوونەکەی ئیمامی ئەشعەری بەستووە، بۆیە دەکرێت بوترێت کە هەوڵدانێکی دیکەی فەلسەفی سەدەکانی ناوەڕاست کە داویەتی (ئەبو حامدی غەزالی)یە و دەبێ بەهەمان شێوەی ئەشعەری هەوڵدانەکەی بخرێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئایین و عەقیدەی ئیسلامی، پتر لەوەی مەبەستێکی فەلسەفی و زانستییانەی هەبووبێت.

غەزالی پێی وایە"لەدنیادا هیچ جۆرە پێوەندییەکی ناچارەکی نییە، بەڵکو ئەمە خواستی خودا جێبەجێ و جێگیر دەکات"(١٠). لەم ڕایەیدا غەزالی پشت بە ئایەتێکی قورئانی دەبەستێت وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی"یانار کونی بردا وسلاما"(١١)، هەر بۆیە غەزالی پێی وایە ئاگر سووتێنەر نییە، کاتێک ئاگر و شتی سووتاو بەر یەکدی دەکەون، خودا فەرمان دەدات و ئاگرەکە دەبێت بە سووتێنەر "غەزالی لەم ڕایەیدا وەنەبێت پشتی بە ڕێبازێکی فەلسەفەو بیرکردنەوەی ئازاد بەستبێت، بەڵکو هەوڵی داوە تیوری و بۆچوونی ئەو فەلسەفەیەی هێنراوە بە جۆرێک لێ بکات لەگەڵ ڕێ و شوێن و ئایدیا و بۆچوونەکانی ئایینیدا بگونجێن، خزمەتکردنی ئایین و بەرپەرچدانەوەی بیری جودا مەبەستی سەرەکی ئەبو حامیدی غەزالی بوون"(١٢). لێرەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە هۆکار و ئەنجام لە چوارچێوەی ئایینیدا بەلای خواستی ئازاددا براوە.

غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفة) دا، لە بڕگەیەکدا باسی ئەم بابەتەی کردووە کە پێی وایە"پێوەندی نێوان ئەوەی کە بەهۆکار دادەنرێت و ئەوەی کە ئەنجامە بەلای ئێمەوە ناچاری نییە، چونکە هەموو دوو شتێک کە بەیەکەوە بن مەرج نییە ئەمە، یان ئەوە بن، چونکە هیچ کامێکیان ئەوەی دیکە پشت ڕاست ناکاتەوە و ناکردنی یەکێکیان ناکردنی ئەوەی دیکەیان نییە، هیچ پێویست ناکات بوونی ئەوەی دیکە بەدوادا بێت، هەروەها نەبوونی یەکێکیان واتای نەبوونی ئەوەی دیکەیان ناگەیەنێت. بۆ نموونە پێوەندی نێوان ئاودان و ئاو خواردنەوە، تێر خواردن، سووتان و نزیک بوونەوە لە ئاگر، ڕووناکی و هەڵاتنی ڕۆژ، چاکبوونەوە لە نەخۆشی و

فرەنسیس بیکۆن

خواردن و دەرمان، بەدوای یەکدی داهاتنی ئەم دوو هۆکار و ئەنجامە تەنیا بەهۆی فەرمان و خواستی خوای گەورە و بەرز دەبێت، ئەو بەیەک دایاندەهێنێت(خەلقیان دەکات) نەک لەبەر ئەوەی ناچاری پەیوەستن، بەڵکو لەبەر ئەوەی خواستی خوا خۆی ئەمە پێویست دەکات. بۆ نموونە مەبەست لەمە ڕوونکرنەوەی بابەتەکەیە: ئەگەر لۆکەیەک لە ئاگر نزیک بکەینەوە ئاگرەکە بەبێ خواستی خوا توانایی سوتاندنی نییە"(١٣). ئەم تێکستەی کە لە کتێبی تهافت الفلاسفة-دا هاتووە بەتەواوەتی جیهان دیدی ئایینی، ئایدیالیستی (غەزالی) ڕوون دەکاتەوە، کە بریتییە لە پاساودانی ئەوەی لە ئارادا هەیە و بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ساغکردنەوەیەک، یان ناساغکردنەوەیەک مەبەستی بێت، چونکە قسەکانی غەزالی نەهەبوونی پێوەندییەکی ساغ کردووەتەوە، نە دەشکرێت بە پێچەوانەوە لێک بدرێتەوە، چونکە پەنای بۆ هیچ بنەمایەکی لۆژیکی و تیوری زانین نەبردووە، بەڵکو هەوڵی داوە پشت ئەستوور بە ئایەتی قورئان و شەریعەتی ئیسلام، بەتایبەتی ئەوەی لای ئەشعەری هاتووە، پاساوی کێشەی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام بداتەوە، ئەم پاساودانە ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا بابەتی ناچاری بووبێت، ئەوە دواتر کاڵ بووەتەوە و تیشکی گومانی خراوەتە سەر.

### ڕەهەندەکانی ڕێبازی ئەزموونی لە مێژووی فەلسەفەو لە چوارچێوەی بیرۆکەی هۆکار و ئەنجامدا

لەگەڵ دەرکەوتنی فەلسەفەی نوێدا هەندێک بابەت و لقی فەلسەفە بوون بەدەقی سەرەکی و هەر ڕێبازێک بەپێی ئاراستەی خۆی پەرەیان بەم لقە داوە، بۆ نموونە، لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا بابەتی میتافیزیک و ئاکار و لۆژیک بایەخیان پێداوە و هەوڵی پەرەپێدانیان داوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ سەرنجی فەلسەفەی ئەزموونی بدات چەندین تایبەتمەندی و بابەتی جیایی لەخۆ گرتووە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ڕێبازی ئەزموونی ئەوەیە کە بایەخی بە تیوری زانین داوە و شارەزای هەستەکی و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە بەسەرچاوەی زانین داناوە، مەبەست لەوە جەختکردنە لەسەر ئەوەی کە هەستەکان بەتەنیا خۆیان کەرەستەو بابەتی زانینن و لەم ڕێگەیەوە داتاو زانینمان دەست دەکەوێت.

دەکرێت بوترێت کە ئەم ڕیبازە لەلایەن فەرەنسیس بیکۆن و جۆن لۆک و هیومەوە پیادەو پەرەیان پێداوە، دەکرێت لەم کایەدا قسەکەی لۆک بەهەند وەربگرین کە دەڵێت"شتێک شک نابرێت کە زانینی مرۆڤی لێ پێک بێت و بەهەست و تەجروبە تێنەپەڕی بێت، ئەو زانینەی هەمانەو ئەوانەی لە مێشکماندا هەیە، لەو کەرەستەو زانینانە پێکهاتووە کە بە ئەزموونە و لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێمان گەیشتووە"(١٤) ئەم قسەیە وا دەگەیەنێت کە مێشکی مرۆڤ هیچ جۆرە زانیارییەکی تێدا نییە، هیچ بیرێکی زگماکی لەنێو مێشکی مرۆڤدا بوونی نییە، بەڵکو وەکو لاپەڕەیەکی سپییەو ئەزموونی ڕۆژانە شتی لە سەر دەنووسێت، لەوەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێبازی ئەمپیریستەکان هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە، شارەزای ئەزموونی سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی هەموو جۆرە زانینێکە، بێجگە لەم تایبەتمەندییەی کە باسمان کرد، دەکرێ سەرنج و تێبینی بابەتێکی دیکە بدەین لەم مەیدانەدا، پشتی پێ بەستراوە و وای کردووە ئەم ڕێبازە تایبەتمەندییەتێکی سەربەخۆ وەربگرێت لە فەلسەفەی پێش خۆی (ئایدیالیزم) جیا بکرێتەوە، ئەمیش بریتییە لەوەی کە بەهیچ جۆرێک پەرەیان بە میتافیزیک نەداوە و هەوڵی

بەگـژداچوونەوەی بوونە و لەقـەدەغـەو پاوانی خـۆیانیـان دوورخـــســـتـــووەتەوە، هـەر بۆیەش لەلای زۆربەی فەیلەسووفەکانی ئەم ڕێبازە هەوڵ دراوە میتافیزیک لە چوارچێوەی بابەتەکانیان دوور بخەینەوە و فەلسـەفە لە کۆت و پێوەند و تەپوتۆزی لاهووتی سەدەکانی ناوەڕاست دابماڵن و سەر لەنوێ ڕوخسار و ناوەرۆکێکی دیکەی پێ ببـەخـشن تا ببـێـتـە مـایەی پێـشکەوتن و بەرەوپێشەوەچوونی فەلسەفە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی بەرهەمەکانی فەیلەسووفانی ئەم ڕێبـازە بدەین، زیاتر لەم مەبەسـتە نزیک دەبینەوەو سـاغی و دروسـتی ئەم بۆچوونەمـان بۆ دەردەکـەوێت، (هیـوم) وەک فـەیلەسـووفـێکی ئەم ڕێبـازە، لە کـۆتایی کـتـێبی لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی تێگەیشـتنی مـرۆڤ، هێرشێکی توند دەکاتە سەر میتافیزیک و بیروبۆچوونی لاهووتی، وەک خۆی لە تێکسـتـێکیـدا دەڵێت "ئەگـەر کـتـێبـێکت کەوتە بەردەست، دەست بەجێ لەخۆت بپرسە ئایا لەم بەرهەمەدا بیروبۆچوونی تێدایە دەربارەی ژمارەو قـەبارەو بارسـتایی؟ نا، ئایا دەربارەی ڕاسـتـەقـینەو ئەو بۆچوونانەی تێدایە کە پشت ئەسـتوور بن بە ئەزموون و شارەزایی هەستەکی؟ نا، کەوابوو ئەم کـتـێبە فڕێ بدە ناو ئاگـــردانەوە"(١٥). لەم تێکســتـەدا ئەوەمـان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هیوم لەم هەڵوێستەیدا هەوڵی داوە کەسانی دیکە لەژێر تاریکایی مـیـتـافـیـزیک دووربخـاتەوە و دەربهـــێـنێت، ئەم ڕێبـــازە، بێـــجگە لەوەی ڕۆڵی مـیـتـافـیـزیکی دوورخـسـتـووەتەوە لە مـەیدان و دەڤـەری فەلسەفە، دەکرێت بوترێت کە هیچ ڕۆڵێکیشی نەگێڕاوە لە بابەت و بنەمـای لۆژیکیـدا، چونکە لۆژیک خـەریکی لێکۆڵـینەوەی فـــۆرم و ڕوخـــســـاری پڕۆســـەی هزرو بیـــرکـردنەوەیە کـە لە ڕێگەی زمـانەوە دەردەبڕدرێت، لە کـــاتێکدا ئەم ڕێبـــازە لە بابەت و تیـــوری زانین کـــە سەرەکیترین بابەت و لێکۆڵینەوەی ڕێبازی ئەزموونییە و بـایەخی داوە بـە دیاردەکـــــان و هـەوڵـی داوە بەهۆی هۆکارەکەیەوە دیاردە ڕوون بکاتەوە، بەتایبەتی هەندەکی بباتەوە سـەر هەمـەکی، بەم جـۆرە بەلای ڕابەرانی ئەم ڕێبازەوە لۆژیک ڕوڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە.

سەرەڕای ئەوەش ئەزموونەکان بەهیچ شێوەیەک بەلای کـێـشـەی چەمکەکـاندا نەچووە، بەتایبـەتی چەمکە (ئەبسـتـراکـتـەکـان)، چونکە چەمکی ئەبسـتـراکت لە پڕۆســـەیەکی ژیری کـــەوتووەتەوە، فـــۆرم و ناوەرۆک لەیەکدی جیا دەکاتەوە، ئەم چەمکانە لەبەر ئەوەی لەنێو پڕۆســـەی بیـــرو هزردان و بەهیچ شـێـــوەیەک لە پشت ئەزموون و درک پێکراوەوە هەستی پێ ناکرێت، هەر بۆیە ئەمە پێچەوانەی بیـروبۆچوون و چالاکیـیـەکانی ڕێبازی ئەمـپـیـرین، هەر لەبەر ئەمەش خۆیان لەقەرەی کـێـشـەی چەمکەکان نەداوە.

بەو جـــۆرەی ڕێبـــازی ئەزمـــوونەکی لەســـەردەم و هەلومەرجێکدا هاتووەتە ئاراوە کە زانست پێشکەوتنێک و پەرەسەندنێکی خێراو چالاکی بە خۆیەوە بینیوە، بۆیە یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ئەم ڕێبازە بەرجەستە دەکات بریتی بوو لەوەی زانسـتی سـروشـتی (فـیـزیک) ی وەک نموونەیەک پەسەندکردووە، لەم مەیدانەدا زانست ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی گێڕاوە، ئەم ڕۆڵەش هەر لەسەردەمی گالیلۆ و نیوتن بە ئاشکرا دەرکەوتووە، بەم جۆرە ئەرکی زانست، بەمانا بەرفروانەکەی بە دەستخستنی زۆرترین زانیارییە دەربارەی قانوونەکانی سروشتی بەو ڕێگایەی کە بەکەرستەو ئامرازی هەستەکان پشت ئەستوورە کە پێمان دەدەن، کەواتە زانین بە مانا فەلسەفییەکە دەبێت پشت بە زانست ببەستێت و پشت بکاتە هەموو جۆرە تێڕوانێکی میتافیزیکی لاهووتییانە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین میتودی زانستی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە، نیوتن باشترین زانای ئەو سەردەمە بووە کـە هەوڵی داوە تیـوری کـێـشـەکی دابهـێنێت و بە هۆیەوە (لە کـایەی زانسـتی ڕوخـسـارەکی و زانسـتی سـروشـتـیـدا هەردوو مـیـتـودەی ئەنجـامگیـری بیرکاری(دیدێکشن)، میتودەی فیزیکی (ئەندێکشنی) لێکداوە و ئەو میتودە زانستییەی کە دەکرێت بە میتودی پێوەندی نێوان دیاردەکانیش ناوببرێت"(١٦). بەم جۆرە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر فەیلەسووفانی ئەزموونی بەتایبـەتی (دێڤـیـد هیـوم) هەبووە کـە بەهۆیەوە لەژێر ڕۆشنایی میتودە زانستییەکەی نیوتن هەوڵی دا فەلسەفە و جیـهـاندیدەکەی سەبارەت بە تیوری بەدوای یەکدیدا هاتن و تیوری زانینەکـەی دابڕێژێت کە دواتر بووە هۆی ئەوەی تیوری و بۆچوونی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام لە بنەماوە هەڵتەکێنێت و ساغی بکاتەوە کە پێوەندی نێـوان هۆکـار و ئەنجـام بە هیچ بنەمـایەکی لۆژیکی و زانستی پشت ئەستوور نییە.

## شۆڕشەکەی هیوم لە بنەماو پرەنسیپی پێوەندی نێوان هوکار و ئەنجامدا

ئەگەر بێتو مرۆڤ سەرنجی دەوروبەری خۆی بدات لە هەموو کات و ساتێک و جێگەیەکدا دیاردە بەدەردەکەوێت و ڕووداو دەقەومێت، ئەو دیاردەو ڕووداوانە لە دەوروبەردا سەرنجی مرۆڤ بۆلای خۆیان ڕادەکێشن، ئەو سەرنج ڕاکێشانە پرسیارێک دەوروژێنێت، ئایا پێوەندییەکی توندوتۆڵ و پشت ئەستوور بەبنەمای لۆژیک و ژیر لە نێوان ئەو دیاردەو ئەنجامانەدا هەیە، یان نا؟ ئایا ئەو ڕووداو و دیاردانە هۆکاری تایبەتییان هەیە؟ بۆیە ئاساییە کە مرۆڤ بپرسێت ئەگەر ئەمانە ئەنجام بن، هۆکارەکانیان چییە؟ ئینجا پرسیاریکی دیکە دێتە پێشەوە، ئایا پێوەندی نێوان ئەو هۆکار و ئەنجامانە چ سروشتیکی هەیە؟ بۆیە ئەگەر بابەتی هۆیەکی لەچوارچێوەی فەلسەفەدا سەرنج بدرێت ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە"بنچینەی هۆیەکی بە دوو بابەتی تا ڕادەیەک لەیەکدی جیاواز دادەنرێن لە کاتێکدا هۆیەکی وەک وشەیەک دادەنرێت، کە واتای کەوتنەوەی قانوونێک دەبەخشێت و بنچینەی هۆیەکی کاتێک پڕ مانا دەبێت واتە بڕ دەکات، ئەگەر چەند بنچینەیەک لەئارادابن و ڕوونی بکەنەوە کە هۆیەک، یان چەند هۆیەکی دیاریکراو لەکات و شوێنی دیاریکراودا ئەنجامێک، یان چەند ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە بە واتایەکی دیکە ئەوەی دەقەومێت هۆیەکی هەیە، هیچ ڕووداوێک بەبێ هۆکار ڕوونادات، هیچ ئەنجامێک لە خۆیەوە بەبێ هۆکار ناکەوێتەوە. هۆکاری تایبەتی و دیاریکراو هەمیشە ئەنجامی تایبەتی و دیاریکراوی لێ دەکەوێتەوە، هەر ڕووداوێک لە سروشتدا بقەومێت جۆرە گۆڕانکارییەکی بەدواوە دێت، وشەی ئەنجام لێرەدا نەک هەر پڕ بەپێستە، بەڵکو لەجیاتی ئەو گۆڕانە بەکاردێت. هۆکار جا چ هۆکارێک بێت، لەخۆیدا بابەتێکە لەپێش گۆڕانەکەوە دێت و هەموو کاتێک لەچوارچێوەی ڕەوش و مەرجی دیاریکراودا، گۆڕانی دیاریکراوی بەدواوەدا دێت، بۆیە کێشەی هۆیەکی دوولایەنی دەبێت، یان وەک تەرازوو دوو تای دەبێت، ڕووداوێک (ک) کە هۆکارە، قەوماوێک (ج) کە ئەنجامە"(١٧). (هیوم)(١٨) فەیلەسووفێکە لەو فەیلەسووفانەی ئەو ڕەوشە سەرنجی ڕاکێشاوە، بەشێوەی فەلسەفی ئەم بابەتەی تاووتو کردووە، ئەگەر بێتو سەرنجی قۆناغەکانی مێژووی فەلسەفە بدەین، دەبینین فەیلەسووفێک، یان چەند فەیلەسووفێک بەهۆی بابەتێکەوە کە کاری لەسەر کردووە و ناوبانگی دەرکردووە و سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە کە دێیتە سەر هیوم لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونە ناچێتە دەرەوە. سەرەڕای پەرەپێدانی ئاراستەی ڕێبازی ئەزموونی لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بە گشتی و فەلسەفەی ئینگلیزی بەتایبەتی ڕۆڵێکی کاریگەری لە تاووتوکردن و لێکدانەوەی چەمکی هۆیەکیدا هەبوو، واتە پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام لە شاکارەکانیدا بەتەواوەتی ئەم لایەنەی ڕوون کردووەتەوە، هیوم لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ بەم جۆرە باسی ئەم بابەتەی کردووە "وای دادەنێین کە مرۆڤێک بەهێزترین توانایی ژیری و سەرنجدانی هەیە، یەکسەر دێتە ناو جیهانەوە، ئەو کەسە دەست بەجێ هەست بەوە دەکات کە شتەکان بەدوای یەکدا دێن و ڕووداوێک بەدوای ڕووداویکی دیکەدا دێت، بەڵام ناتوانێت هۆی بیرۆکەی هۆکار و ئەنجام لێک بداتەوە، چونکە ئەو هەستەی کە هەیەتی ئەو تواناییەی نییە ئەو پێوەندییە پاساو بداتەوە، هەروەها ناتوانێت بەژیری لێکی بداتەوە کە بەدوای یەکدیدا هاتنی هۆکار و ئەنجام، یەکێکیان هۆکارەو ئەوی دیکەیان دەرکەوتەیە، چونکە دەکرێ بەدوای یەکدیدا هاتنی هەردووکیان هەڕەمەکی و دیاردەیی بێت و هیچ کات لە تواناییدا نییە ساغ بکرێتەوە کە بوونی یەکێکیان دەبێتە مایەی بەدەرکەوتنی ئەوی دیکەیان "(١٩). ئەو قسەیەی هیوم بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پێوەندی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) بە هیچ بنەمایەکی ناچارەکی و زگماکی پشت ئەستوور نییە، تەنانەت ئەگەر ئەم پێوەندییە بە بۆچوونیش دابنرێت، بەڵام ناتوانرێت لەنێو ژیر و مێشکدا بنەخشێت و ببێت، چونکە ژیر و مێشک ناتوانن بەهۆی (بۆچوون) و بە شێوازێکی پێشیانە بیر لەو جۆرە پێوەندییە بکەنەوە، کەواتە پێوەندی هۆکارەکی سروشتێکی ناچارەکی نییە "بەو جۆرە تاقی کردنەوە لەلای هیوم لەچەند پەی پێ بردنێکی بەدوای یەکدیدا هاتوو پێکهاتووە لە دەرەوەی ئەم بەدوای یەکدیدا هاتنە، ناتوانرێت هیچ جۆرە پێوەندییەکی دیکە لەنێوان پەی پێ بردنەکاندا وێنا بکرێت، ئەمەش ئەم جیاوازییەیە کە لە نێوان ڕێبازی ژیرەکی دیکارت و ئەزموونی لۆکدا بەدی دەکرێت.

ڕابەرانی ڕێبازی ژیری وای دەبینن پێوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان شتەکاندا هەیە ئەم پێوەندییەش دەتوانرێت بزانرێت، بەڵام (هیوم) باوەڕی بەهیچ جۆرێک لەم پێوەندییانە نییە، تەنانەت ئەگەر ئەم پێوەندییانەش بوونیان هەبێت، ناتواندرێت بزاندرێت، تاکە شت کە بتوانرێت بە دوای یەکدیدا هاتنی باری سەرنج و بیرۆکەکانە، بۆیە هەر جۆرە بیرکرنەوەیەک لەبابەتی بوون و نەبوونی ئەم جۆرە پێوەندییانە کات و کۆشش بە فیڕۆ بردنە(٢٠)". بەو جۆرە دەکرێ ئەوە بڵێین کە بەلای لایەنگری ڕێبازی ژیرەکی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام تایبەتمەندییەکە لەناو سروشتی شتەکاندا بوونی هەیە، پێوەندییەکی توندو تۆڵی هۆکار و ئەنجامی هەیە ڕووداوە قەوماوەکانی بەیەکەوە بەستووەتەوە، ئەم بۆچوونەش بە ڕوون و ئاشکرا لەلای (سپینۆزا) دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت "ئەگەر سەرنجی دەوروبەر بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە دەبوو دیاردەکان بەو جۆرە بوونایە کە ئەوان وان، نەدەکرا بە جۆرێکی دیکە بوونایە"(٢١)، بەڵام ئەگەر سەرنجی تیوری هۆکارەکی لەلای دێڤید هیوم بدەین، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە ناتواندرێت پەی بەو هۆکارەو ئەنجامە ببردێت و بزاندرێت، بەڵکو پێی وایە سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیە بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان هۆکار و ئەنجام لەوەوە هاتووە کە ئێمە هەمیشە واڕاهاتووین پێوەندییەکی ناچارییانە بەسەر ئەو بیرۆکەو بۆچوونانەی ناو هزر و بیر بنەخشێنین، کە بەدوای یەکدیدا دێن، هیوم لە تێکستێکی دیکەیدا لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، پێی وایە تیوری هۆیەکی و بنەمای کێشەی هۆکار و ئەنجام "جۆرێکە لە ڕاهاتن و خوو پێوە گرتن، چونکە هەموو جارێک دووبارە دەبێتەوە کە یەکێکیان هاتە پێشەوە، دەبێت شتێکی دیکەی بەدوادا بێت، ئەمەش بنەمایەکە لەبنەماکانی سروشتی مرۆڤ، دانی پێدا نراوە، بەڵام ئەمە هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نییە، چونکە ئێمە تەنیا وا ڕاهاتووین کە ڕووداوێک دەرکەوت، چاوەڕێی دەکەین شتێکی دیکەی بەدواوەدا بێت، ئەمەش شوێنەوارێکی ڕاهاتن و خوو پێوە گرتنە نەک لێکدانەوەیەکی لۆژیکی زانست(٢٢)".

بەو پێیە پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام لای هیوم هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو ڕاهاتن و دابونەریتی ڕۆژانەیە دووبارە بووەتەوە و بووەتە مایەی ئەوەی مرۆڤ وای دابنێت، یان بڕوا بەو جۆرە پێوەندییە ناچارەکییە بکەن کە لەنێوان دوو ڕووداو، یان دوو جۆر شتدا هەیە، کە یەکێکیان لەپێش، یان لە دوای ئەوەی دیکەیانەوە دێت.

دێڤید هیوم هەر لەم مەیدانەدا بۆ ڕوونکردنەوەی پاساودانی پێوەندی هۆکارەکی هەوڵی داوە لەم بوارەدا شرۆڤەیەکی دەروونی پێشکەش بکات بەو جۆرەی"پێوەندی دووبارە بوونەوەی دوو بابەت کە جۆریکی دیاریکراو بن لە پڕۆسەی پەی پێ بردندا ڕاهاتن و دابونەریتێکی هزرییە لەگەڵی ڕاهاتووین، دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو دوو بیرۆکەیەی کە بەدوای یەکدا دێن، باری سەرنجیان لێ بکەوێتەوە کە بەزمانی عەرەبی (انطباعات) ی پێ دەڵێن و کاتێک ئەو دابونەریتە توندوتۆڵ و خەست دەبێتەوە، بەدەرکەوتنی بابەتێک لە هەست و هۆشدا دەبێتە مایەی ژیری مرۆڤ، وای دابنێ کە پێوەندی لەنێوان دوو بیرۆکەدا هەیە، بەڵام ئەم بڕیارە هیچ ناچارەکییەکی تێدا نییە، بەڵکو ئەوە دابو نەریت و مێشک و ژیرە کە وا دادەنێن پێوەندی لەنێوان هۆکار و ئەنجامدا هەیە، ئەم بڕیارەی هیوم لەخۆیدا بێ گازندە نییە، چونکە ئێمە هەر وامان دیوە کە پێوەندییەکە جۆرە هۆیەکییەکی تێدایە، کەچی هیوم بەهۆی ئەم پێوەندییەوە هۆیەکی شرۆڤە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای پێوەندی شرۆڤە کردنێکە لە دابو نەریتی مێشکدا دەکەوێتەوە"(٢٣). لەگەڵ ئەوەی هیوم هەوڵی داوە پاساوی ئەم ڕەوشە بداتەوە، دەتوانرێت بوترێت لە بنەڕەتدا ڕەخنەگرتنی دێڤید هیوم لە پێوەندی هۆکار و ئەجام ئاراستەی ڕەوشێکە بریتییە لەوەی کە نابێت ئەنجامێک بەبێ هۆکار هەبێت و هیوم لەم دەڤەرەدا هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە ئەم بۆچوونە بەبنەمای لۆژیکی پشت ئەستوور نییە، بۆیە ئەگەر بە وردی سەرنجی فەلسەفەکەی بدەین لە ڕەتکردنەوەی پێوەندی هۆیەکی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە "ئەنجام بەتەواوەتی لە هۆکارەکەی جیاوازە و ناشکرێ بەتەواوەتی بزانرێت. واتای هۆکار و ئەنجام، دوو واتای لە یەکدی جیاوازن بە هیچ جۆرێک ناتوانرێت واتای ئەنجام لە واتای هۆکار بەدەست بێت، بۆیە دەوترێت پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام جۆرە دووبارەبوونەوەیەکە، مێشکی مرۆڤی لەگەڵ ڕاهاتووە، چونکە بەهیچ تاقیکردنەوەیەک ناتوانرێت ساغ بکرێتەوە کە لێکچوون لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و

دواڕۆژدا هەیە، پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام تەنیا بەدوای یەکدیدا هاتنە کە بووەتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بەهۆی دووبارە بوونەوەکەیەوە وا باوەڕ بکات کە گوایە پێوەندی لەنێوان هۆکار و ئەنجامدا هەیە، ئەمەش لە نموونەی (تۆپی بلیارد) دەچێت کە تۆپێک بەر یەکێکی دیکە دەکەوێت، پاڵی پێوە دەنێت بە ڕێکەوت بەر تۆپێکی دیکە دەکەوێت و دەیجووڵێنێتەوە"(٢٤) لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دەقەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هۆکار و ئەنجام دوو دەستەواژە و چەمکی لەیەکدی جیاوازن و بەهیچ بنەمایەکی ناچارەکی بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە، چونکە هەر یەکێکیان خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازیان لەخۆ گرتووە، بێجگە لەوەش"هیوم دەڵێت گشت ئەو بەڵگانەی بەبوون پەیوەستن، پشت بە پێوەندی هۆکار و ئەنجام دەبەستن، زانینی ئەم جۆرە پێوەندییانەش لە کایەی تاقیکردنەوەوە بەدەست هاتووە گوایە دواڕۆژ هاوشێوەی ڕابردوو دەبێت، بەڵام تائێستا ئەم بابەتە هەر بەردەوامە و ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، چۆن دەتوانین بیرۆکەی هۆکار لە بۆچوونەکان بەدەست بێنین، بیرۆکەی هۆیەکی وەرناگیرێت و بەدەست نایەت، هەرچەندە لەمیانەی چوونە ناخی پێکهاتەی شتەکان، چونکە ئەگەر بێتو شتەکان وەک خۆیان وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێت هیچ کامێکیان بەهیچ شێوەیەک ئەوەی دیکەیان ناگرێتە خۆی، چونکە جیاوازن. ئەگەر بێتو تەماشای بەریەکەوتنی تۆپەکانی بلیارد بکەین، یان لەکاتی بەرکەوتنی تۆپێک بەر تۆپێکی دیکە، ناتوانین پێشبینی جووڵەی تۆپەکەی دیکە بکەین، چونکە دووبارەبوونەوەی ئەم شتانە بۆ ژمارەیەکی نادیار و ناکۆتا ڕێگەگرن لە دروست بوونی پێوەندی لەنێوان هۆکار و ئەنجام، بۆیەش هیوم دەڵێت:

لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی شتێک لە ڕابردوو نا بێ کۆتایی؟ نابێتە هۆی سەرهەڵدانی هیچ بیرۆکەیەکی نوێ وەک بیرۆکەی بەیەکەوە بەستنەوەی ناچاری"(٢٥). بۆ پاساودان و ڕەتکردنەوەی پێوەندی هۆیەکی، هیوم هەوڵی داوە پەنابباتە بەر نموونەیەکی زیندووی ژیانی ڕۆژانەمان کە بریتییە لە یاری بلیارد بەو جۆرە ویستوویەتی ساغی بکاتەوە کە ئەگەر سەرنجی بەر یەککەوتنی تۆپەکانی بلیارد بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەین تۆپی یەکەم بووەتە هۆی جووڵاندنەوەی تۆپی دووەم، بەڵکو ئەوە ڕێکەوتێکە و ناتوانرێت ئەم ڕەوشە، یان ئەم جۆرە پێوەندییە ناچارییە سەرنج بدەین، بەڵکو بەهۆی ڕاهاتن و دووبارەبوونەوەیەکی هاوکات و هاوتەریب کە ڕووداوەکان وا دەبینرێن کە پێوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوانیاندا هەیە. هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕەوشەدا هیوم هەوڵی داوە ئاماژە بە دوو جۆر دەستەواژە، یان دوو جۆر پێوەندی بکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە هەندێک سەرچاوە دەربارەی بابەتەکە لەو باوەڕەدان کە"بیرۆکەی ناچاری هۆکاری بنەمایەکی بەڵگە نەویستی نییە کە پێویستی بەسەلمێنە نەبێت لە هەمان کاتدا گومان هەڵنەگر نییەو بەتاقی کردنەوە و ئەنجام خستنەوە پشت ڕاست ناکرێتەوە، چونکە خۆی دەستەواژەکە پڕۆپۆزیشنێکی شیکاری نییە کە ناکردنەکەی ناکۆکی لێ ناکەوێتەوە. ئەو بنەمایەی هۆیەکی دەستەواژەکەیە پێوەندی نێوان بیرۆکەو بۆچوونەکان دەردەبڕێت و خۆی لەخۆیدا دەستەواژەیەکی لێکدراوە، چونکە ئەنجام بە هیچ جۆرێک ناچارییانە لەبیرۆکەی هۆکارەوە ناکەوێتەوە و ئەگەر لەیەکدی دابڕدرێن هیچ ناکۆکییەکی لۆژیکی دەرناکەوێت. کەوابوو بنەمای هۆیەکی دەستەواژەیەکی لێکدراوە و ناکرێت بەسەلمێنە ساغ بکرێتەوە"(٢٦). بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە و بۆ ئەوەی بنەماو سروشتێکی زانستی بە بابەتەکە ببەخشرێت، هیوم وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن لەسەرەتای بەشی سێیەمی شاکاری (توێژینەوەیەک دەربارەی سروشتی مرۆڤ)، باسی جۆرەکانی پێوەندی دەکات و دەیانکات بە دوو بەشەوە:

**جۆری یەکەم:** ئەو پێوەندییانەی بەهۆی سروشتی بۆ چوونەکانەوە پەیدا دەبن، کە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ یەکدیدا بەراوردیان بکات.

**جۆری دووەم:** ئەوانەی دەتوانن خۆیان بگۆڕن، یان گۆڕان بەسەر خۆیاندا بهێنن، بەبێ ئەوەی بۆچوونەکانیان گۆڕانیان بەسەردا بێت، بۆ نموونە جۆری یەکەمی ئەو پێوەندیانە دەکرێت بۆچوونی سێ گۆشە بخرێتە ڕوو لەو بۆچوونەوە پێوەندی نێوان سێ گۆشەکە و دوو گۆشە وەستاوەکە دەکەنە (١٨٠) نمرە پێوەندییەکی نەگۆڕ و لە هیچ سات و کات و شوێنێکدا ناکەوێتە بەر تەوژمی گۆڕانەوە، بەپێچەوانەی جۆری دووەمی پێوەندییەکان کە لەنێوان دوو بابەتی لە یەکدی دووردا هەبن، یان دوو بابەت کە کات لەنێوانیاندا هەبێ، ئەگەر هاتو جێگە و شوێنیان گۆڕا. خۆشیان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام

بابەتەکان و بۆچوونەکان هەر وەک خۆیان دەمێننەوە، چونکە گۆڕانی پێوەندییەکان کاریان تێ ناکات "(٢٧). لە پەرەگرافێکی دیکەی هەمان سەرچاوەی سەرەوەدا ئاماژە و جۆری ئەو دوو پێوەندییە دەستنیشان دەکات کە پێشتر باسمان لێوە کردووە و دەیانکات بەدوو دەستەواژە: یەکەمیان بە دەستەواژەیەکی شیکاری دادەنێت و دووەمیان بە دەستەواژەی لێکدراو، بەم جۆرەی خوارەوە ئەو دەستەواژەی جۆری یەکەمی ئەو پێوەندییە دەردەبڕێت بە دەستەواژەی شیکاری ناو دەبڕێت، چونکە ئەگەر شی بکرێتەوە، دەردەکەوێت کە بارەکە پێشیانە لە بنەدا هەیە، ئەو ئەنجامەی دەیداتە دەست لەسەرەتادا لە گریمانکراوەکاندا بووە. جۆری دووەمی بە دەستەواژەی لێکدراو ناو دەبرێت کە ناکردنەکەی هیچ جۆرە ناکۆکییەکی لێ ناکەوێتەوە ئەگەر بەناکردنێک ئەو ڕستەیەی کە (سبەینێ خۆر لە ڕۆژ هەڵات هەڵنایەت) دەستگیر بکەین هیچ جۆرە ناکۆکییەک بە دەر ناکەوێت، بەڵام دەستەواژەی بنەمای هۆیەکی (پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام) دەردەبڕدرێت هیچ کامێک لەم دوو جۆرە دەستەواژانە نییە و ناچێتە خانەی هیچیانەوە، کەوابوو بنەمای پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام پشت ڕاست ناکرێتەوە"(٢٨)، بێجگە لەوەی کە ئاماژەی پێ درا لە سەرچاوەیەکی دیکەیشدا بەناوونیشانی (نهیلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە)، د.محەمەد کەمال هەڵوێستی بەرانبەر دێڤید هیوم بەگشتی و جیهان دیدە ئەزموونییەکەی بە تایبەتی نواندووە، ئەگەرچی ناوونیشانی کتێبەکەی کەمتر سەرنج بۆ لای بابەتەکە ڕادەکێشێت، بەڵام دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی سەرکەوتووانە سەرنجی بۆلای دووخاڵ ڕاکێشاوە:

**یەکەم:** باسی گۆڕاو و نەگۆڕاو لە فەلسەفەی هیومدا دەکات.

**جۆری دووەم:** بنەمای پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام لەلای ئەم فەیلەسووفە ڕوون دەکاتەوە بۆ نموونە، د. محەمەد کەمال دەڵێت "کێشە فەلسەفییەکان لەلای هیوم دووبەشن، بەشێکیان نەگۆڕاون وەکو کێشە ماتماتیکییەکان ٣+٢=٥، بەشەکەی دیکەیان کە زیاتر پێوەندی بە هەستکردنەوە هەیە و دەکەوێتە ژێر حوکمی گۆڕان و کات و شوێنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، یان لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکی دیکە دەگۆڕدرێن: بۆ نموونە کە دەڵێم ئەمڕۆ هەوا گەرمە، لەوانەیە بۆ من گەرم بێ و بۆ یەکێکی دیکە سارد بێت، یان ئەمڕۆ گەرمەو سبەینێ ساردی دەکات، بەڕای هیوم پێوەندی نێوان هۆ و ئەنجام سەر بە کێشەکانی بەشی دووەمە و گۆڕانیان بەسەردادێت، چونکە ڕووداوەکان هەستەکین، ئینجا پێویستە پێوەندی نێوانیشیان هەستەکی بێت، هەموو ڕووداوێک و بابەتێکی هەستەکیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەگەر لەو بڕوایەدا بیت کە A دەبێتە هۆ بۆ B دەتوانێت ببێت بە هۆ بۆ شتێکی دیکەیش، یان ئەگەر ئەمڕۆ هۆ بێت بۆ ئەم بابەتە، ئەوە سبەینێ دەبێت بە هۆ بۆ بابەتێکی دیکە، بەڕای هیوم ئەگەر ئاگر هۆ بێت بۆ سووتاندن، ئەوە ناتوانین بیڵێین هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە و لە داهاتووشدا دەبێت بە هۆ بۆ سووتاندن"(٢٩)، هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا، د.محەمەد کەمال سەرنج دەداتە هەمان بابەت و پێی وایە یەکێک لەو ڕەخنانەی کە هیوم گرتوویەتی سەبارەت بە یاسای بەدوای یەکدیدا هاتن بریتییە لەوەی کە"زانیارییەکانمان بەڕای هیوم هەستەکین و بیرەکانمان لە ڕێگەی ئینتیباعەکانیانەوە پێمان دەگەن: بیری هۆکار (cause) کە لەلامانەوە ڕووداوەکانی پێ تەفسیر دەکەین پێویستە لە ئینتیباعەکەیەوە هاتبێت، بەڵام ئینتیباعی ئەو بیرە لە هیچ شوێن و هیچ هەستکردنێکدا نییە، ئەگەر یاری تۆپی بلیارد بکەین و تۆپی یەکەم لە جێگەی خۆیەوە بەرەو تۆپی دووەم دەجووڵێت و بەری دەکەوێت، جووڵان لە تۆپی دووەمیش دروست دەکات، لێرەدا جووڵانی تۆپی یەکەم بووە هۆ بۆ جووڵاندنی تۆپی دووەم. لەم نموونەیەدا بەئاشکرا جووڵانی تۆپەکان و ڕەنگ و شێوەیان دەبینین"(٣٠). لەم دەقەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هیوم لەهەوڵی ئەوەدا بووە کە بیسەلمێنێت بیر و هۆشی ئێمە شیاوی بڕوا پێ نەکردنن، بێجگە لەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر هەر ڕووداوێک لە هزری ئێمەدا ئینتیباعێکی لە بەرانبەردا نەبوو ئەوە بیرەکە پەسەند نییە، بەڵکو ئەوە تەنیا خەیاڵکردنێکە و لە ڕێگەی ئەندێشەوە دروست بووە. واتە هەر بیرێک لەبەرانبەریدا ئینتباعێکی نەبوو، ئەوە بیرەکە پەسەند نییە. هیوم بەهۆی ئەم بۆچوونەیەوە دەکەوێتە بەردەم ڕەوشێک کە بیری میتافیزیک لە فەلسەفەکەی دووربخاتەوە، چونکە بیرە میتافیزیکییەکان لە بەرانبەریاندا ئینتیباعێکی

دیاریکراویان نییە و ئێمە ناتوانین بیانسەلمێنین.

هیوم وەک فەیلەسووفێکی سەردەمی خۆی توانی لە بابەتی ڕەتکردنەوەی بنەمای کێشەی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجامدا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاو بگێڕێت، وەنەبێت ئەم هەوڵەی هیوم لەشوێن و سەردەمی خۆی چەقی بەستبێت، بەڵکو لەلایەن بیرمەندو زانایانی سەردەمی خۆی و دواتریش پشتگیری لێ کراوە و پەرەی پێ دراوە، ئەم ڕەوش و هەڵوێستەی هیوم بووە هۆی ئەوەی فەیلەسووفانی دوای خۆی و سەدەی بیستەم وەک بیرتراند ڕسل و ئێرنیست ماخ و کۆڕی ڤینا پەرەی پێبدەن بۆ نموونە، ئێرنیست ماخ پێی وایە"چەمکی هۆکار و ئەنجام لەچەند وێنەیەک بەو لاوە نین، کە شارەزایی مرۆڤ و سەرنجدان دروستیان کردوون و هیچ بەرانبەرێکیان لە جیهانی دەوروبەردا نییە"(٣١)، بێجگە لەوەش هایزنبێرگ و ماکس بۆرن لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکەی هیوم سەبارەت بە نەبوونی پێوەندی هۆیەکی، لە دوو هەڵوێستی جیاوازدا پێوەندی هۆیەکیان ڕەت کردووەتەوە، هایزنبێرگ سەبارەت بە کێشەی هۆیەکی پێی وایە "کێشەی هۆیەکی پێوەندیەکی تەم و مژاوییەو درشت و دژوارە و وتووشیەتی : قانوونی هۆیەکی دەڵێت: ئەگەر مرۆڤ بەتەواوەتی ئێستا بزانێت و شارەزایی لێ هەبێت، دەتوانێت پاشەڕۆژ پێشبینی بکات. ئەمە هەڵەیە، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت بە تەواوەتی ئێستاکە بە کوڵک و پێستەوە بزانێت"(٣٢)، بێجگە لە هایزنبێرگ دەتوانین ئاماژە بە ماکس بۆرن بکەین کە لە مەیدانی ساغکردنەوەی نەبوونی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام لە مەیدانی زانست و فیزیکدا ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە بەو جۆرەی کە لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ دراوە"لەجیهانی بچووکی لابۆردا (میکرۆکۆزمۆس) لێکدانەوەی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) کار ناکات و لەبڕکەوتووە، دەبێت لەمەولا پشت بە لێکدانەوەی ستاتستی - ڕێ تێچوونەکی ببەسترێت، واتە ڕووداوی ئەتۆمی بە قانوونی هۆیەکی دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو پابەندی قانوونی ڕێ تێچوونە"(٣٣). بەم جۆرە قانونی هۆیەکی لەسەدەی بیستەم لە زانستدا ڕۆڵیکی دیکەی پێ بەخشراو لەجیاتی ئەم قانوونە بنەمای ڕێ تێچوون لەجیاتی دانرا.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم هەڵوێستەی هیوم پشتگیری لێ کراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بێ کەمو کوڕی نەبووە و کەوتووەتە بەر ڕەخنەو لێکدانەوەی جیاواز بۆ نموونە، کانت لە شاکاری پڕۆلیگۆمینادا: چەند پێشەکییەک بۆ هەر میتافیزیکێکی دواڕۆژدا، دەڵێت ئەو بڕیارەی کە هیوم دەربارەی هۆکار و ئەنجام داویەتی، ئەنجامێکی لێکەوتووەتەوە، ئەو ئەنجامە ناکرێت بە ژێر پشت ڕاست بکرێتەوە. کانت وتوویەتی: "ژێر هیچ جۆرە توانایییەکی نییە بە گشتی بیر لەم جۆرە بەیەکەوە بەسترانانەوە بکاتەوە، چونکە چەمک و بۆچوونەکانی لەچەند وەهم و ئەندێشە بەو لاوە نین و هەموو زانینەکانی کە گوایە پێشیانە پێکهاتوون، بریتین لە چەند ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی باو کە بەهەڵە مۆریان لێ دراوە و لەمە پتر ناڵێن: لە هیچ جێگەیەک میتافیزیک نییە و ناشکرێت هەبێت"(٣٤).

## ئەنجام

لە ئەنجامی توێژینەوەکەمدا سەبارەت بە کێشەی بنەمای پێوەندی هۆیەکی، بەوە گەیشتم کە ئەم بابەت و کێشەیە لەلای زۆر لە بیرمەندان و فەیلەسووفان لەسەردەم و ڕەوشی جیاواز بووەتە بابەتی توێژینەوە، بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە و لەلایەن خۆیانەوە پەرەیان پێ داوە و مشتومڕیان لەسەر کردووە، بۆ نموونە ئەرستۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی مەبەستی بووبێت باسی ئەم بابەتەی کردووە. دواتر لەسەدەکانی ناوەڕاست ئیمامی ئەشعەری بەمەبەستی پاراستنی عەقیدەی ئیسلامی هەوڵی داوە لە چوارچێوەی تیوریەک بەناوی تیوری کەسب و خواستی ئازاد ئەوە ساغ بکاتەوە کە پێوەندی لەنێوان هۆکار و ئەنجام نییە، دواتر غەزالی پەرە بەم بابەتە دەدات بە پشت بەستن بە بیروڕاکانی ئەشعەری و ئایەتێکی قورئان بەمەبەستی پاساودانی بنەماکانی کاروباری ئایینی هەوڵی ئەوە دەدا کە بیسەلمێنێت پێوەندی هۆکار و ئەنجام دوو بابەتی لەیەکدی جیاوازن و پێوەندییان بەیەکەوە نییە، بۆ ئەمەش پەنای بردووەتە بەر نموونەیەک کە بریتییە لەوەی ئەگەر لۆکەیەک لە ئاگر نزیک بکەینەوە، ئەوە ناسووتێت ئەگەر خودای گەورە بڕیاری لەسەر نەدابێت، دواتر هیوم وەک شۆڕەسوارێکی ئینگلیز ئەم بابەتە بەتەواوەتی شرۆڤە دەکات و بایەخێکی فەلسەفی زانستییانەی پێ دەدات و پێی وایە پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام بنەمایەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو دوو چەمکی لەیەکدی جیاوازن و بەدوای یەکدیدا

دێن و بەهۆی دووبارەبوونەوەی دیاردەکـــان لەژیانی ڕۆژانەدا وای کـردووە ئێمـە دیاردەی هۆکـار و ئەنجـام بەیەکەوە بێتە بەرچاومان، هەروەها پێی وایە هۆکار و ئەنجام لە یاسایەکی ناو مێشکی مرۆڤ کەوتووەتەوە، چونکە تەنیـا لە هزر و فـیکری مـرۆڤـدا هەیە و ئەو ناچارەکیـیە ئێمـە لە هزرماندا هەیە بەسەر شتەکانی دەوروبەرماندا دەیسەپێنین، بەم پێیە هۆکار و ئەنجام دەبنە دوو بنەمای بەیەکەوە بەستراو، بەڵام لە سروشتدا و لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی ئێمـەدا ناچارەکی نیـیـە، کەواتە پێوەندی هۆکارەکی پێوەندییەکی سەربەخۆیە.

**پەراوێزەکان:**

**١- ئەرستۆ لە ساڵی ٣٨٤پ ز. لە شاری ستاگیرا کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی یۆنان و ناوچەی مەکدۆنیا لە دایک بووە. لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بۆ خوێندن دەچێتە لای ئەفلاتوون و بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە ئەکادیمیای ئەفلاتوون دەمێنێتەوە، لەساڵی ٣٤٢پ ز. فلیب پادشای مەکدۆنیا داوای لێ دەکات ببێتە مامۆستای کوڕی و لە ساڵی ٣٣٤ ئەرستۆ بۆ ئەسینا دەگێڕێتەوە، فێرگەکەی دادەمەزرێنێت بەناوی لۆکیۆم و لەساڵی ٣٢٢ پ ز.بە نەخۆشی دەمرێت.**

**٢- ئەرستۆ، هونەری شیعری پۆیەتیکا، و:د.حەمید عەزیز لە ئەڵمانیـیـەوە کردوویەتی بە کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل٥٦.**

**٣- ئەرستۆ، سەرچاوەی پێشوو.....ل٤٩.**

**٤- ئەرستۆ، سەرچاوەی پێشوو.....ل١١٩-١٢٠.**

**٥- ئەرستـۆ، مـێـتـافـیـزیک (بەشی ئێـپـسـیلۆن)، و: لەئینگلیزی:د.محەمەد کەمال، چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ل١٣٥-١٣٦.**

**٦- وشـەی کـەسب لە قـورئانی پیـرۆزدا هاتووە، بەمـانای (بەدەست هێنان). لە بنەڕەتدا کەسب ئەو تیوریيە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو بیـرمـەندی گـەورەی مـوعـتـەزیلە (ظرار و نجـار)، دواتر لەلایەن زۆر لە مووتەکەلیمەکان وەک ڕایەکی ئیسلامی قبوڵ دەکرێ و ئەشعەری و ماتوریدەکان لە نێوان موسڵمانانداە بڵاوی دەکەنەوە.**

**٧- هاوژینی مەلا ئەمین، دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام، چاپخانەی خانێ، دهۆک، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٦٧.**

**٨- هاوژینی مەلا ئەمین، هەمان سەرچاوە.....ل١٦٧.**

**٩- د.حەمـیـد عـەزیز، فـەلسـەفـە و لاهووت لە سـەدەکـانی ناوەڕاستدا، چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٦٨.**

**١٠- الامام ابي حامد محمد الغزالي، تهافت الفلاسفة، دارالفكر لبناني، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٣، ص١٦٩.**

**١١- القرءان الكريم، سورة (الانبياء)، الاية (٦٨).**

**١٢- د. حـەمـیـد عـەزیز، بنەڕەتەکـانی فـەلسـەفـە، چ.ب: ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٧.**

**١٣- الامـام ابي حـامـد مـحـمـد الغـزالي، تهـافت الفلاسفة....نفس المصدر، ص١٦٩-١٧٠.**

**١٤- د.حەمـیـد عـەزیز، بنەڕەتەکـانی فـەلسـەفـە، چاپخـانەی ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٩٥.**

**١٥- د.حەمید عەزیز، سەرچاوەی پێشوو...، ل١٩٧.**

**١٦- د.حەمید عەزیز، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٢٥.**

**١٧- د.حەمـیـد عەزیز، بنەماکانی شیکردنەوەی مەنتیقی، چاپخـانە:وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٥، ل٢٦.**

**١٨- دێڤـیـد هیـوم: لەسـاڵی ١٧١١-١٧٧٦ ژیاوە، لە ئایدەنبۆرگی ئیسکوتلندای باشوری بەریتانیا، لە بنەماڵەیەکی پەیوەست بە ئایینی مەسیحی لە دایک بووە. دواتر لەتەمەنێکی زووەوە دەچێتە زانکۆی (ئایدنبۆرگ)، لە سەرەتادا ئەدەبی کۆنی خوێندووە، دواتر ڕوودەکاتە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، سەرەڕای ئەوەی دایکی هانی دەدات کە یاسا بخوێنیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەردەوام دەبێت لە خوێندنی فەلسەفی . هیوم هەر لەو ماوەیەدا کە سەرقاڵی توێژینەوەی فەلسەفی دەبێت، لەتەمەنی ٢٨ ساڵیدا یەکەم کـتـێبی بەناوی (تێزێک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ) دەردەکات، بەڵام لەسەرەتادا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دوای چەند هەوڵدانێک توانی لە ١٧٧٠ کتێبەکەی سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکات. لەساڵی ١٧٧٦ بە نەخۆشی گـیانی دەسپێرێت. بەرهەمەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**١- لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ ١٧٧٠.**

**٢- بنەمای ئاکار ١٧٥١.**

**٣- مێژووی ئینگلتەرا ١٧٥٤.**

**٤- چەند وتارێکی سیاسی ١٧٥٢.**

**٥- محاورات في الديانة الطبيعية ١٧٦٩.**

**١٩- ديفيد هيوم، مبحث في الفاهمة البشرية، فصل٧، قسم اول٣٥، ت: د.مـوسى وهبـة، دار الفـارابي، الطبـعـة الاولى،**

بيروت- لبنان، ٢٠٠٨، ص٦٩.
٢٠- برتراند رسل، حكمة الغرب: عرض تاريخى للفلسفة الغربية في اطارها الأجتماعي والسياسي الجزء الثاني، ت: فوءاد زكريا، ١٣٣.
٢١- برتراند رسل، نفس المصدر .....، ص١٣٣.
٢٢- ديفيد هيوم، مبحث في الفاهمة البشرية، فصل ٧، قسم اول ٣٦، ت: د.موسى وهبة، دار الفارابي، الطبعة الاولى، بيروت - لبنان، ٢٠٠٨، ص٧٠.
٢٣- برتراند رسل، حكمة الغرب، ت: عرض تاريخي للفلسفة الغربية في اطارها الاجتماعي و السياسي، د.فوءاد زكريا، الجزء الثاني، ص١٣٨.
٢٤- تاريخ الفلسفة الحديثة، يوسف كرم، الطبعة الخامسة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦ ص ٧٤-٧٥.
٢٥- كريم متي، الفلسفة الحديثة: عرض نقدي، الطبعة الثانية، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، ٢٠٠٢، ص:٢١٦.
٢٦- د. حەمید عەزیز، فەلسەفەی نوێ لە ئەورووپا، چاپخانەی: ڕۆژهەلات-هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٣٢-٢٣٣.
٢٧- د.حەمید عەزیز، فەلسەفەی نوێ لە ئەورووپا، چاپخانەی: ڕۆژهەلات -هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٣٣.
٢٨- د. حەمید عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣-٢٣٤.
٢٩- د. محەمەد کەمال، نیهیلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل:٨٢.
٣٠- د.محەمەدکەمال، سەرچاوەی پێشوو..... ل٨١.
٣١- د.حەمید عەزیز، بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی، چاپخانەی: وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٩.
٣٢- د. حەمید عەزیز، سەرچاوەی پێشوو... ل٢٩-٣٠.
٣٣- د. حەمید عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.....ل٨٨.
٣٤- ئیمانوێیل کانت، پرۆلیگۆمینا: (چەند پێشەکییەک بۆ هەر میتافیزیکێکی دواڕۆژ، د.حەمید عەزیز: لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی، ڕامان، ژ(١٦٥)، ٢٠١١/٢/٥، ل٩٢، هەولێر.

سەرچاوەکان:
أ: بە زمانی کوردی
١-تلس، ئەرستۆ، هونەری شیعری پۆیەتیکا، و: د. حەمید عەزیز: لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢- ئەرستۆ، میتافیزیک، و: محەمەد کەمال، چاپخانەی: سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣- کەمال، د.محەمەد، نهیلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، چاپخانەی: سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤- عەزیز، د.حەمید، فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی: حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥- عەزیز، د.حەمید، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، چاپخانەی: ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٦- عەزیز، د.حەمید، بنەماکانی شیکردنەوی مەنتیقی، چاپخانەی: وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
٧- عەزیز، د.حەمید، فەلسەفەیی نوێ لەئەورووپا، چاپخانەی: ڕۆژهەلات-هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٨- مەلائەمین، هاوژین، دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام، چاپخانەی: خانێ-دهۆک، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

ب- سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:
١- القرءان الكريم.
٢- الغزالي، ابي حامد، تهافت الفلاسفة، تقديم و ضبط و تعليق، جيرار جيهاد، الطبعة الاولى، دار الفكر اللبناني، بيروت، ١٩٩٣.
٣- رسل، برتراند، حكمة الغرب: عرض تاريخ الفلسفة الغربية في اطارها الأجتماعي والسياسي، ت: فوءاد زكريا، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٨.
٤- متى، كريم، الفلسفة الحديثة: عرض-نقدي، الطبعة الثانية، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت، ٢٠٠٥.
٥- كرم، يوسف، تاريخ الفلسفة الحديثة، الطبعة الخامسة، دار المعارف، القاهرة ١٩٨٦.
٦- هيوم، ديفيد، مبحث في الفاهمة البشرية، ت: موسى وهبة، الطبعة الاولى، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٨.

ت-گۆڤارەکان:
١- کانت، ئیمانۆێل، پرۆلیگۆمینا: (چەند پێشەکییەک بۆ هەر میتافیزیکی دواڕۆژ، د.حەمید عەزیز: لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٦٥)،٢٠١١/٢/٥، هەولێر.

# نالەی دەروون لە نێوان ڕۆمی و هێمن-دا

**لەتیف فاتیح فەرەج**
**(کەرکووک)**

سرووودی نەی کە ئەحمەد تاقانە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، زیاتر لە شکاتی نەی لە نالە نالی نەی دەچێت، ئەو شیعرە مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی لەدوای تیرۆر کردنی شەمسەددینی تەورێزی نووسیویەتی، شەمسی تەورێزی لە سالی ١٢٤٨ی هاتنە دنیای مەسیح لە هەراکەی قۆنیەدا براو لە ناو بدرا، ڕەنگە هەراکە هەر بۆ کوشتنی تەورێزی ساز کرابێت، چونکە هەموو لایەک و بەتایبەت مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو پیاوەدا بوون کە پێش چوار ساڵ لە تیرۆر کردنەکەی هاتبووە قۆنیەوە، مەولانا سرووودی نەی، شکاتی نەی، نالەی نەی، یان شیوەنی نەی، بۆ مردنی ئەو پیاوە نووسیوە، ئەو چامەیە ٥٢ بەیتە کە ئەحمەد تاقانە کردوویەتی بە کوردی و سەرەتا دەڵێت:

**بژنەفە لە شمشاڵ کە باست بۆ دەکا**
**داد لە دەستی دووری دەکات و گۆ دەکا**

فارسییەکەی بەم جۆرەیە

**بشنو از نی چون حکایت میکند**
**و از جدائیها شکایت میکند**

زوهێر سالم ئەم دێڕەی بەم جۆرە کردووەتە عەرەبی

**انصت الی الناي یحکي حکایته**
**ومن آلم الفراق یبث شکایته**

بەم ئازارە ئینسانییەوە شیعرەکە دەست پێدەکات و چیرۆکی دابڕانەکە دەگێڕێتەوە:

**ئاگری، ئەم بانگی شمشاڵە... نە "با"**
**هەر کێ نەیبێ ئاگری وا..... هەر نەبا**
**ئاگری "ڤین"ـە لە نەی وا دێتە دەر**
**جۆششی ڤینە لە مەی وا دێتە دەر**

مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی تەواوی ئەو قەسیدەیەی بۆ شەمسی تەبرێزی و ئەو ڕووداوە نووسیوە کە لە قۆنیە



جەلالەددینی ڕۆمی

ڕووی داوە، لە پەنای ئەو شیوەنەوە مەولانا دەیەوێت دەردە دڵی خۆی لە ڕۆژگارەکەش بکات:

**چونکە گوڵ چوو باخ هەموو پرش و بڵاو**
**بۆنی گوڵ لای کێ وەدەست خەین بۆ گوڵاو**

ئەم شیعرە پێدەچێت کاری زۆری کردبێتە سەر شاعیری کورد هێمنی موکریانی کە بە شێوەیەکی زۆر نایاب و دیار لە هەندێک ڕووەوە باڵاتر شیعری ناڵەی جودایی نووسیوە، ناڵەی جودایی ١٩٧٤ نووسراوە، هێمن نەک ئاووهەوای ئەو شیعرە بەسەریدا زاڵە، بگرە نموونەی دێڕی ئەویش تێهەڵکێشی شیعرەکەی دەکات، هێمن یەکێک لە شاعیرە گەورە و بەدبەختەکانی کوردە، شاعیرێکی کوردیش نادۆزیتەوە هێندەی هێمن لە سەر کەسێتی خۆی قسەی کردبێت، ئەو لە کۆی شیعرەکانیدا گلەیی لەو بوونەی خۆی دەکات و بەدەست ژانی ئینسانی بوونەوە دەناڵێنێت و پرسیاری ئەوە دەکات بۆ دەبێت مرۆڤ لەو نەهامەتییەدا بژێت.

**نابێ قەت ناڵەیی جودای بێ ئەسەر**
**جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر**
**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**
**شیوەنێکم پێیە نەی نەی کردووە**
**لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون**
**لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون**

**شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە**
**بانگی ئازادی و گرۆیی یەکسانییە**

هێمن شیوەنێکی ئینسانی گەورە دەکات، ئەمەش تێکەڵی ئەو ستەمکارییە دەکات، کە بەدرێژایی مێژوو لەکورد کراوە، ئەم شیوەنە ئینسانییە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ ئازادی مرۆڤە، شیوەنی هێمن لەگەڵ شیوەنی مەولەوی ڕۆمی لەوەدا لە یەکدی جیا دەکرێنەوە، شیوەنی مەولاناش سەرەڕای ئەوەی کە شیوەنە بۆ شەمسی تەبرێزی، بەڵام شیوەنێکی گیانییە، مەولەوی دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم شیوەنەوە، پێمان بڵێت دەشێت لە دەستدانی ئازیزێک ببێتە هۆیەک بۆ پاکبوونەوە، لای مەولانا یار هەم خودا و هەم شەمسی تەبرێزییە، ئەویان لە دەستچوو، ئەمیشیان دەست ناگاتە داوێنی، ڕەنگە مەولانا بیەوێت پاش لەدەستچوونی یاوەرەکەی لەسەر زەوی گلەیی لەیارەکەی بکات لەوەی کە ئەوی بۆ نەپاراست و ئێستاش وەڵامی شیوەنی مەولانا ناداتەوە،

**ئەی هەڤاڵێتی کەسێ یار لێی بڕا**
**پەردەکانی، پەردەکانمان..پێی درا**

ئەم شیوەنە قووڵە لیپاولیپە لە سۆفیگەرێتی و هەموو وشەکانی مەولانا باس لە ئەشقێکی هەقیقی دەکەن، ئەشقێک کە هەر وشەیەکی بەکار دێت دوو مانا هەڵدەگرێت، مانا ڕواڵەتییەکە و مانا نهێنی و پەنهانەکە، ڕاستە مەولانا شیوەنی تەبرێزی گەرم دەکات، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە شیوەنی ئەو بۆ گەیشتنە بە یار، مەولانا لەم شیوەنەدا بایەخێکی لە ڕادەبەدەر بە موزیک و سەما دەدات، بە تایبەت ئامێری نەی، ئەو کەشێک دروست دەکات کە مرۆڤەکان تێیدا زۆر لە خودا نزیک دەبنەوە و هیچی تریان بیر نامێنێ ئەو نەبێت، ئیدی لەم بارودۆخەدا هیچ گرنگ نییە دیدار نەبێت، هێمنی شاعیریش لە ناڵەی جوداییدا پێمان دەڵێت هیچ گرنگ نییە ئازادی نەبێت. ئازادی لەنێو نیشتمان و زێدی خۆت.

**گەر دەناڵێنم ئەمن پەککەوتە نیم**
**تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکوو دەژیم**
**کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوا**
**چونکە قانونی تەبیعەت وایە وا**

لە شیعرە ١١٠ بەیتییەکەی هێمن-دا دووجار شیعری مەولانا و جارێک شیعرێکی دیکەی فارسی بەیتێکی تێهەڵکێش کراوە، ئەمەش لانی کەم ئەوە دەردەخات کە هێمن زۆر بەو شیعرەی مەولەوی بەڵخی سەرسام بووە، شیعرەکەش بە هەمان کەشوهەوای شیعری نووسراوە،

هێمن

بەڵام لە هەندێک شوێندا شیعرەکەی هێمن دەگاتە چلەپۆپەی جوانی.

**چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟!**
**چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟!**
**چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟!**
**بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە**

هێمن کۆی شیعرەکەی شیوەنە بۆ دابڕان و دورخستنەوە لە زێد و نیشتمان، لەگەڵ ئەوەشدا شیوەنی ئەو:

**شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**
**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە**

بەڵام دواجار هێمن بەڵێنی گەڕانەوە دەدات و پێداگری لەسەر بەردەوامی خەبات و نەکەوتن دەکات، سەرەڕای هەموو کوێرەوەرییەک دەڵێت:

**دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش**
**گەر گلاشم کوردەواری ئێوە خۆش**

لە نێوان ئەم دوو شیعرەدا شیعری شیوەنی نەی و شیعری نالەی جودایی ٧٢٦ ساڵ جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ دەتوانێت بەراوردیان بکات با هەریەکە و بۆ بارودۆخێکی تایبەت نووسرابن، ئەم بەراوردەش لە بەرزی شیعرەکەی هێمن کەم ناکاتەوە، ئەوە بێجگە لەوەی ئەم بەراوردە بە هیچ شێوەیەک ناچێتە خانەی دەقناوێزانەوە، هێمن سەرەڕای کاریگەری شیعرەکەی مەولانا لەسەری، بەڵام باس لەمەینەتییەکی ئینسانی دەکات، شیعرەکەش سەراپا بۆ ئەو پرسە ئینسانییە تەرخان کراوەو هیچ گرێوگۆڵێکی تێدا نییە، مرۆڤ زۆر بە ئاسانی لە ناوەرۆکی شیعرەکە و ئازارەکانی هێمن دەگات.

لەناوەرۆکی هەردوو شیعرەکەدا باسی دابڕان و جودا کردنەوە و جیابوونەوە دەکرێت.

مەولانا دەڵێت:

**هەر کەسێ کو لە هاوزمانی بوو جودا**
**بێ نەوایە، گەر هەشییێت سەد نەوا**

هێمن سەرەڕای ئەوەی شیعرەکەشی ناوی ((نالەی جودایی))یە، لێ دەڵێت:

**ژانی ناسۆری جوداییم چێشتووە**
**هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە**

مەولەوی لەسەردەمەکەی خۆیدا نادادی و شەڕوهەرای جۆربەجۆری بینیوە و بۆ خۆیشی تەواوی تەمەنی بەر لە نیشتەجێبوونی لە قۆنیە دەربەدەری و کوێرەوەری بووە، ئەمە لەم شیعرەشیدا ڕەنگی داوەتەوە، هێمنیش بە هەمان حاڵی مەولەوی بەڵخیدا تێپەڕیوە و هەموو ژیانی مەینەتی بووە، ئەویش دیسان لەنالەی جوداییدا ئەمە باس دەکات،

**هەرکەسێ کو دوور بمێنێ لە بنەوان**
**وێڵ دەبێ دیسان لە بۆ ڕۆژی ژوان**

تەواوی شیعرەکەی مەولەوی بەڵخی لەسەر دوو کۆڵەکە دامەزراوە، یان باشترە بڵێین دوو چیرۆک لە خۆ دەگرن،

* چیرۆکی دوورکەوتنەوە لە ئازیز کە بەلای مەولەوییەوە خودایە و بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکات چۆن بگاتەوە دیدار، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕێگاکان تاقی دەکاتەوە و قوربانی دەدات، خەڵکیش گازی ئەو تاقیکردنەوە و قوربانیدانە دەکات.

**تۆ دەبێ ڕاستی بە گوێی دڵ بژنەوی**
**تا لە ئاو و گڵ بەجارێ دەرکەوی**

* چیرۆکی لە دەستدانی ئازیزەکەی گیانی، واتە شەمسی تەبرێزی، لەناوەرۆکی شیعرەکەدا بۆ ئەوەش گەڕاوەتەوە، دەکرێت تەواوی شیعرەکە بکەینە نموونە بۆ هەردوو چیرۆکەکە. محەمەد شەمسەددینی تەبرێزی کاری زۆر دەکاتە سەر مەولانا و پێوەندییە توندوتۆڵەکەیان دەبێتە هۆی ئاژاوەیەکی گەورە و بە لە دەستچوونی تەبرێزی و کوڕە گەورەکەی خۆی کۆتایی دێت، مەولانا بە

شیعر دیوانێکی گەورە بۆ ئەو یادەو بۆ تەبرێزی دەنووسێت و لەبری ناوی خۆی هەموو کات ناوی شەمسی تەبرێزی دادەنێت.

**چونکە گوڵ چوو باخ هەموو پرشەو بلاو**
**بۆنی گوڵ لای کێ وەدەست خەین بۆ گوڵاو**

ئەم دوو چیرۆکە وادەکەن هەم شیعرەکە بە نەمری بمێنێتەوە، هەم ببێتە سروودی یەکێ لە قوتابخانە گرنگەکانی تەسەوف لە تورکیا، بەتایبەتی و لەناوچەکەدا بە گشتی، ئەو سەما و زیکر و کۆڕ بەستن و بازنە دروستکردنەی لە خانەقاکانی مەولەویدا بەڕێوە دەچن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەی ئێمە تائێستا دەیڵێین بۆچوونە و سەرچاوەی ڕوون بەدەستەوە نین، لێ بابەتەکە لە سەر بنەمای ڕووداوەکان پەیوەست کراون، شیعری سروودی نەی سەرەتای دەفتەری یەکەمی " مەسنەوی مەعنەوی" یە کە شەش دەفتەرە و گوایە لەسەر داوای کوردێکی ورمێی نووسراوە بەناوی " ئیبن ئەخی تورک" کە من لە تۆڕی زانیاری و هەواڵی جیهانی زۆر گەڕام بە دوای ناسینی ئەو پیاوەدا، بەڵام هیچ زانیارییەکم بە دەست نەکەوت.

هێمنی شاعیریش کۆی شیعرەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە بەندە.

* چیرۆکی یەکەم نەبوونی ئازادی و دابڕان و دوورکەوتنەوە لەنیشتمان و بێ وڵاتی.

**ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد**
**تیخی زۆرداری بریندار نەکرد**
**ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان**
**ئەو کەسەی زیرەیی نەگەییە ئاسمان**
**ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی**
**تیروتانەی بێ تەمیزانی نەدی**

تا کۆتایی شیعرەکە

* چیرۆکی دووەم لای هێمن چیرۆکی گەڕانەوەیە بۆ لای ئازیزان و شاد بوونەوەیە بەدیدار، ئەم دوو چیرۆکە لای هێمن و لای مەولاناش دابڕان و گەڕانەوە بۆ دیدارە، بەڵام هەر یەکە بۆ مەبەست و بۆ دنیابینییەک، بۆ بینینی شیوەنی هێمن، بۆ گەڕانەوە بۆ لای ئازیزان، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شیعری ناڵەی جودایی، ڕەنگە هەبن بڵێن ئەم دوو شیعرە هەریەکە و بۆ مەبەست و مەرامێک نووسراون و مەولانا شاعیرێکی سۆفی و شێتی دیداری خوا و هێمن شاعیرێکی نەتەوەیی و شەیدای ئازادی چۆن دەکرێت بەراوردکارییان لە نێواندا بکرێت، بەڵام لێکچوونی مەینەتی و کوێرەوەری ژیانیان و هەڵوەدابوونی هەردووکیان بەدیدار، ئەو سەرنجە پووچەڵ دەکاتەوە، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە وەک چۆن هێمن پەسنی نیشتمان دەکات و پێیدا هەڵدەدات، ئاوا لە شیعرێکدا مەولەوی پەسنی دیمەشق دەکات، بە هۆی ئەوەی کە خۆشەویست و ئازیز و مامۆستاکەی، واتە تەبرێزی "تەورێزی" لەوێ بووە.

بە گشتی جوانی ئەم دوو شیعرە مرۆڤ ناچاری ئەوە دەکەن هەڵوەستەیان لە سەر بکات و لێیان ورد بێتەوە، ڕەنگە ئەم لێوردبوونەوەیەی منیش بچێتە خانەی ئەو هەڵوەستە لەسەرکردن و سەرسامییەوە بەو دوو شیعرە، ئەمە بێجگە لەوەی من پێشتریش وتم هەردوو شیعرەکە دوو دنیابینی جیاواز و باس لە دوو بابەتی زۆر جیا دەکەن.

## کورتەیەک لە ژیانی مەولانا

ناوی تەواوی محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی حوسێنی بەهائەددینی بەڵخییە، ساڵی ١٢٠٧ی هاتنە دنیای مەسیح لە بەڵخی خوراسان، لە ئێستای ئەفغانستان لەدایک بووە .

لە سێ ساڵی، واتە ساڵی ١٢١٠چوونەتە بەغدا و دواتر چەندین شوێنی دیکەیان کردووە.

ساڵی ١٢٢٦ ماڵیان چووەتە قۆنیە و لەوێ نیشتەجێ بوونە.

یەکەم هاوسەری جەوهەر خاتوون بووە و دوو کوڕی لێ بووە، سوڵتان وەلەد و عەلائەددین شلبی. لە هاوسەری دووەمی ئەمیر عەلەم و مەلیکە خاتوونی بووە.

شەمسەدینی تەورێزی بە ڕابەر و مامۆستای خۆی زانیوە.

دامەزرێنەری ڕێبازی مەولەوییە لە تەسەوفدا و ڕێبازی مەولەوی لە تورکیا و سووریا موورید و شوێنکەوتەی زۆری هەیە.

بەهەزاران بەیتە شیعری هەیە و شیعرەکانی بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕراون.

لە بەرهەمەکانی: مەجالیسی سەبعە، مەکتوبات، فیە ما فیە، دیوانی شەمسی تەورێزی، مەسنەوی و مەعنەوی، هەروەها چوارینەکان.

ساڵی ١٢٧٣ کۆچی یەکجاری کردووە و لەو تەکێیەی سوڵتان مورادی سێیەم لە قۆنیە بۆی بنیاد ناوە، لەتەک دەروێش و هاوسەر و منداڵەکانیدا نێژراوە.

بەهۆی بوونی لە ئەنەدۆڵنازناوی ڕۆمی پێ دراوە.

**٢٠١٢ چەمچەماڵ**

# بەراوردێک لە نێوان "ژن و نیشتیمان" لە دوو هۆنراوەی (هێمن)دا

ڕەوەند حەمەجەزا
(چەمچەماڵ)

نووسین لەسەر هەر شاعیرێک، یان نووسەرێک، یان هەر بەهرەمەندێکی دیکە، دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر ئەو کەسە بناسین و چەند لایەنێکی ژیانیمان بۆ ڕوون بێتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا هەر نووسینێک لە سەر (هێمن)ی شاعیر ڕەنگە لایەنێکی ژیانی ئەو شاعیرەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، یان زانیارییەکی نوێی بخاتە سەر خەرمانی شاعیریی و بەهرەمەندی ئەم شاعیرە گەورەیەوە، ئەم نووسینەیش هەوڵێکە بۆ بەراوردکردنی دوو لایەنی گرنگ لە شیعرەکانی (هێمن) کە ئەویش سەنگ و قورسایی (ژن و نیشتیمان)ـە لە هۆنراوەکانی هێمندا، کە لێرەدا دەمانەوێت بە بەراوردێکی ئەکادیمیانە دەری بخەین ئایا (نیشتیمان، یان ژن) کامیان لای هێمن گرنگتر بووە؟ جا چ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، واتە لە ئاستی واقیعدا، یان لە ئاستی خەیاڵ و لە کاتی شیعر وتندا، هەروەها ئەم نووسینە ڕوانینێکە بۆ باری سایکۆلۆژی شاعیر لە کاتی دانانی شیعرەکانیدا تا بزانین ئەم دوولایەنە کامیان پتر لە دەروون و هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە پایە بەرزەی کورددا جێیان گرتووە.

هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیش ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی تا ئێستا زۆربەی شیعرە ئەویندارییەکانی هێمن کراونەتە گۆرانی، بەم هۆیەیشەوە لای زۆربەی خەڵک، بەتایبەتی توێژی گەنجان وا دەناسرێت کە زیاتر شاعیر گرنگی بە لایەنی سۆز و ئەوین داوە نەک نیشتیمان، بەڵام ئەگەر بەوردی و بە تێگەیشتنەوە گەشتێک بە ناو دیوانەکەی هێمن-دا بکەین، ئەوە پێچەوانەی ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت، لێرەشدا هەوڵم داوە کە بە نموونەی شیعرییەوە ئەم بۆچوونەی خۆم بسەلمێنم، جا نازانم تا چ ئاستێک توانیومە ئامانجی بابەتەکە بپێکم؟ ئەوە بڕیارەکە لای خوێنەری ئەم بابەتەیە.

گومان لەوەدا نییە کە ئەم دوو لایەنە وەک زۆربەی شاعیرانی دیکە بوون بە کەرەستەی خاو و هەوێنی

**هێمن**

زۆربەی شیعرەکانی هێمن، بەڵام ئەوەی شیعرەکانی هێمن لە شیعری شاعیرانی پێش خۆی (کلاسیک) جیادەکاتەوە ئەوەیە هێمن لە باسی "نیشتیمان"دا لە پاڵ باسی لووتکەی شاخی بەفرین و گوڵ و گوڵزاری کوێستانان و...تاد. هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی گەلی کورد دەدات، هەوڵی چاندنی نەمامی خۆشەویستی نیشتیمان لە دڵیاندا دەدات.

لە باسی "ژن"یشدا "هێمن" بە مامۆستاییەکی تەواوەوە شیعری هۆنیوەتەوە و لە باسی ئافرەت خۆی لە خۆ جوینەوە بە دوور گرتووە کە شاعیرانی کلاسیکی خۆیان پێ تاقی دەکردەوە و توانایی هونەریی خۆیان دەردەخست تا جوانترین لایەنی ڕوونبێژییان لە باسی ئافرەتدا بۆ دەخستنە ڕوو، لە کاتێکدا ڕوخساری ئافرەتیان دەکرد بە دیوەخانی ئاغا، هێندە تیروکەوان و خەنجەر و...تاد، پێدا هەڵدەواسی، بەڵام "هێمن"ی شاعیری جوانپەرست لەگەڵ ئەو وەسفە جوانە ناسکە هەست بزوێنەی ئافرەتی کورد و کیژی لادێدا، هەر بەوە نەوەستاوە کە وەسفێکی جوانیان بکات، بەڵکو وەک شاعیرێکی فیمینیزم بەردەوام داوای مافی ئافرەتان و هەوڵی هۆشیارکردنەوەیانی داوە، کە ڕەنگە لەم بوارەدا هیچی لە "بێکەس"ی شاعیر کەمتر نەبێت کە ناوبانگی بە بەرگری لە ئافرەتان دەرکردووە، ئەم باسەش دەهێنێت لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەربکرێت و لە ناو باسەکەی ئێمەدا جێی نابێتەوە.

بۆ مەبەستی بەراوردکردنی گرنگیی ئەم دوولایەنە، واتە (ژن و نیشتیمان) ڕەنگە هەر شیعرێک لە شیعرەکانی "هێمن" بگرین، ئەوە نا ئومێد نابین لە هەستکردن بە سەنگ و قورسایی ئەم دوو لایەنە، چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ!، بەڵام بۆ زیاتر وردبوونەوە و بەراوردکردنی ئەم دوو لایەنە، بە پێویستی دەزانم سنوورێک بۆ لێکۆڵینەوەکە دابنێم و تەنیا دوو شیعر لە شیعرەکانی سەرەتای دیوانی "تاریک و ڕوون" وەردەگرم، چونکە وەک کورد دەڵێت "مشتێک نموونەی خەروارێکە".

من نامەوێت لەوە زیاتر باس لە توانایی و بەهرەمەندی ئەو شاعیرە بکەم، چونکە دڵنیام بێ تواناترم لەوەی بتوانم سەرجەم لایەنە پڕشنگدارەکانی ئەو ئەستێرەگەشەی دنیای وێژەی کوردی بەدەربخەم، لەبەر ئەوە لێدەگەڕێم هۆنراوەکان خۆیان پێناسەی خۆیان بۆ خوێنەربکەن، کە ڕەنگە لای هەر خوێنەرێک، پێناسەیەک هەڵبگرن.

وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد، تەنیا بەراوردکاری لە نێوان دوو هۆنراوەدا دەکەین کە ئەوانیش هۆنراوەکانی: (کوردم ئەمن، وتووێژی کچ و کوڕ)ـە.

*** هۆنراوەی کوردم ئەمن:** لەم هۆنراوەیەدا هەر لە پێش خوێندنەوەی دەقەکە، خوێنەر، یان بیسەر هەست بەو حەماسەتە دەکات کە لە ناوونیشانەکەدا هەیە، ئەمەش بۆ ئەو گیانی نیشتیمانپەروەرییە دەگەڕێتەوە کە لە شاعیردا هەبووە وەک ئەوەی کە زۆر بە شانازییەوە ڕای بگەیەنێت کە ئەو کوردە.

ڕەنگە هیچ هۆنراوەیەکی هێمن هێندەی ئەم هۆنراوەیە لە نێو خەڵکیدا بڵاونەبووبێت، بە هۆی ئەم هۆنراوەیەوەشەوە بەزۆربەی خەڵکی ئاشنا بووە. ئەم هۆنراوەیە یەکەم هۆنراوەیە لە دیوانی (تاریک و ڕوون) دا، کە تەنیا لە چوار دێڕ پێکهاتووە، کەچی بۆ هەمیشە هێمنی بە جاویدانی هێشتووەتەوە. هێمن خۆی لە وتەیەکیدا دەڵێت "کورتی و درێژی شیعر بەدەست شاعیر نییە، چونکە شاعیر دەیەوێت ئەو کوڵی هەست و سۆزەی کە لە ناخیدا هەیە دەریببڕێت". بۆ ئەمەش نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێت"من (نالەی جودای)م بەو هەموو درێژییەوە پێ کورت و ناتەواوە و وا هەست دەکەم ئەوەی ویستوومە دەری ببڕم، نەمتوانیوە بە تەواوی دەری ببڕم، کەچی سەردەمی لاویەتی، کچە کوردێکم لە زیندان بینی کە لە دڵی خۆمدا خۆشم دەویست، بێدادی و ئەوین هانیان دام ئەو ڕووداوە بکەمە شیعر، بۆخۆم لام وابوو بە هەزار دێڕ شیعر ناتوانم هەستی خۆم دەرببڕم، کەچی ئەم گڕە بەتینەی دەروونم بە تاقە دێڕە شیعرێک دامرکا"(*)

ئەگەر بێینە سەر بەراودکارییەکە، ئەوە وەک ئاماژەم پێدا هەر لە ناوونیشانەکەوە هەست بە زاڵبوونی هەستی نیشتیمانپەروەری دەکەین. ئەگەر شیعرەکە بخوێنینەوە ئەوە هێمن بە ئاشکرا دەبێژێت:

**عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵی نیم**
**عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**

دیوانی هێمن ل٨٩

کەواتە لێرەدا بەڕوونی هەست بە قورسایی خۆشەویستی نیشتیمان دەکەین بەسەر خۆشەویستی ئافرەتدا، بەشێوەیەک کە شاعیر (چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵی) بە (کێو و بەرد و تەلانی) شاخەکانی کوردستان ناگۆڕێتەوە. کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەوپەڕی خۆشەویستییە بۆ خاک و نیشتمان. مامۆستا هێمن لە کاتی نووسینی ئەم هۆنراوەیەدا لە هەڕەتی لاوییەتیدا بووە، کە لە ساڵی (١٩٤٢) واتا تەمەنی (٢١) ساڵ بووە کە لەوکاتەدا ڕەبەن بووە، کەچی لە هۆنراوەکەدا خۆشەویستی نیشتیمان بەسەر هەواو نەفسی گەنجانەیدا بەرانبەر بە ئافرەت سەرکەوتووە، تەنانەت ئەم هەستە نەتەوایەتی و کوردپەروەرییەی دەگاتە ئاستێک کە نەک بەرانبەر بە ئافرەت، بەڵکو وەک دەڵێت:

**من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە**
**لەت لەتم کەن، بکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

واتە هێمنی شاعیر کوردبوون و وابەستەیی خۆی بە گەل و نیشتیمانەکەیەوە لەسەرووی هەموو حەز و ئارەزووەکانیەوە داناوە، ئەم حەز و ئارەزووەش وەنەبێت تەنیا لەنێو شیعرەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە و خۆی لەگوێی ئاگردان دانیشتبێت! نەخێر، بەڵکو ئەم حەز و ئارەزووەی بۆ سەربەستی نیشتیمان و گەلەکەی لە ئاستی واقیعدا، واتە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە وەکو شاعیر خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەو لە ناو بنەماڵەو خێزانێکی خانەدان و دەوڵەمەنددا پەروەردەبووە، بەڵام بۆ سەلماندنی دڵسۆزی خۆی بۆ نیشتیمانەکەی ئامادەبووە دەست لەم خۆشگوزەرانییە هەڵبگرێت، بەم هۆیەشەوە چەندین جار تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووە، بەڵام ئەو هەروەک لەیەکەم دێڕی ئەم هۆنراوەیەدا دەڵێت:

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن**

واتە زۆر بێباکانە چەکی خەباتی لەشان کردووە و ئامادەبووە لە کۆڕی خەباتدا، تەنانەت لە پرۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا لە وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی) ئەم شیعرەی هێمن وەک نموونە بۆ بەرزی هەستی نیشتیمانپەروەری لە لای شاعیرانی ئەوسەردەمە هێنراوەتەوە کە دەڵێت نموونەیەکی شیعری هێمن دەهێنینەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەست و نەستی کوردایەتی بە تەواوی شیعری ئەو قۆناغەی داگیر کردووە(١).

*** هۆنراوەی (وتوویژی کچ و کوڕ):** ئەگەر بمانەوێت بەراوردکارییەکەمان ئەنجام بدەین، ئەوە لەوانەیە هەر لە ناوونیشانی هۆنراوەکەوە کە شاعیر ناوی کچی پێش ناوی کوڕ خستووە، خێرا خەیاڵمان بۆ ئەوە بچێت کە شاعیر بەمەبەست ناوی کچی پێش خستووە، کە بەدڵنیاییشەوە هەروا بووە، چونکە لەڕاستیدا گۆکردنی ناوەکان وا خۆشتر دێتە سەر زمان کە بگوترێت (وتوویژی کوڕ و کچ)، بەڵام دیارە کە شاعیر ئەمەی بە مەبەست کردووە، لەبەر ئەوەی وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێ دا، شاعیر خۆی کەسێکی فیمینیزم بووە، هەمیشە لە پاڵ بەرگری لە نیشتیمان، داوای سەرجەم مافەکانی ئافرەتی کردووە، هەر لە چوونە قوتابخانەوە تا دەگاتە سەر پەچە و ڕووبەند، کە ئەم دیاردەیەش بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێت.

لەم هۆنراوەیەدا کە لە (١٠) دێڕ پێکهاتووە، شاعیر وەک لە ناوونیشانەکەیدا دەردەکەوێت کە لە شێوەی دیالۆگدا دایڕشتووە، کە (٥)دێڕی قسەی کچەکەیە و (٥)دێڕیش قسەی کوڕەکەیە، شاعیر لەم هۆنراوەیەدا بۆ سەلماندنی فیمینیزمی خۆی سەرەتای هۆنراوەکەی بە کچەکە بەخشیوە کە ئەمەش دژی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمە بووە کە کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریی بووە، بەردەوام لەسەرەتاوە هەر کوڕ قسەی کردووە و کچ گوێی بۆ گرتووە. لەم هۆنراوەیەدا شاعیر کچی هاوتای کوڕ، بگرە زیاتریش کردووە، چونکە ئەو ڕۆڵەی بەکچەکە بەخشیوە کە ئەو داوا لە براکەی دەکات و هانی دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو وڵاتەکەی وەک دەڵێت:

**تێفکرە خەڵکی هەموو ئازادە**
**هەر تۆ خەمناکی هەموو کەس شادە**
**وەرە مەیدانێ لە ڕێی نیشتیمان**
**بکە قوربانی سەر و ماڵ و گیان**

دیوانی هێمن ل٩٠

لێرەدا وەک دەردەکەوێت شاعیر نەک هەستی نیشتیمانپەروەری بەسەر هەستی خۆشەویستی بۆ ئافرەت زاڵە، بەڵکو ئافرەتی کردووە بە ئامرازێک تا سەربەستی نیشتیمان بەهاوکاری براکەی بەدەست بهێنێت، واتە بەهاوکاری ڕەگەزی بەرانبەری، کە ئەمەش واتەی ئەوپەڕی بەرز ڕاگرتنی ئافرەتی کوردبووە لە لای هێمن- دا.

دواتر لە سەر زاری کوڕەکەوە شاعیر ئەو پەیامە بە

گەلی کورد ڕادەگەیەنێت کە تا ئافرەت ئازاد نەبێت، وڵات ئازاد ناکرێت وەک دەڵێت:

**کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە**
**هەر هەقی کچی کوردە پێ پەستە**
**بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت**
**دێدە گیان بدە یاری برای خۆت**
**لە گوێن «ژاندارک» هەستە وەک مەردان**
**دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان**

دیوانی هێمن ل٩١

کەواتە شاعیر چۆن بەڕەوای دەبینێت کە کوڕان لە پێناو ئازادی وڵات خەبات بکەن، ئاوهاش بە کچانی ڕەوا دەبینێت خەبات لە پێناو سەربەستی خۆیان لەپێشدا و دواتریش ئازادی وڵات بکەن، واتە لەم هۆنراوەیەشدا بەئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە شاعیر هەستی نیشتیمانپەروەری بەسەر لایەنی سۆزداری و خۆشەویستی بۆ ئافرەت زاڵ بووە.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەستی نیشتیمانپەروەری مامۆستا هێمن گەلێک بڵندتر بووە لە پایەی هەستی خۆشەویستی و ئەویندارییەکەی، کە ئەمە تەنیا لە هەڵبەستەکانیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو لە سەر ئاستی واقیعیش هەروابووە، چونکە هێمن خۆی لەو پێشەکییە بە پێزەیدا کە بۆ دیوانی(تاریک و ڕوون) ی نووسیوە، دەڵێت "دۆستێکم -کە باش لە شیعر بەتایبەتی لە سەبکی شاعیریی من دەگا-گوتی :تۆ بۆ گوتووتە :ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵی نیم؟!

گوتم کاکە من قەت درۆم لەگەڵ ئیحساسی دەروونی خۆم نەکردووە، ئەگەر تۆ دەتزانی من ئەو شیعرەم لە چ هەلومەرجێکدا گوتووە، بڕوات دەکرد هەستی دەروونی خۆم دەربڕیوە، بەڕاستی لەوکاتەدا من لە خەیاڵی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵیدا نەبووم(٢). ئەم دڵسۆزییەی هێمن بۆ نیشتیمان لە لایەن (د. ڕەحیمی قازی)یەوە پشت ڕاست کراوەتەوە کە لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا، چەند پەرەگرافێکی بۆ تەرخان کردووە و باس لە پایەی هێمن دەکات لای (پێشەوا قازی محەمەد) وەک دەڵێت "کاک بینایی بە ڕێزی و خۆشەویستییەکی تایبەتی دەرحەق بە هێمن هەبوو، شانازی پێوەدەکرد، هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشانی خۆیدا وەک شاعیرێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بیروباوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، چونکە هەڵبەستەکانی لە ڕاستەقینەدا ببوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل و دەربڕی بیر و ئاواتیان"(٣). لە کۆتایی ئەم وتارەدا ئەوەی بە پێویستی دەزانم بیڵێم ئەوەیە کە ڕاستە هەستی نیشتیمانپەروەری لای هێمن لە هەستی بەرانبەر بە ئافرەت زیاتر بووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە پێگەی ئافرەت لە هۆنراوەکانی هێمندا لاواز بێت، نەخێر بە پێچەوانەوە لە چەندین هەڵبەستدا بە شێوەیەکی هێندە سەرنج ڕاکێش و ئەفسووناوی باس لە جوانی ئافرەتی کورد و کێژی لادێ و شەنگەبێری و کێژی مەهابادی....تاد دەکات کە مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانە و تێڕامان لە وێنە و دیمەنی ناو ئەو هەڵبەستانە تێر نابێت. بۆ سەلماندنی دروستی بۆچوونەکەیشم چەند دێڕێک شیعری دیکەی شاعیر دەهێنمەوە کە لە هۆنراوەی (شەنگە بێری) (٤)دا دەڵێت:

**وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ شیرینتر**
**نەمدەدا بە تەختی شایی دەنا بەردەبێری شوانی**
**ڕاستە تۆ جوانی، لەباری، نازداری شۆخی نەشمیلی**
**کوڵمت گەشترن لە گوڵ و خاڵت ڕەشترن لە زیلی**
**جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نییە**
**ژوان و شەوڕاو و دڵداری، ڕاز و نیازی بە دیلی**

دیوانی هێمن ل٢١٦.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

*** هێمن کەفوکوڵی دڵی بەتەنیا دێڕێک دامرکاوەتەوە کە دەڵێت:**

**ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم**
**تەماشاکەن چی سرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم**

**١-زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، بەشی ئەدەب، ل١١٢.**

**٢-د. ڕەحیمی قازی، ڕۆمانی پێشمەرگە، چاپی چوارەم ٢٠١٠، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل٩٤-٩٥.**

**٣- هێمن موکریانی، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم/ بەهاری ٢٧٠٨ (٢٠٠٨)ز، پەخشانگای ئازادی، ل٤٧.**

**٤- هێمن موکریانی، دیوانی هێمن، ل٢١٦.**

# بەیتی دمدم و بەراوردی دوو گێڕانەوە

**یوونس قوربانیفەر**
**لە فارسییەوە: شەریف فەلاح**
**(سنە)**

کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆر دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕابردوو بکەنە مێژوو و هەرکامەیان بە جۆرێک لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵ دەگێڕن، دەسەڵات، سووژە، ڕووداو، بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا لە گۆڕینی ڕابردوو بە مێژوو ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، سەرچاوەکانی دەسەڵاتن. لە ڕاستیدا ئەوە سەرچاوەکانی دەسەڵاتن کە دەنگی ڕابردوو بەرز دەکەنەوە و ڕابردووی مردوو دەکەنەوە بە دەقی زیندوو! سەرچاوەکانی دەسەڵات دیاریی دەکەن کە چ شتێک مێژووە و چ شتێک مێژوو نییە، چ شتێک دەبێ بگێڕدرێتەوە و چ شتێک نابێ بخرێتە چوارچێوەی گێڕانەوەوە. سەرچاوەکانی دەسەڵات سەرچاوەی پیرۆزی بەخشین، پەراوێز خستن و نەفرینی مێژوون، ئەوانن دیاریی دەکەن کە کامە کەسایەتی دەبێ ڕێز و حورمەتی لێبگیرێ و کامە کەسایەتی دەبێ پەراوێز، یان تووشی نەفرینی یەکجارەکی بێت.

بەگشتی سەرچاوەکانی دەسەڵات بەدیهێنەری سنووربەندییە مێژووییەکانن، دیاردەی ڕەش و سپی بەدی دێنن و دەورەی تاریکی و ڕووناکی دەخوڵقێنن، زەمەن و کاتەکانی ڕابردوو دەکەنە چاخی زێڕین، یان بە یەکجاری دەیخەنە زبڵدانی خەیاڵی خۆیانەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش هەر کام لە سەرچاوەکانی دەسەڵات مێژووی خۆیان دەخوڵقێنن و هەرکام لەم مێژووانەش بە نیسبەت گەورە و بچووکی سەرچاوەکانی دەسەڵات بە شێوەی مێژووی زاڵ یان پەراوێزخراو دروست دەکەن. گێڕانەوەیەکی بەهێز و زاڵ لە مێژوو، پێوەندیی قووڵی لەگەڵ دەسەڵاتێکی بەرین و باڵادەست هەیە، هەروەها گێڕانەوەی لاوەکی و پەراوێز خراویش سەر بە سەرچاوەیەکی لاواز و بەرتەسکە. بەم چەشنە گێڕانەوە زاڵ و پەراوێزەکان شکڵ دەگرن و مێژووی دەسەڵاتداران و تاوانباران دەخوڵقێ. لە مێژووی جیهاندا نموونەی زۆر بەرچاو لە گۆڕێدان کە سەلمێنەری ئەم پێوەندییەی دەسەڵات و گێڕانەوەی

ڕابردوون. لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا چوارده سەده لەومەوبەر عەرەبەکان لە شێوە دوورگەی عەرەبستانەوە هێرشیان کرد و سەرانسەری ئاسیای ڕۆژئاوایان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەم دەسەڵاتە تازەیە، ڕوانینێکی نوێی بۆ ڕابردوو هەبوو و لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە نوێیە، مێژووی دادەڕشت. ئەوان دەسەڵاتی باڵادەست بوون و لە ڕێگای هێرش، حکومەتداری، سیاسەت و داپڵۆسین و سەرکوتەوە ڕوانگە و گێڕانەوەی خۆیان دەخستە ڕوو، گەرچی لە بەرانبەر گێڕانەوە و ڕیوایەتەکانی ئەوانیشدا کۆمەڵێک گێڕانەوەی لاوەکیش شکڵیان گرت، بەڵام ئەو گێڕانەوانە هیچکات نەیانتوانی لەگەڵ گێڕانەوەی زاڵ و باڵادەستدا هاوسەنگی بکەن و بۆ هەمیشە لە پەراوێزدا مانەوە.

لە مێژووی ئێرانیشدا دەکرێ چەندین نموونەی لەم جۆرە مێژووە دەستنیشان بکرێ. یەک لەو نموونە بەرچاو و جێگای سەرنجانە ڕووداوی قەڵای دمدمە. لەمەڕ ئەو ڕووداوە دوو جۆر گێڕانەوە لەبەر دەستدایە، یەکیان گێڕانەوەیەک کە ئەسکەندەر بەیگ سکرتێر و مێژوونووسی سەردەمی شاعەباسی سەفەوی لە کتێبی (عالەم ئارا)ی عەباسیدا باسی کردووە و ئەوی دیکەشیان بەیتی کوردیی (دمدم)ە، کە کەس یان کەسانێکی نەناسراو هۆنیویانەتەوە و لە سەردەمی سەفەوییەوە سینگ بە سینگ گێڕدراوەتە هەتا گەیشتۆتە ئەمڕۆ. گێڕانەوەی یەکەم لە ڕووداوی دمدم، گێڕانەوەی زاڵی ئەو ڕووداوەیە و وەک گێڕانەوەی سەرچاوە دەناسرێ، بەڵام گێڕانەوەی دووەم، وەک گێڕانەوەیەکی لاوەکی دێتە ئەژمار کە هەتا ئێستا هیچکام لە ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسان گرنگی و سەرنجیان پێ نەداوە و بە گشتی هیچ زانیارییەکیان لەبارەیەوە نییە. بۆ زانین و تێگەیشتنی زیاتر لە جیاوازیی ئەم دوو ڕووداو و گێڕانەوە و جۆری ڕوانینی ئەوان بۆ ئەو ڕووداوە، بەشێوەی سەرەتایی دەپەرژێینە سەر ئەم دوو ڕووداوە:

**گێڕانەوەی ئەسکەندەر بەیگ لە دمدم:**

(ئاماژەدان بە دژایەتی و تاوانی ئەمیر خانی برادۆست)، ئەمە سەردێڕی گێڕانەوەکەی ئەسکەندەر بەیگە و دەیهەوێ بپەرژێتە سەر تاوان و نافەرمانیی ئەمیرخانی برادۆست، پاشان باس لە چۆنیەتیی لوتف و کەرەمی شاعەباس لە ئاست ئەمیرخاندا دەکات کە گوایە شاعەباس هەندێ دەڤەری پێ ئەسپاردووە و ئەمیرخانیش لە بەرانبەردا دەستی ناوەتە سەر سینگ و فەرمانبەرداری کردووە، بەڵام ئەمیرخان نەختە نەختە بەهێز دەبێت و دەسەڵات پەیدا دەکات و بە وتەی ئەسکەندەر بەیگ " لە ماوەی کەمتر لە ڕۆژێکدا غرور گرتوویە و لەخۆبایی بووە" و لە ڕووی دەمارگرژیی مەزهەبی یان شەڕەنگێزییەوە لەگەڵ ئەمیر و دەسەڵاتدارانی قزڵباشی سەرسنوور دەرکەوتووە، سەودای سەربەستی و سەرەڕۆیی لە مێشکیدا جێگای گرتووە..." گێڕەرەوە ئەمیرە کوردەکان بە کەسانێکی دڕەندەی مرۆڤایەتی وەسف دەکات، پاشان باس لە چۆنیەتیی دروست کردن و جێگیربوونی ئەمیرخان لەناو قەڵای دەمدا دەکات کە وەک سەرچاوەی شەڕ و دووبەرەکێی ئەمیرخان ناوی دەبات. لە وەسف و پەسنی پێوەندییەکانی خان لەگەڵ حاکم و ئەمیرەکانی سەفەویدا، ئەسکەندەر بەیگی میرزا ڕەفتاری ئەمیرخان بە سەرپێچ و لادەر، تاوانبار، سەرکێشی و هەڵچوون دادەنێت و ڕەفتاری دەرباری سەفەوییەکان بە لوتف و کەرەم و بەزەیی بەرانبەر ژێردەستەکان وەسف دەکات.

لە درێژەی گێڕانەوەکەدا، گێڕەرەوە دەپەرژێتە سەر گرژی و ئاڵۆزیی نێوان سەفەوییەکان و خانی دمدم و گرژییەکە دەگاتە قۆناغێک کە قەڵای دمدم لەلایەن لەشکری سەفەوییەکانەوە گەمارۆ دەدرێ. لەکاتی گەمارۆکەدا یەکێک لە ئەمیرەکانی سەفەوی لەگەڵ ئەمیرخان وتووێژ دەکات، مێژوونووسی شاعەباس حاڵی ئەمیرخان لەکاتی دانوستاندا بەم چەشنە وەسف دەکات" ئەمیرخان بە فێڵ و تەڵەکە و بە ڕواڵەت خۆی بە جلوبەرگی جوان و زرق و بەرق ڕازاندبۆوە..." وتووێژی نێوانیان بە ئەنجامێک ناگات و ئەسکەندەر بەیگ هۆکارەکەی بەم جۆرە باس دەکات" سەرەنجام مەبەست و نییەتی ئەمیرخان دەرکەوت کە وتووێژەکانی تەنیا بە مەبەستی خۆنواندن و فێڵ و تەڵەکە بووە و بە هۆی شوێنی بەرز و ڕازاوەی قەڵاوە غرور گرتوویەتی و ڕێگای دوژمنایەتی و سەرەڕۆیی گرتۆتە پێش..." لە درێژەدا گێڕەرەوەکەی ئەسکەندەر بەیگ باسی گەمارۆی چەند مانگەی قەڵا دەکات و هەمووی هەر باسی بوێری و ئازایەتیی هێرشبەرانی قزڵباش دەکات و بە داگیرکەر (غازی)یان وەسف دەکات. سەرەڕای بەرگریی خۆڕاگرانەی ئەمیرخان و شەڕڤانەکانی لە هەمبەر هێرشبەرانی سەفەویدا، گەمارۆی قەڵا بەرە بەرە تێک دەشکێنرێ و ئەسەکەندەر بەیگ دەنووسێ" بە یاریی خودا و بە زۆری باسکی پیاوانە و قار و غەزەبی زاڵی هێزەکانی ئەمیرخان قەڵاکە دەستی بەسەردا گیرا..." بەم چەشنە ئەمیرخان تەسلیم دەبێت و قەڵا لەلایەن سەفەوییەکانەوە داگیر دەکرێ، گەرچی ئەمیرخان و هاوپەیمانەکەی واتە "خان ئەبدالی موکری" بۆ پێشگرتن لە ڕەشەکوژی و قەڵاچۆ تەسلیمی سوپای سەفەوی دەبن، بەڵام هەموویان دەستبەجێ و پاش

بەرەنگارییەک لەناو گەمارۆی لەشکری سەفەویدا دەکوژرێن. ئەسکەندەر بەیگی دارێژەر و گێڕەرەوە ئەو کوشتارە بە کردەوەیەکی هەڵە دادەنێت و بەم چەشنە گێڕانەوەی ئەسکەندەر بەیگ لە ڕووداوی دمدم کۆتایی پێدێت.

گێڕانەوەی دووەم، بەیتی دمدم:

دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوەی غەمێ، لەبەر ئەوەی ژانێ/ بانگێک وەبەر خودای- ئەوی دیکەم بەر پەیغەمبەری ئاخر زەمانێ.

ئەمە دەسپێکی بەیتەکەیە بە دەنگی خەماویی بەیتبێژ، بەیتبێژ لە سەرەتای بەیتەوە پەنا دەباتە بەر خودا و کەسایەتیە بەرز و پیرۆزەکان و داوای یارمەتییان لێدەکات، پاشان باسی قسەکانی ئەمیرخان لەگەڵ خان ئەبدالی موکری دەکات: بڵا بۆت بم بە برایەکی دایک و باییە ../ دەمانچانت بۆ دەشکێنم جوێ لە میسرییە .../ تفەنگانت بۆ دەشکێنم خانی قوم جوێ لە وەستا شاقولییە.. / مەگەر ئەو شەڕە کێ کردبی ڕۆستەمی مازندەرانی لەبن کێوی دەماوەندی، سپی دێوی دەهێنا زەوتی شێرییە /دڵی خانی بە برینە، چەند بە برین بە برینە. بۆت دەچمە گۆلی دمدمێ، چ دمدمێکی ڕەنگینە/ چۆمی باراندیزی دیت خوارێ چەندی زوڵاڵ و شیرینە / لێم بویە قەسرێکی جندییە خەمخواری دەبرییەوە ...

دوای ئەوە گێڕەرەوە وتەکانی شاعەباس کە ڕووبەڕووی حەسەن خان کردوویە بە شیعر هێناوەتەوە:

حەسەن خانە/ بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە/ بەسەرماندا هات زستانە/ زستان چوو و ڕابرد هاوینە / ڕابە بە دڵ و یەقینە / زووکە شوغڵم بۆ پێکەنینە / دمدمم لەبۆ بسێنە / ئەو ساڵ حەوت ساڵە لەمن یاغینە...

حەسەن خان لە بەرانبەر داوای شاعەباسدا سەرەتا خۆ دەبوێرێ و دەڵێ کە لە ڕێگای ڕۆمییەکانەوە عوسمانییەکان یارمەتیی دەکەن و شکستیان دەدات، بەڵام شاعەباس وادەی یارمەتیی پێداوە و بەم چەشنە حەسەن خان ڕەوانەی دمدم دەکات. بەو جۆرەی کە بەیتبێژ دەڵێ لە سەرانسەری دەسەڵاتی سەفەوییەکانەوە بۆ گەمارۆدانی قەڵای دمدم لەشکر کۆ کراوەتەوە، وەکو: هەرات، ئەیرەوان، کەشمی، گیلان، سنە، کرماشان بە چەشنێک کە:

لە قۆشەنی لە توغیانێ / دار و بەرد هاتە هەژیانێ/ گرتی بەری ئاسمانێ / بووە ڕۆژی ئاخر زەمانێ.

گێڕەرەوە لەبارەی ئەو لەشکرەوە دەڵێ: لەو کافرەی دە بە فێڵە / سەری ڕەمبیان دەڵێی بێڵە و ئەم جۆرە وشانە دەربڕینی (عالەم ئارای عەباسی)ن لەمەڕ بەد مەزهەبیی دانیشتوانی دمدمەوە، بەرەبەرە لەشکر نزیکی دمدم دەبێتەوە و ئەم هەواڵەش دەگاتە خان: جواب چوو لەبۆ خانیە / چاکە خۆ بکا قەوییە / عالەم بۆ ئەو بزووتییە/ چاک شەڕێک لەسەر دینییە.

لەم کاتەدا خان دەڵێت ئەگەر ئەو شایە ئەمنیش خانم و هەموویان تەفر و توونا دەکەم. سوپای سەفەوی گەمارۆی دمدم دەدەن، شەڕ لە نێوان دلێر و شەڕڤانانی دمدم و لەشکری سەفەویدا دەست پێدەکات: دمدم بەردی مەیدانێ/ لێی دە تۆپی ئیسفەهانێ / تۆز گرتی بەری ئاسمانێ/ دمدم بەردێکی شینە / چوار زستانە پێنج هاوینە/ تێیدا خانی لەب زێڕینە / زەفەریان پێ نەبردینە...

گێڕەرەوەی بەیتیش وەک ئەسکەندەر بەیگی میژوونووس، شەڕی خان بە (غەزە) ناودێر دەکات، پاشان بەیتبێژ باسی خەیانەتی (حەمەد بەگ) ناوێک دەکات کە لە دمدم هەڵاتووە و پەنا دەباتە بەر لەشکری سەفەوییەکان. ئەو کەسە سەراب و چاوکەی ئاوی قەڵا پیشانی سوپای سەفەوی دەدات و ئەو مەسەلەیە بۆ دانیشتوانی قەڵا دەبێتە گرفتێکی گەورە. بەشێک لە گێڕانەوەکەی ئەسکەندەر بەیگ بۆ ئەمە تەرخان کراوە و بەیتەکەش ئاماژەی پێداوە، بەڵام بارینی بەفر گرفتی کەم ئاوی چارەسەر دەکات و هەوڵی سوپای سەفەوی لەم بارەوە بە ئەنجامێک ناگات. جارێکی تر سەفەوییەکان داوا لە خان دەکەن تەسلیم ببێت، بەڵام خان: کوتیە تایفەی خەزاییە / هەرچی هەڵێ قەیدی نییە / هەرچی بمرێ فیداییە / هەرچی بکوژرێ خەزاییە ...

بەیتبێژ دیسان لە زمانی خانەوە دستەو داوێنی کەسایەتییە دینییەکان دەبێت و داوای یارمەتییان لێدەکات: سوارێک هاتووە ئەسپی شێیە / خان دەپرسێ ئەوە کێیە / خان ئەوە گەورەی پیرۆتی مەرگییە / سوارێک هاتووە بە نادرێ کەس نییە چەکانی وەرگرێ / خان دەپرسێ ئەوە کێیە خان ئەوە عەزرەتی خدرێ / سوارێک هاتووە لەبۆ گەشتێ / بە وییە سوورەتی بەهەشتێ / خان دەڵێ ئەوە کێیە / خان ئەوە وەیسی ماهیدەشتێ ...

داوا کردنی یارمەتیی خان لەو کەسایەتییانە لە کاتی دواین بەرگرییەکانی لەشکری سەفەویدا: خان ئەبدالڵ و کاکە خانە / حەوت شەوان و حەوت ڕۆژانە/ شەڕیان دەکرد بە شێرانە / شێران نەیان دی کێلانە/ لەش کەوتبوون وەکی گردانە / خوێن ڕۆیی هەروەک جۆگانە... کاکە خان کە گوایە کوڕی ئەمیرخان بووە، لە شەڕدا دەکوژرێ. ئەوکات نۆرە دەگاتە ئەمیرخان: بانگم وەبەر میری میران / خان بۆ خۆی دەکا تەگبیران /

حـەوت پۆلی دایە بەر شـێـران / بانگم وەبەر پادشـای قـودرەتێ / خـانیـان شـەهیـد کـرد بە کوتکی خێـوەتێ/ هاوار و ڕۆڕۆ دمـدمـە. بەم چەشنە خـان دەکـوژرێ و بە وتەی بەیتـبـێژ عـەجەمان لە قەلا وەسەر دەکـەون و قەلا لەلایەن عـەجەمـانەوە داگیر دەکـرێ و بەیتـبـێژ، ئێـسـتـا شـینگێـڕی وێرانیی قـەلایە و بە دەنگێکی پڕ لە خـەم و کوڵەوە دەڵێ:

کوانێ سواری دە نازەنین؟ هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە، بەلام لە دوایین چرکەساتەکانی داگیرکردنی قـەلادا، خاتوونی خـان لەگـەڵ ژنانی دیکەی ناو قـەلا خۆیان لەسـەر بانی قـەلاوە بەر دەدەنە خـوارەوە هەتا گرفـتـاری عـەجـەمـەکـان نەیەن. بەیت لێـرەدا کـۆتایی پێـدێت، هەرچەند درێژەی هەیە، بەلام ئەو درێژبوونەوە و زیاد کـردنە لە دەورەکـانی دیکەدا پێی زیاد کـراوە و خـاڵێکی جـێگای سـەرنجی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گێـڕەرەوە یان بگێـڕەرەوەکـان لەم شکسـتـەی خـان زۆر خـەمین و بە پەرۆش بوون و ویسـتـوویانە بە هەر لەونێ بووە تۆڵە لە عـەجـەمـەکـان بکەنەوە.

**بەراوردی هەردوو گێڕانەوەکە:**

گێڕانەوەی یەکەم، تێگەیشتن و و ڕوانینی دەسەلاتدارە لە ڕووداوی دمدم، لەم گێڕانەوەیەدا گێـڕەرەوە کە خۆی مـێـژوونووسی دەرباری شـاعـەباس بووە لە ڕوانگەی دەسـەلاتی زاڵی سـەفـەوییـەکـانەوە پەرژاوەتە سـەر ئەم ڕووداوە. لە گـێـڕانەوەکـەی ئەودا جـیـاوازی و سنووری نێوان شا و ڕەعیـەت لە گۆڕێدایە، شا خاوەنی دەسەلات و ڕەواییەت بووە و دەبیت ڕەعیـەت گوێڕایەڵ و ملکەچی بن. لە ڕوانگەی ئەو مێژوونووسەوە شاعەباس بەردەوام سـەرچاوەی، لوتف و کـەرەم، بەرەکـەت و گـەورەییـە. سـەرپێـچی کـردن لە فـەرمـانی شـا کـە بەقـەولی ئەو سەرچاوەی گەورەیی بووە، لە ڕاستیدا بە واتای خەیانەت و سـپـڵـەیی و تاوانە. کـەسی تاوانبـار بەردەوام ئەو تاوانەی بەنێـو چاوانەوەیە، یان دەبێ تۆبە بکات یان ئەوەی کـە مـەحکووم بە مـردنە. لە سـەرانسـەری دەق و گـێـڕانەوەی ئەسکەندەر بەیگدا ئەم ڕوانگەیە دەبینرێ و لەم ڕوانینەشدا بۆچوونی مەزهەبیی ئەو بە نیسبەت کافر زانینی ئەمیرخانەوە بە ڕوونی دیارە. ئەم گێڕانەوەیە بۆتە گـێـڕانەوەیەکی زاڵ لە ڕووداوی دمـدم و لە سـەرچاوە مـێـژوویـیـەکـانی دیکەشـدا بەم چەشنە گـێـڕدراوەتەوە، ئەمەش خۆی دەبری پێوەندیی چڕوپڕی نێوان مـێـژوو و دەسـەلاتە و خاڵی جێگای سەرنجیش ئەوەیە کە هەر ئەم گـێـڕانەوەیە بۆ لێکۆڵەرانی ئەمـڕۆ فـۆرم و شکلـێـکی سەرچاوەیی بە خۆوە گرتووە.

بەلام گێڕانەوەی دووەم، ئەم گێڕانەوەیە کەمتر دەرگیری وردەکـارییە و لەوانەیە زمـانی شـیـعـری پێشی دەربڕینی وردەکـارییـەکـانی گرتبێ، گـەرچی بەیتـبـێژ هێندێ جار زمانی شیعر وەلا دەنێ و خۆی دەپرژێتە سەر چیرۆکەکە. ڕوانگەی مـەزهەبی لەم گـێـڕانەوەیەدا زاڵە، تەنانەت گێڕەرەوە ئەو شەڕەی بە شەڕێکی مەزهەبی وەسف کردووە و جـیـا لەوەش زۆربەی ئەو زانا و سـۆفـیـیـانەی کـە لەم بەیتەدا ناویان هاتووە خۆی دەربڕی ئەم ڕوانگە دینییەیە.

ئەم گـێـڕانەوەیە پێـچـەوانەی گـێـڕانەوەی ئەسکەندەر بەیگ، نەتەنیا ئەمیرخانی بە یاخییەک وەسف کردووە، بەڵکو بە کەسێکی زانیوە کە لەلایەن سەفەوییەکانەوە هێرشی کراوەتە سەر و بۆ بەرگری لە خۆی لەو قـەلایەدا سەنگەری گرتووە. ئەو خـۆی بە خـان دەزانێت و ئامـادە نییە گوێڕایەڵ و ملکەچی شا بێت، هەرچەند لە سەرەتادا لەگەڵ ئەمیرەکانی سەفەوی دەکەوێتە گفتوگۆوە، بەلام هەم خۆی و هەم دەوروبەرەکەی ئاگاداری درۆ و مـەکـری عـەجـەمـەکـان و لەباتی ئەوەی کـە تەسلیم ببـێت بەرەنگاریان هەڵبژارد و لەتەک سوپای سەفەوییەکاندا کەوتنە شەڕەوە و سەرەنجام هەموویان کوژران.

بەیتی دەمـدم، گـێـڕانەوەی بەرخـودان و بەرەنگاریی گرووپێکی کەمینەیە لە بەرانبەر دەسەلاتی زاڵدا و لە ڕوانگەی بەیتـەوە، بەرگـرییـەکی ڕەوا بووە، بەرگـری لە بەرانبەر ملەوڕ و سەرەڕۆیەکی دەسەلاتخوازدا کە پێڕەوی کردن و ملکەچیی ئەو گرووپە کەمایەتییەی ویستووە. ئەم بەیتـە هەرچەند بە زمـانی هۆنراوەیە، بەلام جـیـا لە کۆتاییەکەی کە پێوەندییەکی بە خودی بەیتەکەوە نییە، کەمتر توخمی چەواشەکاری و درێژدادڕی تێـیـدا بەرچاو دەکەوێ، دەڵێی بەیتـبـێژ دەیهەوێ ئەو بەرەنگارییە وەک جەوهەری خودی ڕووداوەکە وێنا بکات. هەڵبەتە بەیتی دمـدم لەبەر ئەوەی کـە لەناو دڵی دەسـەلاتێکی لاواز و بەرتەسکدا بووە، کەوتۆتە پەراوێزەوە و وەک بەشێک لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی دێتە ئەژمار، نە ئەوکات و نە ئێسـتـاش توانایی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گـێـڕانەوەی زاڵی نییـە. بەهەرحـاڵ ڕووداوی دمـدم بە جـوانی دەربڕی مـێـژووی دەسـەلاتداران و تاوانبـارانە و زۆرن ڕووداو و بەسـەرهاتی دیکەی لەم چەشنە کـە گـێـڕانەوەی دەسـەلاتداران و ژێردەسـتـانی بە زۆر مـەحکووم کـراوی ڕابردوو دەگێڕنەوە.

**ژێدەر:**


**١- مێژووی عالەم ئارای عەباسی، ئەسکەندەر بەیگ.**

**٢- بەیتی دمدم بەدەنگی بەیتبێژ محەممەد غەزاڵی ناسراو بە "حەمەدی بەیتان".**

**٣- توحفەی موزەفەرییە، وەرگێڕانی مامۆستا هێمن.**

**http://yghorbanifar.blogfa.com/post-14.aspx**

# تەختی سولەیمان یان شاری گەنجەک

عەلی دارەگردەڵە (وەفادار)
«بۆکان»

کۆمەڵە شوێنەواری مێژوویی تەختی سولەیمان کە لە ٤٢ کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری تیکاب لە پارێزگەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەڵکەوتووە. ئەو کۆمەڵە شوێنەوارە مێژووییە و گۆڵەکەی کە هەر لە ناو خۆی هەڵدەقوڵێت، هەر چوار دەوری گۆڵەکە لەتە بەردێکی یەکپارچەی سروشتییە کە هەر بە هۆی سۆدە و بڵغی ئاوی گۆڵەکە بەدی هاتووە (واتە ڕسووبات).

مێژووی پێشینەی ئەو ناوچەیە لە ڕوانگەی ئاکنجی و ئاوەدانییەوە بۆ سێ هەزار ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە؛ تەختی سولەیمان یەکێکە لە گرنگترین شوێنەوارە مێژووییەکان، کە وەکو چوارەمین شوێنەواری مێژوویی ئێران لە کەلەپووری جیهانی یونسکۆ تۆمار کراوە.

ئەو کۆمەڵە شوێنەوارە چ لە ڕوانگەی هەبوونی شوێنەواری کەونارایی و مێژووناسییەوە و چ لە ڕوانگەی پێوەندی بە بەڵگە و نووسراوەی مێژوویی و چیرۆکی ئەفسانەگەلی دیرۆکی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، تاقانەیە. لەو ناوەندە کۆمەڵێک بەڵگەی سەردەمانی سەرەتای ساسانییەکان و هەم کۆمەڵێک بەڵگەی سەردەمی ئیلخانییەکان و مەغووڵەکان دۆزراونەتەوە و ناسراونەتەوە؛ بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگە مێژووی ئەو کۆمەڵە شوێنەوارە بگاتەوە سەردەمانی هەخامەنشی و ئەشکانی، بێ گومان ئەگەر هەڵکەندن و لێکۆڵینەوە بەردەوام بێت، شوێنەوار و بەڵگەی گرنگی سەردەمانی ساسانییەکان لەو جێگەیە دەدۆزرێتەوە.

بەشی سروشتی کۆمەڵە شوێنەواری تەختی سولەیمان لە کێوێکی قسڵی پێکهاتووە کە لە لووتکە و بەرزایی ئەو کێوە، گۆلێکی گەورە هەیە (بە بارستایی نزیک بە ١٠٠ مەتر) هەر لە ناو خۆشییەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەو کێوە بە درێژایی هەزاران ساڵ و بە هۆی کاریگەریی سۆدە و بڵغ و خڵتە و قسڵێک کە لە ئاوی کانییەکەدایە، بەدی هاتووە. هەم لە تەختی سولەیمان و هەم لە دەوروبەری کانیاوەکان کە گشتیان قسڵ (ئاهەک)یان هەیە لە حاڵی دروست بوون و بیچم گرتندان، کێوی بەرزی زیندانی حەزرەتی سولەیمانیش یەکێکە لەو کێوە سۆدانە کە لە پێنج کیلۆمەتری تەختی سولەیمان هەڵکەوتووە، هەزاران ساڵ لەوە پێش ئەو کێوە بەدیهاتووە و دروست بووە. هەڵبەت ئێستا ئاو و گۆلی ناو کێوی زیندانەکە وشکی کردووە.

**تەختی سولەیمان**

جا لەبەر خاتری ئەوەی شێوازی بەدیهاتنی ئەو کێوە سۆدە و بڵغانە لە ناوچەی تەختی سولەیمان کارێکی سروشتییە و پێوەندی بە بیچم و شێوازی تایبەتی زەوی و جۆری خوێیەکەوە هەیە، کە لە ئاوی کانییەکانی ئەو ناوچەیەدا هەیە.

کانی تەختی سولەیمان هەزاران ساڵ لەوەو پێش دەستی کردووە بە هەڵقوڵین و وردە وردە بە هۆی لیکاو و پێکهاتەی ئەو تێکەڵییانەی لە ئاوەکەدا هەن، لێواری کانییەکە سۆدە و بڵغی گرتووە و وردە وردە سۆدەکە زیادی کردووە و هاتووەتە سەرێ. ئەو شێوازە هەزاران ساڵە بەردەوامە و ئیدامەی هەیە و ئەو شێوازە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو کانییە لێوارەیەکی بەردی لە دەوری خۆی دروست بکات، بە جۆرێک کە هەر ئێستا بەرزیی ئەو تەپۆڵکەیە بەرهەم هاتووە بە هۆی ئەو شێوازەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، هەروەها قووڵی گۆڵەکە کە سەرچاوەگرتوو لە پێکهاتەی کانییەکەیە دەگاتە ٦٢ مەتر.

بە لەبەرچاو گرتن و سەرنج بە بەرزی سۆدە و بڵغی دەوری گۆڵەکە لە سەردەمی ساسانییەکانەوە تا ئێستا، یانی لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا نزیک بە ١٢ مەترێک زیاد کردووە، دەتوانین بڵێین بەرزی لێواری گۆڵەکە هەر ساڵەی ٩ میلی مەتر شتێک کەمتر زیادی کردووە.

ئەو ڕاستییە کە بەرزایی کۆمەڵە شوێنەواری تەختی سولەیمان لە بنەهێڵی قووڵترین شوێنی ڕووباری، یان دەریایی کە تێیدا جێگیر بووە و هەڵکەوتووە، ٦٢ میترە؛ واتە بەرانبەرە لەگەڵ قووڵی گۆڵەکە، ئەوەش ئەمە دەسەلمێنێت کە بنی گۆڵەکە بە هۆی ئەو قسڵ و خوێ و سۆدەیەوە دانەپۆشراوە بە درێژایی ساڵەهای ساڵ ئەو بیچم گیرییەی بەردەوام بووە.

لە بەر ئەوە ئەگەر شتێک لە ماوەی ئەو مێژووە دوورودرێژەوە لە گۆڵەکە کەوتبێت، چونکە لە ناوەوە بە هۆی قوڕ و لیتەوە ون نەبوون و بە مەلەوانی باش و پسپۆر و بە کەرەستەی باشەوە ڕەنگە بدۆزرێتەوە.

لێواری سەرەوەی گۆڵەکە، خاوەنی پێشکەوتنێکی تەنک و تیواری ناسک لە ناو ئاوەکەدایە، بەڵام دیوارەکەی دیکەی گۆڵەکە تەواو کۆڵەکەیەکی کەللەقەندییە. لەو بارەوە ڕوونە کە لە سەردەمانی جۆراوجۆردا، لێواری زیادی گۆڵەکە بەرەبەرە دروست بووە و گەورە و گەورەتر بووە. هەر بەو هۆیەوە لێوارەکە شکاوەو کەوتووەتە نێو گۆڵەکەوە. لەبەر ئەوەیە قووڵایی تەختی بنی گۆڵەکە هەر ئەو ٦٢ مەترەی یەکەمی ماوەتەوە، واتە هەرچەندە لە سەرەوە زیادی کردووە، لە بنەوەش ڕژاوە. بە هۆی ئەو تێڕووخانەی، چونکە ڕووخاوەتە قەراغەکانی تەختی بنی، ئێستا سەرەولێژە، بەرزایی ئەو سەرەولێژییە لە نێوانی ٤٦ هەتا ٤٩ مەتردایە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر سوور لێمان ڕوون

بێت و بزانین که تێرشتن و تێخستنی کەلوپەلی مێژوویی لە ناو گۆلەکە لە قەراغەکانییەوە ڕووی داوە، ئەو کەلوپەلانە دەبێت کەوتبنە شوێنی هەرە خوارێی بازنەکەی ناو گۆلەکەوە، ئنجا لە بەر ئەوە بینینەوەیان بەستراوەتەوە بە بەشی ماڵینی قەراغی تەختی بنی گۆلەکە و هەڵگرتنی سێ گۆشەیەک لە خاکی قەراغەکانی بە بارستایی نزیک بە ١٠ هەتا ١٥ مەتر. ئەو ماڵینەش دەبێت هەتا قووڵایی ٦٢ مەتر درێژەی پێ بدرێت، بە جۆرێک کە بنی قەراغەکانی گۆلەکە لەگەڵ تەختی بنی ناوەڕاستەکەی ڕێک بێتەوە.

یەکەم هەوڵی پێوەندیدار بە تێخستنی کەلوپەلە بەنرخەکان لەو گۆلە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی کوروش پادشای هەخامەنشی دەگەڕێتەوە. بە پێی ئەو هەواڵە لە ساڵی ٥٤٧ی پێش زایین، واتە پێش لە دایکبوونی عیسا، کوروش کە بە سەر کرۆسۆس پادشای لیدیەدا سەرکەوت، ئەو پادشا بەزیوەی هێنا بۆ ئێران لە شوێنێک بە ناوی بارن، یان باران، یان بەهاران، لە نزیک هەمەدان داینا و خەزێنە و کەلوپەلە بایەخدارەکانی ئەو پادشایەی وەکو نەزر لەو ئاوە پیرۆزەی گۆلەکە هاویشت.

کرۆسۆس پادشای لیدی، لە مێژووی دنیادا دەوڵەمەندییەکەی بەناوبانگە. ئەو یەکەمین پادشایە کە سکەی لێداوە. سامانەکەی بە ڕادەیەک زۆر بوو کە ئێستاش ئەورووپاییەکان کەسانی پووڵدار و دەوڵەمەند، بە کرۆسۆس ناودێر دەکەن، ئنجا لەبەر ئەوە ئەگەر ئەفسانەی نەزری کوروشی گەورە ڕاستیش بێت، چونکە لە هیچ دەوران و سەردەمێکدا بە درێژایی مێژوو کەس دەستی بە قووڵایی ئەو گۆلە ڕانەگەیشتووە، دەکرێ هیوادار بین ڕۆژێک ئەو گەنجینەیە وەدی بێت.

لە سەردەمی ئەشکانییەکانیشدا چەندین هەواڵ لە شەڕەکانی نێوان ئیمپراتۆری ڕۆم و پادشای ئەشکانی ڕوویانداوە. بە پێی یەکێک لەو هەواڵانە، چیرۆکی مێژوویی کلیۆپاترایە و ئانتۆنیۆ لە ساڵی ٣٦ی پێش زایین کە خەریکی گەمارۆی قەڵای گەنزەک بووە، لە ماوەی گەمارۆدانەکەدا پاسەوان و بەرپرسانی ئاورگەی پیرۆز هەرکات هەستیان بەوە دەکرد ڕەنگە قەڵاکە بگیرێت، ئەو کەلوپەلە بایەخدارانەی لە پەرستگەی ناهیددا بوون، لە گۆلەکەیان دەهاویشت، لەبەر ئەوە دەکرێت هیوادار بین کە ئەندازەیەکی زۆر لە نەزرەکانی سەردەمی ئەشکانی لە بنی گۆلەکەدا بن.

لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا لانی کەم جارێک قەڵای تەختی سولەیمان بە هۆی هێزەکانی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتەوە گیراوە. بە پێی ئەو هەواڵەی ڕاگەیەنراوە، لە ماوەی ئەو شەڕانەی خوسرەوی پەرویز لەگەڵ هیراکلیۆس، پادشای ڕۆم، ئەو قەڵایە لە لایەن هێزەکانی ڕۆمەوە داگیر کراوە (٦٢٤ی زایینی). وێدەچێت موبیدان (گەورەی ئایینی زەردەشت) بەرپرسی ئاگرەکە پێش داگیرکردنی قەڵاکە بە هۆی دوژمنەوە، ئەو نەزر و گەنجینانەی کە لەوێ بوون، لە ئاوەکەی هاویشتبن، ئەگەر وا بێت، ڕادەیەکی زۆر کەلوپەلی بایەخداری سەردەمی ساسانیش لە بنی گۆلەکەدا ڕەنگە ببینرێنەوە.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە ئێران سێ ئاورگەی گەورە و بەرچاو هەبوون. ناوی ئەو ئاگرانەی لەو ئاورگانەدا ئاگاداری دەکران، یەکیان ئاگری بورزین میهر، بە مانای ئاوری ئەوینی بەرز؛ تایبەتی وەرزێران بوو کە لە نزیک نەیشابوور و خوراسان بوو. خوراسان لە خۆر هەستانە، خۆر ڕاسان، خۆر هاتنە دەر، خۆر دەرکەوتن.

دووەم ئاگری فەربغ بوو مانای فەڕ و شکۆی خودا کە لە کار، یان فار بوو. ئەو ئاگرە تایبەتی پیاوە پلەبەرزەکان بوو.

سێیەم، ئاورگەی ئازەرگوشنەسب، یان گشنەسب کە لە نزیک تیکابی پارێزگەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوو. ئاورگەی ئازەرگوشنەسب تایبەتی ئەرتەش و لەشکر بوو، لە شارێک بە ناوی شیز، یان گەنجەک لەسەر کێوی ئەسنەوەند بوو.

ئازەرگوشنەسب بە مانای ئاگری ئەسپ.

تەختی تاقدیس، یان تەختی تاق وەیس کە لە شانامەدا باسی کراوە، یەکێک لە سەرسوورهێنەرترین شتەکانی شوێنەواری شاری شیز بووە کە لەلایەن هرقەلەوە وێران کراوە. ئەو تەختە لە عاج و زێڕ و جەواهیرات دروست کرابوو.

### دیاری دەسکەوتی شەڕی لە لایەن بارامی گۆرەوە

تەبەری دەنووسێت: «چونکە بارامی گۆڕ دەچووە شەڕی تورکان خزر کە لەولای کێوەکانی قەفقاز بوون، لە ئازەربایجانەوە ڕۆیشت هەتا بتوانێت لە ئاورگەی شیز عیبادەت بکات. دوای سەرکەوتن لە شەڕی تورکان لە

گەڕانەوەدا ئەوەی یاقووت و گەوهەر و تاجی خاقان بوو، ئەو شمشێرەی کە گەوهەر و مرواری نیشان بوو، لەگەڵ زیوێکی یەکجار زۆر پێشکەشی ئاورگەی کرد، خاتوونی ژنی خاقان کە بە دیل گیرابوو، کردییە خزمەتکاری ئاورگەکە».

بارامی گۆڕ تیر هاوێژێکی زۆر بەناوبانگ بوو، هۆگرییەکی زۆریشی بە ڕاو بوو، بەتایبەت گۆرەخەر. کەنیزێکی بوو زۆری خۆش دەویست، کەنیزەکەش دەنگخۆش و مۆسیقاژەن بوو. ڕۆژێک چوون بۆ ڕاو. بارام بە کەنیزەکەی گوت هەر جێگایەکی بڵێیت تیرەکەی لێ دەدەم. کەنیزەکەش گوتی هی ئەوەیە زۆرت کردووە. بارام گوتی: چاو لێکە گۆرەخەرەکە سم و گوێی بە یەکەوە دەدرووم. گوتی فەرموو. سەرەتا مووروویەکی بە کەوانەکەی هاویشت لە کونی گوێی خست. گۆرەخەرەکە (واتە کەرەکێوی) سمی بۆ برد کە گوێی بخورێنێت. دەستبەجێ تیرێکی هاویشت، سم و گوێی بە یەکەوە دووری. گوتی ئەوەت پێ چۆن بوو؟ کەنیزەکە دووبارە گوتی: هی ئەوەیە زۆرت کردووە. بارام تووڕە بوو. گوتی: وەزیر بیبە بیکوژە. وەزیر پیاوێکی پیر و دنیادیدە بوو. گوتی بەڵێ. کچەکەی لەگەڵ خۆی برد. وەزیر لە گوندێکی سەرسەوز خانوو و باڵەخانەیەکی خۆشی بوو. بە قەولێک پەنجا شەست پلیکانی بوو. کچەکەی بردە ئەوێ و بە دزی پادشاوە لەوێ داینا و ئیدی نەیکوشت. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە مانگی وەزیر مانگایەکیان زابوو. کەنیزەکە هەموو ڕۆژێک ئەو گوێلکەی لە باوەش دەگرت و بەو پلیکانانەدا دەچووە سەرێ و دەیهێناوە خوارێ هەتا سێ چوار ساڵ تێپەڕی. ڕۆژێکیان بە وەزیری گوت: دەبێت پادشا بانگهێشت بکەی بۆ ئێرە. وەزیریش بە قسەی کرد. بارامی دەعوەت کرد. کاتێک پادشا هات و لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوت، بە وەزیری گوت: وەزیر، تۆ بەو پیرییە چۆن دەتوانی لەو پلیکانانە وەسەر کەویت؟ وەزیر گوتی: پادشا، ئەوە سەیر نییە؛ ئەمن کەنیزێکم هەیە جوانەگایەک لە باوەش دەکات و بەو پلیکانانەدا وەسەر دەکەوێت. پادشا گوتی: جا چۆن؟ دادەی بڵێ با بێت! کەنیز نیقابی پۆشی و جوانەگای لە باوەش کرد و بە پلیکانەکاندا سەرکەوت. کاتێک چووە سەرێ، کەنیز گوتی: پێت چۆنە پادشا؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: سەیر نییە. زۆرت کردووە. هەر لە گوێلکی ڕا هەڵتگرتووە، هی ئەوەیە دەتوانیت. کچەکەیش گوتی: هی زۆر کردنە؟ گوتی: بەڵێ!. گوتی: ئەی پادشا ئەو کاتەی من دەمگوت تیر هاویژییەکەی تۆش کە هێندەی لێ شارەزای، هی زۆر کردنە، بۆچی دەستووری کوشتنی منت دا؟ گوتی جا بۆ ئەتۆ هەمان کەنیزەی؟ گوتی بەڵێ. بارام زۆری پێ خۆش بوو کە وەزیر کچەی نەکوشتووە. گوتی حەق بە تۆیە، ئافەریم وەزیر، من سوپاست دەکەم.

لە سەردەمی شەڕەکانی سەرەتای ئیسلام و گرتنی ئێران، لە لایەن عەرەبەکانەوە، قەڵاکە لە لایەن هێزەکانی خەلیفەی دووەمەوە ئابڵوقە و گەمارۆ درا. دوور نییە کە لەو سەردەمەشدا گەنجینە و زێڕ و جەواهیرات لە قووڵایی گۆلەکە کرابێت.

لە ڕوانگەی مووبدانەوە ئەو گۆلە پێوەندیدارە بە ناهید (ئاناهیتا) خوای ئاوەکانەوە جا لە بەر ئەوەیە ئەو کەلوپەل و شتە نەزرییانەی، بۆیە لە ناو ئاوەکە خستووە. لە ڕاستیدا باوەڕیان وا بووە خاوەنی ئاوەکە بۆیان دەپارێزێت، واتە (ئاناهیتا) لەبەر ئەوە بە دروستیان زانیوە.

لە سەردەمی ساسانییاندا بەتایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خوسرەوی پەرویز و ئەنووشیرەوانی عادڵدا (٥٧٩-٥٣١ی زایینی)، خوسرەوی پەرویز، سەرنجێکی تایبەتی دەدا بە ئاوەدانی ئەو مەڵبەندە، وەکو یەکێک لە پەرستگە زۆر گرنگەکان دەهاتە ئەژمار.

ئاورگەی ئازەرگوشنەسب لە کتێبە پێشووەکاندا خاوەنی ناوگەلێکی زۆر و جۆراوجۆر بووە، بۆ وێنە بە زمانی پەهلەوی، گانزاک (ganzak) یان گەنجەیان پێ دەگوت؛ ڕۆمییەکان پێیان دەگوت گازکا (gazka)، عەرەبەکانیش پێیان دەگوت شیز (shiz)؛ لە زەمانی ئیلخانەکانیش پێیان دەگوت ستوریق.

تەختی سولەیمان و کۆمەڵە شوێنەوارەکەی، لەو ناوانەیە کە لەو ئاخریانەدا زۆربەی خەڵک بە گوێرەی حەدیس و ڕیوایەتگەلێکی ئایینییەوە کە لە بارەی دەسەڵات و هێزی حەزرەتی سولەیمان بیستراوە، ئەو شوێنەیان بەو پەیوەند داوە، هەر بۆیە ئەو شوێنە حاڵەتێکی پیرۆزی پەیدا کردووە. خەڵک ئاگاداری لەو قەڵایەیان بە پێویست دەزانی.

دوای لە ناوچوونی حوکمڕانی ساسانی و قبووڵ کردنی

ئایینی ئیسلام له لایەن ئێرانییەکانەوە، ئەو کۆمەڵە شوێنەوارە گەورەیە کە لە شەڕەکانی ئێران و ڕۆم لە سەردەمی خوسرەوی پەرویز زۆر بە توندی زیانی پێ گەیشتبوو، ئیدی نەیتوانی هێزی ژیانی پەیدا کاتەوە و زیندوو ببێتەوە، بەڵام هەتا چەرخی ٥٤ی مانگی ئەندازە و ژمارەیەکی کەم وەشوێنکەوتووان و پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت لەو شوێنە هەر نیشتەجێ بوون، ئاورگەکەش بە ڕادەیەکی کەمتر کەڵکی لێ وەردەگیرا.

لە سەردەمی حکوومەتی ئاباقاخانی مەغوول نۆژەن کردنەوەیەکی بەرچاو و بەربڵاوی تێدا کرا، بێجگە لەمانەش چەندین بینا و باڵەخانەی نوێشیان لێ دروست کرد، وەکو پایتەخت و هەوارگەیەکی هاوینە بۆ سەیران و گەڕان کەڵکیان لەو شوێنە وەردەگرت، پاشان ئەو شوێنە لە لایەن خەڵکەوە وەکو شارۆچکەیەکی بێ بایەخ بۆ کاروکاسبی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەردەگرت. هەرچەند لە سەردەمی خەلیفەکانی عەبباسیدا، بەڵگەش بە دەستەوەیە کە لەو قەڵایە کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی کەمڕەنگ تەختی سولەیمان لەو سەردەمەدا بایەخێکی زۆری پێ نەدراوە، پاشان لە سەردەمی پادشایەتی ئیلخانانی مەغوولدا لە زەمانی ئاباقاخان دووەمین پادشای ئەو زنجیرە پادشایانە و برازای هۆلاکۆخان (٦٨٠ هەتا ٦٦٣ی کوچی مانگی)، قەسر و باڵەخانەی لە قەراغ و ڕۆخی گۆلی تەختی سولەیمان دروست کرد. بە خۆشییەوە فەرمانڕەوایانی مەغوول شوێنەواری سەردەمی ساسانییەکانیان خراپ نەکرد، تەلار و باڵەخانەکانی خۆیان لە پەنایان لەسەر ئەو شوێنەوارانە دروست کرد. لەو بابەتەوە لە حاڵی حازردا بەشێکی زۆری سەردەمی ساسانییەکان لە ژێر شوێنەواری سەردەمی ئیلخانەکاندا شاردراوەتەوە، هەبوون، یان نەبوونی وەها شوێنەوارگەلێک بە هۆی هەڵکەندنی چەند گومانەیەک بۆ لێکۆڵینەوە ڕوونی دەکاتەوە.

### گنزەک پایتەختی سەردەمانی ئورتایی

ئاترۆپات فەرماندار، یان ساتراپی مادی باکووری لە زەمانی ئەسکەندەردا بوو. دوای لە ناوچوونی ئیمپراتۆری ئەسکەندەر لە ساڵی ١٢٨ی پێش زایین، ئەو سەربەخۆیی ڕاگەیاند و گنزەکی وەکو پایتەختی وڵاتی تازە سەربەخۆی مادی چکۆلە ڕاگەیاند. وشەی عەرەبێنراوی ئازەربایجان هەر لەو ناوە بنەماڵەی ئاترۆپاتگان، ڕیشەی وەرگرتووە، واتە ئازەربایجان لە ڕیشەدا لە بنەماڵەی ئاترۆپاتگان وەرگیراوە.

ئەو دەوڵەتە چکۆلە لە ڕوانگەی یەکەمین دیاردە و سەرهەڵدانی گەڕانەوەی ڕەچەڵەکی ئێرانی بە دژی دەسەڵاتی یۆنانی ڕووی دا، زۆر جێگەی گرنگی پێدان و سەرنجە.

مامۆستا پوورداود نووسیویەتی کە سەرزەوی ئازەربایجان، بە ناوی بنەماڵەی پاشماوەی پادشایانی نێک کە لێرە لە ڕۆژگاری ئەسکەندەردا فەرمانڕەواییان بە دەست بووە، دووبارە خوێنراونەتەوە و بانگ کراونە ئاترۆپات. لەو ناوانە بوو کە لە ئێرانی کۆندا زۆر باو بوو، ماناکەشی ئاورپەنا، یان کەسێک کە خودای ئاور ئەو دەپارێزێت، یان فریشتەی نیگابانی ئاگر، پەرستاری ئەوە. ئاتر بە مانای ئاگر، پات واتە ڕاگرتن و ئاگا لێبوون.

### چۆن ئاورگەی ئازەرگوشنەسب بوو بە تەختی سولەیمان؟

ئەو ناوە مێژوویە بیرەوەری سەردەمی ساسانییەکانە. حەمیدی موعتەمیدی ڕێنوێنی گەشتیارەکان لەو ناوەندە مێژوویە دەڵێت: ئاورگەی ئازەرگوشنەسب گرنگترین شوێنی ئایینی و سیاسی بۆ سەردەمی ساسانییەکان دێتە ژمار و هەر ئەو گرنگییەی کە تەختی جەمشید بۆ هەخامەنشییان هەیەتی و کەعبە بۆ موسوڵمانان هەیەتی؛ دوای بزووتنەوەی مەزدەکیان، خوسرەو و ئەنووشیرەوان بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەوێ، قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و ئایینی مەزدی یەسنا، یان زەردەشتی وەکو ئایینی فەرمی وڵاتی ئێران (ئیرانویچ - ئێرانشاچ) ڕاگەیاند. هەر بەو هۆیە ئەو شوێنە وەکو نیشانەی هێز و دەسەڵاتی ساسانییەکان دەهاتە ژمار.

### گەمارۆی شیز لە لایەن ڕۆمییەکانەوە

لە ساڵی ٣٦ی پێش زایین ئانتوان سەرداری ناوداری ڕۆمی، هێرشی کردە سەر ئێران. پادشای ئەشکانی لەو کاتەدا فەرهادی چوارەم بووە. پلۆتارک دەنووسێت: «ئانتوان دوای جودا بوونەوەی لە ئەویندارەکەی مەلەکە "کلیۆپاترا" لەگەڵ سەد و سێزدە هەزار سەرباز بە

مـەبەسـتی داگـیـرکـردنی مـاد هێـرشی کـرد بۆ لای ئازەربایجان. ئەو کە دەیویست زستانێ لەگەڵ کلیۆپاترا ڕابوێرێت، لە هەر کـــارێکدا پەلەی دەکـــرد و بەبێ حەسانەوەی سەربازەکانی، هەڵگرتنی کەرەستە و ئامرازە شەڕییەکەشیان کە ببوونە هۆی ئەوەی لەشکرەکە زۆر بە هێواشی بڕۆن، بەرەو شیز (فراد) ڕۆیی هەتا ئەو شارە گەمارۆ بدات. شیز شارێکی گەورە بوو، ژن و منداڵی پادشاکانی ماد لەوێ دەژیان و لەوێ نیشتەجێ بوون. لە کاتی گەمارۆدا، ئانتوان پێویستی بە کەرەستەکانی شەڕ بوو. تێگەیشت کە نەهێنانی ئەو کەرەستانە چ هەڵەیەکی گـەورە بووە. فـەرهادی چوارەم پادشـای پارتەکـان بە لەشکرێکی گەورەوە بەرەو شیز وەڕێکەوت. سوارەکانی کردە بەرپرسی گرتنی کەرەستەی شەڕی ڕۆمییەکان. پارتەکان هێرشیان کردە سەر ڕۆمییەکان. دیلێکی زۆریان لێ گرتن، مادەکانیش کە لە گەمارۆدا بوون، تێکەڵی پارتەکـان بوون، ڕۆمـیـیـەکـان ناچار بوون پاشەکـشێ بکەن».

لە سەردەمی هێرشی ڕۆمـیـیـەکـان بوو سەر ئێران لە سـاڵی ٦٢٤ی زایینی بە هۆی هیـراکلیـۆس، ئاورگـەی ئازەرگـوشنەسب تاڵان و وێران کـرا. دوای هێـرشی ڕۆمییەکان لە کۆتایی سەردەمی ساسانییەکاندا بە هاتنی عەرەبەکان بۆ ئێران، زنجیرەی دەسەڵاتداری ساسانییەکان لە ناو چوو. عـەرەبەکـان بە هەڵە ئەو شـوێنەیان بە سـەرچاوەی کـوفـر و ئاورپەرسـتی دەزانی. ئەوە لە حـاڵێکدایە کـە مـەزدی یەسنا یەکـەمین ئایینی یەکتاپەرستی مێژوو بوو. چەند سەد ساڵ دوای هاتنی ئیسلام بۆ ئێران، موبدانی زەردەشتی هەوڵیان دەدا کە ئاورگـەی ئازرەگوشنەسب لە وێران بوون ڕزگـار بکەن و بیپـارێزن. لە بەر ئەوە باوەڕی خەڵکیان بەهێز کرد و گوتیان ئەوە ئاورگەی ئازەرگوشنەسب نییە، بەڵکو تاج و تەختی حەزرەتی سولەیمانە. ڕازی ئالوودە بوونی گۆڵەکە و گەورەیی و مانەوەی خانووەکانی سەردەمی ساسانی، ئەو باوەڕەی بەهێـز کـرد و بوو بە هۆی ئەوەی ئەو ناوەندە مـێـژوویـیـە وێران نەبێت و لەناو نەچێت. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی ناوچەکە بە پێی ئەفسانەکان خۆیان لە خەوتن لە دەوروبەر و خانووی نێو قەڵاکە دەپاراست، لە ترسی ئەوەی نەکا بێن بە بەرد.

ئاورگـەی ئازەرگـوشنەسب ناوەندێک و کـۆمـەڵە ئاسەوارێکە کە داگری هۆڵێکی ناوەندیی چوارگۆشەی گومبەزی شکڵە کە گومبەزێکی گەورەی خشتی سوور داپۆشیوە. ئەو ناوە لە کتێبەکانی ئەوێستایی، کتێبە مـێـژوویـیـەکـانی ئێـرانی کـۆن و نووسـراوەکـانی مێژوونووسانی یۆنان، ئەرمەنی و ڕۆمیدا چەندین جار هاتووە.

### تەختی سولەیمان پایتەختی هاوینەهەواری ئیلخانانە

ڕێنوێنی گـەشـتـیـارەکـان پاشـان ئامـاژە بە خـانوو و کۆشکەکـانی سـەردەمی ئیلخـانەکـانی ناوەندی تەخـتی سولەیمان دەکات و دەڵێت: «حەوت سەد ساڵ دوای هاتنی ئیسـلام بۆ ئێران، مـەغـوولەکـان ئەو سەرزەوییـەیان کردە مەیدانی ڕمبازێنی خۆیان و داگیریان کرد. دوای ئەوەی نەوەکـانی چەنگیزخان حکوومەتی ئیلخـانیـان لە ئێـران دروست کرد، ئاقـاباخـانی مـەغـوول، تەختی سولەیمانی وەکـو پایتـەخـتی هاوینەی خـۆی دانا و کـۆشک و باڵەخانەی خۆی لێ دروست کرد کە هەر ئێستاش تەلاری شـوورە (تەلاری چوار کۆڵەکە) و کـۆشکی ڕاو و دوازدە پاڵوو و هەشت پاڵوو لە پێناسەی خانووەکانی سەردەمی ئیلخـانانی ئەو ناوەندەن کـە زیاتر وەک مـیـعـماری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەچن. لە زەمانی ئیلخانان دووبارە ئەو شوێنە نرخی مێژوویی خۆی وەدەست دێنێتەوە و دەبێت بە یەکـێک لە شـوێنە گـرنگە سـیـاسـیـیـەکـانی سـەردەمی ئیلخانی».

### تەختی سولەیمان بوو بە کەلەپووری جیهانی

دوای ئیلخـانەکـان دووبارە ئەو شـوێنە گـرنگی خـۆی لە دەست دا، زیاتر عـەشـیـرەت و کـۆچەرەکـان لەو خـانوو و بینایانە کـەڵکیـان وەردەگـرت، هەتا لە سـەردەمی پەهلەوی، بنکەی شوێنەوارناسی ئەڵمانیا لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبـیـری ئێـران گـرێبـەسـتـێکی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ناوەندە مـێـژوویـیـە مـۆر و ئیـمـزا کـرد. بە دوای ئەوەدا کـۆنینەناسـانی پسـپـۆڕی وەک دکـتـۆر هێـرتسـفـێـڵـد، پرۆفیسـۆر ڕۆدۆڵف نومان، ڕابێرت کۆبل بۆ توێژینەوەی پێشینەی مێژوویی تەختی سولەیمان دێنە ئێران.

یەکـێک لە کـارە بەرچاوەکـانی ئەو دەسـتـەیە لەو گـرێبـەسـتـەدا، ئەو داربەسـتـانەیە کـە بۆ پێـشگیـری لە ڕووخان و خرابوون و داڕمانی هەیوانی خوسرەوە کە ئەو

داربەستە ئاسنیانە هەتا ئەوڕۆش هەر ماون.

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز)دا لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەو شوێنە پەکی کەوت و ڕاگیرا. دوای ئەوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ڕووی دا، کارگەلێکی بچووک بۆ ئاگاداری لەو شوێنە دەکرێت، هەتا ساڵی ١٣٧٢ (١٩٩٣ز)، تەختی سولەیمان وەکو یەکێک لەو دە پرۆژە گەورەی کەلەپووری ڕۆشنبیری هەڵدەبژێردرێت و کاری نۆژەن کردنەوە و جوانکاری بیناکانی ئەو ناوەندە مێژوویە ئەنجام دەدرێت.

ناوی ئاورگەی ئازەرگوشنەسب ٧٠ جار لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە

**پس و پیش کرد اندر آزادگان**
**همی رفت نوشیروان تا آزرآبادگان**
**چو چشمش بر آمد بر آزرگشسب**
**پیاده شد از دور بگزاشت اسب**
**نشستند چون باد هەر دو بر اسب**
**دمان تا دری خان آزرگشسب**
**به یک ماه در آزرآبادگان**
**ببودند شاهان و آزادگان**
**از آتش گسی کرد بانو گشسب**
**ابا خواسته همچو آزرگشسب**
**چو رستم بدیدش برانگیخت اسب**
**بیامد بر او چو آزرگشسب**
**سپهبد بر آمد خروشان به اسب**
**روان شد به کردار آزرگشسب**
**ز کوهه ببردش سوی یال اسب**
**چو برخاست کار اندر آمد به اسب**
**برآمد به کردار آزرگشسب**
**وزان پس نشستند گردان بر اسب**
**براندند بسان آزرگشسب**

هەروەها کاروباری تۆماری ئەو کۆمەڵە شوێنەوارە مێژووییە لە ناوەرۆکی یونسکۆ لە ساڵی ١٣٨٠ (٢٠٠١ز) دەستی پێکراوە و لە ساڵی ١٣٨٢ (٢٠٠٣ز) بە ئاکام گەییوە. لەو ماوەیەدا نوێنەرانێک لە یونسکۆ و ئیکۆمۆس (ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی بیناگەل و تاپۆی مێژوویی) سەردانی ئەو کۆمەڵە شوێنەوارەیان کردووە و بڕیار وا بوو بەڵگەگەلی ئەو شوێنەوارە بنێردرێن بۆ پاریس، هەتا ئەوەی تەختی سولەیمان لەگەڵ ناوەندە مێژوویەکەی وەکو یەکەمین شوێنی مێژوویی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ناوەرۆکی شوێنەوارانی کەلەپوورەکانی جیهانی یونسکۆ تۆمار کرا. تۆماری تەختی سولەیمان بە بێ دەنگی ٢٦ ساڵەی ئێران لە سازمانی یونسکۆ کۆتایی هێنا، کە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران ناوەندی مێژوویی تەختی جەمشید، چوغازەنبیل و نەخشی جیهان لە ناوەرۆکی شوێنەوارەکانی جیهان تۆمار کراون، ئێستا ئێران حەوت شوێنەواری مێژوویی لە لیستی شوێنەوارەکانی جیهانی کەلەپووری فەرهەنگیدا هەیە.

لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا لێکۆڵینەوەگەلی کۆنینەناسی لە ناوەندی مێژوویی تەختی سولەیمان زانیاریگەلێکی زۆر و تازەی خستە بەردەستی کارناسەکان. لە دواین توێژینەوەگەلی کۆنینەناسیدا توانیویانە دوو ناوەندی پێوەندیدار بە سەردەم و چاخی بەردین بدۆزنەوە کە تەختی سولەیمان کەوتووەتە ناوەڕاستی ئەو دوو ناوەندەوە. یەکیان ناوەندی چاڵتەپەیە، شوێنی جێگیر بوونی کاتی سەردەمی چاخی بەردی مامناوەندی (میانی) مەڵبەندی چەخماق لیش لەگەڵ شوێنەوارگەلێک لە کارگای ئامراز ساز کردن لەو ناوەندە دۆزراونەتەوە.

بە وتەی ئەو لەو ناوەندە، واتە چاڵتەپە گشت قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی دروست کراوی بەرد دۆزراونەوە کە ئەوە نیشان دەدات کە دروست کراوە بەردییەکان لەو ناوەندە دروست کراون و کەڵکیان لێ وەرگیراوە، هەروەها لە ناوەندی چەخماقلی کانگای بەرد و ئامرازی بەردی دەستکار بەرچاو دەکەوێت کە لەو ناوە بڵاو بوونەوە. دیارە بەردی تەختی سولەیمان لەو دوو ناوەندە دستکەوتوون. ئەو دوو ناوەندە ٣ کیلۆمەتر لێک دوورن، هەرکام لەو دووانەش ئەو ئەندازە لە تەختی سولەیمانەوە دوورن. چاڵتەپە کە بەشێکی وەکو زەلکاو هەڵکەوتووە و بە سەر چاوگەکەی تەختی سولەیماندا دەڕوانێت.

بە وتەی حەمیدی موعتەمیدی کارناسی کەلەپووری فەرهەنگی، هێستاش زۆربەی شوێنەوارە ئایینییەکانی سەردەمی ساسانی لە بن خاکدا ماونەتەوە و کار و توێژینەوە لە سەریان بەردەوامە.

## ئەفسانەی دێوەکانی تەختی سولەیمان

دوای لەناوچوونی حکوومەتی ئیلخانی، زیاتر عەشیرەتەکان بۆ تەختی سولەیمان هاتوچۆیان دەکرد. لە وەرزی هاویندا لە هۆڵە سەر داپۆشراوەکان کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام بە دوای ئەوەدا کە ئەو شوێنە بە هۆی تێپەڕینی زەمان و ساڵانێکی دوورودرێژ ڕووخان و وێران بوون، خەڵکی ناوچەکەش هاتوچۆیان بڕی.

بە وتەی حەمیدی موعتەمیدی ڕێنوێنی گەشتیاران، لەو ناوەندە مێژووییەی تەختی سولەیمان هەر ئەو هاتوچۆ نەکردنە بوو بە هۆی دروست بوونی ڕازی ئالوودە بوون و ئەفسانە بوونی ئەو ناوەندە کاریگەری بۆ ئەفسانە دروستکراوەکان بوو لە ناو خەڵکدا، بەتایبەت لە سەردەمی سەفەوییەکاندا توندتر بوون، وەک:

لە نزیک تەختی سولەیمان بەردێکی یەکجار گەورە هەیە کە وەکو ئاژەڵێکی دێوئاسایە. ئەو بەردە پێی دەڵێن بەردە ئەژدیها، لە قەڵاکەوە ڕاکشاوە بۆ ناو باغچەکان، بە درێژایی نزیک بە ٢٠٠ مەتر کەمتر، یان زیاتر، بەرزاییەکەشی ١/٥ مەتر دەبێت، سەرپشتی ئەو بەردە جۆگە ئاوە، ڕەنگە بارستایی ٨ ئینج ئاو لە قەڵاکەوە دەبات بۆ نێو باخەکان. ئەم دیو و ئەو دیوی بەردەکەش زەویی نەرمان و باخ و باخاتە. خەڵکەکە باوەڕیان وایە ئەوە هەژدیها بووە و حەزرەتی سولەیمان دوعای لێ کردووە و بووەتە بەرد. لە حاڵێکدا ئەو بەردەش بە درێژایی مێژوو هەر بە هۆی بڵغ و سۆدەی ئاوەکە بەدی هاتووە.

لە سەر یەکێک لە کێوەکانی دەوروبەری تەختی سولەیمان پۆلەبەردێکی چکۆلەی لێیە، بە بڕوای خەڵک ئەوانە مێگەل و ڕانەمەڕ بوون کە لەگەڵ خاوەنەکەیان کراون بە بەرد.

لە ٥ کیلۆمەتری تەختی سولەیمان، کێوێکی وێنە کەللەقەندی ناو کلۆر هەیە لە باکووری قەڵاکە هەڵکەوتووە، کە ڕەنگە بێ کلۆرییەکەی بە هۆی بورکانەوە بووبێ هەزاران ساڵ لەمەوبەر. خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن زیندانی حەزرەتی سولەیمان، یان زیندانی دێو. ئەوان باوەڕیان وایە کە حەزرەتی سولەیمان ئەو دێوانەی لە فەرمانی دەرچوون و ملیان باداوە، لەو کێوەدا زیندانی کردوون.

بە پێی ئەو ئەفسانانە ڕۆژێک یەکێک لە دێوەکان خەریک بوو لە زیندان ڕابکات، بە زمان خەریکی لستنەوەی ئەو زنجیرە بووە کە لە لاقیدا بووە، هەتا وردە وردە بە لستنەوە زنجیرەکە ناسک و تەنک بکاتەوە و بیپسێنێت، بەڵام کاتێک زنجیرەکە خەریکە بپسێت، دێوەکە لە باتی ئەوەی بڵێت (یا الله) دەڵێت (یا داوود)، زنجیرەکە وەک خۆی ئەستوور دەبێتەوە.

لە دەوروبەری کێوی زیندان، کانیگەلی ئاوی گەرم زۆرن. خەڵکی ناوچەکە باوەڕیان وایە کە کاتێک دێوەکان لە نێو کێوەکەدا میز دەکەن، میزەکەی ئەوان بە شێوەی ئاوی گەرم و هەڵم دێتە دەرێ.

## گۆلەکە و ڕازی ئالوودە بوونی

خەڵکی ناوچەی تەختی سولەیمان باوەڕیان وایە کە لە بنی گۆلی تەختی سولەیماندا شارێکی پڕ لە زێڕ هەیە حەزرەتی سولەیمان گەنجینەکانی لەوێ شاردووەتەوە. بە وتەی حەمید موعتەمیدی، چەند کەسێک بە پێی ئەو باوەڕە ئەفسانەییە دەیانویست بچنە تەختی بنی گۆلەکە، بەڵام بە داخەوە ئێستاش کە ئێستایە نەگەڕاونەتەوە. هەتا ئێستا چەندین مەلەوانی کۆنینەناسیش هەوڵیان داوە بگەنە بنی گۆلەکە، بەڵام بە هۆی قووڵ بوونی لە ڕادە بەدەری گۆلەکە، کە لە ٧٥ مەتر زیاتر قووڵە و هەروەها بە هۆی ئەو سۆدە و بڵغە کانزاییەی نیشتووەتە بنی گۆلەکە، کاتێک مەلەوان دەچنە خوارێ، خڵتەوخاڵ و سۆدەکەی تەختی بنی گۆمەکە، دەشڵەقێت و دێتە سەرێ و هەواکە تاریک دەکات. لە ئاکامدا بە هۆی تاریک بوونی ئاوەکە ناتوانن بگەنە بنی گۆلەکە.

گۆلی تەختی سولەیمان بە هۆی ساردی ناوچەی تیکاب و کوێستانی بوونی ناوچەکە نەگۆڕە و لە زستان و لە هاویندا ٢١ دەرەجەی سانتیگراڵە.

لەو گۆلەوە چەند جۆگە ئاو سەرەوژێر دەبن و دێنە خوار بە شێوەیەکی مامناوەندی لە خولەکێکدا ٩٠ لیتر ئاو هەڵدەڕژێت. ئاوی ئەو گۆلە لە سفرەگەلی ئاوی ژێر عەرزی کە لە بنی گۆلەکەدان، دابین دەبێت.

هەروەها لە چەند کیلۆمەتری تەختی سولەیمان، کێوێک هەیە پێی دەڵێن تەختی بەڵقیس کە کەوتووەتە لای ڕۆژهەڵاتی تەختی سولەیمان، هەروەها لە نزیک تەختی سولەیمان مێرگێک هەیە پێی دەڵێن مێرگە بزۆک، یان

چیـمـەنی بزۆک کـە بە سـەریدا دەڕۆیت، لە بن پێـتـدا دەبزوێت.

**چۆن بچین بۆ تەختی سولەیمان**

ئەگەر دەتەوێ بچیت بۆ تەختی سولەیمان، وەرزی بەهار و سەرەتای پاییز باشترین کاتن بۆ ئەو سەفەرە.

تەخـتـی سـولەیمان ٣٥ کـیـلۆمـەتر لە شـاری تیکاب و ١٥٠ کیلۆمەتری لە شاری زەنجانەوە دوورە.

ڕێگاکـەی هەتا ئەوێ، قـیـر ڕێژ کـراوە، بەڵام ملە و بەرزاییە پێچ و پڵـووچەکـانی ناکرێت لە بەرچاو نەگرن. باشتر وایە بەیانی زوو بچن بۆ تەختی سولەیمان و پێش ڕۆژئاوا بوون بگەڕێنەوە بۆ تیکاب، یان زەنجان.

هەڵبەت ئێستا لە کن ئاوە گەرمەکە، شوێنی دانیشتن و ساونا و حەوزی مەلە و شوێنی حەسانەوە و گشت پێداویستییەکی لێیە. حکوومەت بۆ بەرمزڵەکان ئاوی خواردنەوەی سارد و خۆشی ڕاکێشاوە، بەڵام پێویستە ئەگـەر مـانەوە، جلوبەرگی گـەرم لەگـەڵ خـۆتان بەرن، بێجگە لەمانەش پێویستە خۆراکیش لەگەڵ خۆتان ببەن.


**سەرچاوەکان:**

**١- ڕەزا عینایەتوڵلا: ئێران و تورکان لە ڕۆژگاری ساسانیاندا. تاران، بڵاوکەرەوەی زانستی و فەرهەنگ، ١٣٦٥.**

**٢- زەرین کووب، عەبدولحوسێن: تاریخی خەڵکی ئێران پێش ئیسلام. تاران، بڵاوکەرەوەی ئەمیرکەبیر.**

**٣- موعین، محەمەد، فەرهەنگی فارسی، بەرگی شەشەم، چاپی سێیەم، تاران، بڵاوکەرەوەی ئەمیرکەبیر.**

**٤- فەرشی، ئەمانوڵلا: ئێران نامەک، ڕوانگەی نوێ لەسەر مێژووی ئێران. چاپی یەکەم**

**٥- موحەمەد، عەلی: تیکابی هەوشار، تاران**

**٦- شانامەی فیردەوسی**

**٧- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا. پرۆفیسۆر ئارسەر کریستێن سن**

**٨- خەڵکی ناوچەکە**

**٩- حەمیدی موعتەمیدی، ڕێنوێنی گەشتیاران**

**١٠- تاریخی تەبەری**

**(*) باسی وێرانی شیز و ئاورگەی پیرۆز لە کتێبی مێژووی ئیمپراتۆری بچووک نووسراوی شارۆل لیڤی فەرانسەویدا هاتووە.**

**http://whc.unesco.org/en/list/1077**

**iranicavol x.fasc.3pp.289**

**www.iranicaonline.org/artcies/ganzak**

# چەند وێستگەیەکی درەوشاوەی کورد لە مێژووی میسردا

د. محەمەد عەلی سوێرکی
لە عەرەبییەوە: حەمە سالح فەرهادی

(١ - ٢)

**بوونی کورد لە ئێستای میسردا**

ئەمڕۆ کوردێکی زۆر لە میسر دەژین، هەر لە باکوور لە ئەسکەندەرییەوە تاکو ئەسوان لە باشوور. زۆربەی ئەو کوردانە لە میسر لەناو میسرییەکاندا تواونەتەوە، بەڵام تاکو ئێستاش هەر کوردن.

ئەو کوردانەی لە شارەکانی میسر نیشتەجێن؛ هەر بە بنەچە کوردییەکانیانەوە ناسراون، هەندێک لەو کوردانە پایەی بەرزیشـــیـــان هەیە؛ وەکـــو دادوەر و پارێزەر و ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەر و هونەرمەند...تاد

چەند خێزانێکی کورد لە (سەعید)ی میسر نیشتەجێن و کاری ئاسایی خۆیان دەکەن کە لەگەڵ میسرییەکانی دیکەدا جیاوازییان نییە، کۆمەڵەیەکیش لە گەڕەکی (شبرا)ی قاهیرە هەیە بەناوی کۆمەڵەی کوردی (الجمعية الكردية)، کە کوردەکانی سەعید دایانمەزراندووە.

لە خێزان و بنەماڵە بەناوبانگەکانی کورد لە میسر: بنەماڵەی تەیموور پاشا کە ئەحمەد تەیمووری نووسەر و عائیشە تەیمووری شاعیر و مەحموود تەیمووری نووسەر(١) سەر بەو بنەماڵەیەن، هەروەها بنەماڵەی بەدرخان، ئورفەلی، ئال جوندی، زازا، کوردی، وانلی، عەونی، خورشید، ئاغا...تاد

یەکێک لە خێزانەکانی بنەماڵەی بەدرخان لە شاری (فەییووم) نیشتەجێ بوون و لەوێ بە (والی) ناسران، چونکە پێشتر والی ئەو شارە بوون و وشەی (والی) بوو بەنازناویان، هەروەها بەناوی (جوندی) و (بەدرخان)یش ناسراون، یەکێک لەوانە (سەید بەگ) بوو کە بەهۆی کۆچی دوایی میر جەلادەت بەدرخان-ەوە لە دیمەشق ساڵی ١٩٥١؛ بروسکەیەکی ماتەمینی لە (فەییووم)ەوە ناردووە. ئەوانە نەوەی بەدرخان پاشای

**ئەحمەد شەوقی**

میری بۆتانن.

زۆر ناوداری دیکەی مـیـسـریش هەن کـە بە بنەچە کوردن، وەکو میری شاعیران ئەحمەد شەوقی، نووسەر مەحموود تەیموور، پێشەوای چاکەخواز محەمەد عەبدە، هەردوو دەرهێنەر ئەحـمـەد بەدرخـان و عـەلی بەدرخـان، داکۆکیکاری مافەکانی ژن قاسم ئەمین، نووسەر عەباس مەحموود عەققاد، عامر عەققاد، نووسەر ئەحمەد ئەمین، دکـتـۆر حەسەن زازا، قـورئانخـوێن شـێخ عـەبدولباسیت مـحـەمەد عـەبدولسـەمەد، ڕۆژنامەنووس ئەحمەد ڕەمزی، دوڕییە عەونی...تاد

هەروەها هەندێک گوندی میسریش وشەی (کورد)یان پێوە لکاوە، وەکو (کفر الاکراد) و (مینة الکردي) و (قریة الکردي) لە سەنتەری (دکرنس) لە پارێزگەی (دەقـهـلیـە)ی کـەناری دەریا. ڕۆژنامـەنووسی کـوردی مـیـسری (دوڕییە عـەونی) دەڵێت: ئایا دانیشـتـووانی (زەمـالیک) دەزانن کـە وشـەی (زەمـالیک) وشـەیەکی کوردییە و بەمـانای (هاوینەهەواری مەلیک) دێت، کـە مەلیکەکانی ئەیبووبی لەکاتی فەرمانڕەوایی کردنیان لە میسر هاوینیان لەوێ بەسەر بردووە، چونکە ئەو ناوچەیە لەو کاتیدا ڕەز و باخی زۆر بووە.

## کوردەکانی میسر سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕووناکبیریی میسر دەکەن

لە کـۆتاییـەکـانی سـەدەی نۆزدەمـەوە تاکـو ناوەڕاسـتی سەدەی بیستەم، زۆر ناوی گەشەدار لە میسر دەرکەوتن کە بە بنەچە کورد بوون، لەنێوانیاندا شاعیر و ئەدیب و چاکـەخـواز و ڕۆشنبـیـری گـەورە هەبوون، وەکـو شـێخ مـحـەمـەد عەبدەی چاکەخواز و قاسم ئەمینی ڕزگارکەری ئافرەت و ئەحمەد شەوقی میری شاعیران و ئەدیبی گەورە عەباس مەحموود عەققاد و ناودارانی تەیموورییەکانی، ئەحـمـەد تەیموور پاشا و عـائشـە تەیموور و مـەحـموود و مـحـەمـەد تەیموور و قـورئانخـوێن شـێخ عـەبدولباسـیت مـحـەمـەد عـەبدولسـەمـەد..تاد ئەوانە ڕۆڵێکی زۆریان لە چاکـسـازیی ئایینی و کـۆمـەڵایەتی و هزری و ئەدەبی و ڕۆشنبـیـری لە مـیـسـر و لەسـەر ئاسـتی عـەرەبی و ئیسلامیشدا بینیوە. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەنووسی کوردی میسری دوڕییە عەونی دەڵێت: زۆر لەو میسرییانەی کە بە بنەچە کـوردن دان بەوەدا دەنێن و نـکـوڵی لێ ناکـەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوان هەموویان لە (بە میسریبوون)دا تواونەتەوە، بۆیە کوردی عیراق دەڵێن: کورد لە هیچ شوێنێکدا نەتواونەتەوە لە میسر نەبێت.

دوڕییـە خـۆی وەڵامی ئەمـە دەداتەوە و دەڵێت: ئایا ئەحمەد شەوقی و عەباس عەققاد و مەحموود تەیموور و قاسم ئەمین خۆیان بە کورد نەزانیوە؟ لە هەمان کاتدا ئایا کـەسـیش لەمـانە مـیـسـریتـر هەبوو؟ وا لەخـوارەوە پێناسەیەکی کورتی ئەو ناوە گەشەدارە کوردییانە دەکەین کە لە میسر بوون:

*** پێشەوای چاکەخواز شێخ محەمەد عەبدە:**

مـحـەمـەد عەبدە کـوڕی حەسـەن خەیروڵڵای کوردییە، زاناو مـوفـەسـیرو قـسـەکـەر و ئەدیب و ڕۆژنامـەنووس و سیاسی و مـوفـتـیی مـیـسـر بوو، لە کـەسـایەتـیـیـە هەرە گـەورەکـانی چاکسـازی و نوێکردنەوەی ئیسلام بوو لە سـەردەمی تازەدا. سـاڵی ١٨٤٩ی زایینی لە گـەڕەکی (نەسـر)ی (بوحـەیرە) لە دایک بووە، پاشـان چووەتە قاهیرە و لە ئەزهەری پیرۆزدا خوێندوویەتی، تاکو ساڵی ١٨٧٧ بڕوانامەی بەرزی بەدەست هێناوە.

تێکەڵاوی سـۆفـیگەری و فـەلسـەفـە بووە و لە بواری

فـێـرکـردندا لە (دار العلوم) و قـوتابخـانەی (الألسن) ١٨٧٨- کـاری کـردووە و لە ڕۆژنامـەکـانی مـیـسـردا نووسیویەتی. کاتێک ئینگلیز میسری داگیر کرد؛ دژیان وەسـتـاو لە ١٨٨٢ کـاری بۆ سـەرکـەوتنی شـۆڕشی (عـورابی) کـرد، لە ئەنجـامی ئەمـەدا گـیـراو پاشـان بۆ (شـام) دوورخـرایەوە. هێندەی پێنەچوو خـۆی گـەیاندە (جەمالەددینی ئەفغانی) مامۆستای لە پاریس و لەوێ ڕۆژنامـەی (العـروة الوثقى)ی لەگـەڵ ئەو دەرکـرد، کـە داوای ئازادیی بیـرو بڵاوبوونەوەی هزری چاکـسـازی دەکرد.

سـاڵی ١٨٨٨ ڕێگەی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ مـیـسـر و لەوێ لە دادگـە ئەهلییەکـاندا بوو بە (قـازی)، پاشـان لە سـاڵی ١٨٩٩دا کرا بە (مـوفـتی) مـیـسـر و لەو کـارەیدا بەردەوام بوو، تاکـو سـاڵی ١٩٠٣ لە ئەسکەندەرییـە کـۆچی دوایی کـرد و بە ڕێزێکی زۆرەوە تەرمـەکـەی هێنرایەوە بۆ قاهیرە و لەوێ بەخاک سپێردرا.

شـێخ مـحـەمـەد عـەبدە چەند دانراوێکی لەپاش بەجێمـاوە، لەوانە: (تفسیر القرآن الکریم) و (رسالة التـوحـیـد) و (حـاشـیـة علی شرح الدواني للعـقـائد العـضـدیة) و (شرح نهج البـلاغـة) و (شرح مـقـامـات البـدیع الهـمـذاني) و (الأسـلام والرد علی منتـقـدیه) و (الأسلام والنصرانیة مع العلم والمدنیة).

بانگەوازە چاکسازییەکەی لەسەر سێ بنەما دانابوو:

- گـەڕاندنەوەی ئیـسـلام بۆ ئەو بارودۆخـەی کـە لە سەرەتاوە هەیبوو لە ڕزگارکردن و ئیجتیهاددا.
- پەرەپێدان و زیندووکردنەوەی زمانی عەرەبی.
- ماف پێدانی گەلان و ڕزگارکردنیان لە زوڵموزۆری فەرمانڕەوایان.

شێخ محەمەد عەبدە هەوڵی دا گونجاندنێک لەنێوان بێگەردیی ئیـسـلام و ڕۆشنبیـریی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا پەیدا بکات و داوای لێبـووردەیی ئایینی (التـسـامح الدیني) و لە یەک نزیککردنەوەی گـەلانی دەکـرد و لەو باوەڕەدا بوو هۆکـاری دروست بۆ ڕزگـارکـردنی گـەلان پەروەردە و فێرکردنە.

**قاسم ئەمین (ڕزگارکەری ژنی عەرەب):**

ڕزگـارکـەری ژنی عـەرەب و چاکـەخـوازی کـۆمـەڵایەتی قـازی قـاسم محەمەد بەگ ئەمین، باپیرەی کوڕە میرێک بوو لە میرە کوردەکانی سلێمانی لە کوردستانی عیراق و بەهۆی ناکـۆکی نێوان کورد و دەوڵەتی عوسمـانی؛ وەکو بارمـتـەیەک هێنرایە ئیـسـتـەنبوڵ. باوکیشی لەسەردەمی خدێوی ئیـسـمـاعیل پاشادا هێنرایە مـیـسـر و چووە ڕیزی سوپای میسر؛ تا گەیشتە پلەی (میر ئالای)(٢).

قـاسم ئەمین سـاڵی ١٨٦٣ لە شـارۆچکەی (طرة)ی مـیـسـر لە دایک بووە، پاشـان باوکی بۆ ئەسکەندەرییە و لەوێوەش بۆ قـاهیرەی گواستەوە. لەوێ خوێندی و پاشان لە ئەزهەر بەردەوام بوو، پێـوەندییـەکی پتـەوی لەگـەڵ پێـشـەوا مـحـەمـەد عـەبدە و سەرکـردەی گەورە سـەعـد زەغلوولدا هەبوو، بۆ خوێندن نێردرایە فەرەنسا و لەوێ لە زانکۆی (مونبیلیه)دا خوێندنی (ماف)ی تەواو کرد و لە سـاڵی ١٨٨٥دا گـەڕایەوە بۆ مـیـسـر و بە بریکاری داواکـاری گـشـتی لە دادگـەی تێکەڵاو (المخـتـلطة) دامەزرا. ماوەی (٢٣) ساڵ خزمەتی قەزای میسری کرد و لە ماوەی ئەو خزمەتەدا بە نموونەی دادپەروەری و پاکی و بوێری ئەدەبی ناسرابوو. ساڵی ١٩٠٨ لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.

قـاسم ئەمین لە نووسـینەکـانیدا داوای ڕزگـارکـردن و بەرزکردنەوەی پایەی کۆمەڵایەتیی ئافرەتی عەرەبی دەکرد و دەیویست بەپێی ڕێنمـاییـەکـانی ئیـسـلام لە ژیانی گـشـتـیدا بەشداری لەگـەڵ پیـاودا بکەن. سـاڵی ١٨٩٨ کـتـێـبی (أسـبـاب ونتـائج وأخلاق ومـواعـیظ) و سـاڵی ١٨٩٩ کـتـێـبی (تحـریر المرأة) و سـاڵی ١٩٠٦ کـتـێـبی (المرأة الجـدیدة)ی دانا، کـە هەردوو کـتـێـبی دوایی لەو کاتیدا ڕۆڵێکی گەورەیان لە جیهانی عەرەبیدا بینیوە.

شێوازی نووسینی قاسم ئەمین لەسەر بەڵگە و بەهێمنی قـەناعـەت پێکردن و ئەو بیـروڕایە بەرزانەوە بوو کـە پابەندبوون بە ئیـسـلام. بیـروڕا پێشکەوتنخوازییەکـانی بووە هۆی نووسینی چەندین وتار و مـشـتـومڕ و گفـتـوگۆ لەنێوان نووسەرەکانی سەردەمی خۆیدا.

بانگەوازی قاسم ئەمین بۆ ڕزگارکردن و ڕۆشنبیرکردن و دەرچوواندنی ژن بوو لەو دوورەپەرێزی و پشـتـگـوێ خـسـتـنەی کـە بەسـەریدا سـەپا بوو، ئەو بانگەوازە دەنگدانەوەیەکی باشی لە میسر و وڵاتە عەرەبییەکاندا هەبوو و بووە هۆی ئەوەی بە لێـهـاتوویی خـۆی نازناوی (ڕزگارکەری ژنی عەرەب)ی لێ بنرێت.

*** ئەحمەد شەوقی (میری شاعیرانی عەرەب لە سەدەی بیستەمدا):**

ئەحمەد شەوقی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەد شەوقییە، لەسەدەی بیستەمدا شاعیری میر و میری شاعیرانی عەرەب بوو. ساڵی ١٨٦٨ لە قاهیرە لە باوکێکی کورد لە دایک بووە. ئەحمەد شەوقی باپیرەی لەسەردەمی محەمەد عەلی پاشای گەورە و والی میسردا لەجزیرەی بۆتانی کوردستانی تورکیاوە هاتووەتە میسر و لەوێ پلەوپایەی لەحکوومەتدا بەرز بووەوە.

خوێنی ئەحمەد شەوقی تێکەڵاو بوو لە خوێنی کورد و چەرکەس و یۆنانی و تورک، کە ئەو بەهرە و سەرکەوتنەیان پێ بەخشی.

باوکی شەوقی پیاوێکی دەست بڵاو بوو و هەموو ماڵ و سامانی خۆی بە هەدەردا، بۆیە داپیرە یۆنانییەکەی کە ناوی (نمزار) بوو و یەکێک بوو لە کارکەرەکانی کۆشکی خدێوی ئیسماعیل؛ هەر لە تەمەنی ناو بێشکەدا ئەحمەد شەوقی بەخۆیەوە گرت و بەو هۆیەوە لە کۆشک فێری ژیانێکی ئۆرستۆکراتی بوو.

ساڵی ١٨٨٧ خدێوی تۆفیق لەسەر ئەرکی خۆی ئەحمەد شەوقی نارد فەرەنسا؛ بۆ ئەوەی لەوێ ماف و ئەدەبی فەرەنسایی بخوێنێ. لە فەرەنسا لە زانکۆی (مونبیلیە)دا بڕوانامەی (ماف)ی بەدەست هێنا.

دوای ئەوەی ساڵی ١٨٩١ گەڕایەوە میسر؛ خدێوی عەباس گرتییە خۆی. ساڵی ١٨٩٦ وەکو نوێنەری میسر چووە ژنێف و بەشداری لە کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا کرد. دوای گەڕانەوەی لە کۆنگرەکە، خدێوی عەباس کردییە شاعیری تایبەتی خۆی و سەرۆکی بەشی فەرەنسی لەناو دەستوپێوەند (حاشیة)کانیدا، ئەوکاتی شیعرەکانی لاساییکردنەوە بوون و تێیاندا پەسن و ستایشی بنەماڵەی حوکمداری دەکرد.

دوای بەرپابوونی یەکەمین جەنگی جیهانی، بەریتانیا عەباسی لادا، بە بیانووی ئەوەی پێوەندی لەگەڵ تورکەکاندا هەبوو، شاعیرەکەش کە ئەحمەد شەوقی بوو، لە میسری دوورخستەوە، ئەویش (ئەندەلووس)ی هەڵبژارد و لە (بەرشەلۆنە) نیشتەجێ بوو، لەوێ ئاگاداری سەردەمە گەشەدارەکانی ئیسلام بوو لەو وڵاتەدا، بۆیە لە یەکێک لەچامەکانیدا شیوەنی بۆ گێڕاوە لەوساوە شیعرەکانی ئاراستەیەکی نیشتمانییان وەرگرت، کە تێیاندا باسی ژیان و هیوا و ئاواتەکانی نەتەوەی دەکرد و لەو دوورە وڵاتییەدا یەکێک لە شیعرە هەرە جوانەکانی دانا:

**وطني لو شغلت بالخلد عنه**
**نازعتني اليه في الخلد نفسي**

واتە:

نیشتیمانەکەم ئەگەر لە بەهەشتدا تۆم لە یاد بچێت
نەفسم نارازی دەبێت و هەر بۆ لای ئەو دێتەوە

شەوقی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٩دا گەڕایەوە میسر و پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. لە میسر خۆی بۆ کارەکانی تەرخان کرد، شیعری داناو کتێبی نووسی.

ساڵی ١٩٢٧ فیستیڤاڵێک بۆ ڕێزلێنانی شەوقی سازکرا؛ کە تێیدا نوێنەرانی شیعر لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا ئامادە بوون و لەو فیستیڤاڵەدا نازناوی (میری شاعیران- أمیر الشعراء)ی پێ بەخشرا(٣)، دوای ئەوەی پێشان شاعیری میر بوو؛ لەو ڕۆژەوە بوو بە میری شاعیران. ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی بەهێمنی بەسەربرد، ناوبانگێکی فراوان و ماڵ و سامانێکی زۆر و خێزانێکی بەختەوەری هەبوو، تاکو ساڵی ١٩٣٢ چووە بەر دلۆڤانی خوا.

لە دانراوەکانی: (دیوان الشوقیات) و (دول العرب وعظماء الأسلام) و چەند شانۆگەرییەکی شیعری: (عنترة) و (مجنون ليلى) و (مصرع كيلوباترا) و (علي بگ الكبير) و (قەمبیز) و لە پەخشانیشدا (أمیر الأندلس- ١٩٣٢) و چیرۆکێکی شانۆیی لە (أسواق الذهب- ١٩٣٢) و چەند وتارێکی کۆمەڵایەتی.

گۆرانبێژە گەورەکانی عەرەب، شیعری شەوقییان کردووەتە گۆرانی، بە تایبەتی ئوم کەلسوومی ئەستێرەی ڕۆژهەڵات.

*** ئەدیبی گەورە عەباس مەحموود عەققاد:**

نووسەر و شاعیر عەباس مەحموود عەققاد؛ ناوی عەباس ئەفەندی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی مستەفا عەققادە، ساڵی ١٨٨٩ لە بەندەری ئەسوان لە دایک بووە، باپیرانی لە بنەچەوە خەڵکی دیاربەکر بوون، هەروەکو عامر ئەحمەد عەققادی خزمی نزیکی(٤) عەباس عەققاد دەیگێڕێتەوە. دایکیشی هەر کورد بووە و لە ئەسوان نیشتەجێ بووە، کە باڵا بەرزییەکەی و ئارام

گرتنی لەسەر تەنیایی و کڕ و بێ دەنگی لەدایکبیبەوە بۆ ماوەتەوە. سەرەتا خوێندنی لە قوتابخانەی ئەسوان بووە و هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٠٣دا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە.

هەر لە سەرەتای تەمەنی خوێندنییەوە باوکی لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆڕە ئەدەبییەکانی بردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی حەزی بچێتە خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی، هەروەکو لە منداڵیشدا فێری زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ڕووسی بووە.

لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆی نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت، بۆیە ڕووی لە بواری ڕۆژنامەنووسی کردووە، پاشان دەستی بە خۆ ڕۆشنبیرکردن کردووە و لە ئەنجامدا بووەتە نموونەی کەسێکی ڕۆشنبیر، ناوبانگی بڵاوبووەوە و بە ئەندامی کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە هەڵبژێردرا، لە هەمان کاتیشدا ئەندامی پەیامنێر (عضو مراسل)ی کۆڕە عەرەبییەکان و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای چاودێریکردنی هونەر و ئەدەب و زانست بوو. ساڵی ١٩٦٤ لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد و لە ئەسوان بەخاک سپێردرا.

عەباس عەققاد ژنی نەهێناوە و ژیانی بە ڕەبەنی بەسەر بردووە، هەرچەندە چیرۆکێکی خۆشەویستی بە ژیانیدا تێپەڕیوە و ئەو چیرۆکەی لە تاکە ڕۆمانەکەیدا کە بەناوی (سارة)یە باس کردووە. ئەو مرۆڤە گەورەیە، بێجگە لە ناوبانگێکی بەرزی ئەدەبی و (٨٣) کتێب زیاتر هیچی دیکەی لەپاش خۆی بەجێ نەهێشتووە.

عەققاد پێش یەکەمین جەنگی جیهانی شیعری داناوە و یەکەمین دیوانی شیعریشی لە ساڵی ١٩١٦دا دەرچووە، پاشان ڕووی لە نووسینی بابەتی سیاسی و توێژینەوەی ئیسلامی کردووە و ژینگەی میسر و شتە بەناوبانگەکانی ژیانی ئاسایی ئەوێ بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی ئەو، بۆ ئەمەش شەڕە نووسینی لەگەڵ ئەوانەدا کردووە کە لایەنگری شتی کۆن بوون، سەرەتای توندڕەویی ئەویش لە کتێبێکدا بەناوی (الديوان) دەرکەوت؛ کە لەگەڵ (مازنی) بەیەکەوە نووسیویانە و ساڵی ١٩٢١ چاپ کراوە.

هونەری وتارنووسین بەسەر بابەتەکانی عەققاددا زاڵ بوو، پاشان بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی زنجیرەیەک کتێبی لە بارەی ناودارانی ئیسلام بڵاوکردەوە کە بە

عەباس مەحمود عەققاد

(العبقريات)(٥) ناسراون و وەکو ئەمە وایە وێنەی کەسایەتییەکانی تێدا نیشاندابن، لەمانە: (عبقرية محمد) و (عبقرية عمر)، (عبقرية المسيح)، (عبقرية الأمام علي)، (ذو النورين عثمان بن عفان)، (أبو الشهداء الحسين بن علي)، (الصديقة بنت الصديق)، (الديمقراطية في الأسلام)، (الأسلام في القرن العشرين)، (فاطمة الزهراء والفاطميون)، (مطلع النور أو طوالع البعثة المحمدية)، (عمرو بن العاصي)، (معاوية بن أبي سفيان في الميزان)، (أبو نؤاس الحسن بن هاني)، (جميل بثينة)، (شاعر الغزل عمر بن أبي ربيعة)، (رجعة أبي العلاء)، (سعد زغلول)، (الشيخ الرئيس ابن سيناء)، (أثر العرب في الحضارة الأوروبية)، (الفلسفة القرآنية)، (الصهيونية العالمية)، (التعريف بشكسپير)، (الشيوعية والإنسانية)، (التفكير فريضة إسلامية)، (إبراهيم أبو الأنبياء) و (إبليس)، (في اللغة العربية)، (اللغة الشاعرة مزايا الفن والتعبير)، (مايقال عن الأسلام)، (مذهب ذوي العاهات)، (لهيب الصدق)، (فلاسفة الحكم في العصر الحديث)، (سارة)، (ساعات بين الكتب)، (شاعر أندلسي وجائزة عالمية)، (داعي السماء بلال بن رباح

مؤذن الرسول)، (عقائد المفكرين في القرن العشرين)، (لاشيوعية ولا إستعمار)، (رجال عرفتهم)، (مع عاهل الجزيرة العربية)، (هتلر في الميزان)، (هذه الشجرة)، (المرأة في القرآن الكريم)، (روح عظيم المهاتما غاندي)، (عبدالرحمن الكواكبي).

زەکی فەهمی لە بارەی عەققادەوە گوتوویەتی: هەستێکی ناسکی هەبوو، زوو تووڕە دەبوو و کەمترین کاریگەری کاری تێدەکرد، کێشەی دەروونی هەبوو، زوو شتی وەردەگرت، نەفسێکی بەرزی هەبوو.

*** ئەحمەد تەیموور پاشای زانا:**

ناوی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل کوڕی محەمەدی کوڕی ئیسماعیل کوڕی عەلی تەیموور گەورانییە، کورد بوو، ئەدیب و زمانزان و توێژەر و مێژوونووس بوو. لە قاهیرە لە دایک بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە (١٨٧١- ١٩٣٠)، ئیسماعیل پاشای باوکی پایەی سەرۆکی دیوانی خدێوی پێدرابوو، کە باوکی کۆچی دوایی کرد ئەو هێشتا منداڵ بوو، عائیشە تەیمووری خوشکی و شاعیری ناسراو بەخێوی کردووە، لە قوتابخانەی (مارسێل)ی فەرەنساییدا خوێندوویەتی، زۆر حەزی لە ئەدەبی عەرەبی بووە، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە، لە ماڵ و سامانیدا هەبووە بووە، زۆر ئارەزووی خوێندنەوەی هەبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بتوانێت زۆر کتێب و دەستنووسی نایاب بکڕێت؛ تاکو ژمارەی کتێبەکانی گەیشتە (١٩) هەزار بەرگ، پاش کۆچی دوایی، کتێبەکانی دران بەخانەی کتێبی میسری (دار الكتب المصرية).

ئەحمەد تەیموور پاشا زۆر هانی خاوەن توانایی زانستییەکانی دەدا بۆ ئەوەی کەلەپووری عەرەبی زیندوو بکەنەوە، ڕقی لە دەسەڵات وەرگرتن و پایە بەرزەکانی حکوومەت بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە ساڵانی (١٩٢٤- ١٩٣٠) کرا بە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی میسر، پاشان بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستییەوە دەستی لە کارەکەی کێشایەوە.

ئەحمەد تەیموور پاشا لە ساڵی ١٩١٩دا پایەی (پاشا)ی پێدراو بوو بە ئەندامی لیژنەی شوێنەوارەکانی میسر و ئەندامی کۆڕی زانیاری لە دیمەشق و قاهیرە و زیاتر لە جارێکیش بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای خانەی کتێب لە میسر. ژیانی هاوسەریی لەگەڵ کچی ئەحمەد ڕوشدی پاشای وەزیری ناوخۆ پێکهێناو بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەیان سێ کوڕ بوو: ئیسماعیل و محەمەد و مەحموود، کە پاشان دووەم و سێیەمیان بوون بە ئەدیبی ناسراو.

لە کتێبە باڵاوکراوەکانی ئەحمەد تەیموور پاشا:

(التصوير عند العرب)، (نظرة تأريخية في حدوث المذاهب الأربعة)، (تصحيح لسان العرب لإبن منظور)، (تصحيح القاموس المحيط)، (اليزيدية ومنشأ نحلتهم)، (تأريخ العلم العثماني)، (ضبط الأعلام)، (البرقيات والمقالة)، (لعب العرب)، (أبو العلاء المعري وعقيدته)، (الألقاب والرواتب)، (معجم الفوائد)، (الآثار النبوية)، (أعيان القرن الرابع عشر)، (الأمثال العامية)، (الكنايات العامية)، (تراجم المهندسين العرب)، (نقد القسم التأريخي من دائرة معارف فريد وجدي)، (التذكرة التيمورية) دوو بەرگە، (السماع والقياس)، (أبيات المعاني والعادات)، (المنتخبات في الشعر العربي)، (تأريخ الأسرة التيمورية)، (أسرار العربية)، (أوهام شعر العرب في المعاني)، (ذيل طبقات الأطباء)، (مفتاح الخزانة)، (ذيل تأريخ الجبرتي)، (الألفاظ المصرية)، (قاموس الكلمات العامية) ٦ بەرگە، (رسائل بين احمد تيمور پاشا والأب أنستانس ماري الكرملي)، (صناعة الكتاب في علم الحروف ومخارجها)، (أعلام الفكر الإسلامي في العصر الحديث)، (علي بن أبي طالب وشعره وحكمه)، (أوهام شعراء العرب في المعاني)، (الموسيقى والغناء عند العرب)، (الحب والجمال عند العرب)، (المختار من المحفوظات العربية في الاستانه)، (نوادر المحفوظات العربية وأماكن وجودها)، الأسلحة النارية في الجيوش الإسلامية)، (تراجم أعيان القرن الثالث عشر والرابع عشر)، (أسماء الأطعمة).

*** محەمەد تەیموور (نووسەر):**

محەمەد کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل پاشای تەیموورە (١٨٩٢-١٩٢١)، شاعیر و ئەکتەر و شانۆنووس، یەکێکە لە بەناوبانگترین دامەزرێنەرەکانی ئەدەبی چیرۆک و شانۆگەری لە میسر. لە قاهیرە لە دایک بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، بە

مـەبەسـتی خـوێندنی پزیشکی چووەتە بەرلین، پاشـان بەجێی هێشـتووە و چووەتە پاریس و دەستی بە خوێندنی کتێبە ئەدەبییەکانی فەرەنسی کردووە، دوای سێ ساڵ لە ساڵی ١٩١٤دا گەڕاوەتەوە بۆ میسر و لەو کاتەوە خۆی بۆ شـانۆگـەری و ئەدەب تەرخـان کـردووە، بە ڕێبـازی ڕیالیـزم کـاریگەر بوو کـە لەو سـەردەمـیـدا لە ئەدەبی ئەروپاییدا باوبوو.

محەمەد تەیموور بەشداری لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی هاندانی نواندن)دا کـردووە، تیـپی (مـهـدیة) زۆر لە شـانۆگـەرییـەکـانی ئەوی نمایش کـردووە، وەکـو: (عبدالرحمن رشدي) و (منیرة المهدیة) و (عکاشة) و (عزیز عبیـد) و چەند کۆمیدیای کۆمەڵایەتی، لەمانە: (العصفور في القفص) و (عبدالستار أفندي) لە ساڵی ١٩١٨ و (هادیـة) لـە سـاڵی ١٩٢٠ و ئـۆپـەرێتـی (العشرة الطیبة) کە سەید دەروێش ئاوازی بۆ داناوە.

زۆر حەزی لە نواندن بوو، تیـپـێکی نواندنی خێـزانی پێکهێنا کە خۆی سەرۆکایەتی دەکرد و چیرۆکەکانی بۆ دەنووسی. لە مـەنەلۆگ نووسـیندا خـاوەن توانایی بوو، بەڵام مـەرگ مـەودای نەداو لە تەمـەنی نزیکەی (٣٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

محەمەد تەیموور بە یەکێک لە پێشـەنگەکانی کـورتە چیرۆک دادەنرێت، چ لە میسر و چ لە جیهانی عەرەبیدا، هەر لەسـەر دەسـتی ئەویشـدا چیـرۆکی نویی عـەرەبی لە دایک بوو، ئەویش بـە چیـــرۆکی (في القطار) بوو، هەروەکو یەکێک بوو لە پێشـەنگەکانی بواری چیرۆک و شـانۆگـەری، کـە بە ئەدەبی نەتەوایەتی مـیـسـری و بە شـێـوەزاری نـاوخـۆ دەینووسی، زۆر بە ئەدەبی فـەرەنسی کاریگەر بوو.

(کـــراچۆفـــسکی)ی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس لە بـارەی مـحـەمـەد تەیموورەوە گـوتـوویەتی: دامـەزرێنەری کـورتە چیـرۆکی مـیـسـرییـە، وێنەیەکی واقـیـعی ژیانی نوێی کۆمەڵایەتی نیشان داوە، زۆر شارەزای ئەدەبی ئەوروپایی بوو، چەند کـورتە چیـرۆکـێکی چاپ کـردووە کـە لە ناخی ژیانی مـیـسـرییـەوە هەڵقـوڵاون، شـێـوازی لە شـێـوازی مۆباسان و چیخۆف دەچێت.

**لە بڵاوکراوەکانی:**

(ومـیـض الروح) و (المسـرح المصـري)یە، کـە دوو چیرۆکی کۆمێدی تێدایە، یەکێکیان لە (العصفور في القفص) و ئەوی دیکەیان لە (عـبـدالسـتـار أفندي) وەرگـیـراوە، هەروەها کـتـێـبی (ماتراه العیـون) کە کـۆی چیـــرۆک و بەســـەرهاتەکـانیـــەتی کـــە پاش مـــردنی کۆکراونەتەوە.

*** مەحموود تەیموور (نووسەر):**

مـەحـموود کوڕی ئەحـمـەدی کوڕی ئیـسـمـاعـیـل پاشای تەیمووره (١٨٩٤- ١٩٧٣)، لە جـیـهـانی عـەرەبیـدا بەمیری چیرۆک ناسراوە، کوڕی ئەحمـەد تەیموور پاشا و برازای عائیشە تەیمووری شاعیر و برای محەمەد تەیمووری نووسەرە. لە قاهیرە لە دایک بووە و لە قوتابخانەکانی مـیـسـر خـوێندوویەتی، بۆ چارەسـەری چووەتە سـویسـراو لەوێ ئارەزووی چووەتە ئەدەبی فـــەرەنسی و ڕووسی و دەستی بە خوێندنی ئەو دوو ئەدەبە کردووە. دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە مـیـسـر ئەرکی پەرەپێدانی ئەدەبی گێڕانەوە (الأدب الروائي)ی لە ئەســـتـــۆ گـــرتووە، بە هەمـــوو جۆرەکانییەوە: ڕۆمان، شانۆگەری، کورتە چیرۆک.

سـەرەتا لە سـاڵی ١٩١٩دا بە شـێـوەزاری مـیـسـری دەسـتی بە چیـرۆکنووسین کـرد، پاشـان فـێـری زمـانی ستاندارد بوو و بەو زمانە دەینووسی. لە چیرۆکەکانیدا وێنەی ژیانی ڕۆڵەکانی میسر و چینی چەوساوە نیشان دەدات، لە تەمـەنی لاوێـتـیـیـەوە پەخـشـانە شـیـعـری نووسـیـوە، چەند بابەتێکی ئەدەبیشی لە فـەرەنسـاییـەوە وەرگێڕاوە.

سـاڵی ١٩٤٩ بووەتە ئەندامی کـۆڕی زمـانی عـەرەبی (مجمع اللغـة العربیـة) لە قـاهیرە و سـاڵی ١٩٦١یش بووەتە ئەندامی پەیامنێـر لە کـۆڕی زانیـاری عـیـراق. ڕۆمانی بە هەردوو شێوەزاری گشتی و ستاندارد لەیەک بەرگدا بڵاوکردووەتەوە.

لە ١٩٧٣/٨/٢٣ لە کـاتێکدا بۆ گـەشت و سـەیران چووبووە لۆزانی سویسرا، لەوێ کۆچی دوایی کرد، پاشان تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ قاهیرە و لەوێ بەخاک سپێردرا.

مـەحـمـــوود تەیموور نزیکەی (٥٠) کـتـێـبی هەیە، هەندێکیـان بۆ زۆر زمـان وەرگـێـڕدراون، بەرهەمـەکـانی زۆربەیان لەبارەی کـێـشـە هاوچەرخ و کـولـتـووری و مێژوویـیـەکـانەوەن، هەروەکو هەندێک لە ڕۆمـانەکانی لە گـەشت و سـەیرانەکـانی وەرگـرتووە، یان لە بارەی کـەسـایەتیـیـە فـیـرعـەونیـیـەکـانەوەن، یان وێنەی ئەو

کەسانەی تێدا نیشان داوە کە لە نزیکەوە ناسیونی، هەروەها لە ڕۆمانی (طارق الأندلس)دا باسی ئەندەلوسی کردووە.

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی لە بواری چیرۆکدا: (الشيخ سيد العبيط- ١٩٢٥) و (رجب أفندي- ١٩٢٨) و (كيلوباترا في خان الخليلي- ١٩٤٦) و (سلوى في مهب الريح - ١٩٤٧) و (الحاج شلبي) و (نداء المجهول) و لە بواری شانۆگەریشدا: (حواء الخالدة - ١٩٤٥) و (اليوم خمر- ١٩٤٩) و (صقر قريش- ١٩٥٦) و (النبي الأنسان)ە. لە بەرهەمەکانی دیکەیشیدا (مشكلات اللغة العربية) و (معجم الحضارة)یە.

زۆر لە کورتە چیرۆکەکانی بۆ زمانە ئەوروپاییەکان وەرگێڕدراون، هەروەها زۆر خەڵاتیشی وەرگرتووە؛ وەکو خەڵاتی کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە- ١٩٤٧ و پاداشتی دەوڵەت بۆ ئەدەب- ١٩٥٠ و پاداشتی ڕێزلێنانی دەوڵەت بۆ ساڵی ١٩٦٣ و پاداشتی واسف غالی پاشا لە پاریس- ١٩٥١.

دکتۆر شەوقی زەیف لە ئەدەبی نوێی عەرەبی بە دامەزرێنەری هونەری کورتە چیرۆکی داناوە و باشترین پەسن (مدح)یش ئەوەیە کە جارێکیان دکتۆر تەها حوسێن پێی گوتووە: باوەڕ ناکەم هیچ نووسەرێکی میسری توانیبێتی وەکو تۆ بچێتە ناو جەماوەری ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر، تۆ هەر دەنووسیت و خەڵکیش گوێ لە هەندێک لە نووسینەکانت دەگرن تاکو دەگاتە ناو دڵیان، هەروەکو چۆن داگیرکەرێک شارێک داگیر دەکات و کاریگەری بەسەر هەموو شتێکی شارەکەوە دەبێت.

*** عائیشە تەیمور (شاعیر):**

ناوی عائیشە عیسمەتی کچی ئیسماعیل پاشای کوڕی محەمەد کاشف تەیمورە (١٢٥٦ک- ١٩٠٢ز)، شاعیر و نووسەر و پێشەنگی ئەدەبی ژنانە بوو لە سەدەی نوێدا. لە قاهیرە لە دایک بووە، هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.

ساڵی ١٨٥٤ لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا شووی بە محەمەد تۆفیق بەگی ئیسلامبۆلی کردووە و دوو منداڵی لێ بووە، کوڕێک بەناوی (مەحموود) و کچێک بەناوی (تەوحیدە). کچەکە لە بەهاری تەمەنیدا جوانەمەرگ بووە و عائیشەی دایکی (٧) ساڵ بۆی گریاوە.

لەگەڵ هاوسەرەکەیدا چووەتە ئەستانە، پاشان گەڕاوەتەوە میسر و دەستی بە خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی کردووە و وتاری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکردەوە؛ تاکو ناوبانگی بەرز بووەوە.

عائیشە تەیمور لە تەمەنی (١٣) ساڵییەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە و بە هەر سێ زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی نووسیویەتی، یەکەمین کەسیش کە شیعری ئەوی خوێندەوە باوکی بوو، کە ئاگاداری دەکرد و هانی دەدا بۆ ئەوەی چرۆی شیعری بپشکوێت. چوار دیوانی شیعری هەیە بەناوی (حلية الطران- ١٨٨٦)، شیعرە عەرەبییەکانی بەناوی عائیشە و شیعرە تورکی و فارسییەکانیشی بەناوی (عیسمەت) بڵاو دەکردەوە، بێجگە لەمە کتێبی دیکەشی هەیە، وەکو (نتائج الأحوال في الأقوال والأفعال- ١٨٨٨) لە ئەدەب و (شكوفه- ١٨٩٤) کە دیوانێکی تورکییە و کەمێکیشی فارسییە لەگەڵ شینگێڕییە تورکییەکانیدا بۆ (تەوحیدە)ی کچی داناوە. لە ١٩٠٢/٥/٢٥دا لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە.

نەبیل ئەلحاج لە بارەی عائیشە تەیمورەوە گوتوویەتی: ئەدەبی عەرەبی لە سەدەی نۆزدەمدا ئەدیبێکی بوێری وەکو عائیشە تەیموری بەخۆیەوە نەدیوە؛ کە ئەرکی بەرپرسیاریەتیی بەرگریکردنی لە ئافرەتی عەرەبی لە ئەستۆ گرتووە، هەروەها پێشەنگی ئەدەبی ژنانە بوو لە سەدەی نوێدا و داوای ڕزگارکردنی ئافرەتی عەرەبی کردووە لەو نەریتانەی کە تەنیا بۆ جوانی بەسەریدا سەپابوون، بە مەبەستی پاراستنی پاکییەکەی.

شیعرەکانی عائیشە تەیمور هەمەجۆرن لە پێدا هەڵگوتن و دڵداری و پەند و ڕەوشت و ئایین و لە خوا پاڕانەوە. ڕاستگۆترین شیعرەکانیشی ئەو شیعرانەن کە تایبەتن بە لاواندنەوەی (تەوحیدە)ی کچی، ئەو شیعرانە گەیشتوونەتە پایەیەکی بەرز.

*** ئیبراهیم ڕەمزی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس):**

ئیبراهیم ڕەمزی بەگ کوڕی محەمەد ڕەمزی کوڕی محەمەدی گەورەی کوڕی عەلی ئاغای ئەرزەڕۆمییە. ناودارێکی میسر بووە و بە بنەچە کورد بوو، باپیرە گەورەی لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا چووەتە

میسر.

ساڵی ١٨٦٧ لە (فەییووم) لە دایک بووە، هەفتەنامەی (فەییووم)ی لەوێ دەرکردووە و (تأریخ الفیوم)ی نووسیوە و ڕۆمانی (المعتمد بن عباد)ی داناوە.

سەردانی پاریسی کردووە و ساڵێک و مانگێک لەوێ ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە و لە قاهیرە نیشتەجێ بووە، گۆڤاری (المرأة في الأسلام) و پاشانیش ڕۆژنامەی (التمدن)ی دەرکردووە.

ساڵی ١٨٩٩ کارگەی (التمدن)ی داناوە بۆ دروستکردنی پیتی عەرەبی، هەروەها یارمەتی (ئەحمەد لوتفی ئەلسەید)ی داوە لە دەرکردن و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی (الجدیدة)، پاشان بوو بە سەرۆکی وەرگێڕان لە دیوانی سوڵتان حوسێن کامیلدا.

(أصول الأخلاق)ی لە فەرەنساییەوە کردووەتە عەرەبی، هەروەها (مبادیء التعاون)ی داناوە.

ئیبراهیم ڕەمزی شیعریشی داناوە، زمانی فەرەنسی و تورکیشی زانیوە. ساڵی ١٩٢٤ لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە.

*** عامر عەققاد (نووسەر):**

عامری کوڕی ئەحمەدی کوڕی مەحموود عەققادە، لە خێزانێکی ئەدەبی لە دایک بووە کە عەباس مەحموود عەققادی مامیشی هەر لەو خێزانەیە.

ساڵی ١٩٣٦ لە (ئەسوان) لە خێزانێکی کورد لە دایک بووە؛ کە بنەچەیان بۆ دیاربەکر دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٥٨ (ماف)ی خوێندووە، ماوەی (١٠) ساڵ لەگەڵ عەباس مەحموود عەققادی مامی بووە، زۆر زانستی لەو وەرگرتووە تا کۆچی دوایی کردووە. زانستەکانی ژیاننامە (التراجم والسیر) و ڕەخنەی ئەدەبی لەو فێر بووە. ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

بەناوبانگترین دانراوەکانی: (آخر کلمات العقاد) و (لمحات من حیاة العقاد) و (غرامیات العقاد)، کە بەشێکە لە کتێبی (لمحات) و (معارک العقاد الأدبیة) و (معارک العقاد السیاسیة) و (صالح جودت في مفترق الطرق) کە لێکۆڵینەوەیەکە لەشیعر و پەخشانەکانی و (أحمد أمین) ژیان و ئەدەبی و (صوت السماء بلال بن رباح) و (المثال النادر خدیجة بنت خویلد) و (حرب الأکاذیب- الشیوعیة) و (جمال عبدالناصر- حیاته و جهاده) و (جاء مایو) کە لێکۆڵینەوەیەکە لە خەباتی نیشتمانیی سودان و (أحادیث العقاد الصحفیة).

چەند کتێبێکیشی بەهاوبەشی لەگەڵ کەسانی دیکە نووسیوە، وەکو (العقاد و هؤلاء) و (جمعیة العقاد الأدبیة) و (أبعاد وملامح السعودیة.. قمة وموقف).

چەند کتێبێکی مامیشی کۆکردووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیون، وەکو: (أبعد البعد) کە دیوانێکی شیعرییە و (دراسات في المذاهب الأدبیة والإجتماعیة) و (بحوث في اللغة والأدب) و (یومیات) بەرگی ٣ و ٤ و (العقاد في معارکه السیاسیة و الأدبیة) و (ذکریاتي مع عاهل الجزیرة العربیة).

*** ئەحمەد ئەمین (نووسەر و بیرمەند):**

ئەحمەد ئەمین ساڵی ١٨٨٦ لە میسر لە دایک بووە و ساڵی ١٩٢٦ وەکو مامۆستا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی میسر کاری کردووە و ساڵی ١٩٣٩ بووەتە ڕاگری کۆلێژەکە و پاشان لابراوە، دوایی گەڕاوەتەوە و لە کۆلێژەکە بەردەوام بووە، تا ساڵی ١٩٤٦ خانەنشین کراوە.

ساڵی ١٩٤٤ ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب و ئەنجوومەنی زانکۆی فوئادی یەکەم دکتۆرای شانازییان پێ داوە، پاشان خەڵاتی فوئادی یەکەمی پێ بەخشراوە، ئەو خەڵاتە بەو کەسانە دەدرا کە باشترین بەرهەمیان لە بارەی ئەدەب و زانست و هونەرەوە پێشکەش کردبوو. ساڵی ١٩٥٤ کۆچی دوایی کردووە.

ئەحمەد ئەمین نووسەرێکی بە بەرهەم بوو، بایەخی بە زۆر لایەنی ڕۆشنبیری دەداو زۆر کتێبی دانراوی هەیە، لەمانە: (فیض الخاطر) و (مجموعة مقالات) و (فجر الإسلام) و (ضحی الإسلام) و (ظهر الإسلام)، کە لەم زنجیرەیەدا باسی ڕێڕەوی شارستانیەتیی ئیسلامی کردووە. هەروەها (یوم الإسلام) و (الصعلکة والفتوة في الإسلام) و (هارون الرشید) و (زعماء الإصلاح في العصر الحدیث) و (الإمام محمد عبده) و (الأخلاق) و (النقد الأدبي) و (قاموس العادات والتقالید والتعابیر المصریة) و (المهدي والمهدویة) و (الی ولدي) و (حیاتی)، هەروەها دوو کتێبی بەناوی (مبادیء

الفلسفة) و (الشرق والغرب)ی کردووەتە عەرەبی، (١٢) کتێبی دیکەشی بەهاوبەشی لەگەڵ کەسانی دیکە نووسیوە و ئامادە کردووە.

ئەحمەد ئەمین توانیویەتی بە وردی ڕۆشنبیریی کولتووری و ڕۆشنبیریی نوێ بەیەکەوە کۆ بکاتەوە و ئاگاداری هزری ئەوروپاییش بووە، بۆیە دەبینین لە کتێبەکان و هزر و بیریدا هەوڵی داوە بنەماکانی هزری عەرەبی و ئیسلامی و پێشکەوتنەکانی سەردەم بەیەکەوە بگونجێنێت، هەروەها بەشداری لە چالاکییەکانی هەردوو کۆڕی زمانی عەرەبی قاهیرە و دیمەشقدا کردووە، لە چەند کۆنگرەیەکی ڕۆژهەڵاتناسیشدا بەشداری کردووە، چەند کتێبێکیش باسی پایەی زانستیی ئەحمەد ئەمینیان کردووە.

د. ئەحمەد خەلیل لە بارەی ئەحمەد ئەمینەوە گوتوویەتی: دوای ئەوەی ئاگاداری ژیاننامەی ئەحمەد ئەمین بووم، کە خۆی نووسیویەتی و هەردوو کوڕەکانی حوسێن و جەلال وەکو باسی دەکەن و دوای ئەوەی ئاگاداری ئەو ڕاو بۆچوونانە بووم کە خەڵک لە بارەی ئەمەوە دەریانبڕیوە و ئەو هەموو بەرهەمە زانستی و زۆرەی کە ئەو پێشکەشی کردووە و بەو پێوانەیەی کە من بەگشتی لە بارەی کوردەوە هەمە و بەپێی ئاگاداربوونم لە هەڵسوکەوتی ناودارانی و ڕێڕەوی عەقڵ و فەلسەفەی ئەوان لەکاتی باسکردنی هەر شتێکدا، پێم وایە بنەچەی ئەحمەد ئەمین کوردە.

*** شێخ عەبدولباسیت عەبدولسەمەد:**

شێخ عەبدولباسیت محەمەد عەبدولسەمەد شێخی قورئانخوێنەکانی میسر و بەناوبانگترین قورئانخوێنی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە لە سەدەی بیستەمدا. خاوەنی فەرهەنگی (تتمة الأعلام) لە بارەی ئەو قورئانخوێنەوە دەڵێ: خوا دەنگێکی هێندە خۆش و ئەدایەکی ئاوای داوەتێ کە باس ناکرێت، ئەو لە وڵاتەکانی جیهاندا دەگەڕا، بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزاناندا، بۆ ئەوەی قورئانی پیرۆز لە مزگەوت و بنکە ئیسلامییەکانیاندا بخوێنێت. ئەو پێی گوتم باوکی کوردێکی عیراقە و هاتووەتە میسر، لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیدا کردووە کە میسری بووە.

شێخ عەبدولباسیت یەکێک بوو لە پێشەنگەکانی قورئان خوێندن لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا... بۆ زیاتر لە (٥٣) ساڵ قورئانی خوێندووە و زۆر میدالیا و نیشانەی لەلایەن مەلیک و سەرۆکەکانی جیهانەوە پێ بەخشراوە.

شێخ عەبدولباسیت ساڵی ١٩٢٧ لە شارۆچکەی (ئارمەنت)ی پارێزگای (قەنا) لە دایک بووە، هێشتا تەمەنی لە (١٠) ساڵی تێنەپەڕیبوو، قورئانی لەبەرکردبوو و بە هەر حەوت جۆری خوێندنەکە(٦) دەیخوێند. مامۆستاکەی خۆشی دەویست و هێشتا تەمەنی لە (١٤) ساڵی تێنەپەڕیبوو کە لەگەڵ خۆیدا بۆ ئاهەنگەکانی دەبرد، ئەویش لەبەر دەنگخۆشیی ئەو و بەهێزی و کاریگەریی خوێندنەکەی بوو، کە لەو تەمەنەدا وەکو قورئانخوێنێکی باش بەدەرکەوت.

ساڵی ١٩٥١ چووەتە ڕادیۆ و یەکەمین جاریش لە کاتی کردنەوەی مزگەوتێک لە (پۆر سەعید) ناوبانگی بڵاوبووەوە و بوو بە یەکێک لە قورئانخوێنە یەکەمەکانی ڕادیۆ؛ کە هەموو ئێوارەیەکی ڕۆژانی شەممە قورئانی تێدا دەخوێند، پاشانیش ناوبانگی لە ڕادیۆکانی هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە.

ڕۆژی چوارشەممەی (١٩٨٨/١٢/٣٠) چووە بەر دلۆڤانیی خودا، دوای ئەوەی دەیان جار بە هەر حەوت جۆری خویندن قورئانی پیرۆزی لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامی و وڵاتە بیانییەکاندا تۆمار کرد، ئەویش لە میانەی ئەو گەشتانەی کە بە بەردەوامی دەیکرد و ژمارەیان لە (١٠٠) گەشت زیاتر بوو؛ لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا.

ئێستاش هیچ موسوڵمانێک نییە گوێی لە دەنگە زوڵاڵەکەی ئەو نەبووبێت، تاکو بووە کەسایەتییەکی هەرە ناوداری جیهانی ئیسلامی. خوا لەو شێخە کوردە خوشبێت بەرانبەر بەو خزمەتە زۆرەی بۆ قورئانی پیرۆز و ئایینی ئیسلامی کردووە.

# ڕستە و دەستەواژە نامۆکان

**موعتەسەم سالەیی**
**(کەرکووک)**

هیچ مـیللەتێکی سـەر ڕووی زەوی بەدی ناکـرێت، لافـوگـەزافی ئەوە لێ بدات و بڵـێت کـە سـەد دەر سـەد خـاوەنی زمـانێکی نەتەوایەتیی سـادەن و گـوایە کاریگەریەتیی هیچ زمانێکی دیکەیان بەسەرەوە نییە. لێرەیشدا جۆرە جیاوازییەک لەم ڕووەوە لە نێوان زماناندا هەیە. زمـانی ئەوتۆ هەیە کـە بە ڕادەیەکی زۆر کاریگەریەتیی زمانانی دەوروبەری بەسەرەوەیە. بۆ نموونە زمانی کوردی خاوەنی جۆرە ڕەسەنایەتییەکی ئەوتۆیە کە کەمـتر کـاریگەریەتیی زمـانانی دەوروبەری تێـدا بەدی دەکرێت، بەڵام زمانی کوردی وەکو لقێکی زمانە هیند و ئەورووپییەکان کۆمەڵێک وشەی هاوبەش لەخۆ دەگرێت کە زمانانی دیکەی هیند و ئەورووپی بە کاریان دەهێنن.

گـەلێک فـاکـتـەر و هۆی جـۆراوجـۆر هەن کـە دەبنە ڕێ خـۆشکەرێک بۆ تێـهـەڵکێش بوونی وشـە و ڕسـتـە و دەسـتـەواژە لە نێـو زمـانانی سـەر ڕووی زەویدا. شـۆڕشی پیشـەسازی و تەکنۆلۆژی لە هەر کاتێک پتر میللەتانی جـیـهـانی لە یەکـدی نزیک کـردووەتەوە و وەهای ڕەخـسـاندووە کـە جـۆرە دەربڕینێکی هاوبەش بۆ لێک تێگەیشتن بێتەکایەوە، یان داهێنانە پیشەسازییەکان تا ڕادەیەک ناوی نەگـۆڕیان بەسـەر زمانەکـاندا سـەپاندووە، ئەوەتا هەموو میللەتانی جیهان بەبێ جیاوازی بە ئامێرە پیشەسازی و تەکنۆلۆژییەکان بۆ نموونە دەڵێن: تەلەفـۆن، تەلەڤـزیـۆن، مـۆبـایل، کـۆمـپـیـووتەر... تاد، یان زاراوە زانسـتـیـیـەکـان لە هەمـوو جـیـهـاندا وەکـو یەک ناویان بەکاردێت، بۆ نموونە وەکو ناوی: ئۆکسـجین، نایترۆجین، ئۆزۆن... تاد، یان داوودەرمانەکـانی دەرمـانخـانەکـان تا ڕادەیەک ناوێکی دیاریکراویان هەیە، هەروەها بەهۆی گەشـتوگوزار و ئاسـانکاریی ئامـرازەکانی گـواسـتنەوەوە،

میللەتانی جیهان زیاتر لە یەکدی نزیک بوونەتەوە. لە هەموویشی گرنگتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئامێری ئینتەرنێت وەهایان کردووە کە میللەتان ئاگایان لە بارودۆخ و هەواڵ و باس و خواسی یەکدی ببێت، بێ گومان بمانەوێت و نەمانەوێت زمان وەکو بنیادێکی زیندوو هەردەم لە گۆڕانکاریدایە. بۆ نموونە ئەگەر نالی و مەولەویی شاعیر زیندوو ببنەوە و ڕۆژنامەیەکی کوردیی ئەم ڕۆژگارەمان بە دەستەوە بگرن، بێ گومان زۆر بە زەحمەت لە زمانی ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژگارەمان تێ دەگەن، چونکە جۆرەکانی دەربڕین گۆڕاون و لەگەڵ دەربڕینەکانی سەردەمی کۆندا جیاوازییان هەیە، هەروەها کۆمەڵێک وشەی تازە کەوتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە. بە هەمان شێواز، ئەگەر شاعیری گەورەی ئینگلستانیش (ولیەم شەکسپیر) زیندوو ببێتەوە و ڕۆژنامەیەکی بە زمانی ئینگلیزیی ئەم زەمانەمان بە دەستەوە بگرێت، بێ گومان ئەویش زۆر بە زەحمەت لێی تێدەگات.

وەها چاکە ئەگەر ئێمەی کورد وشەیەکی ڕەسەنی کوردیمان هەبێت، لەو حاڵەتەدا پێویست ناکات پەنا بەرینە بەر وشەیەکی بیانی و وەها خۆمان دەرخەین گوایە شارەزا و لێزانین. بۆ نموونە کە ئێمە وشەی (بەرهەڵستکار)ی ڕەسەنمان هەیە، چ پێویست دەکات وشەیەکی بیانی بەکاربهێنین و بڵێین (ئۆپۆزسیۆن)!؟ یان وشەی (نەتەوەخواز)مان هەیە، ئیتر پێویست ناکات بڵێین، یان بنووسین (ناسیونالیست)، هەروەها وشەی (چاودێری)مان هەیە، ڕەوای هەق نییە بڵێین (سپۆنسەر)..! بە هەمان شێوە پێویستە بڵێین (هەژان) نەک (شۆک) و بڵێین (تەرم) نەک (روفات) و بڵێین (هاوسەرگیری) نەک (زەواج).

لە هەمان کاتیشدا، ئەگەر وشەیەکی بیانی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە نێو زمانەکەماندا بەکارهات، ئیدی بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو وشە بیانییە دەبێت بە بەشێک لە زمانەکەمان و بە تەواوەتی کورسی دەگرێت و نابێت دەستبەرداری بین. بۆ نموونە وشەی (قەرەباڵغ) کە وشەیەکی تورکییە و کەوتووەتە نێو زمانەکەمانەوە. ئەم وشەیەیش جێی خۆی قایم کردووە و بووە بە بەشێک لە زمانەکەمان، هەروەها چەندین وشەی عەرەبی کەوتوونەتە نێو زمانەکەمان و جێی خۆیان کردووەتەوە و هیچ نەنگییەکی تێدا نییە ئەگەر بەردەوام بین لەسەر بەکارهێنانیان وەکو وشەی (وەسف، سەعات، عەتر، میرات، واریس، میراتگر، ئاو و هەوا، کەشوهەوا، شەهید، شایەد، غیرەت، خیانەت، زەکات، قەرز، فیل، تیمساح، مەتات...تاد).

لە خوارەوەدا کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی نامۆمان دەستنیشان کردووە، کە دەقاودەق مانا و واتاکانیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بێ وچان لە نووسینەکانماندا بە کاریان دەهێنین. وەها دەردەکەوێت ئەو ڕستە و دەستەواژانە لە زمانانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕراون و خرابنە نێو زمانی عەرەبییەوە، ئێمەی کوردیش لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتوونە و مانا و واتاکانمان وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی و هەردەم لە نووسینەکانماندا بە کاریان دەهێنین، ئەمەیش مانای کەموکوڕی ناگەیەنێت، بەڵکو گیانی سەردەمی هاوچەرخ ئەم جۆرە بەکارهێنانەی هێناوەتە کایەوە، بگرە بە شتێکی دروست دەژمێررێت و بەکارهێنانیان ڕەوایە.

١- فەرەنسییەکان دەڵێن:

II pleure aux larmes de crocodile

* لە ئینگلیزیشدا:

To ched crocodiles tear

* لە عەرەبیشدا:

يبكي بدموع التماسيح.

* لە کوردیشدا:

فرمێسکی تیمساحی هەڵڕشت.

٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:

Sourrire camle

* لە ئینگلیزیدا:

Calm smile

* لە عەرەبیدا:

أبتسامة هادئة.

* لە کوردیدا:

نەرمە پێکەنین.

٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:

II re presente lopinion publique

* لە ئینگلیزیدا:

He represents public opinion

* لە کوردیدا:

ئەوەیش ڕای گشتی پیشان دەدات.
٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II veller sur le bien commun
* لە عەرەبیدا:
وهو يسهر على المصلحة العامة:
* لە کوردیدا:
خەمخۆری بەرژەوەندیی گشتییە.
٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Cette cause est mise sur le tapis
* عەرەبەکان دەڵێن:
هذه القضية مطروحة على بساط البحث.
* لە کوردیشدا بووە بە:
ئەمەیش خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە.
٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II jette de la poudre auz yeux
* لە ئینگلیزیدا:
To throw dust in the eye
* لە عەرەبیدا:
ذر الرماد في العيون.
* لە کوردیدا:
خۆڵ پژاندن بە چاوی خەڵکیدا.
٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II joue son role
* لە ئینگلیزیدا:
He plays his part
* لە عەرەبیدا:
وهو يلعب دوره.
* لە کوردیدا:
ڕۆڵی خۆی دەبینێت.
٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II adonne rendez - vouse
* لە ئینگلیزیدا:
To give apromise
* لە عەرەبیدا:
أعطى وعدا.
* لە کوردیدا:
گفت و پەیمانی دا.
٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II adonna sa voix
* لە ئینگلیزیدا:
To give ones vote to
* لە عەرەبیدا:
أعطى صوته.
* لە کوردیدا:
دەنگی خۆی دا.
١٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II gange ala da sueur da son front
* لە عەرەبیدا:
هو يكسب بعرق جبينه.
* لە کوردیدا:
بە ئارەقەی نێو چەوان بە دەستی دەهێنێت.
١١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II est sur pied dega lite avec son ami
* لە ئینگلیزیدا:
He is on equal footing with friend
* لە عەرەبیدا:
هو مع رفيقه على قدم المساواة
* لە کوردیدا:
هەردووک پێکەوە بە بێ جیاوازی.
١٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
pierre d achoppement
* لە ئینگلیزیدا:
astumbing blok
* لە عەرەبیدا:
حجر عثرة
* لە کوردیدا:
بەردی تەگەرە.
١٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II a joue sa derniere cart
* لە ئینگلیزیدا:
He played his last card
* لە عەرەبیدا:
لعب ورقته الاخيرة
* لە کوردیدا:
دوا کاغەزی خۆی بەکارهێنا.
١٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:

II lui a donne une care blanche
* لە ئینگلیزیدا:
To give a blank cheque
* لە عەرەبیدا:
أعطى ورقة بيضاء
* لە کوردیدا:
کاغەزی سپی خۆی پێشکەش کرد.
١٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II joue avec la feu
* لە ئینگلیزیدا:
To play with fire
* لە عەرەبیدا:
يلعب بالنار
* لە کوردیدا:
یاری بە ئاگر دەکات.
١٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II peche en eau trouble
* لە ئینگلیزیدا:
To fish in trouble water
* لە عەرەبیدا:
يصطاد في الماء العكر
* لە کوردیدا:
لە ئاوی لێخندا ڕاو دەکات.
١٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
En son honneur
* لە ئینگلیزیدا:
on his honour
* لە عەرەبیدا:
على شرف فلان
* لە کوردیدا:
لەسەر شەرەفی فلان.
١٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Lest repports sont tendus
* لە ئینگلیزیدا:
Sirained relations
* لە عەرەبیدا:
توترت العلاقات
* لە کوردیدا:
پێوەندییەکانیان ئاڵۆز بوو.
١٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Rire janne
* لە عەرەبیدا:
ضحكة صفراء
* لە کوردیدا:
پێکەنینێکی زەردباوی ژەهراوی، یان زەردەخەنەیەکی ژەهراوی.
٢٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II a consacre savie
* لە ئینگلیزیدا
To sacrifice ones life
* لە عەرەبیدا:
كرس حياته
* لە کوردیدا:
ژیانی خۆی تەرخان کرد.
٢١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les malheeurs sonla pierre de touche de lamitie
* لە عەرەبیدا:
المصائب محک الصداقة
* لە کوردیدا:
کاتی لێقەومان سەنگی مەحەکی برادەرییە.
٢٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Cedant a son desire
* لە ئینگلیزیدا:
At his own request
* لە عەرەبیدا:
نزولا عند رغبته
* لە کوردیدا:
لەسەر خواست و ئارەزووی ئەو.
٢٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Ne cessite insistante
* لە ئینگلیزیدا:
insisting needs
* لە عەرەبیدا:
الضرورة الملحة
* لە کوردیدا:

پێویستییەکی زۆر.
٢٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Dans tout le sens du mot
* لە ئینگلیزیدا:
in the full sens of the word
* لە عەرەبیدا:
بكل معنى الكلمة
* لە کوردیدا:
بە هەموو مانای وشەوە.
٢٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II amis les points sur les it
* لە عەرەبیدا:
وضع النقاط على الحروف
* لە کوردیدا:
دانانی خاڵ لەسەر پیتەکان.
٢٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II arepondu aja letter
* لە عەرەبیدا:
أجاب بالحرف الواحد.
* لە کوردیدا:
بە یەک وشە وەڵامی دایەوە.
٢٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les miliex les bien informs
* لە ئینگلیزیدا:
well- informed quarters
* لە عەرەبیدا:
الاوساط المطلعة
* لە کوردیدا:
نێوەندە ئاگادارەکان.
٢٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les milieux dignes de foi
* لە ئینگلیزیدا:
trust worthy circles
* لە عەرەبیدا:
الاوساط الجديرة بالثقة.
* لە کوردیدا:
نێوەندە بڕواپێکراوەکان.
٢٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les hauts cercles
* لە ئینگلیزیدا:
the higher circle
* لە عەرەبیدا:
الدوائر العليا
* لە کوردیدا:
لایەنە پێوەندیدارە باڵاکان.
٣٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II apaye cher
* لە ئینگلیزیدا:
He paid dear
* لە عەرەبیدا:
دفع الثمن غاليا
* لە کوردیدا:
بە گران لەسەری کەوتەوە.
٣١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II aconcentre sa recherche sur certains point
* لە ئینگلیزیدا:
He concentrated on certain points
* لە عەرەبیدا:
ركز البحث على نقاط معينة
* لە کوردیدا:
لە لێکۆڵینەوەکەدا بایەخی بە چەند خاڵێکی دیاریکراو دا.
٣٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II a insiste sur certains point
* لە ئینگلیزیدا:
He emphasized certain points
* لە عەرەبیدا:
اكدوا على نقاط معينة
* لە کوردیدا:
گرنگیان بە چەند خاڵێکی دیاریکراو دا.
٣٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Influer sur lui
* لە عەرەبیدا:
أثر عليه
* لە کوردیدا:

کاری تێکرد.
٣٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II cristalise son idee
* لە عەرەبیدا:
بلورت لديه الفكرة
* لە کوردیدا:
بیرۆکەکەی لەلا گەڵاڵە بوو.
٣٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II empoisonne iopinion publique
* لە ئینگلیزیدا:
To poison the public opinion
* لە عەرەبیدا:
يسمم الرأي العام
* لە کوردیدا:
ژەهراوی کردنی ڕای گشتی.
٣٦- فەرەنسییەکان دەڵێن
Etranglement de libertes
* لە ئینگلیزیدا:
To strangle the liberties
* لە عەرەبیدا:
خنق الحريات
* لە کوردیدا:
کپ کردنی ئازادی و سەربەستییەکان.
٣٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
La conscience mondiale
* لە ئینگلیزیدا:
The world conscience
* لە عەرەبیدا:
الضمير العالمي
* لە کوردیدا:
دنیای خاوەن ویژدان.
٣٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Congres de table ronde
* لە ئینگلیزیدا:
Rond table conference
* لە عەرەبیدا:
مؤتمر المائدة المستديرة
* لە کوردیدا:
گردبوونەوەی سەر مێزی خڕ.
٣٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II la pkatique en large mesure
* لە ئینگلیزیدا:
He applied it on wider scale
* لە عەرەبیدا:
على مقياس واسع
* لە کوردیدا:
بە پێی پێوەرێکی بەرین.
٤٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II travaille dans tres restreint
* لە ئینگلیزیدا:
He applied it on wider scale
* لە عەرەبیدا:
يعمل في أطار ضيق
* لە کوردیدا:
لە بازنەیەکی تەسکدا دەسووڕێتەوە، یان کار دەکات.
٤١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
un oeil nu
* لە ئینگلیزیدا:
Naked eye
* لە عەرەبیدا:
بالعين المجردة
* لە کوردیدا:
بە تاقە نیگایەک، یان بە چاو دەبینرێت.
٤٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
si la memoire ne ma pas trahi
* لە عەرەبیدا:
أن لم تخنني الذاكرة
* لە کوردیدا:
گەر لە یادم مابێت.
٤٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:
La major ite ecrasante
* لە ئینگلیزیدا:
over whelming majority
* لە عەرەبیدا:
الاكثرية الساحقة
* لە کوردیدا:

زۆربەی زۆری.
٤٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
En marge de la politique
* لە ئینگلیزیدا:
on the marqin of the policy
* لە عەرەبیدا:
على هامش السياسة
* لە کوردیدا:
لە پەراوێزی سیاسەتدا.
٤٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Le territoire natonal
* لە ئینگلیزیدا:
National territory dominion
* لە عەرەبیدا:
على التراب الوطني
* لە کوردیدا:
لەسەر خاکی نیشتمان.
٤٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II ablesse son amour
* لە ئینگلیزیدا:
He wounded his feeling
* لە عەرەبیدا:
جرح شعوره
* لە کوردیدا:
هەستی بریندار کرد.
٤٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II apris en consideration
* لە ئینگلیزیدا:
He took in consideration
* لە عەرەبیدا:
أخذ بنظر الاعتبار
* لە کوردیدا:
لەبەرچاوی گرت، یان ڕەچاوی کرد.
٤٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II apris sa place parmi ses camarades
* لە ئینگلیزیدا:
He took his seat between his comrades
* لە عەرەبیدا:
أخذ موقعه بين أصدقائه
* لە کوردیدا:
لە نێو هاوەڵەکانیدا جێی خۆی کردەوە.
٤٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les courants literaires
* لە ئینگلیزیدا:
The literary current
* لە عەرەبیدا:
التيارات الادبية
* لە کوردیدا:
تەوژمە ئەدەبییەکان.
٥٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Avec mes regrets
* لە ئینگلیزیدا:
with regrets
* لە عەرەبیدا:
مع الاسف
* لە کوردیدا:
بە داخ و کەسەرەوە.
٥١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Avec mes souhaits
* لە ئینگلیزیدا:
with my best wishes
* لە عەرەبیدا:
مع تمنياتي
* لە کوردیدا:
بەوپەڕی هیوا و ئاواتەوە.
٥٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Success - activites
* لە ئینگلیزیدا:
Successes - activities
* لە عەرەبیدا:
النجاحات
* لە کوردیدا:
سەرکەوتنەکان.
٥٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:

Lis ont pkatique ja poli lique de mettre les gans
* له ئینگلیزیدا:
They practiced the policy of throwing down the gaunttet
* له عەرەبیدا:
أتبعوا سياسة القاء القفاز
* له کوردیدا:
سیاسەتی هەڵدانی دەست کێشەکان.
٥٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
La vie litteraire
* له ئینگلیزیدا:
The literary life
* له عەرەبیدا:
الحياة الادبية
* له کوردیدا:
ژیانی ئەدەبی.
٥٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II abuttu le record
* له ئینگلیزیدا:
He beats the record
* له عەرەبیدا:
ضرب الرقم القياسي
* له کوردیدا:
ژمارەی پێوانەیی شکاند.
٥٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les ocuvres completes de lecrivain
* له ئینگلیزیدا:
The complete works of the writer
* له عەرەبیدا:
الاعمال الكاملة للكاتب
* له کوردیدا:
سەرجەم بابەتەکانی نووسەر، یان کۆی کارە ئەدەبییەکانی.
٥٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Le doute ne remonte alui
* له عەرەبیدا:
لا يرقى اليه الشک
* له کوردیدا:
گومانی ناچێتە سەر.
٥٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II est sous influence
* له ئینگلیزیدا:
it is under the influence
* له عەرەبیدا:
تحت تأثير
* له کوردیدا:
له ژێر کاریگەریەتی.
٥٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
La tour divoire
* له ئینگلیزیدا:
ivory tower
* له عەرەبیدا:
البرج العاجي
* له کوردیدا:
له بورجی بڵنددا، یان له کەشکەڵانی فەلەکدا.
٦٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II jette une lumiere
* له ئینگلیزیدا:
To throw light on
* له عەرەبیدا:
القاء الضوء عليه
* له کوردیدا:
تیشک خستنە سەری.
٦١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
A la luniere des evenement
* له ئینگلیزیدا:
At the light of the events
* له عەرەبیدا:
على ضوء الاحداث
* له کوردیدا:
له ژێر تیشکی ڕووداوەکاندا.
٦٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II jette un coup doeit
* له عەرەبیدا:
يلقي نظرة عليه

* لە کوردیدا:
چاوێکی پێدا دەخشێنێت.
٦٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II passe une epreuve dure
* لە ئینگلیزیدا:
He goes through difficulties
* لە عەرەبیدا:
مر بتجربة قاسية
* لە کوردیدا:
بە تاقیکردنەوەیەکی سەختدا تێپەڕی.
٦٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II avecu lepreuve
* لە عەرەبیدا:
عاش التجربة
* لە کوردیدا:
لەو ئەزموونەدا ژیا.
٦٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Quon tourney la page
* لە ئینگلیزیدا:
Turne new page
* لە عەرەبیدا:
لقلب صفحة جديدة
* لە کوردیدا:
هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ.
٦٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les donnees
* لە عەرەبیدا:
المعطيات
* لە کوردیدا:
دەرئەنجامەکان.
٦٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II est en dehors de mes possibilites
* لە عەرەبیدا:
هو خارج امكانياتي
* لە کوردیدا:
لە ژوور تواناکانمەوەیە، من دەرەقەتی نایەم (ڕامان)
٦٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Personnalite marquante
* لە ئینگلیزیدا:
amarked personality
* لە عەرەبیدا:
الشخصية البارزة
* لە کوردیدا:
کەسایەتییەکی دیار، یان کەسایەتییەکی ناسراو.
٦٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II attache une certane importance
* لە ئینگلیزیدا:
To attach importance
* لە عەرەبیدا:
يعلق عليه أهمية خاصة
* لە کوردیدا:
گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرێت.
٧٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II arepondu avec un peu de-tonnement
* لە عەرەبیدا:
اجاب في شيء من الدهشة
* لە کوردیدا:
بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە.
٧١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II tire lattention
* لە ئینگلیزیدا:
it attracts attention
* لە عەرەبیدا:
هو يجذب الانتباه
* لە کوردیدا:
سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.
٧٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II reflete la situation sociale
* لە ئینگلیزیدا:
reflects the social background
* لە عەرەبیدا:
يعكس الحالة الاجتماعية
* لە کوردیدا:
ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییە.
٧٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:

Les points de vue
* لە ئینگلیزیدا:
The points of view
* لە عەرەبیدا:
وجهات النظر
* لە کوردیدا:
گۆشە نیگا.
٧٤- فەرەنسییەکان دەڵێن
Pretez moi les Oreilles
* لە ئینگلیزیدا:
Lend me your ear
* لە عەرەبیدا:
اعرني أذنيک أو أعرني أنتباهک
* لە کوردیدا:
گوێی خۆتم بدەرێ، گوێم بۆ شل بکە (ڕامان)
٧٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
L organ gouvernemental
* لە ئینگلیزیدا:
The official organ
* لە عەرەبیدا:
الاجهزة الحكومية
* لە کوردیدا:
دامودەزگا حکوومییەکان.
٧٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II porte acroire
* لە عەرەبیدا:
يحملنا على الاعتقاد
* لە کوردیدا:
دەمانخاتە سەر باری باوەڕ پێکردن.
٧٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II voit dun coin
* لە ئینگلیزیدا:
He looks from one angle
* لە عەرەبیدا:
ينظر من زاوية واحدة
* لە کوردیدا:
لە تاقە گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێت.
٧٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
La Pierre angulaire
* لە ئینگلیزیدا:
Corner stone
* لە عەرەبیدا:
حجر الزاوية
* لە کوردیدا:
بەردی بناغە، یان بەردی گۆشە.
٧٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II coure lidee
* لە ئینگلیزیدا:
He adopts the idea
* لە عەرەبیدا:
يتبنى الفكرة
* لە کوردیدا:
بیرۆکەکەی خستە ئەستۆ.
٨٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II araison
* لە ئینگلیزیدا:
He has the right
* لە عەرەبیدا:
لە كل الحق
* لە کوردیدا:
هەقی بەلاوەیە، یان مافی بەلاوەیە.
٨١- فەرەنسییەکان دەڵێن
Precedent dangereux
* لە ئینگلیزیدا:
a dangerous precendent
* لە عەرەبیدا:
سابقة خطيرة
* لە کوردیدا:
پێشهاتێکی مەترسیدار.
٨٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
crise psychologique
* لە ئینگلیزیدا:
psychological crisis
* لە عەرەبیدا:
أزمة نفسية
* لە کوردیدا:

تەنگژەیەکی دەروونی.
٨٣- فەرەنسییەکان دەڵێن
En sa qualite
* لە ئینگلیزیدا:
in his capacity
* لە عەرەبیدا:
بصفته
* لە کوردیدا:
بەو سیفەتەی.
٨٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
La colombe de paix
* لە عەرەبیدا:
حمامة السلام
* لە کوردیدا:
کۆتری ئاشتی.
٨٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
si nous remontos au cinquieme siecle avant
* لە عەرەبیدا:
أذا أرتقينا
* لە کوردیدا:
گەر بەرەوژوور هەڵکشاین.
٨٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II est souple ou flexible
* لە ئینگلیزیدا:
He is flexible
* لە عەرەبیدا:
أبدی مرونة
* لە کوردیدا:
نەرمی نوواند.
٨٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II est mis sur la table de travail
* لە عەرەبیدا:
وضع على طاولة البحث
* لە کوردیدا:
خرایە سەر مێزی گفتوگۆ.
٨٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Le genrs literaires
* لە عەرەبیدا:
الانواع الادبية
* لە کوردیدا:
جۆرەکانی ئەدەب.
٨٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Le upomt de depart
* لە ئینگلیزیدا:
point of departure
* لە عەرەبیدا:
نقطة الانطلاق
* لە کوردیدا:
[خاڵی دەستپێکردن (ڕامان)]
* خاڵی دەرپەڕین.
٩٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II ademande sa main
* لە ئینگلیزیدا:
To ask hand of
* لە عەرەبیدا:
طلب يدها
* لە کوردیدا:
داوای دەستی کرد. [خوازبێنی کرد (ڕامان)]
٩١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
reforme radicale
* لە ئینگلیزیدا:
Radical roform
* لە عەرەبیدا:
اصلاحات جذرية
* لە کوردیدا:
چاکسازیی بنەڕەتی. [چاکسازیی ڕیشەیی (ڕامان]
٩٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Les racines de la question etendent
* لە ئینگلیزیدا:
The root of the problem go dept
* لە عەرەبیدا:
تمتد جذور المسألة
* لە کوردیدا:
ڕەگوڕیشەی مەسەلەکە ڕۆچووە.
٩٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:

sa situation devant ce tte question
* لە عەرەبیدا:
موقفه أمام القضية
* لە کوردیدا:
هەڵوێستی بەرانبەر بە کێشەکە.
٩٤- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II est sous letude
* لە ئینگلیزیدا:
it is under study
* لە عەرەبیدا:
تحت الدرس
* لە کوردیدا:
لە ژێر باس و لێکۆڵینەوەدا.
٩٥- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Rien de nouveau sous le soleit
* لە ئینگلیزیدا:
Nothing new under the sun
* لە عەرەبیدا:
لا جديد تحت الشمس
* لە کوردیدا:
شتێکی تازە و نوێ لە ژێر تیشکی خۆردا نییە.
٩٦- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II cst I homme de l heure
* لە ئینگلیزیدا:
The man of hour
* لە عەرەبیدا:
رجل الساعة
* لە کوردیدا:
پیاوی ساتەوەخت.
٩٧- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II lui aparts de bout de leveres
* لە عەرەبیدا:
حدثه بطرف لسانه
* لە کوردیدا:
بە لا لێوەوە لەگەڵی دوا.
٩٨- فەرەنسییەکان دەڵێن:
une question superficielle
* لە عەرەبیدا:
مسألة سطحية
* لە کوردیدا:
مەسەلەیەکی ڕووکەشە.
٩٩- فەرەنسییەکان دەڵێن:
sous legide ou le haut patronge
* لە ئینگلیزیدا:
under the patronage
* لە عەرەبیدا:
تحت رعاية
* لە کوردیدا:
لەژێر چاودێری. [بە چاودێری (ڕامان)].
١٠٠- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Lagoneration montante
* لە ئینگلیزیدا:
The rising generation
* لە عەرەبیدا:
الجيل الصاعد
* لە کوردیدا:
نەوەی نوێ.
١٠١- فەرەنسییەکان دەڵێن:
II rit dans sa barbe
* لە عەرەبیدا:
يضحک على الذقون
* لە کوردیدا:
بە ڕیشی خەڵکی پێدەکەنێت.
١٠٢- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Des couleurs criardes
* لە عەرەبیدا:
ألوان صارخة
* لە کوردیدا:
ڕەنگی ئاڵو والا.
١٠٣- فەرەنسییەکان دەڵێن:
Critique amere
* لە ئینگلیزیدا:
Bitter criticim
* لە عەرەبیدا:
نقد مر
* لە کوردیدا:
ڕەخنەیەکی توندوتیژ.

# عەونی سامی نیگانمای جوانی لە بیرەوەرییەکانی منداڵیدا

وەهبی ڕەسوڵ
(سلێمانی)

سەرباری هەموو ئەو میتودە کارایانەی لەنێو خۆبەخۆیی دەقی هونەریدا، وەک پێکهاتەیەک لە بنیادی تەکنیکی و ئیستێتیکی، هەڵسەنگاندن و بنیادنانەوە بۆ دەقی هونەریی دەکەن و بە قووڵی کاریگەرییان، وایان کردووە ڕەخنەگر و مێژوونووسێکی وەک (هێربرت ڕید) لە توانایی و کارایی پێودانگە ڕەخنەییە هونەرییەکانی ئەم میتودانەدا بڵێت: "نیگارکێشەکانن ڕەخنەگرە مەزنەکان". ئەم میتودانەش لە کایەی ڕەخنەییدا، بەو میتودە ڕەخنەییانە ناوزەد دەکرێن، کە پێیان دەوترێت میتودی ڕەخنەیی بە پێی ڕێسا و بنەماکان، کە لێکدژن لەتەک ئەو میتودە ڕەخنەییانەدا کە لە میانی کۆبنیادێکی دیاریکراودا وەک مێژوو، سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیا و...تاد. توانا ڕەخنەییەکانی خۆیان دەخەنە گەڕ. سەرباری هێزی ئەم ئامادەییە لە پڕۆسێسی ڕەخنەی هونەریدا، بەڵام هێشتا میتودی ڕەخنە کۆبنیادییەکان کارابوونی خۆیان لە دەست نەداوە و لە دەست نادەن، ئەگەر هەر نەبێت لە توانایییاندایە وەک ئاراستەیەکی تەواوکەر لەم پڕۆسێسە هەستیار و پێویستەدا هەڵسوڕێن.

بەدی کردنی ئەم بەرەنجامە ئەگەر لە ڕێبازێکی هونەریی تا یەکێکی دی جیاوازبێت، یان لە هونەرمەندێک، یان کارێکی هونەری تا یەکێکی تر بە هەمەچەشنەیی بکەوێتەوە، ئەوە لە تێڕامان و هەڵسەنگاندنی بەدیهاتووە هونەرییەکانی هونەرمەندێکی وەک (عەونی سامی)دا، زۆر بوێرانە و کاریگەرانەتر خۆی ئاراستەی نێو پڕۆسێسی ڕەخنەییمان دەکات.

عەونی سامی هونەرمەند لەدایکبووی ساڵی(١٩٥٦)ی شاری (زاخۆ)یە و دەرچووی (١٩٧٩) پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدایە، بەشی گرافیک و ساڵگارێکی درێژە سەرقاڵی کاری هونەری بە گشتی و بواری (گرافیک)ـە بە تایبەتی، لە ساڵی(١٩٩٣)ـەوە

چووەتە دەرەوەی وڵات (هۆڵندە) و بۆ ماوەی سێزدە ساڵێک لەوێ ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا چەندین خولی تایبەتی لەسەر هونەری گرافیک و سکرین، لە وڵاتی هۆڵندە و سوێد بینیوە، تا ساڵی (٢٠٠٦) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، لە شاری زاخۆ و کەوتووەتە خۆی بۆ دامەزراندنی تاقیگەیەکی کارکردنی هونەری گرافیکی بۆ گەنجان و مێرد منداڵان و منداڵانی ئەو شارە، بەم پرۆژەیەشی توانیویەتی جووڵەیەکی کارا و دیار بخاتە نێو بزاڤی هونەری شێوەکاری لەو دەڤەرەدا و جێ دەستی ئاشکرا و کاریگەر لەو میانەدا و لە پێگەیاندنی چەندان توانایی هونەری بەرز بنوێنێ. هونەرمەند وێڕای کارکردنی لە بواری گرافیکدا، هەر لە هەندەران، بە گەلێ ئاراستەی هونەریی جیاجیادا کاری هونەری ئەنجام داوە، تا گەیشتن بە خواست و پێویستیی ئەزموون کردن لە کایە و ڕێبازە هونەرییەکانی پۆست مۆدێرنە.

بەڕاستی نووسین و ئاخاوتن لە بارەی سەرلەبەری کارکردن و ئەزموونە هونەرییەکانی (عەونی)ی هونەرمەند، زۆر زیاتری لەمە پێویستە و هەوڵێکی لەو جۆرەش توێژینەوەیەک دەبێت بە چەند هەوێڵی جیاجیای شرۆڤە و شیکردنەوە و پێودانگ کردن تا گەیشتن بە بڕیار لەسەر دان و گەیشتن بە بەرەنجامی دیار و ڕاشکاو و بەرچاو، هەر بۆیە پێویست بەوە دەکات کە بوترێت نووسین و ئاراستەی سەرنجە هونەری و ڕەخنەییەکانی ئەمێستای ئێمە، لە بارەی دوا نمایشی کارەهونەرییە گرافیکییەکانی هونەرمەندە، کە لە گەلەری (سەردەم) لە زستانی ئەمساڵدا پیشاندانێکی هونەری بۆ ڕێک خستن.

هونەرمەند وەک نیگانمای خۆی، دەقێکی نووسراوی ئاراستەی خوێنەر و بینەری کارەکانی کردووە، لێرەدا و لەمیانی خوێندنەوەیەکی ناوەکی نێو نەخشەی سنووری کارە هونەرییەکانی هونەرمەند و بەدوور لەو دەقە نووسراوەی هونەرمەند وەک بەراییەک بۆ چوونە نێو ڤۆڵدەری ئەم دوا نمایشەی نووسیویەتی، کە سەراپا بەستنەوەیەکی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆیانەی هەژموونی ژێدەری سەرەکی ئاراستەی واتایەکە بۆ بەدیهێنان و خوێندنەوەی ناوەڕۆک لە کارە هونەرییەکانیدا.

بەدوور لەم نووسینە بەراییە، تەنانەت بە دوور لە خودی هونەرمەند خۆیشی و هاوکات نزیک لە هەناسە و زیندوێتی گوتاری واتا، لەسیستمی بنیادی خودی دەقە هونەرییەکانیدا، دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین، پەی بردن بە ئامادەبوونەوەی بیرەوەرییەکانی منداڵی وەک ژێدەرێکی نەستی هەژموونگەرا و هێزێکی میتافۆری کاریگەر و کارا و بزوێنەر، شتێک نییە ئەستەم، یان خاوەن قورساییەکی تایبەت لە ئەزموونە کارکردنی ئەم ڕیزە کارە هونەرییەی هونەرمەندا. بینەر لە هەموو پەنا و قوژبنێکدا بەر ئامادەبوونەوەی ئەو بیرەوەرییانە دەکەوێتەوە، بەڵام هونەرمەند ئەم بیرەوەرییە نەستیانەی لە بەجێ هێنانێکی تەکنیکی و ئیستێتیکیدا، بە چەندان پرۆسێسی

گـــۆڕاندنی هەڵـوەشـــاندنەوە و چڕکـــردنەوە و ئەبســـتـــراکت کـــــــــردنـەوەدا بـردووە، وای لێکردوون ئەمـانە ببنە بیـرەوەری گـەلێک لە ڕوانگەی ئەمـــڕۆی گـەورەبوونەوە و پێـوەندییـەکی دوالیزمی وایان لێ بئافرێنێ کە تـانوپۆکـــەی پێکهـــاتووە لە: ئاراسـتەگەرێتی گەورەیی (کە پڕۆسـێـســـێکە ئەقـلانیـانە سـەرچاوەی گـرتوو) و خـۆی لە ئامادەییەکانی فۆڕمی ئەندازەیی و بارســـتـــەی پلان بۆدانراو و کـۆلاجی ڕەنگین و دەرخـســتنی مـــــەبەســـــتگەرایی وزە کەرەسەییەکاندا پەخش دەکات.

بەرانبەر بەراییبوونەوە لە خۆدانە دەست، توانستە جوانییـەکانی ڕێکەوتی تەکنیکی و خۆڕەسی و هەنووکەیی بوون (کە پڕۆسێس گەلێکی نا ئەقلانین) لە بوێری ڕاکێشانی هێڵ و ئامادەکردنەوەیەکی ئالۆز و دژواری ئاماژە دوورەدەستەکانی نەستی منداڵیدا خۆ دەخەنەڕوو، لە لێکدژییەکی ئامادە و بەردەوامدان، لە هەندێ کـاری هونەریدا بەرێکیـان و لە هەندێکی تردا بەرێکی تریان زاڵ دەبن، یان ڕەنگە باشـتـــر بڵـێین، هونەرمەند ڕووکەشی کـاری هونەری تەرخـانی گـوتاری تەکنیکیانەی لایەکیان دەکات، کە هەندێ جار سەرجەمی گـوتاری ئیـســتـێـتـیـکیـانەی ڕوانگەی هونەرییـانەی هونەرمـەند پێکدەهێنێت و لەخـۆدەگـرێت و لە هەندێ دەقی هونەریشـدا هاوکێشەیەکی جوانی هاوسەنگی لەم دوو بەرە لێکدژە بەدی هێناوە، یان بۆ بەدی هاتووە.

ئەو خـۆی لە بارەی منداڵیـەتی خـۆیەوە باس لەوە دەکـات کـە چۆن هەمـیـشـــە کـەوتووەتە لەبەر یەک هەڵوەشاندنی ئەو ئامـرازی یاریکردنانەی بۆیان کـڕیوە، کەواتە خواستی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی شتەکان بە پێی سیـسـتـمـێکی خـودیی هەژمـوونگەرا، خـواسـتـێکە و خـواسـتـێک بووە، قـووڵ بە درێژایی ژیانی هونەرمەندا ڕۆچووە، پێدەچێت هەر بوونی لە مێژینەی ئەم خواستە ڕادیکاڵییە بێت، وەک هۆکارێک (یان هۆکارێکی کارا) کـاری لەسـەر ئیـخـتـیـاری ئایدیۆلۆژیانەی هونەرمـەند کردبێت بۆ قۆناغێک لە قۆناغە گرنگ و هەستیارەکانی ژیانی کەسێتی خۆی.

ئەو دەیەوێت سـەرلەبەری شـتـەکـان لە ئاشنایەتی و ئاسـاییـانەوە بگۆڕێتە سـەر سیـسـتـمی بنیـادنانەوەی دنیایەک لە ئیختیاری خۆی، ئەم دنیایەش بە جوانییەک دەئافرێنێتەوە کە تەژی بێت بەو کەرەسە و ئامـرازانەی نـامـۆ و دوورەدەستن لە بەخـشـینی جـوانی لە زەین و تێڕامانی بینەردا و جوانییەکی تر و نوێ و جیاوازیان بە بەردا دەکاتەوە، پێمان دەڵێت ئەم شتە نزیکانە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمـەدا خـاوەنی چەندان جـوانین، ئەگـەر بێـتـو بەشێواز و لە کۆنتێکستێکی تردا لێیان بڕوانینەوە، هەر ئەم گـۆڕانکاری و دوورکـەوتنەوەیەشـە هەڵوێسـتـەیەک بە بینینی بەراییـمـان بۆ دەقـە بەدیهـاتووە هونەرییـەکـانی دەکات. چون بەرەنجامی ئەو دوورکەوتنەوە و گۆڕاندنانەی بەسەر ڕووداوە سەرەتاییەکان و فۆڕم و نیشانە و ئاماژە نوێنەرەکانیـدا هاتوون، بینەر ناتوانێ بە ڕاستەوخۆیی و سـانایانە پەی بە تـانوپۆی وزە گـوزارشـتگەراکـانی فـۆڕم بـەرێـت و لـەدووتـوێـی ئـەو تـوانـایـی پـەی بـردنـە چێـژگـەراییـەوە(ئەگـەر هەرچی چەندێک ڕێژەییش بێت) تەلیـســمـی واتا تـابۆکـــان بەیەک ئـاقـــار و ڕێچکەی ڕاسـتـەوخـۆدا بشکێنێ کـە لە دیوە زمـانەکـانی دەقی هونەریدا خـــۆیان حـــەشـــارداوە و بە چەندان توانایی جیاجیای ڕاڤەکارییـەوە لە پانتـاییـەکی هێرمـۆنتـیکی کراوەدا خۆ ئاراستە دەکەن.

# گۆرانی و مەقامی کورد

**جەمیلە جەلیل**
**وەرگێڕان لە کرمانجی و پیتی لاتین: ڕەحیم لوقمانی**
**(سنە)**

لە ئەدەبی کوردی بەشی کرمانجی ژووروودا، کەس نییە ناوبانگی بنەماڵەی ڕێزداری (جەلیل) یان نەبیستبێ. ئەم بنەماڵەیە ماوەی دەیان ساڵە بە کتێب و گۆڤار و لە ڕێگەی ڕادیۆی کوردی یەریڤان لە ئەرمەنستان خزمەتێکی زۆری زمان و کولتووری کوردییان کردووە. کەسایەتی وەک: ئۆردیخانێ جەلیل، جاسمێ جەلیل، جەلیلێ جەلیل و جەمیلە جەلیل و...تاد ئەو ناوانەن کە هەموومان و بە تایبەت کوردی ئەرمەنستان و ئەو شوێنانەی کوردی لێ دەژین، شانازییان پێوە بکەن و بیانکەنە نموونە بۆ هەر بنەماڵەیەک. یەکێک لە کارە زانستییەکانی جەمیلە جەلیل، کۆکردنەوەی خەرمانێکی دەوڵەمەندە لە ٢٠٠٠ ئاواز و گۆرانی کوردی ناوچەکانی ئەرمەنستان و گورجستان. جەمیلە خان، گۆرانییەکانی ڕاستەوخۆ لە دەنگبێژانی کورد تۆمار کردووە و لەسەر شێوازێکی زانستی (نۆتی) بۆ داناوە و وشە بە وشەی شیعرەکانی نووسیوەتەوە. نزیکەی ١٠٠ مەقام و گۆرانی وەک بەرکوڵێک لەو گەنجینەی لە کتێبێکدا چاپ کردووە و بە نۆت و شیعرەوە خستوویەتە بەردەستی خوێنەر و هونەرمەندی کورد. ناوی کتێبەکە (KILAM U MIQAM E DCIMETA KURDA) مەقام و گۆرانی گەلی کورد. لە ١٩٨٢ لە ستۆکهۆڵم چاپ کراوە.

جەمیلەخان پێشەکییەکی کورت و شیرینی بە کرمانجی ژوورو (بەپیتی لاتین) بۆ کارەکەی نووسیوە کە زیاتر هەست و سۆزی خۆی بۆ سروشتی کوردستان و چەم و چیا و گۆرانی و هەڵپەڕکێ پیشان داوە. وەک جەمیلە جەلیل دەڵێ: دەنگدانەوەی سروشت و ڕەنگدانەوەی ژیان و مێژووی کوردان لەناو مەقام و گۆرانی و هەڵپەڕیندا بە جوانی دیارن، بە تایبەت کوردانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان و گورجستان، کە لە کوردستان دوورن، بەڵام وەک ئەشق و سۆزێکی پیرۆز، ناوی نیشتمان لەناو خوێن و دەروونیاندا دەژی. من بەبێ هیچ دەست

تێوەردانێک پێشەکی کتێبەکەم هێناوەتە سەرزاری سۆرانی و فۆنتی ئارامی.

دەڵێن کوردستان، وڵاتی ئێمەی کورد، زۆر جوان و ڕازاوە و نەخشینە. زۆر حەزبەر و دڵڕفێن و پڕ ئەوینە. خاکی پڕ خێروبێر و زینەت و زێڕە. دەڵێن چۆمانی وەک پشتوێنی زێونین، وەک گەوهەری نایاب و ئاوێنەی بێ وێنەن ئاوی کانییەکانی مەرهەمی دڵانن. دەڵێن چیاکانی کوردستان پشتیان لە پشتی یەکترە. وەک هەوران سەربەرزن لوتکەی چیا سینگی بەرزی ئاسمانیان قڵەشاندووە. چیا و هەوارگەکانی دیمەن خۆش و زنار پۆشن. دەوراندەوری چیا وەک تۆڕی گوڵینە. دەنگ و ئاوازەی پەروەردەی سروشتە و بەگوڵاڵەی چیا خەملێیوە. دەڵێن لەسەر چیاکان ئاسمان تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەستێرەکان زۆر پڕشنگدار و نزیک و دڵگرن. سروەی فێنک و بای چیا وەک بای چیای دیکە ناچن، هەروەها باڵندەکانی، زۆر زراڤ و تایبەتن. دەڵێن خەڵکی کوردستان ئەژماریان ٢٢ ملیۆن کەسن. (ئەم ئامارە هی ساڵانی هەشتایە - تا ٣٠ ساڵ پێش ئێستا کە دەوڵەتانی ناوچە کورد، ئاماژەی ئاماری ڕاستی ناکەن). خەڵکی هەموو میهرەبان و غەریب دۆستن. لە دڵ نزیک و بەجەوهەر و ناندەر و میوان دۆستن. بۆ پاراستنی ماڵ و ناموس و هەڤاڵ و هۆگری خۆیان وەک شێرن. سەر لە پێناوی مەبەستن. تا بڵێی ئازا و مێرخاسن. دەڵێن... من باوەڕم وایە هەرچی لەم بارەوە دەڵێن هەموو ڕاستە و کەمی هەیە و زۆری نییە. شتێکی ئاسایی نییە کە تۆ کوردستان ببینی و بە ناو کوردا بگەڕێیت و بتوانی وەک ئەوان ئەو شتانە پێناسە بکەی. ئەوەندە بەسە کە بتوانی گۆرانی و مەقامی کوردی هەست پێ بکەیت و دیلان و هەڵپەڕکێیان بە جوانی ببینی.

لەم ئاوازانەدا، ڕامان و خەمی کوردستان دەبینی، ڕەنگ و نیگاری چیایان تێدا دەبینی. خووخدەی کوردان، مێرخاسی و جوانی، نازداری (کچە ئامۆزا) بە چاوی خۆت دەبینی (ئاماژە بە گۆرانی ئامۆزا)

ئەوە ماوەی ٢٥ ساڵە من لەنێو کوردی سۆڤیەت (شۆڕەوی پێشوو) دەگەڕێم. مەقام و گۆرانی کوردی دەبیستم و دەینووسمەوە. لەم ماوەیەدا دوو هەزار گۆرانی و مەقامم لەسەر شریت تۆمار کردووە. گەلۆ! ئەو بەرهەمانە بۆ من تەنیا مەقام و ستران نین! مەقام و سترانی کوردان دەنگ و بانگی کوردستانی ڕەنگینی منە. دەنگ و هاواری باب و باپیرانی منە کە لەبن خاکەوە دەگاتە گوێمان. ئەوە هاژە هاژی چەم و کانییە کە لە هەر لایەکی کوردستانەوە دەبیسترێ. ئەوە وژە وژی بای سەر چیایە، فیکە و جریوەی چۆلەکە و پاساری، بارە و کارەی بەرخ و پەزانە.

ئاوازی (میران) کە پێی دەڵێن (مەقامی سواران) گەلۆ! ئایا ئەوە مێژووی زیندووی کورد نییە؟ بەسەرهاتی کەژ و کێو و دەرە و دۆڵ و پێدەشت نییە؟ ئەوە هاوارونالەی بریندارانە، دنەدانی گۆرانی برازاوا، بانگی ئارامی شایی بەربووک، شریخەی مەتاڵ دەنگی ڕم و سمی ئەسپی سواران نییە؟ ئەو دیاردانە هەموو بوونەتە دەنگ، بوونەتە ئاواز و مەقام بە باڵی دەنگ فڕیون و سنووریان بڕیوە و دەربازی وڵات بوونە و ئەمڕۆ ئێمە هەر چیایەکی بڵندوخۆش دەبینین بەو دەنگانە هۆگر دەبین و دڵمان دەڕوا. ئەوە بۆ من دڵبەرستانە. ئاواز و مەقامێکی کە شوانان بە بلوێر لێی دەدەن، کێ دەڵێ ئەوە دەنگ و ئاوازەی سروشت نییە کە خەم و خەیاڵی بلوێرڤانی تێکەڵ بووە و دەگاتە گوێی ئێمە؟ لە زەماوەندی ئێمەدا، کاتێک کوڕ و کچ شان بە شانی یەکتر هەڵدەپەڕن گەلۆ، زەوی چۆن لەبەر ئەو هەموو جوانییە خۆ ڕادەگرێ؟ بڕوانن هەڵپەڕکێی ئێمە چەندە ناو و شێوەی جۆراوجۆری هەیە: شەڕانی سێ پێ، قلیچک، ڕۆمانی، میرزایی، شۆرۆر، سەکمە هۆی ناری، لاچی، تەنزەرە، ترنگی، کۆچەری، بێری بێری، قازقاز و گەلێکی تریش. بەڵێ کەسێک بە جوانی گوێ بداتە مەقام و ستران و بڕوانێتە جۆرەکانی هەڵپەڕینمان، بێ گومان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبینێتەوە. ئەوەتا لەپاشی سەرکوت و تاڵان و وێران کردنی گوند و شاران، لە پاش کوشتن و خوێن ڕژاندنی ئێل و ئەشیرەتان، نەتەوەی ئێمە هەر ماوە و ناشمرێ. مەقام و ستران کوردی هەموو ڕەمز و سیمبولن. هەموو پەروەردە و قوتابخانەی قاڵبوون و میللەت پەروەرین. دەجا لەسەرمان پێویستە مەقام و گۆرانی و ئاوازی خۆمان وەک سۆمای چاومان بپارێزین. تا لەبیر نەچنەوە و فەرامۆش نەبن، بێ خودان و بێ ساحێب نەبن؛ دەنا وەک پەزی بێ شوان گورگ تێیان دەکەوێ و بڵاویان دەکاتەوە و بۆ خۆیان دەبا.

ئەم مەقام و ئاوازانەی لەم کتێبەدا هاتوون بە چەند ساڵان کۆم کردوونەتەوە و نووسیومەتەوە. بەناو گوند و شاری ئەرمەنستان و گورجستاندا گەڕاوم و لە دەنگ بێژ و خۆشخوانانی کوردم بیستووە، ئەوە پێشکەش ئێوەی دەکەم. سوپاسی ئەو دۆستانەش دەکەم کە ئەرکی چاپ کردنی ئەم کتێبەیان وەئەستۆ گرت و ئەم بەرهەمەیان پێشکەشی خوێندەوارانی کوردستان کرد.

# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

## دوورخستنەوەم بۆ خوارووی عیراق

لە سەرەتای (ساڵی ١٩٦١)ـەوە، گرفتی سەخت دەهاتە سەر ڕێم، لەلایەک (پشتیوان)ی کوڕە گەورەم ماوەیەک بوو تووشی نەخۆشی ڕۆماتیزمی دڵ ببوو، پێویستی بەچارەسەر کردن بوو، جارێک لە ساڵی ١٩٦٠دا بردم بۆ مووسڵ و جارێکیش لە شوباتی ١٩٦١دا بردم بۆ بەغدا و لە نەخۆشخانەی کۆماری خەوێنرا و دکتۆر ئەنوەر ئەوقاتی تاڕادەیەک چارەی کرد، بەڵام دەردەکەی هەر ما.

بۆ هاوینی ئەو ساڵەش ماوەیەک بوو (بەدرەدین عەلی) کرابوو بە پارێزگاری هەولێر، بە تۆمەتی شیوعییەت ماڵمان لەلایەن ئاسایشی کۆیەوە پشکێنرا، هەرچەندە هیچ کتێبێکی سیاسی قەدەغەکراویان لە کتێبخانەکەمدا نەدۆزییەوە، چونکە پێش چەند ڕۆژێک خوالێخۆشبوو (سمکۆ ئاسەف) کە بەرپرسی (قەڵەمی نهێنی) بوو لە پارێزگای هەولێر، هاتە کۆیە و ئاگاداری کردمەوە کە ڕاپۆرتێکی خراپم لەسەر نووسراوە، گوایا مانەوەم لە کۆیە جێی مەترسییە!! منیش ئەو کتێبانەی سیاسی بوون و بۆنی شیوعییەتیان لێ دەهات شاردمنەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە فەرمانی دادوەری گشتی عەسکەری لە کۆیەوە بۆ پارێزگەی زیقار (ناسریە) دوورخرامەوە، منیش بە ناچاری خۆم و ماڵ و منداڵەکانم ئامادە کردن بۆ ئەو گەشتی هات و نەهاتە کە ئەوسا کوڕەکانم پشتیوان (١٩٥٥/١/٢) و کامەران (١٩٥٦/٦/٢٩) و بارزان (١٩٥٩/١/٩) لە دایکبوو ببوون، لەگەڵ (بەهار)ی کچم کە چەند مانگێک بوو لە مایسی (١٩٦١)دا چاوی ژیانی هەڵێنابوو، لەگەڵ دایکیان لە ٢٩/ ١٠/ ١٩٦١دا بەرەو بەغدا چووین و منداڵەکانم لە ماڵی کاک فاتیحی حاجی جەلیل ئاغای حەوێزی کوڕی خاڵۆزای باوکم دانا و خۆم چووم بۆ

(ناسریە) و لەوێ دەستەیەکم لە هاوڕێیانی شارەکەی خۆم و هەولێر و سلێمانی و شەقلاوە و ڕەواندز و شارەکانی دیکەی کوردستان لە ئوتێلی خەیام دۆزییەوە، کە هەموویان لەسەر هەڵوێستی سیاسی (پارتی، یان شیوعی) دوور خرابوونەوە، بۆ سبەی فەرمانی گواستنەوەکەم برد بۆ بەڕێوبەرایەتی مەعاریف (پەروەردە)ی ناسریە کە ئەوساکە کابرایەکی نەتەوەیی عەرەبی خەڵکی مووسڵ بەناوی (عەبدولموحسین تۆحەلە) بەڕێوبەری بوو، سکاڵایەکیشم پێشکەش کرد لەگەڵ ڕاپۆرتێکی پزیشکی کە کوڕەکەم نەخۆشی ڕۆمانتیزمی دڵی هەیە و پێویست دەکات لە مەڵبەندی تەندروستی نزیک بێت، کە بەڕێوەبەر داواکارییەکەم و ڕاپۆرتەکەی پزیشکی بینی، فەرمانبەری خۆیەتی کە ناوی (ڕەحمان) بوو بانگ کرد و پێی گوت لە گوندێکی نزیک شاری (شەترە)ی قەزای سەر بە ناسریەی دابنێ، تاکو ماڵەکەی لەناو شار بێ و ڕۆژانە بە ئۆتۆمبێل، یان بە پایسکل هاتوچۆی قوتابخانەکەی بکات، ئەویش لە قوتابخانەی (ئەلرەبیع) لە گوندی (ئال حامی) دانام کە ٤ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شەترەوە دوور بوو.

کە چوومە شەترە و بە غەمگینی لەسەر لاتەختێکی چایخانەیەکی سەر شەتی غەراف لە بازاڕی شارەکە دانیشتم، برادەرێکی نەدیتی و نەناسیم هاتە لاو دوای سڵاو و بەخێرهێنان، بە قسەکانی زانیم شیوعییە، زوو زانیبووی دوورخراومەتەوە و دیارە تۆمەتەکەشم سیاسییە و لەسەر شیوعییەتە. ئەو برادەرە خۆی پێناساندم کە ناوی (حوسین هەللول)ـە، لە ماوەیەکی کەم خانوویەکی بەتاڵی لەبەری ڕۆژهەڵاتی شارەکە بۆ دۆزیمەوە و بە مانگانەی ٨ دینار بە کڕێم گرت و بۆ بەیانی بە پایسکلی ئەو هاوڕێیەم چووم بۆ قوتابخانەکەم و دەست بەکاربووم، ئینجا چوومەوە بەغدا بۆ هێنانی ماڵ و منداڵەکانم، کە گەیشتین ماڵمان دانا و لەناو خانوویەکی تازە دروستکراودا نیشتەجێ بووین.

لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا خۆم فێری پایسکل سواری کرد و بەیانیان لەگەڵ مامۆستایان بۆ قوتابخانەکەم دەچووم. میلاکی قوتابخانەکەمان ١٢ مامۆستا و بەڕێوەبەر بوو لەوانە ١٠ مامۆستا ئەندام، یان هەواداری حزبی شیوعی بوون و یەک مامۆستاش ئەندامی حزبی نیشتمانی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی کامیل چادرچی بوو، تەنیا بەڕێوبەری قوتابخانەکە بەعسی بوو و ناوی حمود جاسم چەللاب بوو.

لەلام شتێکی سەیر بوو کە لەسەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسمدا کەسی وا بکرێتە کار بەدەست کە لە دژی خۆی و حوکمەکەی بێت، چونکە ڕۆژانە لەبەردەمی مامۆستایان و لەسەر مێزی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە دژی سەرۆکی حکوومەت دەدوا و چەندین جار دەیگوت: «چەند هەوڵێکمان داوە قاسم لەناو ببەین، بەڵام سەرنەکەوتین، هەروەک لە بەغدا لە (ڕەئس ئەلقەریە) لێمان دا و نەمرد!!»

ئەم دیاردە سیاسییە سەیرەش لەوەوە سەری هەڵدابوو، کە لە دوای خۆپیشاندانە ملیۆنییەکەی (١)ی ئایاری ١٩٥٩ی حزبی شیوعی کە جەماوەر تێکڕا دەیانگوت: «حزبی شیوعی بێتە حوکم، داخوازییەکی مەزنە» عەبدولکەریم لەو دروشمە دەترسا، لە هەمان کاتیشدا پیاوانی ئایینی و نەتەوە پەرستەکانی عەرەب شاندێکیان ڕێکخست و چوونە لای زەعیم عەبدولکەریم قاسم و پێیان گوت: «شیوعییەکان لە خۆت دووربخەوە، ئێمە تا هەتایە بە پێشەوای خۆمانت دەزانین و پشتت بەر نادەین!».

لەوساوە عەبدولکەریم پاشەکشەی لە ڕێبازی دیموکراتی و ئازادی دان بە چالاکییەکانی حزبی شیوعی و دوای ئەوانیش بە چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و مۆڵەتی فەرمی بە جەماعەتی داوود سائیغ دا تا بەناوی حزبی شیوعی عیراق بە بنکەیەکی لاواز کار بکات و بارزانی نەمریش لە مانگی (ئاداری ١٩٦١)ـەوە بەغدای بەجێهێشت و باوەڕی بە عەبدولکەریم و حکوومەتەکەی نەما و چووە بارزان و نەگەڕایەوە.

بەعسییەکان لە پیلانەکەیان سەرکەوتن و حزبی شیوعی ئەسڵی و پارتی دیموکراتی کوردستان وردە وردە بەلاوەنران و بەعس و نەتەوە پەرستەکانی عەرەب هاتنە پێش، سەیر لەوەدابوو لە قوتابخانەکەمان و لەناو بەعسییەکانی شارەکەدا هەرچی لایەنگری عەبدولکەریم قاسمیان گرتبایە، پێیان دەگوت: قاسمی و بە شیوعییان لە قەڵەم دەدا، کەچی جارێ حوکم هەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم بوو! بۆ نموونە مامۆستایەکی خەڵکی مووسڵ کە ناوی (موحسین زوێن) بوو، لەسەردەمی خوێندنی خانەی مامۆستایان برادەرم بوو، خێزانەکەی خاتوو فەخریە سەعدوڵڵای خوشکی تێکۆشەر سەلاحەددین سەعدوڵڵای زاخۆیی بوو، لە ساڵی ١٩٦٠دا لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی مووسڵ بۆ کۆیەیان دوورخستبووەوە و لە پاییزی ١٩٦١یشدا لەگەڵ

ئێمەدا بۆ ناسرییە دوورخرایەوە و لەناحیەی (غەڕاف) دانرا کە کەوتبووە نێوان شەترە و ناسرییە و سەر بە قەزای شەترە بوو، ئێوارەیەکیان لەگەڵ یەک دوو برادەری کوردی ئاوارە لەسەر کۆڕنیشی شەتی غەڕافی ناوەڕاستی شەترە پیاسەمان دەکرد، لە پڕ یەکێک لەناو ئۆتۆمبیلێکی (جێپ)ی چەکداری سەر والا بانگی کردم (کەریم! کەریم) منیش کە لێی چوومە پێش بینیم «موحسین»ی هاوڕێمە و هەردوو دەستی کەلەپچە کراوە و جێپەکەیان ڕاگرت و گوتم: «ها موحسین بۆ وات لێ کراوە؟» لە وەڵامدا گوتی: «کەریم شەوی ڕابردوو لە یانەی فەرمانبەران، هەموو مامۆستا و فەرمانبەران (جەمال عەبدولناسر)یان بە پێشەوای عەرەب لە قەڵەم دەدا، منیش بە زمانی سووتاوم گوتم: ئێمە پێشەوای خۆمان هەیە، ئەویش زەعیم عەبدولکەریم قاسمە و چیمان داوە لە جەمال عەبدولناسر. تومەز ئەو فەرمانبەر و مامۆستایانە بەعسی و نەتەوە پەرستبوون چوون بە ئاسایشیان ڕاگەیاند کە من قاسمیم واتە شیوعیم، بۆیە گیراوم و ماڵیان پشکنیوم و هیچیان نەدۆزیوەتەوە و پێی گوتم: «بیستوومە نووسەری یەکەمی دادگای شەترە کوردە و لە خۆمانە و دوورخراوەیە، تکایە بچووە لای و پێی بڵێ: هاوڕێیەکمان پشتگیری لە زەعیمی خۆی کردووە، کەچی بەعسییەکان بە گرتنیان داوە و لە پشکنینی ماڵەکەیشی هیچیان نەدۆزیوەتەوە دژ بە حکوومەت بێ. بابچێ لە دادوەر بگەیەنێت کە مەسەلەکە بەم جۆرەیە.

منیش بە پەلە چووم بۆ لای کاک (عەبدوڵلا حەسەن)ی نووسەری یەکەمی دادگا و تێم گەیاند و ئەویش بە پەلە چووە لای دادوەر و مەسەلەکەی بۆ ڕوون کردەوە، دادوەریش بە پۆلیسەکانی گوت: «لە پشکنینی ماڵەکەیدا چ شتێکی دژ بە حکوومەتتان دۆزیوەتەوە، ئەوانیش گوتیان: نەخێر! ئینجا جەنابی دادوەر گوتی: کەواتە دەبێ ئازاد بکرێت و فەرمانی گرتنەکەی ئیمزا ناکەم و بڕۆن بەری بدەن.

منیش کە ئەم دیاردە سەیروسەمەرەیەم بینی، بڕیارم دا بە هیچ جۆرێک گوێ نەدەمە هێرش کردنە سەر عەبدولکەریم قاسم، چونکە خۆم یەکێک بووم لە قوربانیانی سیاسەتە چەوتەکەی ئەو و بە فەرمانی دادوەری گشتی عەسکەری حکوومەتی ئەو، دوورخرابوومەوە خوارووی عیراق.

ژیانی خۆم و خێزانەکەم لە شەترە خراپ نەبوو، خەڵکەکە زۆربەیان کوردی فەیلی بوون، بەڵام جلوبەرگی عەرەبیان لەبەر دەکرد و هەندێکیشیان لەنێوان خۆیاندا بە کوردی دەدوان، زۆربەی جەماوەری شارەکەش هەواداری حزبی شیوعی بوون، ڕێژێکی زۆریان لە ئێمەی دوورخراوە بۆ شارەکەیان دەگرت.

بێجگە لە ماڵی من، بەدەیان فەرمانبەر و مامۆستای دوورخراوەی کورد لە پارێزگەکانی کوردستانەوە بۆ پارێزگەی ناسرییە و قەزاکانی، بە تایبەتی بۆ قەزای شەترە و وەک برایان دەژیاین. قایمقامان سەردەمێک محەمەد عەلی شێخ و سەردەمێکیش کانەبی عەزیز دزەیی بوو، بەڕێوبەری پۆلیس حوسین بامەڕنی بوو، بەڕێوەبەری دارایی و تاپۆ و بە دەیان پۆلیس کورد بوون.

دوای ساڵێک مامۆستایان تەقیەدین قادر ڕواندزی و محەمەد عەلی دزەیی و لاوکۆ فەقێ عەبدوڵلای دیبەگەیی گواسترانەوە بۆ شەترە و وەکو برایان لەگەڵ یەکدیدا ژیاین و ڕێژێکی زۆرشمان بۆ برادەرانی پارتی ئەحمەد کاوێس و ئیبراهیم مەلا محەمەد و سامی عەزیز و عەبدولواحید قادر خۆشناو و جەلال بەگی حاجی عەبدوڵلا بەگی کۆیی و ئەمین محەمەد ئەمین زەنگەنە هەبوو. لە دادگای (تەسویە)ش برادەری وەک عەبدولڕەزاق دوغرەمەچی و عەبدولخالق حاجی عەبدوڵلای نانەکەلی و (دەریاویشی ئاشووری)مان هەبوو، هەموومان وەک برا لەگەڵ یەکدیدا دەژیاین و هەستمان بە ئاوارەیی و نامۆیی نەدەکرد.

لە قەزای (سوق ئەلشیوخ) برادەری دڵسۆزی وەک عەبدولخالق عەلائەدین و تۆفیق سەرهەنگ و محەمەد عەلی ڕواندزی و حەمید حەوێزمان هەبوو، لە ناحیەی (قەلعەت سوکەر) هاوڕێی وەک بیلال بەهائەدین و حەننا ئەنتوان و فەتاح تۆفیق ڕواندزی و لە مەڵبەندی ناسرییەش کاک مووسا خەلیل هاوڕێی دڵسۆزم هەبوون. زوو زوو هاتوچۆی یەکدیمان دەکرد و دنیامان دەکردە بەهەشتی یادگار.

لە پاییزی ساڵی ١٩٦٢دا تازە قوتابخانە دانرابووەوە، هاوڕێیەکمان بەناوی وەهاب کۆیی، دوای بەربوونی لە بەندیخانە بۆ شەترە دوورخرایەوە، پیشەکەی فەرمانبەری نەخۆشخانە بوو، ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی بوو، خۆی بەکۆیی ناسرابوو، بەڵام لەسەردەمی باپیرییەوە بنەماڵەکەیان لە سلێمانی ژیابوون. کەسایەتییەکی سیاسی هۆشیار بوو، زۆرجار سەردانی دەکردم و میواندارییم دەکرد، کاک وەهاب لە هەوڵی ئەوەدابوو نیوە

مووچەکانی دەست لە کارکێشانەوەکەی وەرگرێت، لە پڕ گیرایەوە و ڕەوانەی ئاسایشی ناسرییە کرا، منیش زۆر بۆی بە غەم بووم، هەستام چوومە لای مامۆستا مووسا خەلیل لە شاری ناسرییە و تیم گەیاند کە ئەو پیاوە تازە لە بەندیخانە بەربووە، کەچی سەرلەنوێ گیراوەتەوە و بیستوومە بەڕێوبەری ئاسایشی پارێزگای ناسرییە کورد و ناوی (مەعرووف عوسمان)ـە و خەڵکی هەولێرە و هەستێکی کوردایەتی هەیە، تکایە سەردانی بکە و هەوڵێکی جیددی بۆ بدە، بەڵکو بەندی سووک دەبێ و زوو بەر دەبێ. مامۆستا مووسا یەکەم جار گوتی: ناوێرم خۆم لەداوی ئاسایش بدەم، بەڵام دوایی گوتی باشە هەوڵێکی بۆ دەدەم، بەڵکو ئەنجامێکی دەبێ.

هەستا چووە لای بەڕێوەبەری ئاسایش، ناوی ئەو پیاوەی پێدا تاکو یاریدەی بدات و چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. لێرەدا کاک مەعرووف چ بڵێ باشە؟ گوتی: کێشەی ئەو پیاوە زۆر سەخت و ئاڵۆزە، چونکە ناوی لەناو نامەکانی پۆستەی حزبی شیوعیدا هاتووە کە لە کەسێکیان گرتووە بە شەمەندەفەر لە بەغداوە هاتووە بۆ ناسرییە و لەنامەکەیدا هاتووە کە هەوڵی بۆ بدرێ بگوازرێتەوە بۆ شاری ناسرییە تاکو بکرێتە بەرپرسی یەکەمی حزبی شیووعی لە پارێزگاکە بەو ناوەی کادیرێکی گەورەی حزبە.

مامۆستا مووساش پێی دەڵێ: دەبێ هەر چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە، چونکە کوردە و بێ کەسە. دوای کەمێک ڕامان و بیرکردنەوە کاک مەعرووف پێی دەڵێ: چەند ڕۆژێکم لەسەر ڕاوەستە تاکو چارەیەکی دەکەم. هەستا بە هەواڵدەرێکی ئاسایشی گوت: وەرە ناوی وەهاب بخە ناو ئەوکەسانەی سەر بە حزبی شیوعین کە لەسەر کارتۆن و لەسەر دیواران دەنووسن (ئاشتی لە کوردستان)، چونکە حزبی شیوعی لە پاییزی ١٩٦٢دا ئەو دروشمەی بەرز کردبووەوە کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم کێشەی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات. کابرای ئاسایشیش (وەهاب)ی بەو تۆمەتە تاوانبار کرد و لە گرتووخانەیان دەرهێنا و ئەو ڕستەی دروشمەکەیان پێ نووسی و هەرچەندە بەکاک مەعرووفی گوت: بۆ تۆمەتی ترم دەخەنە پاڵ ئەمیش گوتی: حەقت نەبێ لە بەرژەوەندی تۆ دایە! نووسینەکەی وەهاب ناردرا بۆ دەزگەی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان و لە ئەنجامی پشکنیندا دەرچوو ئەوەی لەسەر دیوار و کارتۆنان نووسراون خەتی ئەو نییە و لە گرتووخانە بەردرا، لەوەوە بۆم دەرکەوت کە یەکێک لە هەر مەوقعێک بێت بیەوێت پیاوەتی بکات دەتوانێت ئەنجامی بدات و پیاوەتی خۆی بکات.

ئێمەی دوورخراوە، ساڵی ١٩٦٢مان بە خۆشی لێ بەسەرچوو، بەڵام ئەو خۆشییەمان تا سەر نەبوو، لەگەڵ هاتنی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا و لە ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ٨ی شوباتی بەرانبەر بە ١٤ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٧٨ی کۆچی حزبی بەعس دوژمنی کورد و حزبی شیوعی بە کودەتایەکی ڕەش هاتە سەر حوکم و هەموو ئازادییەکی لە میللەت قەدەغە کرد و کەوتە گیانی ئەندامانی حزبی شیوعی و بە هەزاران کەسی لە ئەندام و هەوادارانی خستە زیندانەوە، شاری شەترە کە زۆربەی دانیشتوانی هەواداری حزبی شیوعی بوون، تاکو دوو ڕۆژ خۆپیشاندانیان کرد و ڕێگەیان نەدا پیاوانی ڕژێمی بەعس دەست بەسەر شارەکەیاندا بگرن، تاکو فەوجێک سەربازیان لە ناسرییەوە هێنا، ئینجا ئێوارەی ڕۆژی دووەمی کودەتاکە دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت و خەڵکێکی زۆریان گرت و پاش چەند ڕۆژێکیش کەوتنە وێژەی کوردە شیوعییەکان، لە شەترە محەمەد عەلی دزەیی و لە ناسرییە مامۆستا مووسا خەلیل و لە قەلعەت سوکەریش حەننا ئەنتوان و (موحسین زوبین)ی هاوڕێمان گیران و مامۆستا (بیلال بەهائەدین)یش بەماڵەوە ڕایکرد بۆ کوردستان و منیش، چونکە ئەودەمە پێوەندیی ڕێکخستنم لەگەڵ حزبی شیوعیدا پچڕابوو نەگیرام و خۆم لە ماڵەوە مات کرد، خێریە عەبدولڕەحمانی هاوسەرم نەیدەویست من ڕابکەم و پێی دەگوتم مادامەکی لە شەترە چیت لەسەر نییە و ئەوەی لەسەرت بێ لە کۆیەیە و خۆت مەبەوە بەردەم ئاسایشی شارەکەی خۆت!

قوتابخانەکەم وەک دەرم بڕی لە دەرەوەی شاربوو، بەیانیان بە پایسکل دەچووم بۆ دەوام، کە نیوەڕۆکانیش دەهاتمەوە شار خۆم بە خوێندنەوە و زانیاری کۆکردنەوە لە سەرچاوە ئەدەبی و مێژووییەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکەم خەریک دەکرد و بۆ پشووی هاوینیش چوومە بەغدا و بەهۆی کاک فاتیحی حاجی جەلیل ئاغای حەوێزی خاڵوزای باوکم خانوویەکی بچکۆلەم لە شاری (سەورە) کە ئێستا پێی دەگوترێ شاری (ئەلسەدر) لە ڕۆخ ماڵی خۆیان بەکرێ گرت و ماڵ و منداڵەکانم بردە ئەو خانووە و پشووی هاوینم لە بەغدا بەدڵەڕاوکێ بەسەر برد.

## یەخەگیر بوونم بە ڕووداوێکی ترسناک

لەوکاتەی کە خۆم لە ترسی پیاوانی بەعس لەبەغدا حەشار دابوو، ڕۆژێکیان جەوهەری جەلال ئاغای کوڕی خاڵۆزای باوکم لەبەردەم ماڵی کاک فاتیحی ئامۆزای پەیدابوو، کاتەکە ڕۆژێکی هەینی نزیک نیوەڕۆ بوو، ویستی بچێتە ماڵی ئامۆزاکەی، هەر بە بینینی کاک فاتیح لێی پەست بوو و دەریکرد، منیش لەو دەنگە دەنگە لەماڵ چوومە دەر و چاوم بە جەوهەر کەوت و ناسیمەوە کە کاتی خۆی لەکۆیە قوتابیم بووە و خزمێکی نزیکیشمە، بانگم کرد و چاکوچۆنیم لەگەڵ کرد و نیوەڕۆ بەیەکەوە نانمان خوارد و پێم گوت: لەکوێوە هاتوویت؟ گوتی لە پێشمەرگایەتییەوە ڕامکردووە و هاتووم لە بەغدا لە ماڵی براکانم خۆم حەشار بدەم، کەچی هیچیان ڕایان نەگرتم، منیش هاتم لە ماڵی کاکە فاتیحی ئامۆزام نانێک بخۆم و تەگبیرێکم بۆ بکەن چۆن بژیم و خۆم لە پیاوانی بەعس بشارمەوە، کەچی ئەویش دەری کردم! ماڵەکەی منیش تەنیا ژوورێک و مەتبەخێک و توالێتێکی هەبوو بەحاڵ جێی خێزانەکەم دەبووەوە، بۆیە ڕووم نەدایە بمێنێتەوە و دوای ماوەیەک دوعا خوازی کرد و لێیدا ڕۆیشت.

پاش یەک دوو ڕۆژ، شەو درەنگانێک یەک دوو پاسەوانی نەتەوەیی (حرس قومی) لێم هاتنە سەر بان و لە گەرمەی خەودا ڕاستیان کردمەوە و گوتم: ئیوە کێن و چۆن هاتنە ژوورەوە و بەسەربان کەوتن؟ گوتیان بە دیواری شوورەکەدا سەرکەوتین! چونکە تۆ تاوانباری و بردمیانە خوارەوە و دەرگاکەم کردەوە بینیم جەوهەر بەدەست تاقمێک حەرەس قەومی چەکدارەوەیە و پێیان گوتم: ئەمە دەناسی؟ گوتم: بەڵێ: ئەمە خزمی منە و لەو ڕۆژانە هاتبووە ماڵی ئامۆزاکەی، کەچی ئەوان دەریان کردبوو، منیش لە ڕووی خزمایەتییەوە جەمە نانێکم پێدا، لەوەندە زیاتر ئاگاداری نیم، بەڵام وەک سەرنجم دا جەوهەر کراسە سپییەکەی خەڵتانی خوێن بوو، ئەوەندەی لێدرابوو و ئازاری چەشت بوو تاکو ناوی کەسوکار و کوردە ناسراوەکانی شاری بەغدایان پێ بڵێت، چونکە لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا ناوی زۆر کەسی دابوو، ئەوانیش بەو نیوەشەوە چوو بوونە سەریان و لە منیان خراپتر پێ کردبوون.

تومەز جەوهەر بە سەرخۆشی چووەتە ماڵی برایەکی ئەفسەری پێشمەرگە ئەوانیش ڕایان نەگرتووە و دەریان کردووە، ئەمیش خۆی بە ماڵێکدا کردووە، بەڵکو دەیحەوێننەوە، کەچی ئەوان وا تێدەگەن دزە و هاواری پۆلیس و حەرەس قەومی دەکەن «دزە، دزە» وا هاتووە دزیمان لێ بکات. حەرەس قەومی گەڕەکەکەش تاوی دەدەنە سەر و دەیگرن و دارکاری دەکەن تاکو ڕاستییان پێ بڵێت، ئەویش پێی لێدەنێ کە پێشمەرگە بووە و هاتووەتە بەغدا تاکو لێی بژی و لێرەدا ماڵی سێ برا و دوو ئامۆزام هەیە، ئەوانیش داوای لێدەکەن ماڵەکانیان پیشان بدات و ئازارێکی زۆری ماڵە براکانی دەدەن، ئینجا نۆرە دێتە سەر ئامۆزاکانی و منی بەدبەخت و دەمگرن و دەیانەوێت بمبەن بۆ گرتووخانە، لەو دەمەدا منیش بە بیرمدا هات کە ناوی کاک فاتیحی ئامۆزاکەی جەوهەر بدەم کە دراوسێمان بوو، چونکە دەمزانی لە سەندیکای گشتی کرێکارانی سەر بە حزبی بەعسەو ئەندامی لیژنەی چاودێرییە و هیچی لێناکرێ، بەڵکو منیش بەهۆی ئەوەوە ڕزگارم دەبێ. کە ناوم دا گوتیان: کوا ماڵەکەی؟ کە چوون لە دەرگایاندا بەو شەوە درەنگە کاک فاتیح دەرگای کردەوە، ئەوانیش پێیان گوت: ئەم تاوانبارە دەناسیت؟ ئەویش گوتی: بەڵێ ئەوە ئامۆزامە، بەڵام من دەرم کردووە، چونکە ڕام لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی نییە، دەستی بۆ منیش درێژ کرد و پێی گوتن، ئەمەتان بۆ گرتووە؟ خۆ لە هیچدا نییە و مرۆڤێکی بێ وەیە، ئینجا کەمێک بە توندی لەگەڵیاندا دوا پێی گوتن من لە لیژنەی چاودێری سەندیکای گشتی کرێکارانم و سبەی لە سەندیکا و لەلای سەرکردەکانی خۆتان شکایەتتان لێ دەکەم کە بەم نیوە شەوە ئێمەتان ئازار داوە، کە ئەمەیان لێ بیست منیان بەردا و نیمچە عوزرێکیشیان هێنایەوە و گوتیان ئێمە کەسی بێ گوناه ناگرین. لەم ترس و لەرزەدا دایکی منداڵان نیوە عومر ببوو، لەوە دەترسا من ببەن و ئەویش بێ کەس بمێنێتەوە، بەڵام بە بەربوونم تاڕادەیەک هاتەوە سەرەخۆ و ئەو هاوینە تا سەرەتای مانگی ئەیلوول لە بەغدا ژیانێکی پڕ دڵەڕاوکێمان بەسەر برد.

# دەق و وەرگر
# لە دایک بوونی خوێنەر

**هاشم سەڕاج**

«محەمەد عەزام» لە کتێبی «وەرگرتن و ڕاڤەکردن لەنێوان دەسەڵاتی خوێنەر لە ئەدەبدا» لە بابەتگەلێکی ئەدەبی و میتودی ڕەخنەیی دەدوێت، وەک دەسەڵاتی نووسەر لە میتودە ڕەخنەییەکانی کلاسیکی، ڕۆمانسی، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتیدا، دەسەڵاتی دەق لە میتودەکانی زانستی زمان «ئەلسونی» شێوازگەرایی و بنیادگەریدا، دەسەڵاتی خوێنەر «وەرگر» بەو سیفەتەی واتا بە دەق دەبەخشێت و شتێک لە شارەزایی خۆی دەخاتە سەری و لە پرۆسەی نووسینێکی داهێنەرانە و نوێدا دووبارە بنیادی دەنێتەوە، «محەمەد عەزام» سەبارەت بە دەسەڵاتی دەق ئاماژە بە بۆچوونەکانی «لیڤی شتراوس» دەدات و دەربارەی چەمکی بنیاد دەدوێت، دواتر کە چۆن بنیادگەری دەبێتە میتودێک و زاراوەکانی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و لە ڕێگەی چەمکی بنیاد و نەسەق و سستم و پێوەندییەکانەوە بایەخ و گرنگی بە بنیادەکانی دەقی ئەدەبی و پێوەندییە ناوەکییەکانی دەدات، ئەدەب لای بنیادگەرەکان بریتییە لە کیانێکی زمانەوانی سەربەخۆ، یان سستمێک لە هێماگەل و دەلالەت، دەقی ئەدەبی لای «ڕۆلان بارت» بریتییە لە ڕستەیەکی زمانەوانی و لە ئاستەکانی فۆنەتیکی و پێکهاتەیی و دەلالیدا شیاوی وەسفکردنە، بنیادگەری وەک میتودێک شوێنی بە دەسەڵاتی نووسەر لە فیکر و لە بارەی مەرگییەوە لێدوانی دا و لەسەر پاشماوە و پەردووی دەسەڵاتەکەی، دەسەڵاتی دەقی دامەزراند، لە هەمان کاتدا ڕەخنەی بنیادگەری سوودی لە ئەلسونیەتی بنیادگەری وەرگرت، بە تایبەتی لە هەردوو چەمکی بنیادی ڕووکەش و بنیادی قووڵی دەق و پێوەندییەکانی ئامادەیی و پێوار لە چنراوی دەقدا، لە ڕوویەکی دیکەوە ڕۆڵێکی گرنگی بە خوێنەر دا، بەو سیفەتەی نووسەر فیعلی دەقە، (ڕۆلان بارت) دەڵێت: ئەوە دەقە خوێنەر دەخوێنێتەوە، چونکە دەق بەپێی حەز و ئارەزوو و شارەزایی خوێنەر دەدوێت، بنیادگەری تەنیا متمانەی کردە سەر دەق، بەبێ ئەوەی لە هۆکاری پێش نووسینی دەق «نەفسیەتی داهێنەر» و پاش نووسینی دەق بگەڕێت، محەمەد عەزام لەم کتێبەدا، پاشان لە تیوری وەرگرتن و ڕاڤەکردن

دەدوێت، کە لەسەرەتای حەفتاکاندا چەندین ڕێچکەی نوێ لەژێر پاڵتۆی ئەم تیورە دەرکەوتن، وەک پاش بنیادگەری، سیمیاگەرایی، هەڵوەشانەوەگەرایی، ڕاڤەگەری و وەرگرتن، هەروەها سەبارەت بە «دەسەڵاتی خوێنەر» ئاماژە بە سێ میتودی ڕەخنەیی دەدات کە بایەخیان بە وەرگر «خوێنەر» و خوێندنەوە داوە:

١- بنیادگەری فەرەنسی، کە ڕۆلان بارت ڕێبەرایەتی دەکرد و مەرگی نووسەر «دانەر»ی ڕاگەیاند و بانگەشەی بۆ لە دایکبوونی خوێنەر کرد، کە مانای دەق دەخوڵقێنێت.

٢- تیوری وەرگرتن: لای ڕەخنەکارانی ئەڵمانی لە زانکۆی کۆنستانس، کە بانگەشەی ئیستێتیکای خوێندنەوەیان دەکرد، لەسەرووی هەمووشیانەوە یاوس و ئایزەر.

٣- هەڵوەشانەوەگەرایی، لە فرە خوێندنەوە دەدا، پێی وایە هەموو خوێندنەوەیەک لە خوێندنەوەی پێشتری جیاوازە، پاشان محەمەد عەزام لە مەرگی نووسەر لای «ڕۆلان بارت» دەدوێت، بارت ساڵی ١٩٦٨ لە وتارێکدا مەرگی نووسەری ڕاگەیاند و گوتی نووسین پێچەوانەی، یان دژی هەموو دەنگێکە، هانی دانەر دەدات بەرەو مەرگ، بارت ململانێی نێوان عاشقە کێبەرکێکەرەکان لەپێناو یەک خۆشەویست «مەحبووب» یەکلا دەکاتەوە، بارت کێبەرکێکەرەکەی دەکوژێت کە نووسەرە، هەتا تۆڵەی خۆشەویستی مەعشووقە (دەق)ـەکەی بکاتەوە و چێژی لێ ببینێت، خوێنەر بەسەر نووسەردا سەردەکەوێت و کەشێک بۆ عاشق دەرەخسێت، عیشق لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بکات، کەشێک کەس نەشێت بەشداری تێدا بکات، لێرەدا پێوەندی نێوان دانەر و دەق دەگۆڕێت لە پێوەندی نێوان باوک و کوڕەکەی، بۆ پێوەندی «ناسخ و منسوخ»، دانەر چیدی کاری خۆی نانووسێتەوە، بەڵکو بە دەستەبەرکردنی کۆششی لە زمانەوە کە کۆگای ئیلهامیەتی، بەدەستی خۆی کارەکەی کۆپی دەکاتەوە، خوێنەر پێشوازی لە دەق دەکات هەتا لە ژیانێکی نوێدا لەگەڵیدا بژیت، چونکە دەق بەبێ خوێنەر هیچ بەهایەکی نییە، دەلالەتی دەق لەلایەن خوێنەرەوە دەستنیشان دەکرێت نەک لەلایەن دەقەوە، خوێندنەوە پرۆسەی وەرگرتنێکی بێ کردار نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەرهەمهێنەرە، لای «بارت» خوێنەری ئاسایی تەنیا چاوی لە خۆشییە «متعة»، بەڵام خوێنەری ڕەخنەکار لە دەقدا هەوڵی دۆزینەوەی دەلالەت و ئاماژەکان دەدات، هەروەها خوێنەری ناپاک «غیر بریء» لای ڕۆلان بارت ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە دەق و ئاماژەکان لەلای خۆی کۆکردووەتەوە، پاشان بارت لە هەمان ڕوانگەوە لە ئاست و پێوەندییە ناوکییەکانی دەق دەدوێت و چۆنیەتی ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەقگەلی دیکە و دەوروبەردا دەخاتە ڕوو، بارت لەم خاڵەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کردەی «دەقئاوێزان» دەدوێت، چونکە دەق هێنانە ئارای ناوکۆیی «سیاق»ییە و لە ڕێگەی لێوەرگرتنی بەردەوام لە کۆگای زمانەوە دروست دەبێت و لەناوەوەیدا کۆدێکی تایبەت بە خۆی دادەمەزرێنێت و سیفەتی دەقی پێ دەبەخشێت، بەڵام بوونی خۆی لە ناوکۆیی ڕەگەزی ئەدەبی خۆی وەردەگرێت. لێرەدا خوێنەر ئازادە لە شرۆڤەکردنی کۆدەکە و شیکردنەوەیدا، ڕۆلان بارت لە کتێبی سارازین «Z/ S» و چێژی دەق و گوتاری عاشقدا کردەی خوێندنەوە دەخاتە پێوەندییەکی دڵداریییەوە، دڵداری لەنێوان خوێنەر و دەق.

٥- ئەو پێوەندییە وا لە خوێنەر دەکات بەسەرگەردانییەوە عاشقی زمان بێت، «محەمەد عەزام» لە بابەتێکی دیکەی ئەم کتێبەدا جۆرەکانی خوێندنەوە لای «تۆدۆرۆف» دیاری دەکات.

١- خوێندنەوەی ستوونی «الاسقاطیة» بریتییە لە خوێندنەوەیەکی تەقلیدی بۆ دەق، لەبەر ئەوەی خوێنەر تێیدا بۆ سەلماندنی بەڵگەنامەی پرسی کەسێتی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی ڕۆڵی داواکاری گشتی دەبینێت.

٢- خوێندنەوەی شرۆڤەکردن (شرح)، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە تەنیا لایەنی مانا لە دەق وەردەگرێت.

٣- خوێندنەوەی شاعیرانە «القراءة الشاعریة»: ئەم جۆرە خوێندنەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کۆد و بنیادی هونەرییەوە لایەنە شاراوەکای دەق ئاشکرا بکات.

ڕۆلان بارت لە نووسینێکی دیکەدا ئەو پێوەندییە دڵداریییەی نێوان وەرگر و دەق قووڵتر دەکاتەوە، دەڵێ: خوێنەر بۆ ئەوەی تێکست لە دەسەڵاتی دانەر ئازاد بکات و بگات بە جۆرێک لە ئارامی فەنتازی و خەیاڵی شەبەقی، گوێ بۆ هەسهەسەی زمانی دەق هەڵدەخا، هەسهەسە لە بنەڕەتدا دەنگی جووڵە

و زنجیـرە بەستنی خشلە، بەهەر شتێکیش دەگوترێ کە دەنگی شاراوەی هەبێت، واتە خوێنەر گوێ بۆ دەنگی شاراوەی زمانی دەق هەڵدەخات کە زۆرتر لە هانکە هانکی سێکسی دەکات، تێکست لە چێژ بەخشیندا ڕۆڵی خۆی دەبینێت و وەرگریش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئەو چێژە و ڕاڤەکردنی نیشانەکانەوە بەرەو جیهانی دەلالەت و خوێندنەوەی کۆدە شاراوەکانی ئەودیوی دەق دەچێت، هاوکات دەشێت خوێنەر نەزم و ئاوازی دەق ڕەت بکاتەوە و لەسەر ڕیتمی تایبەت بە خۆی سەما بکات و مەرگی دانەر ڕابگەیەنێت و بەدوای دەنگی پۆلیفۆنی دەقدا بگەڕێت و دالە یەک لەدوای یەکەکان بدوێنێت، چونکە مەرگی نووسەر بەردەوامییەکی بێ کۆتا بەدالەکان دەدات، لێرەدا پێم باشە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە لە ڕێگەی نووسینێکی دیکەی «محەمەد عەزام»ـەوە لە «میتودی ڕەخنەی ئازاد»ی (ڕۆلان بارت ١٩١٥- ١٩٨٠) بدوێم.. هەڵبەتە بارت لە هەر قۆناخێک لەو چوار قۆناخە ڕەخنەییەی خوارەوە، کۆمەڵێک داتا و زانیاری و بۆچوون و دنیابینی خۆی تۆمار کردووە و بە خوێنێکی نوێ و گەنجانەوەش بەردەوامی بە میتود و بۆچوونەکانی داوە.

١- قۆناغی ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی.

٢- قۆناغی ڕەخنەی بنیادگەری.

٣- قۆناغی ڕەخنەی سیمیایی «سیمانتیکی».

٤- قۆناغی ڕەخنەی ئازاد.

بارت لە قۆناغی ڕەخنەی ئازاددا هەوڵ دەدات سەرجەم میتودە ڕەخنەییەکان تێپەڕێنێت و ڕەخنە ببێتە کارێکی داهێنەرانەی نوێ بۆ خوڵقاندنی دەقی نوێ، بۆیە لە ڕەخنەی ئازاددا کردەی خوێندنەوە دەکات بە کارێک لە کارەکانی «ذاکرة- یادگە» و مانا و نیشتووەکانی پێشووی ناو سکوزای بەردەوامی خودی دەق بە ئاگا دێنێتەوە، بارت حەز دەکات وەک خوێنەرێک ڕەخنەکار لە ڕێگەی نیگای «وەحی» دەقەوە بەرەو ئاسۆکانی دەق بڕوات، هەتا بگاتە قۆناغی عیشقی دەق کە تێیدا چێژ و موتعە، هونەرمەند و شاعیر و ڕۆماننووس و فەیلەسووفەکان بە یەکەوە و بەیەکانگیری لەگەڵ خودی زمان کۆدەکاتەوە، چونکە ئاماژەدان زۆر لە ئاشکرا بێژی خۆشترە، لێگەڕێ شت بەچاوی خەیاڵ ببینرێ، نەک بە چاوی نووسەر، بارت خوازیارە تێکست لە چێژەمەنییەکانی ژیان نزیک بێتەوە وەک چێشت و ژوان و باخچە.. بارت پێی وایە خوێنەر بەهۆی دەقەوە ڕێگە بۆ خۆشی و ونبوونی گەورەی خودی و تێفکرینێکی ئازاد و سەربەست دەکاتەوە و بەهاو سۆزییەکی لەخۆوە بۆ دەقی خوێنراو بەرەو توێژینەوەی بابەتگەرایی دەچێت، میتودی ڕەخنەی ئازاد پێویستی بەم سێ هەنگاوە هەیە.

١- متمانە لەسەر ئەو یەقینگەراییە ڕاستەوخۆیە دەکات کە خوێندنەوەی یەکەم جۆرێک لە سەنگینی پێ دەبەخشێت.

٢- لێکۆڵینەوە لە دروستی لایەنی تەکنیکی «زانستی» دەق کە خوێنەر بەرەو لێکدانەوەیەکی ماقووڵ دەبات.

٣- دوورکەوتنەوەی خودی لە کاری ئەدەبی و سەربەخۆ بوون لە گوفتاری ڕەخنەیی، ئەدەبی و سەربەخۆبوون لە گوفتاری ڕەخنەیی، بەڵام ئەو سەربەخۆبوونە ڕەخنەییە جیابوونەوەی خوێنەر ناگەیەنێت لە دەق، بەڵکو مەبەست تێگەیشتن و هەرسکردنیەتی، پاشان لێی دەردەچێت و بابەتەکان تێدەپەڕێنێت و بوار بۆ خەیاڵی دەڕەخسێنێت بەرەو پانتاییەکان هەڵبکشێت و لە زیندانی زمان ئازاد بێت، میتودی ڕەخنەی ئازادی بارت وا لە خوێنەر دەکات لە سیمیۆلۆژیاوە بە جەستەی وشە تێپەڕبێت و ڕوو لە چێژی دەق بکات، چونکە لەلای بارت پرۆسەی نووسین مومارەسەیەکی ئێرۆتیکییە، کردەی خوێندنەوەش هەمان شتە، چێژی خۆی بە یاریکردن بە وشە و ڕۆچوونی بە قووڵایی زماندا دەبینێتەوە و هەوڵ دەدات ناوەرۆکی نائاگایی لە زمانی ئاگاییەوە دەستەبەر بکات و زمانگەلێکی شرۆڤەیی بۆ تێکستی نوێ بخوڵقێنێت.

**سەرچاوە:**


**- التلقي والتأويل بين سلطة القاريء في الأدب، محمد عزام، دارالينابيع- دمشق- الطبعة الأولى ٢٠٠٧.**

**- مجلة الموقف الأدبي- العدد ٣٤٨- نيسانى ٢٠٠٠، اتحاد الكتاب العرب- دمشق، محمد عزام، رولان بارت، ومرحلة النقد الحر.**

**- محمد عزام، ڕەخنەکارێکی خەڵکی سووریایە، ساڵی ١٩٤٠ لە حەلەب لە دایک بووە و ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە.**

# ڕۆمانی (گفتوگۆ لە کاتدراڵ)ی
# ماریۆ بارگاس یۆسا

**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**

بۆ یەکەمین جار ماریۆ بارگاس یۆسای ڕۆماننووسی پیرۆییم لە ڕۆمانی (شار و سەگەل)ـەوە ناسی. چەند ساڵێک لەمەوبەر بوو، ڕۆمانەکەم خوێندەوە، تەکنیکێکی سەخت و پڕ لە وەسفە و زۆر ڕیالیتە. یۆسا لەو ڕۆمانەیدا باسی تافی لاوێتی خۆی دەکات و لەوێدا باسی چەند ساڵێک خزمەتی سەربازیمان بۆ دەکات.

لێرەوە یۆسا بووە خولیام و ناو بەناو کارەکانیم دەخوێندەوە و دواتر ویستم ڕۆمانی جەنگی ئاخر زەمانی بخوێنمەوە، بەڵام لەبەر قەبارە گەورەکەی هێشتا نەمتوانیوە، هەندێک ئەو ڕۆمانە بە ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) تۆڵستۆی دەچوێنن و خۆیشی لەم بارەیەوە زۆر خاکەڕایانە ئەو وێکچواندنانە ڕەت دەکاتەوە (عەجەب بەراوردێک) بەڕاستی من لەم پێوانەیە هەست بە لەخۆبایی بوون دەکەم، چونکە بە بۆچوونی من (شەڕ و ئاشتی) باشترین ڕۆمانێکە لە تەواوی مێژووی ئەدەبیاتدا نووسراوە. من زۆر شەیدای ئەم کتێبەم و تۆڵستۆی بۆ من مەزنترین ڕۆماننووسی دنیایە. ئەم خاکەڕاییەی یۆسا شتێکی سەیرە، ڕۆماننووسێک بەو هەموو گەورەییەوە، ئاوا لە بارەی باشترین کارێکی خۆیەوە بدوێت. دواتر کۆمەڵە وتارێکیم بە ناوی (واقیعیەتی نووسەر) خوێندەوە کە هاوڕێم (دڵشاد خۆشناو) وەری گێڕاوە. لەوێدا چەند وتارێک دەخوێنینەوە کە بەڕاستی وتارن. دوای ئەویش سێ وتاری دیکەم خوێندەوە کە بەناوی (ئەدەبیات بۆچی، یان بۆچی ئەدەبیات؟) و (عەبدوڵڵا کەوسەری) وەرگێڕی کارکانی یۆسا بۆ فارسی وەری گێڕاوە. دوای ئەوانەیش (گفتوگۆ لە کاتدراڵ) و دوا کاریشی کە خوێندوومەتەوە ڕۆمانی (ئاهەنگی سابرێن)ـە. من لێرەدا دەمەوێ چەند ڕستەیەک لەسەر ڕۆمانی (گفتوگۆ لە کاتدراڵ) بنووسم و (ئاهەنگی سابرێن) بخەمە دەرفەتێکی دی. ئەم ڕۆمانە قەبارەکەی (٧٠٤) لاپەڕەیە و بە سێ نەسکی گەورە و چەندین بەشی کورت نووسراوە. یۆسا خۆی ئەم ڕۆمانەی بە یەکێک لەو کارانەی دادەنێت کە لە نووسینیدا زۆر

ماندوو بووە، (دەبوو بە جۆرێک ڕۆمانەکە چڕ بکەمەوە و ڕێکوپێکی بکەم، ئەگەرنا وەها ڕۆمانێک کە قەرار بوو هەموو ڕووداوەکانی کۆمەڵگەیەک لە ماوەی هەشت ساڵی دیکتاتۆری لەخۆ بگرێت، بێ گومان لەمانە زیاتر دەبوو. ڕەنگە دە، یان بیست بەرگ ڕۆمان دەرچووبایە. (پێدەکەنێ) بە بۆچوونی من تەنیا ڕێگەی ڕێکوپێک و کەڵەکەکردنی ئەم ڕۆمانە پەڕاگەندەیە، هەڵبژاردنی پێکهاتەی گفتوگۆ بوو. من بۆ دەستخستن و پێکهاتەی گێڕانەوەی (گفتوگۆ لە کاتدراڵ) زۆر زەحمەتم کێشا، بیرم دێت کە ساڵی یەکەم کە سەرقاڵی کارکردن بووم لەسەر ڕۆمانی (گفتوگۆ لە کاتدراڵ) تەواو گێژ ببووم و خۆم ون کردبوو، تەنیا بەشی پەڕاگەندەم دەنووسی و هێشتا نەمدەزانی کە دەبێ چۆن ئەوانە پێکەوە ببەستمەوە تا ئەوەی کە ڕۆژێک بیرۆکەیەک بە زەینمدا هات و بڕیارم دا گفتوگۆیەکی تەوەرەیی ببێتە بنەمای هەموو ڕۆمانەکە، لەوە بەدوا بوو کە توانیم هەست و هۆشم گردبکەمەوە، ئەگەر لە سەرەتای نووسینی ڕۆمانی (گفتوگۆ لە کاتدراڵ)دا بە ڕاستی گێژ ببووم.) یۆسا لەم ڕۆمانەدا لە دەورانی گەنجیی خۆی دەدوێت، ئەوە بۆ دەورانێک دەگەڕێتەوە کە تێیدا کۆمۆنیزم بۆتە ویردی سەر زاری گەنجانی تەواوی دنیا و کاسترۆ لە گەرمەی شۆڕشدایە و گەلانی زوڵم لێکراوی دنیا چاوەڕێن کۆمۆنیزم ڕزگاریان بکات و هەوێنی شۆڕشەکانی دنیا هەر کۆمۆنیزم بووە. (سانتیاگۆ)ی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە هاوشێوەییەکی زۆری لەگەڵ یۆسای نووسەر هەیە و خۆیشی ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی پێداوە و هەست دەکەم من لە سانتیاگۆ چالاکترم. (قاقا لێ دەدا) سانتیاگۆ کەمێک هەڵەشانە کاری دەکرد و بە پێوانە لەگەڵ مندا مرۆڤێکی ڕەشبین بوو. سانتیاگۆ لەو ئاریشانە ماندوو ببوو کە چواردەوریان گرتبوو، بەهۆی ئەو گەندەڵییە قووڵەی وڵاتەکەی گرتبۆوە، تووشی جۆرێک ڕەشبینی و هەڵچوون و خۆبەدەستەوەدان و گۆشەگیری ببوو. ئەو خۆی کردبووە قوربانی و لەبەر ئەمەیش وای دەبینی کە لەوەها وڵاتێکدا بە چینی قووڵی گەندەڵی و لادان، هەر مرۆڤێک سەربکەوێت وەبەرهێنەرە، بەڵام من بە هیچ کلۆجێک وەک سانتیاگۆ بیرناکەمەوە. ڕەشبینییەک کە سانتیاگۆی داگرتبووەوە زۆر فراوان بوو و ئەم ڕەشبینییەی سانتیاگۆ دزەی کردووەتە زۆرێک لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین، بە تایبەت ڕۆشنبیران و چالاکانی ئەم وڵاتانەی گرتبووەوە. لەو دەورانەدا چینی مامناوەندی کۆمەڵگا دووچاری هەڵچوونێکی زۆر زۆر ببوو و لە ئەنجامی کار و گۆڕینی ژینگەکەیدا کارایییەکەی لەدەست دابوو. سانتیاگۆی ڕۆمانی گفتوگۆ لە کاتدراڵ، ڕۆژنامەنووسە، سەرەتا کۆمۆنیزمە و دواتر لە کۆمۆنیزم دوور دەکەوێتەوە، لە ماڵێ یاخی دەبێت و دوای کاروباری ڕۆژنامەنووسیی دەکەوێت، بە دزییەوە دوور لە بیروبۆچوونی دایک و باوکی هاوسەرگیری دەکات، لە هەمووشی گرنگتر واز لە کۆلێژی یاسا دەهێنێت، هەموو ئەمەی وتیشمان لە خودی یۆسای ڕاستەقینەدا هەبووە. ئەو سەرەتا کۆمۆنیزم بووە و زۆر سەرسامی فیدڵ کاسترۆی ڕابەری شۆڕشی کوبا بووە و دواتر بەهۆی ملهوڕی و بوونە دیکتاتۆری کاسترۆوە، لە کۆمۆنیزم پاریز دەکات. خوێندکاری کۆلێژی یاسا بووە و واز لە خوێندن دەهێنێ و بەدوای ڕۆژنامەنووسیی دەکەوێت. لە ماڵ یاخی دەبێت و ئارەزووەکانی خۆی دەژی و دواتر بێ گەڕانەوە بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونی ماڵەوە هاوسەرگیری دەکات.

**سەرچاوە:**

*** گفتوگو در کاتدرال، ماریو بارگاس یوسا، ترجمە عبدالله کوثری، چاپ دوم، نشر لوح فکر، ۱۳۸۷.**

# شاعیرێک پووچییەکانی ژیان دەنووسێتەوە

غەمگین بۆڵی

## نائومێدی کافکا و پووچییەکانی مەهدی زریان

کافکا لە ژیانێکی نائومێدانەدا ژیاوە، ئەم ژیانە نائومێدانەیەش لەسەرەتای تەمەنییەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئاخر دایکی کافکا ئایینی جوولەکەی هێندە بە توندی گرتووە، تاکو دروست بوونی سنوور و بیر تەسکی، ئەمە بۆ کافکا هەر لەسەرەتاوە جێگەی قبووڵ نەبووە و کەوتۆتە ململانێیەکی سەخت. ناشێت کافکا لەدیدگەی هیچ ئایین و ئایدیۆلۆژیایەکدا قەتیس ببێت، ئەو لە هیچ کردەیەکی فیکری پێش خۆشیدا ئۆقرەی نەگرتووە، تەنانەت لەگەڵ ئەو ژنانەی کە خۆشیشی ویستوون، یان ئەوانەی بوونەتە هاوسەریشی نەیتوانیوە لەگەڵیاندا بەردەوام بێت. ئایینی کافکا لە نووسینەکاندا بوونی هەیە، کافکا هیچ ئایینێکی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو ململانێی ئەو فیکرانەی کردووە کە ویستوویانە بەزۆر بەسەریدا بسەپێنن. وەک ئەلبێر کامو خۆی ئایینێکی تری لەناو نووسینەکانی خۆیدا نووسیوە، ئەویش هەر وەک کافکا لەهیچ ئایین و ئایدیۆلۆژیایەکدا ئۆقرەی نەگرتووە، وەلێ دانی بەوەش داناوە کە ئایینی مەسیحی شوێنگەیەکی پڕ بەهای مرۆڤایەتی لە مێژووی شارستانیەتی و مرۆڤ دۆستیدا هەیە. لەدیدگەی ئەلبێر کامووە ئەو ڕاستییە هەیە کە مرۆڤەکان ئەگەر بڕواشیان بە ئایینەکان نەبووبێ، دەبێت بزانن ڕاستییەک لەناو تەواوی ئایینەکانی دنیادا بوونی هەیە، هەر ئەم ڕاستییەشە بۆتە هۆی ئەزموونی ژیانبوون. بەشێک لە نووسینەکانی کافکا بۆ ئەو ململانێیە دەگەڕێتەوە، نەوەک ئەو ململانێیەی گوایە لە دەروونیدا بوونی هەیە. ئەوەتا باوکی پیاوێکی بازرگان بووە، هەموو ئامانجێکی تەنیا بریتی بووە لە کۆکردنەوەی پارە و سامان، ئەوانەی لەدەوروبەریشدان، تەنیا بە بوونی پارەوە ویستوونی. ئەمە لە ڕۆمانی (بەدگۆڕان)دا بەجوانی وێناکراوە، کاتێک (گریگۆری سامسا) بەیانییەک دەبێتە گیانلەبەرێکی سەیر، پشتی وەک قالۆنچەیەکی لێ دێت. گریگۆری سامسا لە ژوورەکەیدا بە تەنیا

دەمـــێنێـــتـــەوە، چونکە توانایی کارکردنی نەماوە. واتە توانایی پارە پەیداکـردنی بۆ باوکە بازرگـانەکەی نەماوە، ئیتر هیچ کەسێک بەلایەوە ناچێت، تەنانەت خزمەتکارەکەشیان بەدیدێکی تر ســـەیری دەکـــات و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، ئەگەر ئەم وێنە ڕەشانە ڕەنگدانەوەی ژیانی کافکا نەبێت، چییە؟!

دەشێت لە دوو سەردەمی جیـادا خـــاڵی هاوبەش لە نێـــوان دوو نووسیاری جیاوازدا هەبن، دەشێت ئێـمـــە لەهەر قـــۆناغـــێکی ژیان گـــوزەراندن بین و خـــاوەن دەرد و مەینەتی هاوبەشیش بین. نووسینی جوان قۆناغەکان دەبڕێت، نووسیاری جـــوانبین بەناو ئایینندەدا گـــوزەر دەکات، ئەوە نووسینی جوانە، ئەوە نووسیاری جوانبینە وێنای هەموو مـرۆڤێک دەکـات لەهەر شـوێنێکی دنیادا بێت. ئەم خاڵی ڕەشبینییە لە ژیانێکی نائومێـدانەوە دێتـەبوون. دیارە لە قـۆناغـێکدا نووسـیـارانی ئەوروپا درێژەیان بەم خـاڵە ڕەشـەی کافکا داوە، لێرەشدا هەڵوەستەیەک لەسەر شیعرەکانی شاعیرێکی کورد دەکـەین، دنیـابینی ئەو شـاعـیـرە پڕیەتی لە پـووچی ژیـان. ژیان لای ئەو شاعیرە پووچ نییە، ئەوە بوونی ژیان خۆیەتی کە پووچە. ئەم خاڵی پووچییە، یان ئەم خاڵی ڕەشیبنییە، لە کۆمەڵە شیعری (مانیفێستەکانی پووچی)ی شاعیر (مەهدی زریان)دا وێنا کراون، دەشێت خاڵی هاوبەشی کـافکا و مـەهدی زریانیش لەوەوە بەریەک کەوتبن.

**پووچی ژیان و نائومێدی شاعیر**

لـێـــــــرەوە دەمـــــــــەوێت لەناوونیشانەکەیەوە هەڵوەستەیەک بکەم، (مـانـیـفـێـســتی پووچی)ی شـاعـیـر مـەهدی زریان، کـە لەناو هەمـان کـانـیـاوی ناوونیـشـانی نووسـینێکی بەناوبانگی ڕەخنەیی (ئاندرێ بریتـۆن)دا هەڵینجـراوە، بەناوی (مانیفێستی سوریالیزم)، ئەمـەش دەکـرێت بەریەک کـەوتنی فـیکریی بێت، یان بگەڕێینەوە سەر ئەم تیـورە گـشـتـگـیـریـیـەی کـە بەشێوەیەک لە شێوەکان، مرۆڤەکان خاوەن دەردی هاوبەشن. ئەگەر بڕیار بێت مـرۆڤـەکـان خـاوەن دەردی هـاوبـەش بن، دەلـوێت زۆرجـــــار دیدگەکانیش تەواو لێکچووبن.

لەوکـاتەی ژیان لای شـاعـیـــر پووچە، کـە بوونێکی نائومـێـدانەی هەیە، دەشێت ئەم بوونە نائومێدەش دەرئەنجـامی هەلومـــەرجـــێکی دروســتکراو بێت و بەبێ ویســتی شاعیر بوونی ئەوی داگیرکردبێت. لێـــرەوە دەگـــەینە ئەو تیـــورە گشتگیرییەی کەوا سارتر پێداگری لەسەر کردووە و لای وایە فـاکـتـەرە سـەرەکـیـیـەکـانی لەخـۆنامـۆبـوونی مـرۆڤـەکـان و بوونگەرایی پووچی تاکـەکـان، ڕاسـتـەقـینەکـانی ژیانی نەداریـیـە، ئەمـەش لەوکـاتەوە دێتـە بوون کـــە مـــرۆڤـــەکـــان ناتوانن پێـداویسـتـیـیـە سـەرەتاییـەکـانی خۆشیان بهێننە دی. کاتێک بوون هەست بە بۆشـایی دەکـات، ئەم بۆشاییە پێویستی بە پڕکردنەوەی خـۆی هەیە، ناکـرێ ئەم بۆشـاییـەی بوونە، بەشـتـێکی تر پڕ بکرێتـەوە، وەلێ کـارەســات ئەوەیە بوونێک کاتێک لەناوخۆیدا نائومێدە و ژیان و تـەواوی دەوروبـەری پـووچـە، لـەم کاتەدا لەناو خاکی خۆت بیت، لەناو مـاڵی خـۆت بیت، کـەچی خـاک و مـاڵەکەی خۆشت بەلاوە نامـۆ بێت، بۆیە ئەم پرسیارانەی کەوا لەبەردەمان وەک مـــــردوو قـــــیـت دەبنـەوە، وەڵامـەکـانی ئەو پرسـیـارانە زۆر زەحـمـەتتـرە کـە پرسـیـاری زیندووی ئامـادەکراون، بۆیە دەلوێت بپرسین: ئایا چی وای کـردووە خـاک و مـاڵ بەلای شـاعـیـرەوە نامـۆ بێت؟ ئەم نامۆبوونەی شاعیر هەمان نامۆبوونی مـرۆڤـەکـانی ترە؟ ئایا نامـۆبـوونی ناوەوەی شاعیر هەمان نامۆبوونە بە خاک و مـاڵ؟ شـاعـیـر ڕاسـتگۆیانە وێنای ئەو زەمـەنە دەکـات کـە هیچ شـتـێک لە شوێنی شـیـاوی خـۆیدا نەماوە، بارگاویبوونی ئەو زەمەنە بە شێوەیەک بە فیلتەری شیعرگەراییدا تێپەڕیوە، کە دەشێت وەک مێژووی ئەو زەمەنەش شرۆڤەکاری بۆ بکەین، لەم بارەیەوە (جێمس ئەنتۆنی فرۆد) جـوانی گـوتووە، کـاتێک دەڵێت: «شاعیر ڕاستگۆترین مێژوونووسە». مەهدی زریانی شاعیریش بەبێ سڵ کردنەوە و ڕاستگۆیانە وێنای زەمەنی خـۆی کـردووە کـە تێـیـدا ژیـاوە، ڕاســـتگۆیی دەروونی خـــۆی بۆ دەوروبەر بەیان کـــردووە، هەمـــوو ئەوانەش بە فـیلتـەری فـانـتـازیای شیعرگەراییەوە تێپەڕیون.

**شەو نییە**

**شەمشەمە کوێرەکان**

**تەماشای بەختم نەکەن...لا ٣٧**

لەم کـۆپلە شـیـعـرەی سـەرەوەدا شـاعـیـر وێنەی بەختی خـۆی لەو

زەمەنەدا کێشاوە، کە ئەو شتانەی نامۆن بۆی وەک شەمشەمە کوێرە سەیری دەکەن. لێرەدا (شەو) کە بەمانای حەسانەوە دێت، حەسانەوەی دەروونی هیلاکی شاعیر، حەسانەوەی جەستەی ماندوو بە ژیانێکی نائومێد، حەسانەوەی عەقڵ لەناو هەموو ئەو شتە نامۆیانەی کە لە شوێنی شیاوی خۆیاندا نین. (شەمشەمەکوێرەکان)، ڕەمزە! ڕەمزێکی نێگەتیڤ و زەمەنێکی تاریک، ڕۆژگارێکی تەواو تەواو شەو، شەوێکی ئەنگوستەچاو، ڕەمزی کۆمەڵگەی نێرسالاری، لەوێوە سەیری چارەنووسی مرۆڤەکانیش دەکەن، شاعیر ڕاستگۆیانە باسی ئەو زەمەنە دەکات کە بوونی هەیە و خۆیشی بوونی لەناو بوونی ئەو زەمەنەدا هەیە. شاعیر هەیە باسی باران دەکات، وەلێ خۆی لە پشت پەنجەرەوە سەیری باران دەکات، کاتێک لە دەرەوە باران دەبارێت. شاعیری ڕاستنووس بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوە باسی باران بکات، دەچێتە دەرەوە، لەبەرباران ڕادەوەستێت، ئەوسا لەبارەی ئەم باران بارینەوە دەنووسێت.

**ئێمە نامۆین بەم خاکە!** لا ٤٠

لێرەیشەوە دیارە نامۆبوونی شاعیر بەخاک زیاتر درێژەی هەیە، نامۆبوونی شاعیر بەخاکی خۆی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە شاعیر خۆی تەنیا بە هاوولاتی خاکی ئەم وڵاتە نەزانێت، بەڵکو خۆی بە هاوولاتی هەموو دنیا بزانێت، هەروەک لە وەڵامەکەی ئەرستۆیش هاتووە کە ئامـاژەی بەوە داوە، خۆی بە هاوولاتییەکی یۆنانی نازانێت، بەڵکو خۆی بە هاوولاتییەکی جیهانی و گەردوونی دەزانێت. ئەم نامۆبوونەی مەهدی زریان ئاماژە نییە بۆ ئەم تیورەی ئەرستۆ، تەنانەت ئەو نامۆییە بە خاکەکەی، تا ئەو ئەندازەیەی کە شتەکانی دەوروبەری جێگەی پووچگەرین، ئەو وێنای ئەم هەموو جەنگ و کوشتار و خوێنە دەکات کە لە خاکەکەیدا هەمیشە دەبینرێن و کۆتاییان نایەت! بۆیە شاعیر درێژە بەم ڕاستییە پووچە دەدات و دیسان وێنای ئەو زەمەنانە دەکێشێت.

**لە ڕەگەزی خوێنین.** لا ٧٩

دەشێت ڕەگەزی خوێن بریتی بێت لە شەڕ! شەڕە بێ ماناکان. دەشێت باسی شەڕی براکوژی بێت، دەشێت باسی جەنگە یەک لەدوای یەکەکان بێت کە بەسەر ئەم نەوەیەدا هاتوون، بۆیە ئەم نەوەیە بێجگە لە شەڕ، بێجگە لە کوشتن، بێجگە لە خوێن هیچی تری نەبینیوە.

**شیعری نوێ**

بەر لەوەی بچینە ناو کرۆکی شیعری نوێوە، پێویستە هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر مێژووی شیعری کوردیدا بکەین، چۆن بڕیارە لەبارەی شاعیرێکی کوردەوە هەڵوەستەیەک بکەین. مێژووی شیعری کوردی بە قۆناغگەلێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، ئەو جیاوازییەش وای کردووە پێکدادانی دەنگەکان لەتەواوی قۆناغەکاندا دروست ببێت، دواجار شاعیرە جواننووسەکان و شاعیرە قووڵبینەکان هەڵگری مۆرکی ئەو قۆناغانە بوونە، کەچی قۆناغەکانی شیعری کوردی هەتا ئەمڕۆش، ئامادەیی شیعرگەرایی پەیوەست بووە بە هەلومەرجی سیاسی و کولتوورییەوە، بۆیە زۆرجار شیعری کوردی تەواو ئاوێنەی شەقامی کوردی بووە، وەلێ قۆناغەکانی شیعری کوردیش سیماو خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەبووە، ئەو ئامادەییەش زادەی ئەو قۆناغەو پەیوەست بووە پێیەوە، کە هەرچۆنێک بێت بوونی هەبووە. کەواتە مێژووی شیعری کوردی بەسەر قۆناغەکاندا دابەش دەبن، بەپێی ئەم دابەش بوونەش شیعری کوردی گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە وەک بەرچاوڕوونییەکی بچووک بۆ چوونە ناو تیوری نوێگەریی و نەوەی نوێ و شیعری نوێ.

تازەگەری بە پێی تیوری هابرماز تێپەڕینە لە سیما و خەسڵەت و ناوەوەی ئەو قۆناغەی کە شاعیر دەیەوێت، تێبپەڕێت! چەمکی «تێپەڕین» لەم تیورەی تازەگەریدا گەیشتنە بە دەرئەنجامێکی تازەی ئاگایی، کە ئەم دەرئەنجامەش لە نائاگاییەوە هاتبێتە بوون، یان بەجێهێشتنی ئەقڵیەتێکی چەقبەستووە و گەیشتنە بۆ ئەقڵیەتێکی فراوانتر. کەواتە تێپەڕینی فیکر و ئەدەبیات لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر، تێپەڕینە لە فیکرکوژی و گەیشتنە بە فیکرێکی باوەڕداری فرە ڕەهەند، تەواوی ئەو فرەڕەهەندییەش

کـــاریگەری بنەڕەتی بە چەمکی «فێربوون»ـەوە هەیە.

ئەگەر شیعری کوردی لە ڕابردوودا وەک پێویست نەیتوانیبێت باس لە ئازارەکـانی جیـهـان بکات، وەلێ هەوڵی داوە جیـهـان لەناو خـۆیدا بدۆزێتەوە، بۆیە کە سەیری مێژووی شـیـعـری کـوردی دەکـەین، مـرۆڤ دۆسـتی بوونی هەیە، ئەم بوونەش پەیوەسـتـە بە هەلومـەرجی تاکی کوردەوە. هیچ شـتـێک نییـە بەقەد ئازارێکی ناچارکـراو لە ناخـەوە ئەم بـوونـە بـاڵا بـکـات و بـەرەو ئـەو وێستگەیە ڕای بماڵێت، دەشێت ئەم بوونە بیـریشی لێ نەکـرابێـتـەوە، دەشێت ئەمە سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەوەی لە خـودی شـاعـیـربوونەوە نزیک ببـینەوە، ئەوکـاتەی کـەسی شـاعـیـریش لە بوونی خـۆی نزیک بۆوە، دەتوانێت کـاری داهێنەرانەش بکات. شـاعـیـری جـواننووس ئەو کـاتەی ڕژێمـێکی دیکـتـاتۆر بەهاو بوونەکان داگیر دەکات، پێنووسەکەی چەکە و پەیڤەکانیشی فیشەک. لەم قـۆناغـانەدا دەشـێت هەمـوومـان لەنـاخی خـــۆمـــاندا بوونێکی ڕەخنەگرانەمان هەبێت، هەم بە ڕووی دنیـــا و هەمـــیش بە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، ئیشی ئەم بوونەش ئیـــشکردنە لەســـەر هەڵوێست، تەنانەت هەر وشـەیەکـیش لەسـەر زمانی هەڵوێست بوونی خۆی هەیە، سامـوێل جۆنسن لای وایە: «زمـان پۆشاکی بیرکردنەوەیە»، کەوا بێت بۆ ئەوەی شیعری هەر قۆناغێک لە قۆناغێکی تر نەچێت، دەبێت زمانی شـیـعـر گـۆڕانکاری بەسـەردابێت، تەنانەت عـەقـڵی شـیـعـریش بەدەر نەبێت لەم گۆڕانکارییانەدا. زمانی بوێر و ڕاســتـگۆش، ڕاســتـگۆیی هەســتـە جـوانەکـانی شـاعـیـر دەردەخات، کەوایە زمانی شیعر، زمانێکە هەمیشە لە بارگۆڕاندایە، ئەگەر لەناو شیعری کۆنی کوردیدا باسی زوڵفی یار هەمـیـشـە تاڤگە بووبێت، یان چاوی یار هەمـیـشـە وەک بـن پـیـــاڵـە بـووبێت، یـان ڕوخـســاری یار مـانـگ بێت، ئەوە دەبێت ئەم وێنە شیعرییانە گۆڕانیان بەسەر دابێت. شیعری نوێی ئێستا بە پێچەوانەی شیعری کۆنی کوردی لە وەسـفی سـروشت دێتـە دەرەوەو خـۆی تێکەڵی تەکنۆلۆژیا و مـادده دەکـات. شـیـعـری نوێ بە هۆی جـیـهـانی (جـووڵەی خـێـرا)وە بە کەمترین وشە و دەربڕین، پێویستە زۆرترین مـانـا و چێـژ بە خـوێنەر ببەخشێت.

نیـتـشـە لای وایە لەنێوان تەواوی نووسراوەکاندا دەبێت تەنیا ئەوەمان زیاتر خۆش بوێت کە نووسەرێک - شـاعـیـرێک - بە خـوێنی خـۆی نووسـیـبـێـتـی. لێرەدا دەشـێت مەبەستی نیتشە لە خوێنی نووسیار ڕاســتـگۆیی و نوێبـــوونەوە بێت. شـاعـیـری جـواننووس، ئەگـەر ئەم خـوێنەی پاک بوو، ئەگـەر خـوێنی داهێنەرانە بە ناو شـادەمـارەکـانی شیعریدا هاتوچۆی کرد، جیهان لە نـاو خـــۆیدا دەدۆزێـتـــەوە، لە بچـووکـتـرین خـەمی بوونیـدا دژواریەکانی جیهان دەنووسێتەوە. هەموو جیهان ناتوانێت شاعیریەتی لە شاعیرێکی ڕاستەقینە بستێنێت کە خۆی شاعیرە، هەموو خەڵکی جیـهـانیش ناتوانن (شـاعـیـر)ێک بکەنە شاعیر کە بوونی ئەو ئەوەی تێدا نەبێت.

لێرەدا ئاماژە بە وشەی عـەرەبی و هەڵـەی زمـــانەوانی و ڕێنـووسی نادەین، وەلێ ناشـێـت خـۆمـان لەئاسـتی دەسـتـەواژەی سـواو بێ دەنگ بکەین. ئاخـر شـیـعـر هێندە باڵایە لەدیدگەی بیرمەندێکی وەک هیگڵەوە ترۆپکی ئەدەبیاتە، لەناو ئەدەبیاتیشدا شیعر هونەری سەرووی هەمـــوو هونەرەکـــانە، لەهەمـــوو ژانرەکـانی تری ئەدەبیـــاتدا مـانـا بەخـشـتـرە. شـیـعـر لە هەمـوو سەردەمەکاندا کاریگەر بووە، وەلێ زۆرجـار شـیـعـر بەهۆی هەڵەیەکی ڕێنووسـیـیـەوە ئەو کـاریگەرییـەی لەدەست دەدات کـــە وەک هێـــزی مـوگناتیـزی خـوێنەر بۆ لای خـۆی پەلکێش دەکـــات، واتە وەک ئەو شەمەندەفەرەی کاتێک لە ڕێڕەوی خـۆی لادەدات و تووشی کـارەسـات دەبێت! دەشـێت وەها سـەیری ئەم جۆرە شیعرانە بکەین کاتێک بەهۆی هەڵەی زمـانەوانی و ڕێنووسەوە ئەو کـــاریگەرییـــەی کـــەوا لە بوونی شـیـعـرەکـەدا هەیە، کـەم دەبێـتـەوە. کـــارەســاتە شـــاعـــیـــرێک دوای ساڵانێکی زۆر خۆ سەرقـاڵکردن بە شیعرەوە، کەچی نەزانێت (نییە) بە دوو (ی) دەنووسرێت، تەنانەت خۆی لەنێوان وشەی (دەوت) و (دەگوت) یەکـــلانەکـــاتەوە!. ئەمـــانە چەند نموونەیەکی کەمن لەناو کتێبەکەدا: «ئـەی ووت - ووشـــــە - پـوچ - ڕوتبوونەوە - پێم وتی - پایزەکان - ئەدۆرێنێ - گـــۆرانیـــەکـــان - تارمـایەکـانی پوچی - لە بونیـا - ڕوخـاو - ئەیوبست - تەنیـایم -

قـــووتم ئەدا- ئاوابون - تابوت - چارەنوس - ڕوبار- دەگـــێـــری - دائەبارین - دوکـــەڵ - بنوسین - مـێژونووس - یادگاریە - دوبارە- چیە - ڕوناکی- وونبووی - ووشک - بە قـەد -بچـوک - بنوسم - نیـە ...تاد» ، ئەمـــانە چێـــژ لەلای خوێنەری هۆشیار و بە ئەزموون کەم دەکـەنەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ناشـێت کتێبێکی شیعری بە تەنیا لە ڕێگەی هەڵەی ڕێنووس و زمـانەوانیـیـەوە هەڵبـســەنگێنین، واتە کـارێکی ناڕەوایە ڕەخنە لە کتێبێکی شیعری بگرین تەنیـا لە ڕوانگەی هەڵەی ڕێنووس و زمـانەوانیـیـەوە، ناشـێت کـتـێـبـێک لەسـەر پێـوەری هەڵەی زمانەوانی هەڵبسەنگێنین، ئەو جۆرە هەڵسـەنگاندنانەی کـە هەشـە لەم بارەیەوە نەبوونیـان شـیـاوترە لە هەبوونیان.

هەندێک وشـە و دەسـتـەواژە، لەئەدەبیـاتی ئێـمـەدا هێندە بەکارهێنراون کە سواوبوونە، ناشێت شـاعـیرێکی ئەمڕۆش بەهەمـان ئەو کـەرسـتـە و دەسـتـەواژانە شـیـعـر بنووسێت، لێرەدا مـەبەستمـان وشە نـیـیـە، چۆن وشـە مـوڵکی هیچ شاعیرێک نییە، وەلێ دەستەواژەش لەناو شـیـعـردا هەیە کـە لە خوێندنەوەی یەکـەم وشـەوە دەزانین مەبەستی شاعیر چییە؟ هەر وەک ئەو شیعرانەی کەوا لەمانای نیوە دێڕی یەکەمەوە مـانای نیوە دێڕی دووەم بەر لە خـوێندنەوە خـۆی بە دەست خوێنەرەوە دەدات. جوانیناسی شیعر ئەزموونی فراوانی شاعیرە کە دەری دەبڕێت. ئەو خـوێنەرەی دوای خوێندنەوەی شیعری ئەو شاعیرە هەڵـوەسـتـەیەک دەکـات، بەسـەرسـوڕمـانەوە لە بارەی شیعرەکەوە دەپرسێت! مەرج نییە لە کـەسی بەرانبـەر بپـرسـێت، ئاخـر زۆرجـار ئەم خـوێنەرە لە خـۆی دەپرسـێت! ئەو خوێنەرە لەدیدگـەی ئەم پرسیـارانەوە لەشـتـێکی تریش دەگـەڕێت، ئەو خـوێنەرە ئەوەی لە ڕێگەی خوێندنەوەی یەکەمەوە تێی گـەیشـتـووە، هەناوی خوێندنەوەی ئەوی تێـر نەکـردووە، بۆیە دێت پرسیار دەکات. نالوێت شیعرێک جوانبین و فرەدیدگە نەبێت، پرسیار و گـومـان دروست نەکـات، ئەوە شـیـعـری جـوانە کـە لەدوای خـوێندنەوەیدا خـوێنەر چەندین پرسـیـاری لەلا دروست دەبێ و بە دوای نهـێنی خـۆیدا پەلکێـشی دەکـات، بۆ مـاناکـانی دیکەی ئەو شیعرە دەگەڕێت، ناشێت شیعری نەمر بەیەک جار خوێندنەوە تەواوی مـاناکـانی خۆی بە دەسـتـەوە بدات، کەچی دەسـتـەواژەی شـیـعـری وەها لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە، بەناو تەواوی قۆناغەکانی شیعری کوردیدا درێژ بۆتەوە، ئەمـانەی مـەهدی زریـانـیـش چەند نموونەیەکی ئەو ڕاستییەن.

**(کاڵێ گیان - هەناسەی تەزیو - ئەی دۆست) لا ٦**

**(ئەی خودا) لا ٧**

**(ئەی ئەو کـەسـەی لەخـۆم زیاتر خۆشم دەوێی).**

**(یارۆ، ئەی حـەقـیـقـەتـترین سەراب) لا ٣٠**

**(کچی چاوکەژاڵ) لا ٤٨**

**(مەرۆ ئەی دۆست) لا ٦٦**

**(بگەڕێوە ئەی ناسکتـر لە دڵی من) لا ٧٥**

**(ئاخ کاڵێ گیان) لا ٩٥**

**(ئەی پیرۆزترین یاسا) لا ١٠٤**

**(تۆ مـیـهـرەبانتـرین ئافـرەتی) لا ١٠٨**

**(هەناسەکەم) لا ١١٠**

**(ئای کـــە مـــاندووم هاوڕێ) لا ١٢٠**

### دوا سەرنج و بوونی ڕەخنە

بەشێکی شـیـعـرەکـانی مـەهدی زریان هێندە تایبـەت کـراون کـە تایبـەتمەندی ڕوحی شـیـعـرییـەتی لە شـیـعـرەکـانیدا کوشـتـووە. شـاعـیر دەلوێـت تـایبـــەتمەند بێت، ئەم تـایبـــەتمەندییـــەش لە ڕێگەی کەڵەکەبوونی ئەزموونی تایبەتمەندی خۆیەوە بێت، وەلێ ئەم تایبەتمەندییە لە دەرئەنجـامی بەریەک کـەوتنی تایبەتمەندی تاکی خۆی و تایبەتمەندی گـشـتی دەوروبەرەوە بێـتـە بوون. بە واتەیەکی تر، دەلوێت شـاعـیـر لە ڕێگەی تـایبـــەتمەندی خـــۆیەوە تایبـەتمەندی دەوروبەر لە شـیـعـری خۆیدا بدۆزێتەوە. من هەرگیز باوەڕم بە ئەزموونی ئەو شاعیرانە نییە، کە بە پاساوی ئەوەی شـیـعـر بۆ خـۆیان دەنووسن لاوازی ئەزمـوونی خـۆیان دەشـارنەوە، لە پەنای ئەم ڕسـتـەوە خۆیان حەشاردەدەن، ئاخر ئەگەر بڕیار بێت شـیـعـر بۆ خـۆیان بنووسن، ئەی بۆچی بڵاوی دەکـەنەوە؟ هەمـیـشـە گومانم لە ئەزموونی شیعرنووسینی ئەو شـاعـیرانە هەیە! گـومـانێک بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان.

لە پشـــتی هەمـــوو کـــارێکی ئەدەبییەوە فیکرەیەک بوونی هەیە، واتە هیچ کـردەیەکی ئەدەبی بە بێ

بوونی فـیکرەیەک نابێت، ئەگـەر بڕیار بێت هەشـبـێت، نەبوونی چەشنی هەبوونیـەتی. (کـاڵێ) ئەو ئافـرەتەیە کـە لە شـیـعـری مـەهدی زریاندا بوونێکی غـەریبی هەیە، بـوونـێـک پـڕ لـە شـکـسـت، پـڕ لـە نەهـامـەتی ژیـان، پڕ لـە ئـازاری عـەشق، پڕ لە دوورییـەکی لێـوڕێژ لە بریـن، ئەگـەرچی وەک لەسـەرەوە ئامـاژەمـان بە تایبـەتمەندییـەکی زۆر کردووە، وەلێ ئەوە مانای ئەوە نییە کـە فـەزای جـوان بوونی ژیانی ڕاسـتـەقـینە دەدزێـتـەوە و دنیـایەکی جوان بە خەیاڵی شاعیرانەی خۆی بۆ خـۆی دروست دەکـات. ئـاخـر خـەمی شـاعـیـر و کـاڵێ وەک بیـرێکی بێ بنە، خەمێک کە تەنیا شاعیر خۆی توانیویەتی لە شیعری (خەونەکانی کـاڵێ) دا وێنای بکات، کەواتە لە پشـتی بەشـێک لە شـیـعـرەکـانی مـەهدی زریاندا کـاڵێـیـەک بوونی هەیە، کـاڵێ شـاژنی شـیـعـری ئەم شاعیرەیە.

لە هەر کـۆمـەڵگەیەکدا بەرشـەقی بیـرکـردنەوەی جیـاواز تەسک بێت، ڕەخنەش ئەو بوونە ڕاسـتـەقـینەیەی خۆی نامێنێت، ئەگەر بڕیار بێت ئەم بوونـەشی هەبێت، ئەوە ئەو بـوونە ڕاسـتـەقـینەیەی خـۆی لە دەست دەدات. ئەو (شـاعـیـر) انەی خـاوەن دیدگـەی پڕ مـەعـریفـە نین، ناتوانن بوونی ئەو ڕەخنانەش قبووڵ بکەن کە هەیە، بۆیە کـێـشـە بنەڕەتیـیـەکـەی ڕەخنەی ئەدەبیـاتی کوردی لە هەبوون و نەبوونی تـیـوری ڕەخنەوە نـیـیـە، بەڵکو کێشە فیکرە، ئێمە کێشەی فـیکرمـان هەیە، بۆیە زۆرێک تاکـو ئێـسـتـایش وەها بیـر دەکـەنەوە کـە بوونی ڕەخنە، یان دەبێـت ڕەخنەی بنیـادنەر بێت، یان دەبێت ڕەخنەی ڕووخـێنەر دەبێت، واتە ڕەخنە، یان لە ژێر کاریگەری سۆزە، یانیش ڕق. ئەمـانە لە دەرئەنجـامی فـیکری مـردووەوە هاتـوونەتە بـوون، ئەو فیکرە مردووەی کە زەمەنێکی زۆرە بـاڵی بـەسـەر بـوونی ڕەخنـەدا داگرتووە. ڕەخنەی ئەدەبی نالوێت لە ژێر کـاریگەری سـۆز، یان ڕقـەوە بێت، ئەمانە وەک دوو جـەمـسـەری مـوگناتیـزین، کـە نێگەتیڤ بوون هەمیشە لە یەکتری دوور دەکەونەوە، ئەگـەر پۆزەتیڤیش بن هەمـیـشـە لە یەکـتری دوور دوور دەکـەونەوە و لە هیچ ڕەهەندێکی جـوانبین یەکـتری ناگرنەوە.

مـانیـفـێـسـتـەکـانی پووچی، ئەزمـوونێکی شـیـعـری جـوانی ئەم شاعیرەیە، ئەم شاعیرە ڕاستگۆیانە خـۆی بە زمـانێکی پڕ درۆی پووچی ژیان نووسیوەتەوە، ژیانێک لێوانلێو لە پووچی.

**سەرچاوە:**

**مـانیـفـێـستی پووچی، شـیـعـر، مـەهدی زریان، لەبڵاوکـراوەکـانی یەکـێـتـیی نووسـەرانی کـورد، لقی کـەرکـووک، زنجـیـرە (٣). چاپی یەکـەم ٢٠٠٥، چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.**

# نامەیەکی میرزا شەفیع بۆ خانای قوبادی و..
# وەڵامی خانای قوبادی بۆ میرزا شەفیع

**ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)**
**(کەلار)**

ئەم نامەیەش یەکێکی دیکەیە لەو نامانەی لای من کە لە کەشکۆڵ و بەیازەوە وەرمگرتووە، بۆیە بەپێویستی دەزانم ئەم دوو نامەیەش بخرێنە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی، لێرەدا دەمەوێ لەبارەی ئەم دوو نامەیەوە هەندێک زانیاری و باسی نوێ بخەمەڕوو و هەندێ پەراوێز بۆ ناوی کەسایەتییە هاتووەکان بنووسم و فەرهەنگیش بۆ هەندێک لە وشەکان بنووسم و بڵاوی بکەمەوە.

خانای قوبادی و میرزا شەفیعی کولیایی دوو شاعیری ماچۆ گۆیانن، لەسەر کێشی دە بڕگەیی هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە، خانا خانی قوبادییەکانی جافی جوانڕۆ بووە و دەسەڵاتی تا ناوچەی، یان لای (خان ئاشوور) بووە، ئەمەش بەپێی بەڵگەی شیعری خانای قوبادی کە لە شیعری بای شەماڵ ڕێشەندا دەیڵێت.

خانای قوبادی لە ساڵی ١٠٩٨ی کۆچیدا لە دایکبووە، هاوتەمەنی میرزا شەفیعی کولیایی بووە، لەنێوان ئەم دوو شاعیرەدا نامە گۆڕینەوەیەکی زۆر هەبووە، تەنانەت میرزا شەفیع ئەوەندە دۆستی خانا بووە، کە پێوەندی دڵداریی نێوان خانای قوبادی و زوڵەیخای کولیایی زانیوە و نامەی شیعری بۆ خانا نووسیوە، هەر بۆیە خانا لە نێو شیعرەکانیدا چەندین جار باسی میرزا شەفیعی کردووە و بە هاوەدرد و هاوفەردی خۆی زانیوە، بە دۆستی نزیکی خۆی داناوە و ئامۆژگاری کردووە.

میرزا شەفیعیش دۆستایەتی باشی لەگەڵ ئەڵماس خانی کەنوولەیی و خانادا هەبووە، هەندێک لە سەرچاوەکان کە هەموویان لە یەکیانەوە وەریانگرتووە و تا ئێستا بەڵگەیەکی ئاشکرا و دیار بەدەستەوە نییە، دەڵێن: خانای قوبادی و ئەڵماس خانی کەنوولەیی بەهۆی میرزا شەفیعەوە یەکتریان ناسیوە، بەڵام تا ئەم چرکەساتە شیعرێکی زۆری ئەم سێ شاعیرەم لەبەردەست دایە و کاری دیوانەکانی ئەم سێ شاعیرەم لە ئەستۆگەی خۆم ناوە، هیچ شیعرێکی خانا و ئەڵماس خانم پێش چاو نەکەوتووە، خاناش هیچ ئاماژەیەکی بەناوی ئەم شاعیرە نەکردووە، هەروەها ئەڵماس خانیش باسی ئەم شاعیرەی لە هیچ شیعرێکیدا نەکردووە، نە لە نادر و تۆپاڵدا، نە لە داستانی مشک و پیشلە و نە لە شیعرە پەڕاگەندەکانیدا. موحەممەد عەلی سوڵتانی و بابا شێخی مەردۆخی و سەفی زادە و چەند سەرچاوەیەکی دیکە باسی ئاشنایەتی نێوان خانا و ئەڵماس خان دەکەن، بەڵام ئەوانیش هیچ پارچە شیعرێک، یان بەڵگەیەکیان نەخستووەتە ڕوو، کە لەنێوان خانا و میرزا شەفیعدا ناوی میرزا شەفیع و خانا هەیە.

هەر لەم بارەیەوە سدیق بۆرەکەیی لە مێژووی وێژەکەیدا باسی میرزا شەفیع و خانا دەکات، هەروەها باسی ژیانی (میرزا شەفیع)مان بۆ دەکات و بە میرزا شەفیعی مامێزکی ناودەبات و دەڵێت: ئەم هۆنەرە پایە بەرزە کە ناوی شەفیع و کوڕی ئەحمەدە، (١) لە دێی مامێزکدا لە دایک بووە. سەبارەت بەمێژووی لە دایکبوون و مردنی میرزا شەفیع جیاوازی هەیە،(٢) بەڵام سەفی زادە بۆ مێژووی ژیانی دەنووسێت: ساڵی ١١٦٩ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٢٣٨ی کۆچیدا

کۆچی دوایی کردووە، بەڵام من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم کە میرزا شەفیع لە ساڵی ١١٦٩ی کۆچیدا لە دایک بووبێت، چونکە خانای قوبادی لە ساڵی ١٠٩٨ی کۆچیدا لە دایک بووە، خانا لە ساڵی ١١٥٢ی کۆچیدا نامەیەکی شیعری بۆ میرزا شەفیعی کولیایی دەنێرێت بەناوی (پەی سەنەی ساڵم) چۆن دەبێت خانا لە ساڵی ١١٥٢ی کۆچیدا نامەیەک بۆ برادەرێکی هاوەدەرد و هاوفەردی بنێرێت کە ئەو لە ساڵی ١١٦٩ی کۆچیدا لە دایک بووبێت؟ خانایەک تەمەنی خانا ٥٤ ساڵ بێت و میرزا شەفیعیش هێشتا لە دایک نەبووبێت! واتە: خانای قوبادی پێش ١٥ ساڵ بەر لە دایکبوونی میرزا شەفیعی کولیایی نامەیەکی بۆ بنووسێت و بینێرێت! تۆ بڵێی تەمەنی میرزا شەفیع چەند بووبێت کە خانا نامەکەی بۆ نووسیوە؟! یان میرزا شەفیع لە تەمەنی چەند ساڵیدا بووە کە خانا نامە گۆڕینەوەی لەگەڵدا ئەنجامداوە.

وەکو لە شیعری پەی سەنەی ساڵمدا هاتووە خانا تەمەنی پەنجاوچوار ساڵە کە نامە شیعرییەکەی بۆ میرزا شەفیع نووسیوە و میرزا شەفیعیش وەڵامی دابێتەوە، بەڵام من تا ئێستا ئەو وەڵامەم دەست نەکەوتووە، مێژووی ژیانی دوو شاعیری هاوتەمەن و هاوەدەردی خۆشی و ناخۆشی یەکتری چەند ئاڵۆزە، تۆ تەماشای مێژووی ژیانی ئەم دوو شاعیرەی گەلی کورد چی بەسەرهاتووە و تۆ تەماشاکە شتی چۆن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕوو دەدات؟!

بەهەرحاڵ میرزا شەفیعی کولیایی خاوەنی هۆنراوەیەکی زۆرە و چەند نامەیەکی لە بەردەستدان بۆ خانای قوبادی و من وەڵامەکانی ئەویشم لەبەردەست دایە، بۆیە لێرەدا ئەم نامەیە دەخەمە ڕوو، بەرهەمەکانی میرزا شەفیعی کولیاییم لەبەردەست دایە و زۆریم تایپ کردووە، بەو هیوایەم بەچاپیان بگەیەنم.

میرزا شەفیع خاوەنی دوو داستانە شیعری زۆر جوانیشە، لەوانە داستانی شیرین و فەرهاد و داستانی نۆفڵ و مەجنوون، داستانی شیرین و فەرهاد تا ئێستا بە دوو ناوی جیاوازەوە چاپ کراوە، جارێکیان بەناوی خانای قوبادیی لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤاری دەنگی گێتیی تازەدا بڵاوکراوەتەوە، لەم گۆڤارەدا هەندێ هەڵەی باشی تێکەوتووە و لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی شای ئێرانیشدا دیسانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئامادەکاری ئەو کارەی ڕۆژنامەی کوردستان دەڵێت: لە دەنگی گێتیی تازەدا هەڵەی تێدایە و لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئەو هەڵانە چاک بکەینەوە، بە بڕوای ئامادەکاری دووەم کە هەڵەکانی چاک کردووەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو هەڵە چاک بکاتەوە کە داستانەکە هی خانای قوبادی نییە، بەڵکو هی میرزا (شەفیعی کولیایی)یە، مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغیش دەڵێت: ئەو چاپەی موکریانی هەڵەی تێدایە.

جاری دووەم لە ئێران بەناوی میرزا (شەفیعی پاوەیی)یەوە چاپ کراوە، لە ڕاستیدا بنەماڵەی میرزا شەفیعی پاوەیی کە خۆم لەگەڵیاندا دانیشتووم، ئەوەیان ڕەت کردۆتەوە کە میرزا شەفیعی پاوەیی بەرهەمی لەو شێوەی هەبێت و شتی وەهای نییە، (٣) ئەم داستانی شیرین و فەرهادە لە ساڵی (١١٨٤)ی کۆچیدا نووسراوەتەوە و لە کۆتاییەکەیدا نووسراوە:

**تاریخ گوفتار، بەندەی مەینەتبار**
**هەزار و یەکسەد، هەشتاد و چەهار**
**ئەر سەهووی تێش بۆ، خەتام نەگیران**
**حوجرەی زەین وێم، خەم کەردەن وێران**
**یە (شەفیع) واتەن، دەروون پڕ جە دەرد**
**شەوان مەکێشۆ هەناسان سەرد**
**یە (شەفیع) واتەن وەی گشت دەردەوە**
**گڕەی نار جە ڕووی سەنگ مەکەردەوە**
**ئافەرین (شەفیع) قەبرت پڕ نوور بۆ**
**ڕۆحت جە عەزاب قیامەت دوور بۆ**

بەرهەمی دووەمی میرزا شەفیع کە بریتییە لە (نۆفڵ و مەجنوون) بەپێی ئەم دەقە شیعرییەی لە داستانەکەدا هاتووە و دەڵێت:

**تا ئەرز ئیستوار، جەبەڵ وە جا بۆ**
**تا بەقەر حامڵ، حەمڵ نە جا بۆ**
**بەقای بێ زەواڵ، عومر (خەسرەو) بۆ**
**بەری جە ئەفساد، چەرخ کەچ ڕەو بۆ**
**ئیقباڵ دەوڵەت، هەم عینانش بۆ**
**بە کۆری دیدەی دووشمنانش بۆ**
**خاس هوەیداش کەر، عالەم بفامۆ**
**والی زی شەوکەت، خەسرەو مامۆ**
**ئەلتافش موزەید، زیندەگانییەن**
**ئاستانەش موحیت، کامەرانییەن**
**بنیشن ساکین نەهەرلا خۆشحاڵ**
**نە سایەی عەدڵش بە فارغول باڵ**

**واتەی نام دۆست، بەندەی جەفاکێش**
**گەدایی خۆشە، چین ئەربابان پێش**
**ناپوختە و ناچیز، بێ ئەجزا و نمەک**
**سەنەی "هەزار و دوو سەد چەنی یەک"**

لە ساڵی ١٢٠١ی کۆچیدا بۆ خەسرەو خانی ئەردەڵان نووسراوەتەوە، چونکە میرزا شەفیع خۆی بەڕێوبەری خەزێنەی ئەردەڵانەکان بووە، وا پێدەچێت میرزا شەفیع تەمەنێکی زۆری کردبێت، یان ئەوەتا کە ئەو ساڵانەی بۆ مێژووی ژیانی دانراوە هەڵەیە. ئەم بەرهەمە لەلایەن ئەمین کوجەری لە شاری سەحنەی وڵاتی ئێران چاپ کراوە، بەڵام لە هەڵە بەدوور نییە و بەشێوەی ڕێنووسی فارسیش چاپ کراوە.

بەهەرحاڵ، ئەمەش دوو نامەی شیعریی دیکەیە لە نێوان دوو شاعیردا، ئەم دوو نامەیە لە باسی پیرێتیدا نووسراوە، میرزا شەفیع پیری هاتووە بەپیرییەوە. پیری سەرچاوەکانی دەرگای پیری لێکردۆتەوە. لەباسی پیرێتیدا ئەم دوو شاعیرە کەرەستە و نیشانەکانی پیرێتییان دەستنیشان کردووە، میرزا شەفیع سەرەتا ڕووی دەمی لە خانا دەکات و دەڵێت:

**پیری کەردەوە، پیری کەردەوە**
**دەریچەی تەخییەت، جە ڕووم کەردەوە**
**شەمع شادیی بەخش، دڵ جە پەردەوە**
**بە تەئشیر تۆف، جەورت بەردەوە**

میرزا شەفیع دەڵێت: پیری هاتووە و دەرگا بچووکەکانی، یان نیشانەکانی پیرێتی بە ڕوومدا کردۆتەوە، ڕووناکی و شادی و خۆشی لە دڵمدا بردووە و نیشانەی زوڵمو زۆرەکانی لە ڕوخسارمدا دیاری کردووە و بردوویەتی.

میرزا شەفیع لەم هۆنراوەیدا باسی هەندێ لە نیشانەکانی پیری دەکات و حاڵەتەکانی دیاری دەکات، لە شوێنێکی دیکەدا میرزا شەفیع دەڵێت:

**ئیستە جە دوو لەت چارەی شووم تۆ**
**(کاکە) تەخەڵوس بین وە (خاڵۆ)**

دواتر خانای قوبادی وەڵامی دەداتەوە، خاناش پێچەوانەی شاعیرانی دیکە لەم بەرهەمەیدا ئاوڕی لە پیری داوەتەوە، ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێت:

**میرزام جە پیری، میرزام جە پیری**
**پەی چێش سکاڵات بەرزەن جە پیری**
**نیسبەت زوڵمەت دای، بەنام پیری**
**ئەعلا موقامەن، موقام پیری**
**هەر چەند کە پایەی پیری زەحمەتەن**
**ئەمانەت بەخشی، مایەی ڕەحمەتەن**

خانا لێرەدا دەڵێت: میرزام ئەوە چییە سکاڵا و گازندە دەکەی لە دەست پیری؟ بۆچی ئەو هەموو شتانە دەخەیتە ئەستۆی پیری؟ پیری پلەیەکی بەرزە و مەقامی لەلای خوای گەورە بەرزە، هەرچەندە کە پلە و پایەی پیری زەحمەت و گرانە، بەڵام ئەم پیرییەی کە تۆ باسی دەکەیت و لێی دەدوێیت، ئەمانەتە بەسەر شانی ئێمەوە، ئەمەش ڕەحمەتی خوایە کە پیری هاتووە بە پیریمانەوە.

هەتا لە شوێنێکی دیکەدا خانا دەڵێت:

**میرزام تۆ زانا و ساحێب تەدبیری**
**ساحێب فام و فەزڵ، دانا و هوشیاری**
**بە عەقڵ و ئەدەب، جە عام دیاری**
**بشۆ وەفامدا، دەورەی پێشینان**
**تاریخ و کردار، ئەو نازک بینان**
**باوەر بە نەزەر (ئادەم) تا (خاتەم)**
**جە فەزڵ پیری خاتر بکەر جەم**
**ئەر پیری عەیبەن زات زووڵجەلال**

**(ئادەم و حەوا) بێ حوزن و مەلال**
**ویاران دەوران زیندەگی فاخر**
**هەزار ساڵ تەمام ئەوەڵ تا ئاخر**
**هەم حەزرەتی (نووح) هەزار ساڵ تەمام**
**نەبووەتش کەردەن بە سەد ئیهتمام**

خانا لێرەشدا ڕووی دەمی لە میرزا شەفیع دەکاتەوە و دەڵێت: میرزا شەفیع تۆ زانایت و خاوەنی ڕێگەدانانی، خاوەنی هۆش و بیرێکی گەورەیت، تۆ هۆشیار و دانایت، بە عەقڵ و ئەدەب لە هەموو دنیادا دیاری، بەبیری خۆتدا بچۆ و دەورێکی پێشینانی خۆت بدە، بزانە مێژووی ئەو ناسک بینانەی کە دنیایان بینیوە چۆن و چی بووە؟

هەر لە پێغەمبەر ئادەمەوە هەتا خاتەم ببینە، گەورەیی و بەرزی ئەوان کۆ بکەرەوە، ئەگەر پیری لەلای خوای گەورە عەیب و عارە، ئەوە ئادەم و حەوا بێ حوزن و مەلاڵن، وەرە تەماشای هەزار ساڵێکی ئەوەڵ تا ئاخر بکە، پێغەمبەر نووح (س. خ)ی لەسەر بێت هەزار ساڵی تەواو پێغەمبەرایەتی کرد، بە سەد جاران بایەخی پێداوە و شانازی پێوە کردووە.

لە کۆتایی هۆنراوەکەدا خانا دەڵێت:

**جوانی چێشەن، تۆ وێت مەزانی**
**مەگێرۆ نەوەر ڕاگەی نادانی**
**ڕەند و عاشقی مەستی و مەغرووری**
**دەردی مەعسییەت جە خوا دووری**
**جە ڕای ئاخیرەت مەست و بێ خەبەر**
**ڕای ئاشووب و شەڕ گرتەنش نەوەر**
**(شەفیع) شیفتەی برای هام فەردم**
**گۆش دەر وە موفاد خاتیمەی دەردم**
**حەیفەن پەی تۆ چوون، زیفەزڵ فەزڵان**
**حەزین بۆ جە دەس بەعزێ بەد ئەسڵان**
**(خانا) چوون تۆ پیر، تۆ پیر چوون (خانا)**
**هەر دوو خاکپای پیران دانا**

خانا لە کۆتاییدا دەڵێت: جوانی هیچ نییە تۆ پێی بناری و مەڕۆرەوە بۆ دەوری نەزانین، میرزا شەفیعی برام و هاوڕێم، ئەی هاوڕێی فەردی شیعرەکانم، یان تاکە هاوڕێم و گوێ بدە بە پوختە و کۆتایی قسەکانم. تۆ وەکو خانا پیری و خاناش وەکو تۆ پیرە، هەردووکمانیش دەبینە خاکپای پیرانی دانا. بەو هیوایەم لێکۆڵەران لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کەڵکی لێ وەربگرن.

**پیری کەردەوە**
**پیری کەردەوە، پیری کەردەوە**
**دەریچەی تەخییەت، جە ڕووم کەردەوە**
**شەمع شادی بەخش، دڵ جە پەردەوە**
**بە تەئثیر تۆف، جەورت بەردەوە**
**فام جە فەرقم بەرد، ئاسار فوزیلەت**
**نەغزم تەحسی کەرد، وە ئەسڵی وەسڵت**
**شەهباڵ شادیم جە ڕیشە کەندی**
**ئەسباب هەستیم جە دەستم سەندی**
**بە سەرووی غارەت، خەیلێ خانەی شەوقم**
**شێونایی بیسات بەزم ئەرای زەوقم**
**دیدەی جەهان بین، جیسم ئەعزەم**
**ئەڵماسی ئیشفاق، بینای چەم**
**دوو فەرسەنگ وەحشی مەد، بشی لە هووەیدا**
**موندەلی شەخم، شەو مەکەرد پێدا**
**تۆ کێشای تێشان پەردەی تار و تەم**
**کێو چوون خاشەنی، شی نمەیۆم وە چەم**
**خورده بێنی عەقڵ، زیادەی هۆشم**
**خەواس دەروون، تێز کۆشی کۆشم**
**شنۆی ڕێزەی ڕاز، نەرمی نیهانی**



مەیاوا وە کۆشی نێک مەیدانی
فەسڵی سەدای زوڵم تۆم، یاوا بە کۆش
کۆشم کەرد، ئەترووشی هۆشم فەرامۆش
ئیسە ناڵەی هۆر، ڕێژانی ڕەحمەت
مەسمووعم نییەن، مەکەرۆ زەحمەت
سی و دوو گەوهەر، مرواری پاکم
لوئلوئی لەزەت بەخش، خورد و خۆراکم
یەکێ جە عوسرەت نەمەندەن لێشان
جە تەرسی ئێشان، وە گازم کێشان
دنیای ڕۆشن لێم کەردی بە زندان
یاگە و نەدانم، بییەن وە دندان
زانووم زەبوون کەفت، دوور کەردەم وە سەڕ
بار لاشەی تەن، سپەردم وە سەڕ
قامەت بی وە قەوس، شکستەی بێفەڕ
.....(٤)
خاترم غەڵتان، خەلیدەی خارەن
یە گشت جەور تۆن، وە دووشم بارەن
کافر مەر نەدیت، عەهد جەوانیم؟!
خەزێنەی خاتر گەنج، نایابیم
خرووج توغیان، جۆشەن جەوانیم
جە بەحر دەروون، گەوهەر ئەفشانیم
هۆشم، تەدبیرم، کەماڵم، فامم
نەدیی مەجلیس، ئاهی ئەعزامم
نازک خەیاڵم، تێغی زوانم
ئیخلاس خوتوور، حاتەمی خوانم
ئەرکان و ئەدەب، ئاداب تەورم
دەرک باڵای دەرک، مەدەرکان بەورم
حیلمی حاڵم، سافی سیفەتم
جە لای ئەهل فام، قەدر و قیمەتم
تەوانای تاقەت، فەوق کارانم
شەوق شکاران، هەردەجارانم
سەیادی سەحەرگا و کەشان
(عرسیری!) خاتر لای مەهوەشانم
یە گشت زوڵم تۆن، وە دۆشم بەردەن
هەنی های تف کەر، ستەم لێم کەردەن
نازدارەن وە نەفەر، شەهدی فەواکە
پێم وە شەوق دڵ، مەواتان کاکە
ئیستە جە دوو لەت چارەی شووم تۆ
(کاکە) تەخەڵوس بین وە (خاڵۆ)
من سوپام شکەست، مەنسووری جە کۆن

تاکەی ئەسب ئەنداز، مەکەریم جە شۆن
جەور تۆ سەرتیپ، تەوانام کەندەن
پارەی ئیستخوانی، وە خاڵی مەندەن
ئەویچ نەسیبی جەور تۆ، بنیشی یاوان
مەلەرزان چوون تووڵ نەتاف ئاوان
نە ئازار سنحەت، مەکەرۆت زەلیل
نەو باد سەرد، مەشی وە تەهلیل
نمەبی عیلاج وە مەعرەکەی جەنگ
نە بە عەقڵ و هۆش، تەدبیر و فەرهەنگ
نەقۆشەنت هەن، نە زۆر شمشێر
سەوای نەکەرۆ دام، تەبلیسی تەزویر
بێ تەعب و تەسریع، ڕەزم هەنگامە
دوور مەدەری چوون دووم چەنی دێو جامە
خەلایق حەیران، ڕەنگ دێو جامەن
عاقیبەت یاشان، مەحیووسی دامەن
داخم ئەو داخەن، عەدوویی پێواری
من جە تۆ دیار، تۆ لێم ناویاری
ئەر ماما سنحەت، وە دەستم جاری
پەی جەمع مەخلووق، مەکەردم کاری
چوون خەتاکاران ڕەجمت مەکەردم
پەی ڕاحەتی وێم، وە خەڵاس مەردم
جە ئێد مەتەرسۆن، ماوسەرای سەنگ
ڕەفیق بای چەنەم، بێ تەزویر و ڕەنگ
ڕاگەی ڕەفیقت نمەیۆ جە بەسەبت
مەر مەردن یەخەم بەرکەرۆت جە دەست
تۆ دامیارییت، من بەند دامم
هەر تا زندە بیت، نامی جە نامم
من هەر زەلیل زەدەی زەدە زام تۆم
خەریک پا بەست، حەڵقەی دام تۆم
ئیحیای گوڵ نەفەس، جە شاهە و دەرویش
هەر کەسێ نێش تەلم، تۆشی دیتی بەوێش
ئیختیار وێشی بەوێشی نەمەندەن
عەقڵ و هۆشی یەکسەر جە دەستش سەندەن
غولوو سەرکەردەن جە بیانانان
مەنشوور نامەی جەورت مەوانان
نەهەنگان جە مەجەر، شێران جە هامۆن
ئینتیهاشی زەلیل، حەڵقەی دام تۆن
هەزاران ژە عوسرەت نیگا شانەن
هەزار چوون (شەفیع)، غولام شانەن

وەلامی خانا بۆ میرزا شەفیع*
میرزام جە پیری، میرزام جە پیری
پەی چێش سکالات بەرزەن جە پیری
نیسبەت زوڵمەت دای، بەنام پیری
ئەعلا موقامەن، موقام پیری
هەرچەند کە پایەی پیری زەحمەتەن
ئەمانەت بەخشی، مایەی ڕەحمەتەن
بەقەوڵ بەدان، هەرزەی زەمانە
خاترت خەمەن، لێت مەدان تانە
وەی تەورە ئەدووی جە زوڵم پیری
میرزام تۆ زانا و ساحێب تەدبیری
ساحێب فام و فەزڵ، دانا و هوشیاری
بە عەقڵ و ئەدەب، جە عام دیاری
بشۆ وەفامدا، دەورەی پێشینان
تاریخ و کردار، ئەو نازک بینان
باوەر بە نەزەر (ئادەم)(٥) تا (خاتەم)(٦)
جە فەزڵ پیری خاتر بکەر جەم
ئەر پیری عەیبەن زات زووڵجەلال
(ئادەم و حەوا)(٧) بێ حووزن و مەلال
ویاران دەوران زیندەگی فاخر
هەزار ساڵ تەمام ئەوەڵ تا ئاخر
هەم حەزرەتی (نووح)(٨) هەزار ساڵ تەمام
نەبووەتش کەردەن بە سەد ئیهتمام
(ئیبراهیم خەلیل)(٩) جەی دنیای فانی
وە پیری بەرشی تۆ وێت مەزانی
وەڕیش سفید ئیفتیخار کەردەن
لەقەب شێخولئەنبیا بەردەن
(ئیسحاق)(١٠) و (یەعقووب)(١١) هەردوو تەمام پیر
دوو بابۆ و فەرزەند شێخانە کەبیر
تا چەن پێغەمبەر وە پیری مەردەن
تەشریف وە بەهەشت هەشتۆمین بەردەن
مەجلیس شاهان بێ پیر نمەبۆ
پێش ڕەفت ئوموور تەدبیر نمەبۆ
سالیکان ڕای خواپەرەستی
ڕاهنمای سیرات ڕاستی و دروستی
کەردەن ئیختیار لەقەب پیری
تۆ پەی چێش جە دەس پیری زویری
(کاوەی ئاهنگەر)(١٢) پیر ساحێب فەڕ
وە تەدبیر ئاوەرد (فەرەیدوون فەڕ)(١٣)
(زاڵ سام)(١٤) یەل تەدبیر شاهان
(کەیانی)(١٥) بەو پەی حوشمەت پەناهان
خسووس پەی (ڕۆستەم)(١٦) شای نام ئاوەران
نە جەنگ هەفت خوان ڕای (مازیندەران)(١٧)
هەم پەرێ نەبەرد شای (ئەسفەندیار)(١٨)
غالب بی بە قەول ئەو مەرد هۆشیار
جەتووران پیران، (پیر خرەدمەند)(١٩)
بە تەدبیر سوپای ئێران جەبن کەند
ئاسەف دەوران پیر ساحێب دین
وە تەدبیر ئەو پەیدا بی نگین
ئەوسا (سولەیمان)(٢٠) بێ خۆف و ئەندێش
سخری جنیش کوشت نشت نە تەخت وێش
عەدڵ (نەوشیروان)(٢١) جە عام مەشهوورەن
هەرچەن کافر بی، گوناش مەغفوورەن
سەبەبش تەدبیر (ئەبووزەڕ)(٢٢) جە مهیر
مەشهوورەن نەعام چوون ماه مونیر
پیری ڕاهنوما ڕاگەی دینتەن
پیری ئاپڕووی سەرزەمینتەن
پیری ڕای بەدی قبووڵ نەکەردەن
ڕاهنمایی حەق تا وە ڕۆی مەردەن
پیری هەر بە لوتف خاسەی ئیلاهین
نەک بە زۆر و زەڕ بە خاتر خاهین
کەوا بوو ئەو پیر حەقیقەت پیر بۆ
واتەش وێنەی نەقش نەدڵ جاگیر بۆ
بەو شەرتە پیری عاقیبەت خەیر بۆ
ڕووی قەلبش وەلای سلووکی سەیر بۆ
تۆ وێت جە پیری ئەفزەل و ئەدەب
بەدەست ئاوەردی شەخسێ موئەدەب
جوانی چێشەن، تۆ وێت مەزانی
مەگێرۆ نەوەر ڕاگەی نادانی
ڕەند و عاشقی مەستی و مەغرووری
دەردی مەعسییەت جە خوا دووری
جە ڕای ئاخیرەت مەست و بێ خەبەر
ڕای ئاشووب و شەڕ گرتەنش نەوەر
(شەفیع)(٢٣) شیفتەی برای هام فەردم
گۆش دەر وە موفاد خاتیمەی دەردم
حەیفەن پەی تۆ چوون، زیفەزڵ فەزڵان
حەزین بۆ جە دەس بەعزێ بەد ئەسڵان
(خانا) چوون تۆ پیر، تۆ پیر چوون (خانا)
هەر دوو خاکپای پیران دانا

**فەرهەنگ:**

ئاخیرەت: ڕۆژی دوایی، قیامەت.
ئەسباب: هۆکار.
ئەعزەم: گەورە.
ئەعلا: پلەی باڵا، باڵا، بەرز.
ئەویچ: ئەویش.
ئیفتیخار: شانازی، شان لێدان بە شتی جوان و چاک.
بەرشی: دەرچوو، ڕۆشت، ڕۆیشت.
بەعزێ: هەندێ.
بشۆ: بڕۆ، بچۆ.
بیسات: بسێن، کڕیار.
تانە: تانە و تەشەر.
تەئسیر: کاریگەری.
تەخەڵوس: نازناو.
پایە: پلە.
پەی: بۆ.
جەور: ستەم.
خاڵۆ: پیاوی بە تەمەن و نەناسراو، برای دایک، بەڵام لێرەدا مەبەست لە پیاوی پیرە کە کەسێک نەیناسێت و پێی دەڵێن خاڵۆ.
خەواس: مەلەوانی ژێر ئاوی قووڵ.
خەیلێ: گەلێ.
خرووج: دەرچوو، ڕۆشت.
خورد: خورد و خۆراک، خواردنەوەی شلە و خەو.
چەم: چاو.
دەرچە: دەرگەی بچووک.
دەرک: دەرگە، قاپی.
ڕاگە: ڕێگە، جێگە.
ڕاهنما: ڕێنمایی، ڕێنوێنی.
زانوو: زرانی، چۆک.
سەندی: بردی، وەرگرتنی شت لە کەسێک.
سنحەت: شتی دەستکرد، کارگە.
شەمع: ڕووناکی.
شەهباڵ: شاباڵ.
شێونایی: شێواندی، تێکیدا.
غالب: سەرکەوت، وشەیەکی عەرەبییە.
گۆش: گوێچکە، گوێ.
فام: هۆش، بیر.
فەرق: جیاوازی.
کاکە: برای گەورە، برای باوک، کەسێک بۆ ڕێزگرتن لە کەسێکی تر دەڵێت کاک فلان کەس.
مەسمووع: ڕێگەپێدراو.
مەگیرۆ: دەگرێ.
مەعسییەت: تاوانبار، تاوانکردن.
مەکەرۆ: مەیکە، دەیکات.
نەبووەت: پێغەمبەرایەتی.
نەمەندەن: نەماوە.
هەرزە: گەنج و لاوی دەم ڕووت و هەرزە.
هەستی: هەست و نەست.
یاگە: جێگە.

**پەراوێزەکان:**

١- لە یەکێک لە دەستنووسەکانی نوسخەی بەرلیندا بە هەمان شێوە ناوی میرزا شەفیع هاتووە، واتە لە دەستنووکەدا کە دانەیەکی لەلای منیش هەیە نووسراوە (شەفیع ئەحمەد).

٢- مێژووی وێژەی کوردی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز- انتشارات ناجی- بانە کوردستان، چاپی یەکەم، (١٣٧٠خ)، لاپەڕە (٤٧٨).

٣- مەبەست لە میرزا شەفیعی پاوەیی: لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چەند شاعیرێکمان هەیە بەناوی میرزا شەفیعەوە:

أ- میرزا شەفیعی کولیایی: ئەم شاعیرە بە میرزا شەفیعی مامێزکی لە مێژووی وێژەی کوردیدا ناوی هاتووە و هۆنراوەکانی بەشێوەزاری گۆرانییە.

ب- میرزا شەفیعی پاوەیی: خەڵکی پاوەیە و هەندێک لە شیعرەکانی بەخەتی براکەی نووسراوەتەوە و من ئەو دەستنووسانەم دیوە و وێنەشم گرتوون، لەلایەن بنەماڵەی شاعیرەوە چەند ساڵێکە خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی میرزا شەفیعن، دیسانەوە ئەم شاعیرەش شیعرەکانی بەشێوەزاری گۆرانی هۆنیوەتەوە.

ج- میرزا شەفیعی جامڕێزی: ئەم شاعیرە خەڵکی گەرمیانە و لە دەوری قەراغ و شاری کفری و...تاد ژیاوە، هۆنراوەکانی ئەم شاعیرەشمان هەر بەشێوەزاری گۆرانییە.

د- میرزا شەفیعی بۆکانی: ئەم شاعیرەش خەڵکی ناوچەی بۆکانە و هۆنراوەکانی بە شێوەزاری گۆرانی نەهۆنیوەتەوە.

٤- ئەم نیوە باڵە لە دەستنووسەکەدا شوێنی بۆ بەجێهێڵراوە و هیچ نەنووسراوە، دیارە نووسەرەوەی کەشکۆڵ لەبیری چووەتەوە.

* ئەم پارچەیە لە ڕووی دەستنووسی عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ عەباس لە گوندی (قاری) ناوچەی سنە کە لە ساڵی (١٣٥٤ هەتاوی)دا نووسراوەتەوە، تەواوی لەیل و مەجنوونی خانای نووسیوەتەوە، پاشان چەند پارچە شیعرێکی لە خانا و میرزا

شەفیع هێناوە.

٥- ئادەم: یەکەمین کەس و یەکەمین پێغەمبەرە کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ سەر مرۆڤ.

٦- مەبەست لە پێغەمبەرمان موحەممەدە (د. خ) کە بە موحەممەدی خاتەم ناسراوە، واتە دوا پێغەمبەری سەر زەمین.

٧- مەبەست لە پێغەمبەر ئادەم و خێزانەکەیەتی، کە خوای گەورە لە بەهەشت دەریانی کرد و خستیانییە سەر زەوی، بە دایە حەوا و باوە ئادەم ناسراون.

٨- نووح: پێغەمبەری خوایە، لە قورئاندا سوورەتێک بەناوی ئەم پێغەمبەرەوە هاتووە، لە تەمەنی (٥٠) ساڵیدا کرا بە پێغەمبەر، لە دوای پێغەمبەری ئیدریس، نووح (ع. س) (٩٥٠) ساڵ لە ناو قەومەکەیدا بانگەوازی خوایی ڕادەگەیاند، چیرۆکی پێغەمبەر نووح زۆر بەناوبانگە، بۆیە هەر ئەوەندە لەسەر ژیانی دەنووسین.

٩- مەبەست لە پێغەمبەر (ئیبراهیم)ـە و بە ئیبراهیم خەلیلوڵلا ناسراوە.

١٠- ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم "خلیل الله"یە، یەکێکی دیکەیە لە پێغەمبەرەکانی خوا.

١١- یەعقووب: یەکێکی دیکەیە لە پێغەمبەران و کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم "خلیل الله"یە.

١٢- مەبەست لە کاوەی ئاسنگەرە، هەندێک دەڵێن کوردە و هەندێکی تر دەڵێن فارسە.

١٣- فەرەیدوون یەکێکی دیکەیە لە پاشاکانی پێشدادی، بەپلانی کاوە شۆڕشی دژی زووحاک بەرپا کرد و بوو بەپادشا.

١٤- مەبەست لە زاڵی باوکی ڕۆستەمە، ئەم پیاوە یەکێکی ترە لەپاڵەوانەکانی شاهنامە و جێگای پرس و جۆی شاهانی کەیانی بووە.

١٥- مەبەست لە دەوڵەتی کەیانییەکانە.

١٦- مەبەست لە ڕۆستەمی زاڵە، یەکێکە لە پیاوان و پاڵەوانەکانی ناو شانامەی کوردی و فارسی.

١٧- بەشێک لەسەر زەمینی باکووری ئێرانە، حەوت خوانی ڕوستەم لەوێدا ڕووی داوە.

١٨- ئەسفەندیار: کوڕی گەشتاسبە و لەگەڵ ڕۆستەمی زاڵدا بەشەڕ هاتووە و لە ئەنجامدا بەدەستی ڕۆستەم کوژراوە، نازناوی لە شانامەشدا بە (ڕۆبینتەن) هاتووە.

١٩- مەبەست لە پێغەمبەر (خدر)ـە کە لە سەردەمی پێغەمبەر مووسادا بووە، هەندێ لە زانیان ڕایان وایە کە هەموو دنیا گەڕاوە و هەندێکی تریشان دەڵێن هەموو دنیا نەگەڕاوە، هەروەها هەندێ لە زانایان لەو بڕوایەدان کە ماوە لە ژیان و هەندێکی تریشیان ڕایان پێچەوانەیە، لە سوورەتی کەهف لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە.

٢٠- سولەیمان: یەکێکی ترە لە پێغەمبەرەکانی خوا کە بۆ ئوومەتەکەی ناردوویەتی، پێغەمبەر سولەیمان کوڕی پێغەمبەر داوودە و لە دوای کۆچی دوایی باوکی- بوو بە جێنشینی باوکی لە پێغەمبەرایەتی و پاشایەتیدا، خوای گەورە کردی بە خاوەن گەورەترین نیعمەت لە نیعمەتەکانی خۆی، ئەویش فێربوونی زوبانی باڵندە بوو.

٢١- نەوشێروان یەکێکە لە پاشاکانی بنەماڵەی ساسانی لە ئێران، ئەم پاشایە زۆر بەناوبانگ بووە، زۆر دادپەروەر بووە و دز و جەردەی وڵاتەکەی لەناو بردووە.

٢٢- ئەبووزەڕ: ئەبووزەڕی غەفاری هاوەڵی پێغەمبەر (د. خ) بووە، ناوی (جندبی کوڕی جنادە)ی غەفارییە، پێی وتراوە (بریری کوڕی جنادە) پێغەمبەری خوا پێی وتووە (ئەی بەریر)، یەکێکە لە پێشینە یەکەمینەکان لە ئیسلامدا و لە هاوەڵە خانەدان و هەڵبژێردراوەکانی پێغەمبەری خوایە (د. خ)، ئەبووزەڕ (ڕ.خ) دەیفەرموو: من چوار یەکی ئیسلام بووم، کە پێش من تەنیا پێغەمبەری خوا و ئەبووبەکر و بیلال موسوڵمان ببوون، یان مەبەست لە (ئەبووزەڕ جەمهیر) مەبەست لە بزورگی میهرە کە وەزیرێکی شایستەی نەوشیروان بووە، دەڵێن: بە ڕا و تەدبیری بزورگی میهر بوو کە نەوشیروان گەیشت بەو پلە و پایەیە.

٢٣- مەبەست لە میرزا (شەفیعی کولیایی)یە.

**سەرچاوەکان:**


**١- کەشکۆڵی عەزیز و سەوزە ئەحمەد لە لای مامۆستا ئەنوەر سوڵتانییە و من لەوم وەرگرتووە، لە کۆتایی پارچە شیعرەکەی میرزا شەفیعدا نووسراوە (تمد شد شکرلله ولمسنه تحریر، سنه ١٣١٠، ٢٢ ڕمضان المبارک الیلان الیل).**

**٢- کەشکۆڵی عەبدولڕەحمانی شێخ عەباس شیعری خانای قوبادی، لە مامۆستا حەمە ڕەشیدی ئەمینیم وەرگرتووە.**

**٣- مێژووی وێژەی کوردی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز- انتشارات ناجی- بانە کوردستان، چاپی یەکەم، (١٣٧٠خ).**

**٤- شیرین و فەرهاد: میرزا شەفیع پاوەیی-لێکۆڵینەوە و هێنانەسەر ڕێنووس: سەیید محەممەدی حوسەینی- چاپی یەکەم- چاپخانەی نوقرەئابی- ١٣٨٣ هەتاوی- ٢٠٠٤زایینی.**

**بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ـەوە**

# (ڕامان) تابلۆیەک لە ڕەنگی چوار پارچەی کوردستان، سەکۆیەک بۆ نەوە جیاوازەکان

**ئاری عوسمان خەیات**
**(کفری)**

یەکێک لەو خۆشبەختییانەی سەردەمی منداڵیم، کە تا ئێستاش کاریگەریی بەسەر ژیانمەوە ماوە ئەوەیە، کە لە ماڵێکدا چاوم کردەوە، کتێبخانەی تێدا بوو. بڕواناکەم زێدەڕۆییم کردبێ ئەگەر بڵێم: ئەو خۆشبەختییەم گەیشتە لووتکە، کاتێک هەر لەو کتێبخانەیەدا، بۆ یەکەمین جار چاوم بە ژمارە بەراییەکانی گۆڤارێک کەوت، کە ئێستاش پێگەی باڵای لە ئاوەزی مندا پارێزراوە.

هەڵبەت بۆ منی یازدە دوازدە ساڵانی ئەوکات، هێشتا زوو بووە، لەوە تێبگەم من خۆشبەختێکم، هەروەک زوویش بووە لەوە تێبگەم چۆن چۆنی گۆڤارێک، لەو هەرێمە دوو کەرتبووەی ئەوسادا، گەیشتووەتە ئەم کونجە دوورەی لای ئێمە!. ساڵان هاتن و چوون، پتر خۆم ناسی و تێکەڵی دنیای خوێندنەوە بووم، تەماشا دەکەم، وا گۆڤارەکەی جاران هێشتا هەر بەردەوامە و لە کاروانی خۆیدا سەرئامەدە.

وا ئێستا دوای پتر لە شازدە ساڵ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕامان و دوای شەش ساڵیش لەوەی بەخۆم بووم بە خوێنەرێکی بە شەوقی ئەم گۆڤارە و بە تاسەوە ئەم مانگ دەسپێرم بەو مانگ و چاوەڕوانی ژمارەی نوێی دەکەم، لەوە تێگەیشتم، ئەگەر هەر بڵاوکراوەیەک بیەوێ بێلایەنیی خۆی بپارێزێ، ئەوە دەتوانێ نەک هەر بگاتە (کفری)، بەڵکو دەچێتە ناو دڵی یەک بە یەکی خوێنەرانی خۆیەوە، جا لە هەر کوێیەکی ئەم کوردستانەدا بن.

کەواتە ئەوەی ئەوسا جێی سەرنجی من بوو، ئێستا خاڵی هەرە گەشی ئەم گۆڤارەیە، وێڕای ئەوەی ڕامان لە دۆخی نالەباری شەڕی ناوخۆی کوردستاندا دەرچووە، بەڵام توانیویەتی دەنگێکی بێلایەنی ناو ڕۆژنامەنووسیی کوردی بێت، ئەمەش هەر بە قەولی منی عاشقە ڕامان نییە، بەڵکو هەر کەسێکی دی کە دوور لە ئیرەیی و مەبەستی لابەلا، لێی وردبووبێتەوە، بێ گومان نکوڵی لەم ڕاستییە ناکات.

خاڵی گەش و جوانی دیکەی ڕامان ئەوەیە: لە کاتێکدا چاپکراوی کوردی نییە (مەگەر بە دەگمەن) لە هەڵەی چاپ بێ بەری بێت، کەچی ئەم کەمترین هەڵەی

لەو جۆرە، لە ژمارەکانیدا بەرچاو دەکەوێ، خۆ زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم هەر نییەتی، چونکە ئەوە بوون نییە، ئەگەر لە ئەنجامی سەرقاڵی (نەک کەمتەرخەمی)، جار نە جارێک، وشەیەک یانژی دووان، بەسەر (ڕامان)دا تێپەڕی بێت. هەر لەو بارەیەوە توانیویەتی پارێزگاری لە یەک جۆری ڕێنووس بکات، کە دەتوانم لەم دۆخە بێ سەروبەرەی ڕێنووسی کوردیدا، ناوی لێ بنێم (ڕێنووسی ڕامان)، کە بە ڕاستی ڕێنووسێکە، زەوقی خوێندنەوەی بەلای خوێنەرەوە، پێ تێک ناچێت.

لەپاڵ ئەمانەدا، دیزاینی ڕامان هەر لەسەرەتاوە خاوەنی هەیبەتێکی تایبەت بە خۆیەتی، کە دیسانەوە ئەم لایەنە لەلای زۆربەی بڵاوکراوەکانی کوردی ئەم سەردەمە بەرچاو ناکەوێ. دەرچوونی ڕامان لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا، یەکیکی دیکەیە لەو خاڵانەی کە جێی شانازییە، هەم بۆ گۆڤارەکە و هەمیش پێم وایە ئەمە ڕێزگرتنێکی تەواوە لە هەستی خوێنەران. ناشبێ ئاماژە بە ماڵپەڕی ڕامان نەدەین، کە ژمارە دوای ژمارە، بە جوانی دادەبەزێنرێت و ئەرشیڤێکی ڕێکوپێکی هەس.

بەڕاستی هەر ژمارەیەکی (ڕامان)، تابلۆیەکی ئێجگار جوان و شەنگە، کە بە ڕەنگی سروشتی ئەفسووناوی کوردستان کێشراوە، ئەمەش چونکە بەرهەمی قەڵەمی هەر چوار پارچەی کوردستانی لەتکراوی تێدا بڵاودەبێتەوە، هەروەک ڕامان سنووری نێوان نەوەکانی شکاندووە، بەوەی توانیویەتی ببێتە گۆڤارێک بۆ نەوە جیاوازەکان.

دەبێ ئاماژەیەک بەوەش بدەم کە یەک لەباری خۆم، تا نهۆ لاپەڕەکی ڕامانم نەخوێندووەتەوە، کە دوای لێبوونەوە لە خوێندنەوەی بڵێم: «بریا نەمخوێندبایەوە»، بەو مانایەی هەست ناکەم شتێک لە ڕاماندا بڵاوکرابێتەوە، کە لە ئاستی گۆڤارەکەی هێنابێتە خوار، ئیدی حەقم بەسەر ئەوەوە نییە، بابەتێک لەگەڵ چێژی ئەم یان ئەو خوێنەردا نەگونجێ، چونکە ئەوە دۆخێکە پەیوەستە بە جیاوازیی سایکۆلۆژیەتی خوێندنەوەوە، لای هەر خوێنەرێک بەجیا دەکەوێتەوە.

پێش کۆتایی دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە ئەم خاڵە جوان و درەوشاوانەی ڕامان و هی دیکەیش کە ڕەنگە زۆربن، بەڵام من پەییم پێیان نەبردبن، لە پاڵ لەخۆبردووییدا، بە پلەی یەکەم بۆ توانا هەمەلایەنەکانی (کاک ئازاد عەبدولواحید)ی سەرنووسەر دەگەڕێنەوە، کە دەستی داوەتە ئەرکێکی گرانی لەم جۆرە، چونکە بەڕاستی ڕۆژنامەوانی عەرەب گوتەنی: (میهنەتول مەتاعیب- پیشەی هیلاکی و سەر ئێشەیە)، کەچی ئەوە شازدە ساڵە ئەم پیاوە ماندوونەناسانە خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسی ئەدەبیی کوردی دەکات، کە پێم وایە ئەوە خزمەتێکە، ئەوە هەڵدەگرێ و دەهێنێ لە زانکۆکانی کوردستاندا لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە بارەی (ڕۆڵی گۆڤاری ڕامان لە پێشخستنی ئەدەبی کوردی دوای ڕاپەڕین) ئەنجام بدرێت.

# کەمیی چیرۆک و زۆری شیعر لە دنیای ڕۆشنبیریی ئێمەدا

**ئەسکەندەر جەلال**
**(سوێد)**

زۆرجاران لێم دەپرسن ئاخۆ بۆچی ئێستا هەوڵی چیرۆکم نەماوە؟ لە وەڵامێکی حازر بە دەست و ئامادەدا وتوومە دەقی شیعری بڵاونەکراوەم هەن، ئینجا کاتێ لەم وەڵامە تێکەڵ بە هەڵچوونەی خۆم ورد دەبمەوە کە بۆنی ئەوەی لێ دێ لەسەرخۆم هەڵدابێتێ و بەرگریم لە بەردەوامی و ئامادەیی خۆم کردبێ لە هەمبەر تەواوبوون و مردن لە نووسیندا، هەر لەوکاتەدا هەست دەکەم سەرەڕای ئەوەی خۆم لە وەڵامی پرسیارەکەدا بواردووە، ئەوە لە هەمان کاتیشدا شتێکی دیکەم لە بارەی شیعرەوە درکاندووە.

ئەو بابەتە ڕاماندەکێشێتە نێو بابەتی ئەوەی ئایا بۆچی نووسینی چیرۆک سەختتر دەکەوێتەوەو شیعر ساناتر و بێ کێشەترە؟ یان بۆچی ئامادەیی شیعر زێترە لە چاو چیرۆکدا؟ کاتێکیش سەرنج دەدەینە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەبینین شیعر زێترەو چیرۆکیش کەمتر، خۆ کاتێ پرسیار لە بەڕێوەبەرانی گۆڤارە ئەدەبییەکان دەکەیت، بۆت دەردەکەوێ لە شیعردا خەزنەیەکی زۆریان هەیەو لە چیرۆکدا تاکو تەرا.

(هەڵبەت کاتێ لەو بابەتە دەدوێین ئەوە لەبەرچاو ناگرین هەندێ چیرۆکی سادەو نۆرماڵ و نزیک لە حەکایەتی بەرئاگردان دەبینرێن، چونکە ئەمانە لە ئاستێکی ئاوادا نین، لە ئاستی چیرۆکی هونەری و تازەگەراییدا ئەژماربکرێن)

ئایا بۆچی هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێک دەبینیت دادو بێدادیانە لە دەست شاڵاوی شیعرو چاو لەڕێشن بۆ گەیشتنی چیرۆکێکی باش و چیرۆکنووسان داوای بابەتیان زێتر لێ دەکرێت وەک لە شاعیران.

هەر نزیک بەو پرسیارەش پرسیارێکیتر هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا بۆچی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا شاعیرەکان تەمەن درێژتر و ئامادەیی زۆرتریان هەیە لە چاو چیرۆکنووسان؟ بۆچی ئەو هەموو کۆڕەی شیعر دەبەسترێ و کۆڕێکی چیرۆک نا؟

ئایا حیکمەت لەوەدا چییە چەند ساڵێک چەند دەنگێکی کەم لە چیرۆکدا دەردەکەون و چەند دەقێک دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە و دوایی، یان بەیەکجاری ون دەبن، یان لەنێو ژانرێکی دیکەدا دەبینرێنەوە؟

لەگەڵ ئەوەشدا نیم هەناسەکورتی کورد لە گێڕانەوە هۆکاری ئەو دیاردەیە بێ. دەتوانین ئەو پرسیارەش بکەین: ئایا بۆچی شاعیرەکان زێتر خۆدەگرن و بەرهەمی زێتریش بە شومار دەخەنەوە؟

لێرەدا بێ هیچ مەبەستێک ئێمە دێین هەندێ دەنگی داهێنەری حەفتاو هەشتاکانی ئەدەبیاتمان وەردەگرین و بۆ ئەو بەراورد پێم وایە یارمەتیدەری ئەو جیاوازی نیشاندانەشمان بێت لە ڕووی شومارەوە..

با سەیرکەین لە ژمارەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن و شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە، ژمارەی چیرۆکەکانی موکری و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، ژمارەی چیرۆکەکانی سەلاح عومەر و شیعرەکانی کەریم دەشتی، ژمارەی چیرۆکەکانی حسێن عارف و شیعرەکانی هاشم سەراج، ژمارەی چیرۆکەکانی سابیر ڕەشید و شیعرەکانی جەمال غەمبار، ژمارەی چیرۆکەکانی جەبار جەمال غەریب و شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا...تاد

دەبینین هەریەکە لەو چیرۆکنووسانە بەشومارەی بەرهەم ناتوانن بگەنە نیوەی شوماری ئەو دەقانەی ئەو شاعیرانە نووسیویانە، یان دەبینین زۆرترین شوماری دەستبەرداربوون و وازهێنان چۆن لە بواری چیرۆکدایە، وەکو ئاسۆ ئەحمەد کە هەشتاکان دەنگێک بوو، دەستپێکێکی جوانی هەبوو، محەممەد خدر مەولود و هیمداد حسێن و... تاد ئینجا ئاخۆ ئەمە بۆ وا بێت، ئایا شیعر ساناتر و حازر بەدەستترە و چیرۆک دژوارتر و سەختتر..؟

ئەمە ئەگەر گریمانەیەکی کۆمیدیش بێت و خوێنەر و چیرۆکنووسیشی پێ بگرژێتەوەو شاعیریشی پێ دڕدۆنگ بێت، لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین بەڵێ، ئەگەر بەو دەربڕینەش نەبێ ئەوە بەو ناوەڕۆکەیە.

شیعر وەکو چیرۆک خۆماندووکردنی گەرەک نییە، دەکرێ شیعر گێڕانەوەیەک، یان وەسف بێ، بەڵام چیرۆک دنیایەکی فراوانترە و دروستکردنی دنیایەکە نەک گێڕانەوەو وەسفی واقیعێک. لە چیرۆکدا چیرۆکنووس دەبێ لەگەشتێکی هەمیشەیی و بەردەوامی دوای دۆزینەوەی تەکنیک و فۆرمی تازەدا بێ بۆ دروستکردنی دنیایەکی تازەتری نێو چیرۆکەکانی، کە ئەمە لای شاعیر ئامادەیی نییە، شاعیر هەیە چوار دەیەیە لە بەرهەمهێنانی شیعردایە، بەڵام بەهەمان هەناسەی ئەوسای خۆی کە ئەمە بۆ چیرۆک نالوێ و ناگونجێ، ئاساییە شیعرێکی نەوەدەکانی شاعیرێک بخوێنیتەوە بەبێ مێژوو بێت و لات وابێ بەرهەمی نووسراوی ئێستایەتی، بەڵام ئەمە لە چیرۆکدا ناشێ. زۆر زووتر بەرهەمی سەردەمەکانی چیرۆکنووسێک دەناسرێتەوە، ئەمە بۆ شیعر ئاساییە ڕیتمێک ئەو شیعرەت لاجوان بکات، بەڵام ئەمە لە چیرۆکدا بەو شێوەیە نییە، چیرۆک ژانرێکە کەمتر پەیوەست بە خەیاڵ و وڕێنە و زێتر نزیک لە لۆژێکە. لە چیرۆکدا مامەڵە لەگەڵ زمان مامەڵەیەکی عەقڵانییە، زێتر لەوەی مامەڵەیەکی سۆزداری بێت، بە پێچەوانەی کارکردنی شاعیر لەگەڵ زماندا.

چیرۆکنووس پێویستی بە ئەزموونکردنی بەردەوام هەیە، ئەمیشە وا دەکات ببێتە هۆکار، نەخاسمە لەلای من، کە هێندە نەتوانین بەرهەم و نووسین بدەین، بۆیە دەقی چیرۆک کەمتر دەکەوێتە ناوەوە، چیرۆکنووسە ئەزموونداڕەکان چیرۆکیان هەیە ماوەیەکی باش پێوەی خەریک دەبن، بەڵام شیعر هەیە لە دانیشتنێکدا دەنووسرێت و دەدرێت بە ڕۆژنامەنووسێک و بۆ ڕۆژی دواتر ڕووناکی دەبینێت، ئەمە بۆ چیرۆک ڕێی تێناچێت. چیرۆک بەرهەمی نووسین و تەنانەت خوێندنەوەی دنیایەکی ئارامتر و شێنەتریشە لە دنیای خۆمان، ئەو خاڵەش دەبێ بە هەند وەرگرین.

چیرۆکنووسین لەیەک حاڵەتدا ئیش کردنە بە لۆژیک و بە خەیاڵ و بە زمان، بەڵام شیعر ئەو قەرەباڵغییە ناخوازێت، ئەمە بەشێکە لە هۆکاری ئەوەی چیرۆکنووس لە نێو بواری ڕۆشنبیریی ئێمەدا، هەناسە کورتتر و تەمەن کورتتر بێت، بە پێچەوانەوەش شاعیر ئامادەیی زیاتری هەبێ و شیعریش بڕەوی پتر و بە شوماریش زێتر بێ.